رۆمان

# مـــــن
# و نەنکم
# و ئیلیکۆ
# وئیلاریون

ن: نودار دومبادزە
گۆڕینی لە عەربییەوە: حەمەکەریم عارف

ناوی کتێب: من و نەنکم وئیلیکۆ و ئیلاریون....
بابەت: ڕۆمان
نووسەر: نودار دومبادزە
وەرگێر: حەمەکەریم عارف
تایپ: رزگار حەساری
هەڵەچن :سەرگوڵ محەمەد ئەمین
چاپی یەکەم :٢٠١٢
تیراژ: پێنج سەد دانە
ژمارەی سپاردن: ١٨٦٦/ ساڵی ٢٠١٢
بەرێوەبەرایەتی خانەی وەرگێران

واوەیلا بە حاڵی میللەتێک
نۆسەری بە قەدرتر بێت لە نووسەری
پێشکەشە بە ئەدیبی پایەبەرزو بێناز:
مامۆستا جەلال زەنگابادی

## پێڕست

*- پێشکەش
*- ژینامەی نووسەر
*-( ...............)..
*- ڕاو
*- چاو بە چاو
*- پاسەوان
*- کۆبوونەوە
*- پاڵتۆ و جزمە و گۆرەوی
*- ئێوارە کۆڕێکی ئەدەبی
*- یەکەمین ڤیان
*- دوازدە پووت گەنمە شامی
*- شادەتنامەی خوێندن
*- ڤیتار
*- پەناگە
*- دوای دابڕانێکی زۆر
*- کوێرێکی دی
*- سڵاو ئیلاریون
*- تسیرا
*- شیومگفیمە
*- دار
*- گەنج
*- پاکیزۆ
*- فەرهەنگۆک
*- ژینامەی وەرگێڕ

## نودار دومبادزه

نـودار دومبـادزه، لـه سـاڵی ١٩٢٨ لـه تەبلیسـی پایتـەختی جۆرجیـا لـه دایكبـووه. خـەڵاتی ئەدەبیی لینینی وەرگرتووه،
ئەم ڕۆمانه ( من و نەنكم و ئیلیكۆ و ئیلاریون) نۆبەرەی كارەكانیەتی..به شێوازێكی زۆر ناسك و هونەریانه ژیان و سـەربهوورد و بەسـەرهاتی منداڵیـەتی و لاویەتی كوڕێژگەیەكی جۆرجیایی دەكات كه له ساڵانی دووەم جەنگی جیهاندا ، له جەنگی دژی داگیركەرانی فاشیستدا دەكوژرێت و هەتیو دەكەوێت و، نەنكی به خودان و سەرپەرشتی دەكات..
نـودار دومبادزه ، له پاش بڵاوبوونـەوەی ئـەم ڕۆمانـه ، نـاو وناوبـانگێكی زۆری پەیداكرد..لـه سەرانسەری كۆمارەكانی یەكێتیی سۆڤیەتی ئەوسا و، له ناو میللەته هەمەجۆر و جیاوازەكـانی سەرانسـەری وڵاتـدا ، وەكـو سـروود و گۆرانییـەكی ویـژدانی لـه لایـەن جـەماوەری بـەربڵاوی خوێنەرانەوه پێشوازییەكی گەرمی لێكرا..

*(....................)*

ڕوباری گوبازولی، بە سەمتی ڕاستی گوندەکەماندا دێتە خوارێ. جۆگەلەی (لاشی)ش بە سەمتی چەپی گوندەکەماندا دەڕوات، جۆگەلەی لاشی پڕە لە قرژاڵو ماسیو منداڵانی پێخاوس.

پردێك بەسەر ڕوباری گوبازولییەوەیە کە هەموو بەهارێك، کاتێ ئاوی ڕوبارەکە هەڵدەستێ لەگەڵ خۆیدا ڕایدەماڵێ، تەنیا پایەکانی دەمێنێتەوە کە لە ناو ئاوەکەدا مل قوت دەکەنەوەو لە دوورەوە ڕەش دەچنەوە.

لە سەرانسەری دەڤەری گوریادا هیچ گوندێك ناگاتە جوانیو خۆشی گوندەکەی مە. لە دنیادا هیچ شوێنێکم بە ئەندازەی گوندەکەمان خۆشناوێ، هیچ گوندێك نیە کە منو نەنکمو ئیلیکۆو ئیلاریونو سەگەکەم، مرادا بتوانین بەو شێوەیە تیایدا هەڵبکەین...

نەنکم ژنێکی پڕ ئاوەزو بەردەبارە. هەمیشە دەنووکی لەسەرمە، دەیڵێو دەیڵێتەوە:

– بخوێنە، مەلعون، بخوێنە، دەنا هەتا ماوی هەر بە جاهیلیو نەخوێندەواری دەمێنێتەوە.

نەنکم ڕایەکی دەگمەنی لەمەڕ زانستان هەیە. جارێکیان لەبەر هەیوانەکەمان دانیشتبووم، بەدەنگی بەرز یاساکانی سەرفو نەحوم ئەزبەر دەکرد، نەنکم لێی پرسیم :

– ئەوە چ ئەزبەر دەکەی کوڕەکەم ؟

– ڕووەکانی فرمان .

– سەیرە! ماقوولە ؟ ڕووی فرمان ؟! تەنیا بەشەر ڕووی هەیە .

– ئەمە ڕوویەکی ترە نەنە گیان، ئەوە نیە کە تۆ بیری لێدەکەیتەوە. ئەو ڕووە نیە کە تۆ دەیزانی.

– ڕوو لە هەموو دنیا هەر یەکە و ،سەرم مەیەشێنە .

کتێبەکەم داخستو گوتم :

– باشە، کەواتە پێم بڵێ ڕوو چیە ؟

– ڕوو، ڕوو...ڕووە !

– دانیشە داپیرە. دەرسەکەت ڕەوان نیە، ئەزبەرت نیە، سفرت بۆ دادەنەم .

– سفر بە چاڵی چاوت، گەوجە. خێرا بڕۆ بزنەکە ببەستەوە، دەنا ئاسمانت پێ نیشاندەدەم.

– زۆر باشە، یەك پرسیاری ترو دەڕۆم. ژمارەی ڕووان چەندە ؟

– زۆرە، بە ئەندازەی ژمارەی بەشەرانی دنیایە. بەڵام خودا ڕووی بۆ ئەوە دا نەناوە کە ترشی بکەی و گرژی بکەی و ئەم دانەگرێیەی پێبکەی گۆساخی ڕوودار! ڕووی هەندێ کەس لاوازە، هی هەندێکی دی خڕو پڕە، هەندێ ڕوو هەیە ئەسڵو فەسڵی دیار نیە. هەروەها ڕیاکارانو درۆزنانیش هەن.

– هەروەها فریبۆكو حیلەبازانیش هەن.

– ڕاستە! بۆ نموونە پۆستەچیەکەی گوندەکەی خۆمان. پۆلی سەر زەرفی نامەکان دەکاتەوەو پاشان دەڵێ نامەکان پۆلیان پێوە نەبووەو داوای ڕۆبلێك دەکات.
– ئەدی من چۆنم نەنە گیان ؟
– تۆ؟ تۆ گەوج و تەمەڵ و ڕوودارو گۆساخ و هەڵەشەیت و لە سەرووی ئەمانەشەوە زەندیق و خوانەناسیت .
ئەگەر سەرانسەری گۆریا بگەڕێن، ژنێك پەیدا نابێت بە ئەندازەی نەنکم، لە جنێوو وتووك و نەفرەتکردندا، لێزان و بە زمان بێ. بەڵام من لە تووك و نەفرەتەکانی ناترسم. جارێکیان لە زاری دەرچوو وگوتی: " بە زار جنێوت دەدەمێ ، بەڵام بە دڵ دوعای خێرت بۆ دەکەم..."
نەنکم زۆر لەو قرێرە ناڕەوایەی وەزارەتی پەروەردەو فێرکردن بێزار بوو، کە قوتابی ناچار دەکرد ڕۆژانە شەش وانەی تەواو بخوێنن و لە قوتابخانەکاندا بمێننەوە، هەرچەندە من لەگەڵ بۆچوونەکەی ئەودا نەبووم، بەڵام بەدەگمەن تا وانەی چوارەم بڕەدەکەم . لە دوای وانەی چوارەمەوە ئیدی ئارام و ئۆقرەم لەبەر دەبڕێ، کات و شوێنم لێدەگۆڕێ، بە دەنگی بەرزتر لە دەنگی ئاسایی، لە قوتابیەکەی تەنیشتمەوە دەپرسم :
– رومولی، کوڕی باش، چاوەکەم، بۆچی زەنگی پشوو وا دواکەوت ؟ زەنگەکەیان ون کردووە، یان کابرای زەنگەوان ون بووە ؟
رومولی، بزەیەکی تەوسئامێز دەکات، مامۆستا بە سەری قامکان ئاماژەم دەکاتێ و بەدەم لێو هەڵقورتاندنەوە، بەدەنگێکی میهرەبان دەڵێت :
– خێرا هەستە بۆ دەرەوە، نامەوێ چرو چاوت ببینم، تا کەسێکت لەگەڵ خۆدا نەیەنی، نەگەڕێیتەوە ها.
نامەوێ لێی بپرسم بۆ، چونکە دەزانم لەسەری بڕۆم دەباشیر بارانم دەکات. بۆیە سووکێ، بە بێدەنگی شەپقەکەو جانتاکەم هەڵدەگرم و بەرەو دەرگا دەڕۆم. ئەوسا ئاوڕ لە رومولی دەدەمەوەو دەڵێم:
– خودا حافیز
بە دەست وەڵامم دەداتەوە:
– خودا حافیز.
بۆ سبەینێ نەنکم لەگەڵ خۆدا بۆ قوتابخانە دەبەم . ئەوسا نەنکم بۆ ماڵم دێنێتەوە، جارێکی دی نەنکم دەگەڵ خۆدا بۆ قوتابخانە دەبەم، پاشان ئەو بۆ ماڵم دەباتەوە، ئیدی بەو جۆرە دەکەوینە هاتوچۆ. یانی ئەگەر بڵێین من و نەنکم پێکەوە قوتابخانەمان تەواو کرد، هیچ نابێ بە درۆ. پێموایە لە مێژووی بەشەریەتدا هیچ پێشینەیەکی تری لەو بابەتە نەبووە.
من منداڵە گوندییەکم وەکو هەموو منداڵە گوندییانی دی. جانتایەکەم هەمیشە میوەو قۆچەقانی و دارلاستیك و هەموو جۆرە چەکێکی دەستی منداڵانی تیایە. تا کاتی سەرماو کەوتنی سیخوارو زوقمان بە پێی خاوس هاتوچۆی قوتابخانە دەکەم. یەك پانتۆڵی پینەپیناویم هەیەو هەموو ساڵێك دوو تاقیکردنەوەم هەیە، نیوەی ساڵ و سەری ساڵ، من تاقیکردنەوەی نیوە ساڵ

نادەم. سەگێکم هەیە ناوی (مرادا)یە، ئەمە وەکو سێبەرەکەم هەموو ڕۆژێ لە دوومە، بە هۆی مراداوە لە گوندی ناویان ناوم سەگباز، لە قوتابخانەش پێم دەڵێن تەمەڵی حیلەباز، بەڵام نەنکم لەو ڕۆژەوە سەرم لە هێلکە جوقاوە تا ڕۆژی قیامەت، گۆساخ و ڕووداری بە باڵادا بڕیوم . بەڵام ناوی راستەقینەم (زۆریکو = زۆراب)ە.

کە نەنکم لێم دەچێ بەقینا، شەو لە شەرابخانەکەمان ڕۆژ دەکەمەوە . کە ئاشت دەبینەوە، دەچمەوە ژوورەکە. نەنکم بە ڕۆژەوە نەفرەتی ئاسمانمان بەسەردا دەبارێنێ و بە گسکان تێم بەردەبێ ڕاوم دەنێ. بەڵام کە شەو دادێ لاقەکانم دەشوات و چاوەڕوان دەکات تا خەو بمباتەوەو بە کڕی و ئارامی ماچم بکات.

لە قوتابخانەدا چۆنم ؟ دەربارەی ئەمە بەڵگەنامەیەکی فەرمی هەیە کە بریتییە لە " کۆنووسی کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی پەروەردە " و بەمجۆرە تۆمارکراوە:

" کۆنووسی کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی پەروەردەی قوتابخانەی ئامادەیی (س) لە بەرواری ١٩٤٠/٣/١٨: هەموو مامۆستاکان لە کۆبوونەوەکەدا ئامادە بوون.

بابەت: ڕاپۆری ڕابەری پۆلی شەشەم دەربارەی ڕەفتاری قوتابی پۆل زۆراب فاشالومیدزە.

ئەم مامۆستایانە لە کۆبوونەوەکەدا قسەیان کرد:

***مامۆستای فیزیا:*** "هیچ هێزێك لە تەبیعەت دا نیە کە بتوانێ فاشالومیدزە بجوڵێنێ. ئەم کوڕە وەکو تەنێکی ناو ئاو وایە بەڵام هیچ هێزێکی پاڵنەر کاری تێناکات."

***مامۆستای بیرکاری:*** " فاشالومیدزە هاوکێشەیەکە بە سەد نەزانراو. من ئەم هاوکێشەیەم پێ حەل ناکرێ ".

***مامۆستای کیمیا:*** "هیچ کارلێکێك نازانێ! بە درێژایی وەخت وزەی مێشکم دەڕێژێ. وەرەقەیەکی کەشاف دەگمەنە، ڕەنگی سوور هەرگیز ناکەوێتە سەر رووی".

***مامۆستای زمانی روسی:*** "پێموایە دێوانەیەن" = ( ئاماژەیە بۆ ڕۆمانەکەی دۆستۆیفسکی ).

***مامۆستای جوگرافیا:*** "زانیارییەکانی فاشالومیدزە بێ تۆبۆطرافیان. ئەم کوڕە یان گەنجینەیەکی نادیارە یان زەوییەکی کاکی بە کاکییە."

***مامۆستای مێژوو:*** "هەبێ و نەبێ یەکێکە لە مرۆڤەکانی چاخی بەردین و فڕی بە سەدەی بیستەمی پێشکەوتوو و شارستانیەوە نیە. مەحاڵە بە ئارامی لەوانەدا ببینرێ. هیچی لە بارا نیە. فاشالومیدزە مایەی شەرمەزاری هەموو پۆلەکەیە."

***پێشخزمەتی قوتابخانەکە:*** " بۆ بە خۆرایی گەڕەتان لەم منداڵە بەلەنگازە ئاڵاندووە ؟ ئەگەر دەزانن شێتە، بۆچی دەریدەچێنن و لە پۆلێکەوە دەیبەنە پۆلێکی تر ؟"

***یاریدەدەری بەڕێوەبەر:*** " کەس ڕەئی تۆی نەپرسیوە. ئیشی تۆ تەنیا ئەوەیە لە کاتی خۆیدا ئامادەبیت و لە زەنگەکە بدەیت."

***مامۆستای زمانی جۆرجی (لە خزمە نزیکەکانمە):*** "من لە ئێوە تێناگەم ! یەکێك گوێی لێتان بێ وا دەزانێ تەنیا فاشالومیدزە وایە! پێم بڵێن کێ لەو پۆلەدا لەو باشترە ؟ کوڕی بەڕیوەبەرەکەمان

باشتره ؟ باشترین نمرەی هەیه، بەڵام من لە عەمرانتم کەودەنی وام نەدیتوه ؟ لە پۆلا دادەنیشێت دەڵێی تاووسی پڕ باو دەهۆڵی بەتاڵە."

***مامۆستای وەرزش:*** "بۆچی باشترین نمرەی بۆ دادەنەی ؟

***مامۆستای زمانی جۆرجی:*** "جا کێ دەوێرێ وا نەکات ؟"

***یاریدەدەری بەڕێوەبەر:*** "بەسە!... ئەدی تۆ چ دەڵێی فاشالومیدزه ؟"

***فاشالومیدزه:*** "مامۆستای زمانی جۆرجی ڕاستدەکات."

***یاریدەدەری بەڕێوەبەر:*** "ئەمەم مەبەست نیە هەی دێزەی دومۆڕ! دەرهەق بە خۆت چ دەڵێی ؟"

***فاشالومیدزه:*** " دەربارەی خۆم ؟ ئەمجارە بمبورن، لە ئایندەدا بە دڵی ئێوه دەبم."

کە ئەو هەموو گلەیی و گازاندەیەم دەربارەی خۆم بیست ، کەوتمە گومانەوە کە ئینسانێکی ئاسایی بم، بەڵام ڕێکەوتێکی خۆش، ئەو خەیاڵانەی ڕەواندەوه.

جارێکیان، بە ناچاری یەك هەفتەی تەواو نەچوومە قوتابخانە، غایب بووم، مژولی چاندنی گەنمەشامی بووم. دەبوایە مۆڵەتی نەخۆشین وەربگرم تا لە قوتابخانە دەر نەکرێم. مخابن ئەو دەمانە دکتۆرەکانی گوندی مە ئەو جۆرە مۆڵەتەیان بە خەڵکی ساغ نەدەدا. بۆیە خۆم لە ناو جێناو دکتۆرم بانگ کرایە دیار.

لە بەیانی زووەوه، نانیان لێبڕیم بۆ ئەوەی ڕەنگم زەرد ببێ و وەکو نەخۆش بێمە بەرچاو، ئەوجا سەریان بە خاولیەك بەستم، نەنکم لە ماڵ وەدەرکەوت تا دکتۆرم بۆ بێنێ. دوای نیو سەعاتێك کاکی دکتۆر لە ئەسپەکەی دابەزی و لە حەوشەکەماندا بەستیەوه. هاتە ژوورەوه، لەسەر تەختەکەم و لە تەنیشتمەوه دانیشت و پرسی:

– چیتە کوڕۆ ؟

– خەریکە دەمرم...

– زۆر باشە...کوێت دێشێت ؟

پیاو ڕاست بڕوات چاوەڕوانی پرسیاری وا نەبووم، بۆیە، بە ترسێکی پرسیارئامێزەوه چاوم هەڵێناو ڕوانیمە نەنکم، گوتی:

– هەموو ئازای لەشی دێشێت.

– قژیشت ؟

بە دەم ناڵ و نکەوه گوتم:

– ئا... دێشێت.

لەم کاتەدا ئیلیکۆ و ئیلاریونی جووتە هاوسامان خۆیان بە ژوورا کرد، بە (نەخۆشیەکەمیان) دەزانی، ئەوانیش زاری خۆیان هەڵدا، ئیلاریون گوتی:

– ئەوە ماوەیەکە هەستدەکەم ئەم کوڕە بێتاقەت و ماندووه.

– چۆن ؟

– چۆن ؟ ئیشتیای نەماوه. ئاخیرجار بە هەزار زەحمەت توانیم سێ قاپ فاسوڵیاو کولێرەیەکی دەرخوارد بدەم. یەك پاروو زیاتری نەخوارد.

دکتۆرەکە بە سەرسامی پرسی:

– بەڕاست ؟

– بەسەری تۆ! جاران دوای نان و فاسولْیا، سەلکێ پەنیری گەورەشی دەخوارد، بەلاّم ئەو ڕۆژە، جەنەی بەست و گوتی: "نا ناخۆم، ئیشتیام نیە" و گوتی لە ماڵەوە نانی خواردووە.

دکتۆرەکە لێی پرسیم:

– ڕاستدەکات ؟

– چۆنی دەڵێی وایە دکتۆر گیان. کە چاوم بە فاسولْیا دەکەوێ دڵم تێکهەڵدێ .

– ئاوها... ئەی باشە مریشکی سوورەو کراو بە بەهاراتەوە چۆنە، یان پەنیری تازە بە نەعناوە، یان مریشکی برژاو بە سەوزەوە یان قاپێ کەباب یان ماسیەکی تازەی سوورەوەکراو بە تەماتەوە، ها چی دەڵێی ؟.

نەنکم لە بن لێوانەوە کەوتە پرتاندن:

– ئەم کەرە ئەقڵی کوڕەکە تێکدەدات .

ئیلیکۆ، کە ناوی ئەم ژەمە خواردنانەی بیست، خۆی پێنەگیرا، ئاوزایە دەمی، بە کۆکە کۆك لە ژوورەکە وەدەرکەوت و چووە بەر هەیوانەکە. بەلاّم ئیلاریون دانی بە خۆیدا گرت، لە ژوورەوە مایەوەو کەوتە هەڵدانەوەی ئەلبومێکی وێنان.

دکتۆرەکە، بەدەم زەردەخەنەوە پرسی:

– هیچ ئازارێکی ترت هەیە ؟

ئەوجا خاولیەکەی لەسەرم کردەوەو بە میهرەبانی لیکاوەکەی سڕیم. ئیلاریون وەلاّمی دایەوە:

– دەشکۆکێت .

– ئەدی میزەکەی چۆنە ؟

ئیلاریون، دەستێکی کەوتە ئەمبەرو یەکێکی کەوتە ئەوبەر، نەیزانی چ وەلاّمێك بداتەوە، لە ئیلیکۆنی، کە تازە وەژوور کەوتبووەوە، پرسی:

– میزەکەی ؟

ئیلیکۆن، حازر وەلاّمتر بوو:

– راستت دەوێ، ماوەیەکە میزەکەیم بە دڵ نیە.

– باشە پێشتر باش بوو ؟

– زۆریش .

– باشە هیچ ئازارێکی دیکەت هەیە لاوکۆ ؟

ئیلیکۆ، کۆکەیەکی بۆ کردو گوتی:

– ئا.... شتێك هەیە...

ئەوجا بەدەست ئاماژەی بۆ نزیکی سەری کرد تا هیچ گومانێك لە مەسەلەکەدا نەمێنێ، هەڵبەتە لە مەبەستی تێگەییشتم.

– بە راست ؟...

دکتۆرەکە، قامکەکانی تاك‌و جوت کردن‌و لە کەپووی نزیك کردمەوەو پرسی:

– ئەمە چەندە ؟

بەدەم بزەیەکی دەستکردی گەوجانەوە گوتم:

– حەوت .

دکتۆرەکە هەڵیدایە:

– تەواوە !

ئیلاریون، لەسەرسامیا عەینەکەکەی لە دەست بەر بووەوە، نەنکم بە ترس‌و لەرزەوە کشایەوە. دکتۆرەکە پێڵوی چاوی هەڵدامەوەو ئەوسا گەڕاندیەوە شوێنی خۆی،و هەمان کاری دووبارە کردەوەو لە چاوانم ورد بووەوە، بە کەسەرەوە سەری لەقاندو پرسی:

– کەس‌و کارو خزمەکانی دەناسێتەوە ؟

ئیلاریون، هەناسەیەکی خەمناکی هەڵکێشاو گوتی:

– زۆر بە زەحمەت .

دکتۆرەکە ئاماژەیەکی بۆ لای ئیلیکۆن کردو لێی پرسیم:

– باشە... ئەم ئینسانە کێیە ؟

خۆم لە گێلی داو گوتم:

– ئەمە ئینسان نیە، ئەمە حەیوانە کێویە .

ئیلیکۆ باوەڕی نەدەکرد، بە کەسەرەوە گوتی:

– زۆریکو (بچووککراوەی زۆرابە)، ئەمە منم، مامە ئیلیکۆتم، ئەوە بەڕاستتە نامناسیت ؟

سەرم بەملاو بەولادا باداو چاوم بڕییە کەپووی خۆم. داپیرەم لێوی خۆی گەست‌و سەری لە نێو هەردوو دەستی نا.

دکتۆرەکە پرسی: باشە دەرمانی دەدەنێ ؟

– لاجانگەکانیمان بە عارەق چەور کردووە.

– تۆزێکم لەو عارەقە بۆ بێنن.

نەنکم بە پەلە رۆیی‌و قاپە عارەقەکەی هێنا.

– پەرداخێکی گەورەم بدەنێ.

پەرداخیان بۆ هێنا، دکتۆر پەرداخەکەی تەژی کردو گوتی:

– ئەم منداڵە وەزعی خەتەرە، زۆریش خەتەرە، دەترسم نەگاتە بەیانی بمرێت. دەبێ یەکسەر بیگەیەننە نەخۆشخانە تا نەشتەرگەری بۆ بکرێت.

لە نێو جێگاکە دەرپەڕیم‌و هاوارم کرد:

– نەشتەرگەری چی ؟

– نەشتەرگەری مێشك.

نەنکم هاواری کرد:

- مەگەر من بمرم ! "نەشتەرگەریی مێشك". چما مێشك كاڵەكو گوندۆرەیە ؟ یانی بەڕاست خۆت بە دكتۆر دەزانی، ئەمەیە دكتۆریەكەت، تڕحێو؟ كوڕە دەڵێی جوانەگایەو عەلەمی تیا نیە،و تۆ دەتەوێ هەواڵەی نەخۆشخانەی بكەی ! هەستە كوڕم، هەستە، ئەم بایە لەم كونەوە بێ بۆ گۆڕستانیشت دەبات .

دكتۆرەكە گوتی:

- سوپاس بۆ خودا ! گوتت عەلەمی نیە ؟ خودا هەمووتان ساغو سەلامەت بكات.

ئەوجا دوا چۆڕی پێكەكەی هەڵدا .

ئیلاریون هەڵیدایە:

- ئەدی مەزە ؟

ئەوسا هەرمێیەكی دایە.

دكتۆرەكە بە تاسۆقەوە هەرمێیەكەی بەر قەپان دا، دەستێكی بە گۆناكانمدا هێنا، ماڵاوایی لە هەمووان كردو بەرەو دەرگاكە رۆیی و گوتی:

- بەڕاستی لەم گوندەدا منداڵی لەمە ساغتر نیە !

ئەوسا سواری ئەسپەكەی بوو، دەستی بۆ هەڵبڕینو تێی تێیتەقاند...

## ڕاو

دوای هەفتەیەك لە پەرجووی چاكبوونەوەكەم، ئیلاریون خۆی بە حەوشەماندا كرد. لەسەر سەوزەگیاكەی ژێر دار هەرمێیەكە پاڵكەوتو سیغارێكی پێچایەوەو بە تاسووقەوە كەوتە مژ لێدانیو، پرسی:

- نەشتەرگەرییەكەت تەواو بوو سەگباز ؟

- ئێوە هیچتان بە خەیاڵدا نایەت، خۆ من پێم بە لێوار قەبرەوە بوو !

- سەیرە ! " قەبر"ی چیو لێواری چی... باشە هیچ مەترسییەك لەسەر ژیانت هەبوو؟ ئەگەر ئەو مێشكە بۆگەنەتیان كردباوە، یەكسەر دایان دەخستەوە. باشە گەڕان لە بۆشاییدا هیچ سوودێكی هەیە ؟

- بیبڕەوە مام پیاو... "بۆشایی"... یەكێك نەزانێ دەڵێ دەبێ مێشكی تۆو مێشكی ئیلیكۆی برادەرت گەنجی سلێمان بێ.

بێدەنگ بووین....

ئیلاریون پرسی: - ئەوە سەگەكەت دیار نیە ؟

لەو كاتەدا قروسكەی سەگێكی هار بەرز بووەوە، وەك بڵێی وەڵامی پرسیارەكانی ئیلاریون بداتەوە.

یەفروسینەی دراوسێمان لە ڕاڕەوێکی نێوان پەرژین و شورەکاندا بە دەنگی بەرز هاواری دەکردو بە تێلایەکەوە دوای سەگە بەستەزمانەکەم، مرادا کەوتبوو، کە بە قروسکە قروسك لە بەردەمیەوە وەك ئەوەی بپارێتەوە غاری دەداو هەردوو لاقی بکێش دەکرد .

– ئەم حەیوانە دەکوژم، دەی توێپێنم ! نەفرەت لە خۆت و سەگەکەت زۆریکوی بەدفەڕ ! ئەم خەڵقەندە زۆڵەت لە کوێ هەڵگرتووەتەوە ؟! ئەمە پیشەی ئەم سەگەیە، هەوەڵجار کەوتە دزینی هێلکەکانی ژێر مریشکە کڕەکەو، ئێستاش نۆرەی بێچوەکانە .

هاواری مێردەکەی یەفروسینە، لە حەوشەکەی خۆیانەوە بەرز بووەوە: – بیگرن.

نەنکم لە ماڵ دەرپەڕییە دەرێ و گوتی:

– ئەو قیژە قیژەت لە چیتە کچێ هێی ؟ چ قەوماوە ؟ کێ زۆڵ و ناڕەسەنە ؟ سەگەکەی ئێمە، مرادا ؟ ڕەچەڵەك و ئەسڵ و فەسڵی سەگەکەی ئێمە، لە ئەسڵ و فەسڵی مێردەکەت و هەموو خزمەکانت شەریفترە... کچەتیوەی ناکەس بەچە، تا زووە هەیدێ ، گوم بە لەبەر چاوم... ناڕەسەنە، زۆڵە ؟ تەنیا دوو جار چێڵەکەم دۆشیوە، ئیدی چەندم پەنیر لێدروست کردووە، داومە بە سیمونی ئاشەوان تا ئەو سەگەی داومەتێ.

یەفروسینە، یەکسەرو ڕێو ڕێ گەڕایەوە . لە دنیادا ، ئەوەندەی لە نەنکم دەترسا، لە هیچ شتێکی دی نەدەترسا. مرادا لە بەردەممدا وەرکەوت، دەتگوت نەجیمزادەیەکەو لێی قەوماوە. بە دەم ئازارەوە دەیقروسکاندو چاوانی بڕی بوونە یەفروسینە کە بەرە بەرە دەڕۆیی و لە چاو ون دەبوو. کە یەفروسینە پێچی کردەوەو کەوتە نەدیوی، سەگەکە کڕ بوو. ئیلاریون سلاوی لە ئیلاریون کردو گوتی: – مەرحەبا مرادا !

مرادا، بەدەم کلکەسووتێوەو لە دڵی خۆیدا بەرسڤی دایەوە:

– مەرحەبا ! سەرچاو .

ئیلاریون بە دەم زەردەخەنەوە گوتی:

– هەی شەیتان، نەهەقت ناگرم لە ڕەچەڵەکی چەقەڵ و تۆپیت.

ئەوجا کەوتە پاککردنەوەی دەمی لە تووکە حەرامەی جوجکەکان و لەسەری ڕۆیی: – باشە بۆ ئەو جوجەڵە داماوەت خوارد ؟

مرادا لە دڵی خۆیدا گوتی: – چوزانم... جوجکان بەبێ خاوەن بەرەڵلای کوڵان دەکەن و ئەگەر شتێکیشیان لێبێ زویر دەبن...

– زۆریان ئازار دایت ؟

مرادا لە دڵی خۆیدا گوتی: – کەمیش نەبوو.

ئەوجا ڕوانیە لاقە برینداره‌کانی

– گوێ مەدەیە، چاك دەبێتەوە...

مرادا بەدەم زەردەخەنەوە گوتی:

– ئازارەکەم بە دڵی یەفرۆسینە نەبوو.

ئەوجا گوێچکەکانی لەقاندو کەوتە لستنەوەی دەستی ئیلاریون، کە لە منی پرسی:

– ئەوە لمۆزی چیەتی ؟

– سووتاوە. دوێنێ ویستی نانێك لە ناو تاوەكە بدزێ، لمۆزی بە ئاگرەكەدا چزا.

– ماقوولە مرادا ؟ شتی وا دەبێ مرادا ؟

مرادا بە كەسەرەوەو بە دەم لستنەوەی دەمو پلییەوە گوتی:

– بەڵێ، ئەمجارەیان بەختم یار نەبوو، تۆزێ پەلەم كرد .

ئیلاریون زۆر بەرێزەوە گوتی:

– براكەم تۆ سەگ نیت، زێڕی زێڕ . تۆ تەمەشای ئەم سەگەوانە بكە، سەری گەییوەتە تاقی ئاسمانو هێشتا بارە بەسەر نەنكیەوە، بەڵام تۆ خۆت مشوری خۆت دەخۆیت . ئەی ئافەرم بۆ خۆت ! بەڵام دزی شەرمە، هەمیشە ئەوەت لە بیر بێ! پارووی حەرام بە دڵەوە نانووسێت، هەر نابێت. بۆ نموونە تەمەشای (داتیكو)ی بەڕێوەبەری عەماری گوندەكەمان بكە خودا عەمر درێژی نەكات. ئەمە نەوسنێك بوو تێر خواردنی بۆ نەبوو. ئەوەتا ئێستا وەكو كاڵایەكی بێ كەڵك لە جێدا كەوتووە. گوێت لێیە ؟

مرادا لە دڵی خۆیدا بەو ئامۆژگاریانە قاییل نەبوو:

– گوێم لێیە، بەڵێ دەزانم، بەڵام ئەمە قسەی ڕووتە! هەمووان دزی دەكەن، چما من فریشتەی ئاسمانم ؟ من، بە هەرحاڵ، سەگێكم وەكو هەموو سەگانی دی.

گوتم:

– باشە بڕۆ بۆ شوێنەكەی خۆت، نەخەڵەتابی لە حەوشە وەدەربكەوی دەنا پڕ شەقت دەكەم كوڕی سەگ !

نووكە شاپێكی ئەسپاییم لێدا.

مرادا دانەكانی لێگرکردمەوەو گوتی: – جوێن مەدە.

ئەوسا كلكی لە گەڵۆزی ناو رۆیی.

ئیلاریون سیغارێكی پێچایەوە، مژێكی لێداو گوتی:

– ئەم بەیانیە سەرێكی كێڵگە هەرەوەزییەكانم دا، سەیرم كرد لاسكو چرۆی پاقلەكان لە هەموو لایەكەوە قەپیان لێدراوەو خوراوە، وادیارە كەروێشكی چووەتە ناو... شوێنەواریانم بینی... وا چاكە سبەی بەیانی بچین بۆ ئەوێندەر، با تفەنگیش دەگەڵ خۆ بەرین.

– كەروێشكەكانت دەناسم ! جاری پێشوو بۆ ئەوێندەرت بردمو پاشان دەركەوت شوێنەواری كەروێشكان نەبوو، بەڵكو شوێنەواری بزنان بوو.

– بەڵام ئەمجارەیان وانیە، دڵنیابە شوێن پێی كەروێشكانە! بە چاوی خۆم پشقلی كەروێشكانم دیت.

– باشە، دەڕۆین، بەڵام وریابە ئەمجارەش پشقلی بزن نەبێ .

ئیلاریون گوتی:

– تۆ من فێر دەكەی، خوێڕی! سبەی بەیانی تفەنگەكەت حازربكەو سەگە گەمژەكەشت بێنە، لەوەیە بەكارمان بێت...

ئەوسا شەپقەکەی هێنامە سەرکەپوو و لێیدا رۆیی.

بەیانی کە رۆژهەلات، بە دوو قۆڵی کەوتینە ڕێ، گیای ئاونگدار تا ئەژنۆ دەهات. ئیلاریون لە پێشەوە بوو،و من لە دواوەو (مرادا)ش لە دواما، ئازای لە ئاونگدا هەڵکشا بوو، گیاو نووسنەکی تێئالا بوو. ئیلاریون بە تەشەرەوە گوتی: – ئەمەیە سەگ! وادیارە بە کەروێشکمان دەزانێ بۆیە وا دوامان کەوتووەو لێمان نابێتەوە. پێی بڵێ با پێشمان بکەوێ.

لە سەگەکەم خوڕی: – پێشکەوە!

سەگەکە بەگوێی کردم، پێشکەوت و لێی دانیشت. ئیلاریون گوتی:

– سەگەکە ماندوو بووە. کاتی ئەوە نەهاتووە ئێمەش پشوویەك بدەین و بەرکوڵێك بکەین ؟

ئەوجا لە عاردی دانیشت.

گوتم: – با، با پشوویەك بدەین.

لەلای ئیلاریونەوە دانیشتم.

ئیلاریون، مریشکێکی کوڵاو و چەند نانێکی زوڕات و سەلکێ پەنیری تازەو قاپێ عارەقی ترێی لە توێشەبەرەکەی دەرهێناو هەر هەمووی لەسەر بەردێکی بازنەیی گەورە ریز کرد. منیش شتم پێ بوو، خوانەکەم بە ترشیات و فاسولیاو پەتاتەی کوڵاوو خوێ دەوڵەمەند کرد.و دەستمان بە نانخواردن کرد.

پێمگوت: – ئاگات لە ملچە ملچی دەمت بێ ئەگینا کەروێشکەکان دەرەڤن.

ئیلاریون توڕە بوو: – بە کێ ڕادەبوێری بوە کوێرە ؟ ئێرە بروخێ بەسەر کەروێشکاندا دەڕوخێ، تەنیا ئەوەندەت لەسەر بە وردی بۆیان بگەڕێی.

پەرداخەکەی تەژی عارەق کردو وەکو هەمیشە گوتی "بە سەلامەتیت"و یەکسەر هەڵیدا.

وەڵامم دایەوە "بە سەلامەتیت"و پێکەکەی خۆم هەڵدا.

– شتێکی لەگەڵ بخۆ دەنا دەسووتێی.

– نەبابە ! چما خڵتەمان نەبینیوە.!.

– خوێڕی! لای نەنکت بۆ خڵتە بگەڕێ!.... با پێکێکی دیکەش بخۆینەوە.

بە خۆشییەوە قاییل بووم و گوتم "باشە". خواردمەوەو یەکسەر ئازام کەوتە مێرولە. گوتم: – هەناوم بڕا، ئارەقە نیشتە سەر تەوێڵم.

– ئەی مەعنای چی، چما عارەق گاڵتەی منداڵە!

– با پێکی سێیەمیش بخۆینەوە

– با بخۆینەوە!

ئیلاریون، بەلەز پێکەکەی هەڵداو کیسە تووتنەکەی دەرهێنا، کیسەیەکی پڕم ڕاگرت و گوتم: – ها، تووتنەکەی من تاقی بکەمەوە، تووتنێکی زۆر نایابە، ئەستەمولییە.

ئیلاریون، کیسەکەی لێوەرگرتم و بۆنی تووتنەکەی کردو نیگایەکی گومانامێزی کردم، بەلام سیغارێکی پێچایەوەو پێیکردو مژێکی لێدا، ئەوجا... بە پشتا کەوت.

به پەلە خۆم گەیاندە دیاری: " ئیلاریون ئەوە چیتە ؟" یەك تەختە لێی کەوتبوو، رەنگی زەرد هەڵگەڕا بوو، چاوانی ئەبڵەق بوو بوون و فزەی لێوە نەدەهات.

بانگم لە سەگەکە کرد: – مرادا، خێرا ئاو بێنە.

بەڵام ئیلاریون سەرێکی بادا کە پێویست ناکات. زۆر بە قورسی هەستا، ماوەیەکی زۆر بە چاوانی سووری سوورەوە تێی ڕوانیم. ئەوسا هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا و وەکو کەسێك حوکمی ئیعدام درابێ، بە دەنگێکی لەرزۆکەوە پرسی: – ئەم تووتنەت لە کوێ هێناوە ؟

– دیاریی ئیلیکۆیە، بۆچی ؟

ئیلاریون پێکێکی دیکەی تەژی کردو فرمێسکێکی لە چاوی سڕی، ئەوجا هەردوو دەستی بۆ ئاسمان هەڵبڕی و بە ئەسپایی کەوتە دوعاو نزاو پاڕانەوە:

– ئەی توانا بە هەموو شتان، ئەی بینایی چاوان، دەستی هیچ خوێری و تۆڕی و نامەردێك لەم دنیایەدا مەدە! خودایا بەڵایەکی وەها بەسەر ئیلیکۆ چیگوگیدزەدا بێنە کە هەزار خۆزگە بە دۆزەخ بخوازێت و کەس فریای نەکەوێ من نەبێت، ئامین.

– هاپۆ ئیلاریون چی بووە ؟

– ئەم تووتنە بیبەری تێکەڵ کراوە.

– کەواتە با پێکی چوارەم بخۆینەوە، خودا ئیلیکۆ بگرێت .

خواردمەوەو خەیاڵ بووم و دەمویست کەپووە درێژەکەی ئیلاریون ماچ بکەم .

– ئیلاریون، مامە ئازیزەکەم، تۆ باشترین کەسی ئەم دنیایەی، خۆزی دەتزانی چەندم خۆش دەوێی!

لووتێکی درێژو دڵێکی پاکت هەیە. باوەڕم پێبکە هاپۆ ئیلاریون بۆیە ژیانم لا خۆشە چونکە تۆی تیای. توخوا با ماچت بکەم.

– زۆریکۆی ئازیزم، دڵنیا بە، کە دنیا کوڕی وەکو تۆی بە خۆوە نەبینیوە. کوڕی ئەمما کوڕ. ئەمە گرینگ نیە کە من سی ساڵ لە تۆ گەورەترم. منیش وەکو تۆ منداڵ نەبووم؟ با، تۆش وەکو منت لێنایەت؟ هەڵبەتە با. کەواتە فەرقمان چیە ؟ هیچ، هیچ فەرقێکمان نییە. ژمارەی قژی سەر گرینگە؟ نەخێر. کەواتە ئێمە هاوڕێین و با بخۆینەوە.

هەڵمکردە گۆرانیە جۆرجییە میللییەکەی خۆمان:

"... من لە نێو دۆستاندا خەمبارم..."

ئیلاریون پرسی:

– کێ خەمبارە ؟ بۆ خەمباری گیانە ؟ کەس لە قوتابخانە زیزی کردوویت ؟ کەواتە دڵنیابە: قوتابخانە نەعلەتیەکەتان دەسووتێنم، ئاگری تێ بەردەدەم! کەس بە گژتا هاتووە؟ بەس ناوەکەیم پێبڵێ و هەقت نەبێ.

ئیلاریون، تفەنگەکەی ڕاوەشاند.

– دەی ئیلاریون تەقە بکە! با هەموو دنیا بزانن کە ئێمە لێرەین... هۆووو...!

ئیلاریون، پلی بە پەلەپیتکەی تفەنگەکەوە نا، شریقەی کرد، تا ماوەیەکی زۆر، وەکو تەیری ناو قەفەس لە دۆڵو چیاکاندا دەینالاندو دەنگی دەدایەوە، ئەوجا وەکو تەیرێ کە مەفەڕێکی دەست بکەویو لە شەقەی باڵ بداتو بڕوات، دەنگو دەنگدانەوەی گوللەکەش دوور کەوتەوە...

.... لەسەرما خەبەرم بووەوە، چاوەکانم هەڵگلۆفتو ڕوانیمە دەوروبەرم. پێدەچوو مرادا، لە مێژ بێ نانی خۆی خواردبێو خوانەکەی ماشیبێتەوەو ڕۆیی بێ.

ئیلاریونم هەستاند، پەست بوو:

– بە دیارمەوە مەوەستە، دەڵێی پاسەوانی. ئەو تفەنگە لابە بۆ خاتری خوا، پێدەچێ حەزت لە تەقەکردن بێ، ئاگادار بە ها، دەنا. ئەو دەمو قەپۆزە بڵحەت دەشکێنم.

– دەچم کەمێك دەگەڕێم، بزانم کەروێشکێك نادۆزمەوە.

دوورکەوتمەوە، ئیلاریون لە پشتەوە گازی کردم:

– بڕۆ کوڕی باش..: ئەگەر تەقەت کرد. بیرت نەچێ چاوی چەپت بنوقێنە.

هێشتا دە هەنگاوێکم نەبڕی بوو کە گوێم لە تووكو نەفرەتو خوتەو بۆڵەی ئیلاریون بوو:

– خوا بتکوژێ سەگ، نەگریس، توڕەهات. تۆ بۆگەنی نەك سەگ. تاقەتی وەڕینیشت نیە بە رازی نەعلەتی ؟

تفەنگ بەدەست، بەپەلە بۆ لای چووم و پرسیم:

– چی بووە ئیلاریون؟

ئیلاریون، لەپی دەستی هێنایە پێشێ، چەند پشقلێکی ڕەشی کەروێشکی تێدا بوو، گوتی:

– فەرموو، تەمەشا، هێشتا گەرمە، تێدەگەی ؟

بە توڕەی پشقلەکانی پلیشاندەوەو بە داخو کەسەرەوە لەسەری رۆیی: – ئەم کەروێشکە تۆزێ لەمە پێش لێرە بووە، پشقلەکەی هێشتا گەرمە، تازەیە، کەچی سەگە خوێڕیەکەت هەر بۆنیشی نەکردووە.

– ئەم پشقلانەت لە کوێ دۆزییەوە ؟

– ... پێم گوتیت لێرە، لێرە، لە دوو شەقاویی ئێرە دۆزیمەوە! خێرا پێهەڵگرە، تۆ لە قۆڵی چەپەوە بڕۆو منیش لێرە سووسەی دەکەم ! ئەم کەروێشکە زۆر دوور ناکەوێتەوە.

پیرە تفەنگم سوارکردو بە کاوەخۆ بە گردەکەدا هەڵگەڕام. تەمەشام کرد لاسك و گوڵە سۆیاکان خوراونو شوێن پێی کەروێشك دیارە. شوێن پێیەکانم هەڵگرت، دەچوونەوە ژێر هەژگو بژاڵی چڕو چوغووردی دارگوێزێك. چەند جارێك بەدەوری هەژگو بژاڵەکەدا سوڕامەوە، ئەوجا تا هێز لە لاقما بوو، شەقێکم لە هەژگو بژاڵەکە هەڵدا، لە پڕ کەروێشکێك لەوێندەرەوە دەرپەڕی، یانی کەروێشکی ڕاستەقینە، بە دوو گوێچکی درێژەوە، بە دوو چاوی تیژو زەقەوە،و شایەد بەو شایەدە خەتێکی سپی بەسەر پشتیەوە بوو. وەکو یەکێك مار پێوەی دابێ هاوارم کرد: "نەڕۆی"، ئەوجا بەر فیشەکانم دا. کەروێشکەکە بە شێوەیەکی سەیرو پێکەنیناوی گوێچکەکانی متکردو وەکو تیر بەرەو خوار داگەڕا. هاوارم کرد:

– ئیلاریون، هات، مەیەڵە دەرباز بێ.

– خەمت نەبێ، من لێرەم.

بێدەنگیەکی مینا خامۆشی گۆڕستانان بۆ دەمێك دنیای داگرت، ئەوسا دەنگی ڕاکێشانی میلم هاتە گوێ. گوێم لێبوو کە ئیلاریون بە دەنگی بەرز تف دەکات، ئەوجا دەنگی ئاهونالە، لە پڕ دەنگی بەرز بووەوە:

– بیگرە، بیگرە، زۆریکیلا، بەرەو تۆ هات.

دانیشتم، تفەنگم سوارکرد... لە پڕ لە شوێنێکەوە، لە خوارەوە دەنگی گوللەیەك بەرز بووەوە، گوللەیەکی تری بە دوودا هات، ڕێك لەو دەمەدا قروسکەی سەگێك بەرز بووەوە، قروسکەی چی بەندی دلی دەپچڕی. لێلاییەك بەرچاوی گرتم، لاقم سست بوون، هەرەسم هێناو بە بێدەنگی کەوتمە سەر عاردی...

– مرادا، گیانەکەم، ڕوحەکەم تەمەشای من بکە...

کسۆکە بەوەفاکەم ماچکرد،و لە هۆڕژنی گریانم دا، هەر چیم دەکرد کولی گریانم لە جۆش نەدەکەوت.

گریان لە ئەوکی ئیلاریون گیرا، فرمێسکێك لە چاوی بەر بووەوەو وگوتی:

– مەگری کوڕەکەم، مەگری، سەبرت بێ.

مرادا چاوانی هەلێناو تێی ڕوانین. من‌و ئیلاریون‌و مرادا، بە سێ قۆلی دەگرییاین.

– مرادا، ئازارت هەیە ؟

کسۆکی داماوی بەدبەخت ئاهێکی هەلکێشا: – زۆر.

ئیلاریون کەوتە هاوار: – بۆ دەستم نەشکێ، بۆ چاوم کوێر نەبێ ؟ هاوار بە مالم، دەستی شکاوم، چاوی کوێرم.

مرادا لە دلی خۆیدا گوتی:

– قەیدی ناکات، گوێ مەدەیە ئیلاریون، خەم مەخۆ... خۆ بە ئانقەست ئەمەت نەکرد، سەرخۆش بووی، لێت ناگیرێ... من تفەنگەکەی تۆ دەناسم: تەقە لە دژمن دەکەی بەر دۆست دەکەوێ... لە بیرتە کە سەگەکەی خۆشت بە هەمان شێوە کوشت ؟... بۆیە پێویست بە خەم ناکات... من لێت زیزنیم... ئەوەی لام ناخۆشە ئەوەیە کە یەفروسینە پێم خۆش دەبێت ! چش با هەر با خۆش بێت.

ئەوسا مرادا، بە سۆزو میهرەوە لمۆزی بە ئەژنۆی ئیلاریوندا هەلسوو.

ئیلاریون بە کەسەرەوە گوتی:

– بەمە دەگوترێ سەگ‌و بە ئیلیکۆش دەگوترێ بەشەر؟ خەلکینە ئینساف لە کوێیە ؟

بەسەر (مرادا)دا دانەویمەوەو گوتم:

– مرادا، برای برام، هاوڕێی گیانی بە گیانیم ! تۆزێ سەبرت بێ، دان بە خۆتا بگرە!

– نا، برایەکەم نا، دەردم کارییە.. ئاخر ئێوەی بەشەر بە چ ئەقلێکەوە دەلێن "زامی سەگ سارێژ دەبێت". بەلام من وا گیان دەدەم... لە گیانەللادام زۆریکیلا گیان.

ئیلاریون لێی کەوتە تکا: – دان بە خۆتا بگرە، مرادا، سەبرت بێ... غیرەتت بێ... هەر سەگە بە غیرەتەکەی جاران بە.

– ئێوەی بەشەر هەر بە خەم خوارنەوە ناوەستن . کە یەکێکتان لێدەمرێت، خێرا بە خاکی دەسپێرن و بۆی دەگرین... ئەدی ئێمە کێ بمان نێژێ ؟ کەس! خۆ ئەگەر یەکێکمان بەڕێکەوت وەژێرگڵەوە بکرێ، لەبەر ئەوەیە: بۆنی کەلاکەکەمان بەسەرتاندا نەیەت ..

مرادا موچوڕکەیەکی پێدا هات، هاوارم کرد:

– ئیلاریون، فریاکەوە، مرادا ئاوزینگ دەدا

"بە دوعا"... مرادا، دوا نیگای کردم و چاوانی لێکنان و کوژایەوەو سارد بووەوە.

ئیلاریون، بە قوڵی کراسەکەی چاوی سڕی و لە بن لێوانەوە گوتی:

– مرد، دەستم بشکێ...

... نەنکم بە فیزاح و حوربی کێشان و شین و ڕۆڕۆ گوندەکەی پڕکرد. دەرو دراوسێ بە پەلە و بە ترسەوە خڕ بوونەوە، کە بە مەسەلەکەیان زانی زۆر توڕە بوون:

– ئەوە چیتانە، شێت بوون ؟ کەس لە پێش ئێوەدا شتی وایکردووە ؟ ئەم هەموو شین و شەپۆڕەتان ناوەتەوە چیە سەگێك تۆپیوە ؟ کە بنەماڵەیەکی سەیرن!.

و بڵاوەیان لێکرد...

ئیلاریون، بە درێژایی ئەو ڕۆژە، وەکو بکوژێك، بەر لەوەی حوکمی ئیعدامەکەی جێبەجێ بکرێت، دەسوڕایەوە. لای ئێوارەکەی بانگی کردم و گوتی:

– پێویستە بینێژین.. ئا لێرەدا، لە ژێر ئەم دارچنارەدا.

بە دوو قوڵی چاڵێکمان هەڵکەندو جەنازەی هاوڕێ شەهیدەکەمان، بەوپەڕی ڕێزو قەدرەوە ناشت. پاش ئەوە گۆزەیە شەرابم لە نەنکم وەرگرت و لەسەر قەبرەکەی مرادا پرسەمان بۆ گرت.

ئیلاریون یەکەم پێکی هەڵدا:

– زۆریکۆ، کوڕی خۆم، ئەمڕۆ کە لێرە، لە دیار ئەم قەبرە، بە بۆنەی کۆستێکی پڕ ژانەوە، کۆبووینەتەوە. مرادای هاوڕێی ئازیزمان لە دەست دا. هەمیشە وەفادارمان بوو وەکو سەگ، خۆ ئەگەر لەو دنیا، لە پەسلانێ، بە هەشت بۆ کسۆکان هەبێ، ئەوا مرادا بێ پرسینەوە دەچێتە بەهەشتی. یادی بەخێری مرادا هەتا هەتایە لە دڵماندا دەمێنێ. دەیسا مرادا، بۆ خۆت ئاسوودەو بێ خەم بنوو! با بخۆینەوە.

– سوپاس ئیلاریون... با بخۆینەوە.

– دەمەوێ پێکی دووەم بە سەلامەتی کەسوکارو خزمانی ڕەحمەتی هەڵبدەم. هیوای خۆشی و سەلامەتیت بۆ دەخوازم، ئومێدەوارم ئەمە دواکۆست و کۆتایی خەمی بنەماڵەکەتان بێ.

– سوپاس ئیلاریون.

... دێڵە سەگێکی ڕەش بەدزییەوە خۆی بەحەوشەدا کرد، چەند جارێکی بەدەوری قەبرەکەی (مرادا)دا سووڕایەوە، ئەوسا لە سووچێکی تەریکدا هەڵتووتاو بە سوێ و ئازارەوە کەوتە قروسکە قروسك. ئیلاریون گوتی:

– سەردولکە بێژان هاتن.

– ئەمە دێڵەکەی سیمونی ئاشەوانە، دایکی مرادایە .

– سوبحانەڵڵا! وەرە ئێرە دێڵە ڕەش.

دێڵە ڕەش لە ئیلاریون هاتە پێشێ و پارچە گۆشتێکی بۆ فڕێ دا، بەڵام، لووتی کردە لاوەو لە ئەرزەکەدا لێی وەرکەوت، گوتم:

– ڕاستە سەگە، بەڵام هەستی هەیە.

ئیلاریون گوتی:

– بە سەلامەتی داك و بابی مرادا! بە سەلامەتیت دێڵە خان! خەتای من بوو، خوا عەمر درێژم نەکات.

ئەوسا پێکەکەی هەڵداو. منیش دوا بە دوای ئەو پێکی خۆم هەڵدا.

چوار سەگ، دوا بە دوای یەك، خۆیان بە حەوشەدا کرد. ئیلاریون پرسی:

– ئەمەشا ئەمە سەگەکەی (ئەسالو)یە... ئەمەش سەگەکەی (داتیکو)یە... هۆوەش ئەوەی (دیسبینە)یە... ئەمەش ئەوەی (ماکی)یە... ئەدی سەگە سەر زلەکەی ماتریونا لە کوێیە ؟ بۆچی نەهاتووە ؟

– لەگەڵ (مرادا)دا بەعز بوو. پار دامن بە شەڕا. مرادا زۆر پیس گەستی.

– جا بڕیاری داوە ئێستا تۆڵەی خۆی بکاتەوە ؟ تف لە سەگی وا. نە شەرەفی هەیە نە ویژدان. تفو!

دەنگێك لەلای دیوارەکەوە بەرز بووەوە:

– خاوەن ماڵ !

– کێیە !

– خۆمم.

– فەرموو!

منداڵێکی حەوت ساڵان خۆی بە حەوشەدا کرد، کوڕی ماخاری گوگیچایشفیلی بوو، ئیلاریون لێی پرسی:

– چیت پێیە کوڕەکەم ؟

– بروسکەیەك بۆ تۆ .

– بینەی !.

منداڵەکە بروسکەکەی بۆ درێژ کرد. ئیلاریون بە ئاسپایی چاویلکەکەی لە بەرکی دەرهێنا، بە دەستەسڕەکەی جوان سڕی ، ئەوجا نایە سەر نووکی کەپووی و دەستی بە خوێندنەوەی کرد:

*– "بروسکەیەکی بەپەلە. بۆ زوریکیلای سەگەوان و ئیلاریونی کەپوو زەلام. بەبۆنەی مەرگی مرادای ئازیزەوە، لە ناخی دڵەوە گەرمترین سەرخۆشیتان لێدەکەم. هاوڕێ دەگەڵ ئێوەدا فرمێسکی خەم بۆ ئەم کۆستە گەورەیە دەبارێنم. لە رادەبەدەر خەمبارم، نازانم دوای ئەم کۆستە دەمێنم یان نا. زۆرم لە دڵ گرانە کە ناتوانم بەشداری ئەم پرسەیە بکەم . نازانم چۆن*

*سەرخۆشیتان لێبکەم. نەفرەتتان لێبێ، ئەی کەرترین جووتە گووراوی خوا ! کە ئەمجارە نیازی ڕاوە سەگتان بوو، منیش لەگەڵ خۆدا بەرن، هەر دەبێ بمبەن ها. نێوچەوانی هەردووکتان رادەمووسم..*

*هاوڕێی کۆستکەوتووتان" .*

ئیلاریون گوتی:

– ئیمزاو ناوی پێوە نیە، دەبێ کێ ناردبێتی ؟

رووی کردە منداڵەکە : – کوا وەرە کوڕم. وەرە مەترسە.

منداڵەکە هاتە پێشێ. ئیلاریون گوێی گرت، بە هەموو هێزی خۆی بایدا، منداڵەکە لە زیڕ ژنێکی وەهای دا لە تۆ وایە ئاژێری کارگەی چایە نزیکەکەی ئەو ناوەیە.

– کێ ئەم بروسکەیەی دایتێ ؟

– نایڵم، دەمکوژێ !

ئیلاریون گوتی: – نایڵێی؟ کەواتە من دەتکوژم! بۆ خۆت سەرپشك بە.

منداڵەکە هەمدیس لە زیڕژنی دا.

– ئیلیکۆ چیگوگیدزە سێ ڕۆبڵی دامێو پێی گوتم ئەم بروسکەیەت بۆ بێنمو ناوی ئەو نەبەم دەنا زمانم دەبڕێ.

– کەواتە هی ئیلیکۆیە ؟

– هی ئیلیکۆ یە.

ئیلاریون منداڵەکەی بەرداو کوڵەمستی کێشا بە سینگی خۆیدا:

– وا وەیلا بە حاڵت شەیتانی کوێر! بزانە چۆن بە ڕۆژی روناك ئەستێرانت نیشان دەدەم .

لە ناخی دڵەوە، بەزەییم بە ئیلیکۆدا هاتەوە.

شەو داهات، شەوێکی دێهاتیانەی ئاسایی. بێدەنگیو ئاسوودەیی باڵی بەسەر هەموو شتێکی دەوروبەرماندا کێشا، وەکو ئەوە بوو ماڵباتەکەمان لەو ڕۆژەدا یەکێك لە ڕۆڵەکانی خۆی لە دەست نەدابێت !.

## چاو بە چاو

ئەمساڵی خوێندنم تەواو کرد،و لە زمانی روسیدا ئیکمالم. لەگەڵ خامامۆستادا ڕێکەوتین کە هەفتەی دوو دەرسم پێ بڵێتەوە، ئێمەش لە جیاتی ئەوە نیوپووت فاسوڵیا،و چوار سەلك پەنیرو یەك پووت شەرابی تازەی بدەینێ. ئەم کرێیە لە چاو ئەوەی پاردا، کە دەبووایە دووجار ئیمتیحانی زمانی رووسی بدەمەوە، زۆر هەرزانە.

ڕۆژانی خوێندنم بەمجۆرە دەستی پێدەکرد.

نەنکم هەموو ڕۆژێ لە ناو حەوشەکەوە بانگی لێدەکردم:

– هەستە، هەلو، ڕابە، تەمەڵ! خەو بوو بەچی، درەنگە، دوا دەکەوی .

بەلەز لە نێو جێ وەدەردەکەوتم، چەند جارێك بە پێڵاوەوە بە نێو ژوورەکەدا، بە تەق و هوڕ دەهاتم و دەچووم، جێگوڕکێم بە کورسیەکان دەکرد، دەمکرد بە هەراو هەنگامە، پاشان بە دزییەوە خۆم وەناو جێگاکەدا دەکردەوەو خۆم وەبن پەتۆیان دەداو لێی دەنووستمەوە. بەڵام هەستانی تەواوەتیم ئەو کاتانە دەبوو، کە یەك دەولك ئاوی ساردم، بەدەم تووك و نەفرەت و دەمڕێژی جنێوانی نەنکمەوە بەسەر بەسەردا دەکرا.

– نازانم بە کێت کردووە هەی تەمەڵی تەوەزەل ؟ بریا لە بار دایك چووبای، زەوی قلیشاباو قووتی دابای، هەی بێ ئینساف، بێ ویژدان.

– چیت لێم دەوێ ؟

– مەرگی تۆم دەوێ خوێڕی سپڵە ! خۆزیا لە پاڵ (مرادا)دا دەمناشتیت و بە ڕووسی شینم بۆ دەکردی. ئا، ئەرێ وەڵلا بە ڕووسی گەمژە ! پێت وایە فێری نابم ؟ هەموو ڕووسیا بە ڕووسی دەپەیڤن، تەنیا تۆی کەودەنی گەمژە فێری نابیت ! لە هەموو بنەماڵەکەماندا ناوێکم بدەیە کە ڕووسی نەزانێ جگە لە تۆ. سەد حەیف و مخابن بۆ ئەو باپیرە داماوەت. حەوت ساڵ لە ڕووسیا مایەوە، ڕووسیەك فێر بوو باشتر لە ئیڤانی بەڕێوەبەری پۆستە.

بە ڕووسیەکی شەق و شڕو بە سەرسامی گوتم:

– عەجایەب و غەرایب !

– بەڵێ، بەڵێ، مۆڕەم لێمەکە. بەرەحمەت بێ جارێکیان دوو دانە سەعات قسەی دەگەڵ ئیڤان دا کردو ئیڤان بەزاری بەشەوە گوێی لێدەگرت، ئەوسا ئاوڕی دایەوەو بە خەڵکەکەی گوت بە عەمراتی هیچ کەسێکی نەدیتوە بەو جۆرە قسە بکات. چۆنت پێدەڵێم وابوو.

بە سەرسامی گوتم : – مەحاڵە !

وەکو هەمیشە گوێم لە گڤەی هاویشتنی گسکەکە دەبێت، پێ وەغارەوە دەنەم و بەرەو ماڵی خامامۆستا تێی دەتەقێنم. دوای ئەوە لەبەردەم مامۆستا زابلونادا دەوەستم:

– سڵاو!

– سڵاو، ئەمڕۆ چ دەکەین ؟

بە زمانێکی تێکەڵ لە ڕووسی و جۆرجی وەڵام دەدەمەوە:

– ئەمڕۆ ؟ دەسکەنەی گیاکەڵەی ناو کێڵگە گەنمۆکەکە (گەنمە شامی) تەواو وددەکەم، ئەوسا چێڵەکە بۆ لەوەڕدەبەم، پاشان بۆ ئاش دەچم، دوایی داران دەبڕم، ئەوسا نۆرەی دەرس و دەور دێت.

مامۆستا دەڵێت: – باشە.

دەست بە دەرسان دەکەم، دوای نیوەڕۆ پێداچوونەوەی دەرسەکە دەست پێدەکات:

– گەنمۆکەکە چۆنە ؟

– هەموو شتێك تەواوە، خانم

– چوویت بۆ ئاش ؟

- چووم، خانم.
- چێڵەکەت لەوەڕاند ؟
- لەوەڕاندم خانم.
- ئەدی دارەکە ؟
- بەشی هەفتەیەك دەکات.
- نەحوو چیە.
- بریتییە لە زانستی ئیعراب
- ڕاستە، ئافەرم، بە ڕاستی زیرەکی ! زۆر باشە هەڕە بۆ ماڵ.

بەیانیەك، بە تەواوەتی خۆم بۆ دەرس و خوێندن ئامادە کردبوو، بەلام ئیلیکۆ، خۆی بە ماڵماندا کرد.

- ئۆلکا گیان، ئەمڕۆکە زوریکیلای نەوەت بدە بە من .
- چی ؟ تۆ فێری زمانی رووسی دەکەیت ؟
- ئەگەر مەبەستت ئەو زمانەیە کە زابلونا فێری دەکات، ئەوا من لەو خراپتر نیم. هێندەی کێڵگە گەنمۆك پێ بژاردەکەم،و هێندەی بێڵکاریو بێڵتەپ پێدەکەم نەك رووسی، بەڵکو چینیش فێر ببێ.
- زمانت بە بڕین بچێت شەیتانە کوێر! دەمەوێ بزانم بۆ چیت دەوێ، ئیشی چیت پێی هەیە ؟
- ئەمە پەیوەندی بە تۆوە نیە گیانەکەم، ڕێم پێبدە...
- باشە، نەعلەتی، لەگەڵ ئەو سەگە کوێرەدا بڕۆ، ئیشەڵڵا چاوەکەی تریشی کوێر دەبێت. با بزانین چیت فێردەکات.

ئیلیکۆ بە زمانی رووسی گوتی: - پێشکەوە .

ئەوجا بە هەنگاوی بتەوەوە بەرەو دەرگا رۆیی. لێم پرسی:

- ئیلیکۆ، چیە، چیت گەرەکە ؟
- یەك تکام لێت هەیە زۆریکیلا: دەمەوێ بۆ لای ئیلاریونت بنێرم...
- بۆچی؟
- پێویستم بە سێ پووت شەرابە، بە خۆت دەزانی باشترین شەرابی گوندەکەمان شەرابی ئەوە .
- وا چاکترە داوا لە نەنکم بکەی، دەست بە ڕووتەوە نانێ.
- من شەرابم دەوێ نەك سرکە، عەمردرێژ بی! خۆ بە نیازنیم خەیار سوێر بکەم.
- با بە نەنکم بڵێم .
- هەنگێ ئەم دەمە زلەت کە تا بناگوێت هاتووە دەدورمەوەو نابێ فزەت لە دەم بێتە دەر. باشتر وایە چیت پێدەڵێم وا بکەیت... بچۆ بۆ لای ئیلاریونو پێی بڵێ شەرابم بداتێ، ئیدی یا بە فرۆشتن یان بە قەرز، تۆی خۆشدەوێو ڕێزت دەگرێ، قسەی تۆ لە عاردی نادات...
- شەرابەکە بۆ کێیە ؟ بۆ تۆ ؟ کەواتە خۆت بچۆ...

– زۆریكۆ، گیانەكەم، ئازیزی دڵەكەم، برینم مەكولێنەوە، خوێ بە زامەكانمەوە مەكە ! پیاوی چابەو ئەم ئیشەم بۆ بكە. چونكە ئیلاریون، لەو بروسكەیە بە دواوە، نایەڵێ بە بەرداوێژیش لێی نزیك ببمەوە... خۆ ئەگەر نەیداتێ، هەنگێ....

– هەنگێ چی ؟

– هەنگێ... نیشانەیەكم، لەسەر باشترین كوپەڵە شەرابی، بۆ دابنێ. ئەوسا رابواردنێك پێی ڕادەبوێرم كە ببێ بە داستانی سەرزاری هەموو گوندەكە.ببێ بە بنێشتە خۆشەی دەمی گەورەو بچووك.

– چۆن ڕابواردنێك ؟

– رابواردنەكە ئەمەیە كە لە نیوەشەودا شەرابەكە لە كوپەڵەكەی ئیلاریونەوە بۆ ناو گۆزەڵەكەی من دەگوازرێتەوە. حاڵی هەی ؟

– ئیلیكۆ، ئەوە تۆ تێكچوویت !

– دەنگ هەڵمەبڕە، گەمژە! لە بیرت چوو توتنی كێ دەكێشی ؟

– بەسە! توتنی تۆ، خوا شایەدە، سینگ دادەرزێنێ .

– بەسە، باشتر وایە بێینە سەر ڕاستە بابەتەكەی خۆمان. دە چنگ توتنت دەدەمێ و فزە ناكەی. باشە ؟

– ئێستا دەمدەیتێ ؟

– باشە، پێشەكی وەری بگرە.

– رێكەوتین. بڕۆ بۆ ماڵەوەو جوابت لێدەگێڕمەوە .

– بەبێ غەش و فێڵ !

– خوا حافیز .

ئیلیكۆ نێوچەوانی ماچ كردمو رووەمەتی نەوازش كردمو بە تاقە چاوەكەی نیگایەكی تیژی كردم، و بە گەرمی گوت:

– گوێ بگرە زوریكیلا: خیانەت بە ئیلیكۆ چیگوگیدزە هاوتای خیانەتە بە نیشتمان. ئەوەت لە بیر نەچێ...

بە پەستیەوە گوتم: – خەڵكی وەكو من كەسی پێدەخەڵەتێ ؟

ئیلیكۆ دڵنیا بوو، و بە خۆشحاڵی بەرەو ماڵ پەل بووەوە،و منیش بەرەو لای ئیلاریون .

هەتاو لە سێوە هەڵخراوەكانی سەر بانیژەكەی دابوو، وەكو نانی بۆری لێكردبوون. ئیلاریون، لەسەر كەوڵە بزنێك، لە ژێر دار زیزەفۆنەكە پاڵكەوتبوو،و بە وردی كۆنە رۆژنامەیەكی هەفتەیەك لەوە پێشی دەخوێندەوە. لە گوندی ئێمەدا رۆژنامەی ئەمڕۆ و دوێنێ و پێرێ بەرچاو ناكەوێت. تازەترینیان هی هەفتەیە لەوە پێشە.

– مەرحەبا ئیلاریون .

– سەرچاوم، زۆریكیلا... ئەو كوێری لە خوا عاسیە. بەم سەبای ساڵحانە چی دەویست ؟.

– هیچ، هەروا بۆ سەردان هاتبوو .

– ئەدی ئەو گەمژەیە چی گوت ؟

– شەرابی گەرەکە . گوتی بچۆ بۆ لای ئیلاریون،و پێی بڵێ با سێ پووت شەرابم بداتێ، ئیدی بە فرۆتن بێ یان بە قەرز.بە هیمەت بێ یان بە قیمەت..

– ئەدی ژەهری ناوێ ؟

– نەخێر. دەڵێ: شەرابم دەوێ .

– ئەوەندەم شەراب نیە، بیدەم بەو شێتە .

– بەزەییەکت پێیدا بێتەوەو شتێکی بدەیە .

– کە ئەو تووتنی بیبەراوی دا بە ئێمە، بەزەیی پێماندا هاتەوە ؟ ئەدی بروسکەکەت لە بیر چووەوە ؟

– هەق بە تۆیە.

– کەواتە، واز لەم مەوزوعە بێنە .

– دەزانی چی گوت ؟

– چی ؟

– گوتی ئەگەر ئیلاریون قاییل نەبوو، نیشانەیەکم لەسەر باشترین کوپەڵە شەرابی، بۆ دابنەو بە خۆم لە نیوەشەودا دەیدزم....

– ئاوها ؟ باشە، زۆریکیلا گیان من ئێستا پێویستم بە یارمەتی تۆیە. بە خۆت دەزانی من کەسێکی نمەك ناس و ئەمەکدارم.

ئێوارێ لەلای ئیلیکۆ دانیشتبووم و سەرسەختانە مامەڵەم لە تەکدا دەکرد.

– دوو چنگ تووتنی خۆت وەرگرەو زۆر لەسەری مەڕۆ!

– ئەمە قسەیە ؟ چما بە خۆڕایی نیشانەم لەسەر کۆپەڵەکە داناوە ؟

– قوزەڵقورتم لێدای، چوار چنگ وەرگرەو تەواو.

– دە !

– چوار !

– دە !

– خوا بە هەق بناسە قەلپیاو! بەزەییت بە سیپەلاکەکانی خۆتا بێتەوە !

– ئەوە کێشەی تۆ نیە، تووتنەکەم وێدە !

– پێنج چنگ !

– یان هەر دە چنگەکەم دەدەیتێ، یان هەر ئێستا دەچم بۆ لای ئیلاریون و حاڵ و حیکایەتەکەی لە نووکەوە بۆ دەگێڕمەوە!... خودا حافیز

– وەرە بیبە، بیبە، چاوچنۆکی چاو برسی، سپڵەی پێنەزان .

ئیلیکۆ، بە توڕەیی دە چنگ تووتنی زێڕینی لە بەردەممدا داناو گوتی: – بەڵام شتەکە تەواو و بڕاوەتەوە. شەوێ لەگەڵما دێیت و یارمەتیم دەدەیت.

نیوەشەو بوو، منو ئیلیکۆ، لە نێو هەژگو بژاڵی ئاونگاویداو لە ژێر خەرمانەدارێکی شکاودا لە پاڵ ئەو دیوارەی هاوشانی، ژێر زەمینی کوپە شەرابەکانی ئیلاریون دا، خۆمان مەڵاس دابوو. سێ دانە جاری یەك لەسەر یەك پژمیم، ئیلیکۆ توڕە بوو، سیخورمەیەکی پێداکێشام، ئێشی بردە دڵمەوەو گوتی:

– عەمرت نەمێنێ. تاعوونی ڕەشم لێدایت! بە قەد حوشترێ دەبێو لووتی خۆی پێناگیرێ.

بە گوێی ئیلیکومدا چپاند:

– هۆوە کوپەڵەکەیە... سی پووتە، دەیبینی، ئەها دارێکی بە سەرەوەیە .

ئیلیکۆ، خۆی خزاندە کەلەبەرێکی دیوارەکەوەو بەسکەخشکێ بەرەو کۆپەڵەکە کشا، مەشکەکەم تەپاندە باخەڵمەوەو دوای کەوتم. ئیلیکۆ بە ئەسپایی گوتی: "با دەست بەکاربین" و بێلچەیەکی دایە دەستم.

بە پەلەو بە بێدەنگی دەستبەکار بووین. دوای چارەکە سەعاتێك سەری کۆپەڵەکەمان لێدەرکەوت.

ئیلیکۆ گوتی: – بیکەرەوە.

مەشکەکەی ئامادە کرد. دەمی کۆپەڵەکە یەجگار گەورە بوو، هەردووکمانی پێوە دەچووین. بە زەحمەتێکی زۆر سەری کوپەڵەکەم لابرد. ئیلیکۆ بەلەز دانەوییەوە، سەری بە کۆپەڵەکەدا کرد، لە پڕ بۆڵاندی:

– چیە؟ بە تاڵە !

– ماقوول نیە ئیلیکۆ، پڕە، زیاتر سەر بەرە ژووری !

ئیلیکۆ، سەری تا ناو قەدی بردە ژوورەوە. لەم کاتەدا ئیلاریون، لەسەر دارێکەوە هاتە خوارێو هاواری کرد:

– ئەهای دز، بیگرن، نەڕۆی! ئەهای دزو درۆزنان! نەڕۆن، نەجوڵێی، دەنا تەقەت لێدەکەم، دەتکوژم.

هاوارم کرد: – خۆت دەربازبکە.

و لاقی ئیلیکۆم گرت، بەڵام ترساو لە دەستم بەر بوو... و کەوتە ناو کوپەڵەکەوە. ئیلاریون بەرۆکی گرتم:

– زەلام کێی ؟ قسە بکە، دەنا یەکسەر دەتکوژم !

بە دەنگێکی لەرزۆك کەوتمە پاڕانەوەو لالانەوە:

– منم، ئیلاریون گیان! من کردم تۆ نەیکەی ، توخوا مەمکوژە !

– ئەدی ئەویتر کوا ؟

– نازانم.

– پێم بڵێ دەنا دەتکوژم !

– باوەڕبکە نازانم هاپۆ ئیلاریون.

– کێیە ؟

– نازانم.

– چۆن نازانی، ئەدی پێکەوە نەبوون ؟

– نازانم .

ئیلاریون گوتی:

– هەر ئێستا سەری کوپەکە بنەوە، دەی تا ڕوحم نەکێشاویت، پاشان دوو قسەت دەگەڵ دەکەم.

تا هێز لە بازوویدا بوو شەپازللەیەکی لە بناگوێم قایم کرد، لەجیاتی ئەوەی بە گوێرەی نەخشەکەمان بە درۆوە دەست بە گریان بکەم، وەکو هارو شێتان یەك بە خۆم هاوارم کرد.

بەپەلە سەری کوپەڵەکەم نایەوەو بەردێکی قورسم نایە سەری. ئەوسا دەستم دایە بێڵچەکە بەو نیازەی گڵ بکەمەوە بەسەر کوپەڵەکەدا، لە ناو کوپەڵەکەوە دەنگێ بەرز بووەوە:

– ئەی توانا بە هەموو شتان، ئەی بینایی چاوان، ئەی پێغەمبەران، ئەی فریشتانی ئاسمان، دەیسا با زەوی بقڵیشێ و هەموو خوانەناس و نا مەردو سپڵەو خاپینۆك و فرێبوکان قوت بدات! ئەی بینایی چاوان، خاوەنی زەوی و ئاسمانان، ئاگر بەسەر ئیلاریون شیفاردنادزەو زۆریکیلاو فاشالومیدزەدا ببارێنە، ئەو جووتە کافرە کڵاویان لەسەر نام !

ئیلاریون، لوولەی تفەنگەکەی بەناو کوپەڵەکەدا کردو هاواری کرد:

– زەلام ، کێی ؟ قسە بکە دەنا کەللەت دەپرژێنم !

– منم، ئیلیکۆم. تفەنگەکەت لابە ئیبلیس، کەپوو حیز، تەقە نەکەی!

– تۆ خوێڕیت، درۆ دەکەی ئیلیکۆ نیت. چدەکەی لە ناو ئەو کوپەڵە بەتاڵەدا ؟

خەریك بوو لە پێکەنیندا دەبورامەوە .

– ئیلاریون، زندە بە چاڵم دەکەی ؟ لە خوا بترسە! ڕەحمی خودات لە دڵ یێت.

– هیچ گوناحێکم نەکردووە ! سەرت دەنێمەوە خوانەناسی زەندیق، خودای گەورە نەك سزام نادات بەڵکو سەوابم دەدات.

– ئیلاریون گیان، وازم لێبێنە، رزگارم بکە.

– ئادەی زۆریکیلا، هەڕە دەرو دراوسێکان گازبکە با هەموویان بە چاوی خۆیان ئەم کەمتیارە کوێرە بدینن چۆن لە ناو کۆپەڵەکەمدا دانیشتووە.

– ئیلاریون شیفاردنادزە! زمانی خەڵکی گوندم لێمەکەوە، مەمکە بە بنێشتەخۆشەی ژێردانی گوندەکە! ئەوەندەت بەسە ، وا لە ناو ئەم کوپەڵە بۆگەنەدا خنکام، وەختی وڕینەو چەنەبازی نییە.

– نا، من وڕینە ناکەم، زۆر بە جدیمە، هەر ئێستا دەرکی کوپەڵەکە دەنەمەوەو دوای مانگێك تەقتریت دەکەمو دەتکەم بە عارەق.

گوتم: – جا کێ ئەم عارەقە بۆگەنە دەخواتەوە، بەشەر ژەهراوی دەکات.

– زۆریکیلا! چاك هەرزان فرۆشتکردم خوێڕی! بە نرخی بەڵمە برنجت فرۆشتم ؟!

– باشتر وایە تووتنە بیبەراویەکەو بروسکەکەت وەبیر بێنییەوە! لە ناو کوپەڵەکەدا دانیشەو بۆ خۆت بۆنی بۆگەنی هەڵمژە.

– زەندیقینە بەسە، لەوەی پتر پێم ڕامەبوێرن ! دەتانەوێ باقی ژیانم لەم کوپەڵەیەدا بەسەر بەرم؟

گوتم: – گوناحە! با دەری بێنین.

– باشە، با دەربچێ، بە مەرجێ پڕ بە زار هاوار بکات : من کەرم . بێ ئاوەزم.

لە ئیلیلوم پرسی: "رازیت ؟".

وەکو یەکێك دەرگای حەوت ئاسمانی لێگێرا بێ هاواری کرد:

– من کەرم، بێئەقڵم .

لە نێو کوپەڵەکە وەدەرکەوت، پڕ بە سیپەلاکەکانی هەوای شەداری شەوی هەڵمژی، لە تۆ وایە دەریاوانی تاقمە غەواسەوانێکەو تازە لە سەفەرێکی دوورو درێژ گەڕاوەتەوە. ئەوجا قەڕابەکەی بەرز کردەوەو کەمێك سەری دانەواندو گوتی:

– تەواو، لێتان بردمەوە، دۆڕام .

وەرسوڕایەوەو بەدەم ورتە ورتێکی نامەفهوومەوە بەرەو دەرگا ڕۆیی. ئیلاریون لە دواوە بانگی کرد:

– بۆ کوێ سپڵەی بەدنمەك ؟ ئەدی پیرۆزباییمان لێناکەی ؟

– خوا پیرۆزتان بکات، زۆر سوپاستان دەکەم، بەڕاستی دەستتان بە ڕوومەوە نەنا !

ئیلاریون گوتی: – وانا کوێری لە خوا عاسی!... ڕاوەستە

ئەوجا ئاماژەی بۆ کوپەڵەیەکی پڕکردو لەسەری ڕۆیی:

– زۆریکیلا، گڵی سەر ئەو کوپەڵەیە هەڵبدەوە.

پێش ئەوەی ئەمرەکەی ئیلاریون جێبەجێ بکەم، تووتنەکەی ئیلیکۆم لە بەرکم دەرهێناو سیغارێکم پێچایەوە. ئیلیکۆ بە شەرمێکەوە ئاگاداری کردمەوە:

– نەیکێشیت زۆریکیلا (ناوی بچووککراوەی زۆرابە)، بیبەری تێکەڵ کراوە.

... ئیدی تاکو بەرە بەیان لە ژێر زەمینەکەی ئیلاریوندا بەزمی گۆرانیو سوڕو چەقەنەو پێك هەڵدانو شڵپو هۆڕی یەکدی ماچ کردن بەردەوام بوو.

ئیدی هەرکە ڕۆژ بووەوە مەگەر هەر خوا بزانێ منو ئیلاریون بە چ هیلاکەتو زەحمەتێك ئیلیکۆو قەڕابەیەکی گەورەی پڕ لە شەرابمان هەڵگرتووە.

## پاسەوان

ڕۆژێکیان لە قوتابخانە دەگەڕامەوە، بە نێو کێڵگە چایەکان کەوتم تا ڕێگاکە قەدبڕ بکەم. تری تایفی تازەو ئاودار لە بەینی لقو گەڵای کەسکی درەختەکانەوە، تامەزرۆیانە چاو بڕکێی دەگەڵ دەکردم. خۆم پێنەگیرا، بەخۆم ڕانەوەستام، جانتاکەم بە لقەدارێکەوە هەڵواسی، کاتێکم بەخۆ زانی لەسەر ترۆپکی ئەو دارەم کە تایفییەکە ئەڵقاو ئەڵق پیپیا هەڵزنا بوو. چەند ترێیەکی بەتام بوو! نازانم بۆچی خەڵکی شار دەڵێن تایفی بۆنی پێشکەی لێدێ. من ناتوانم هیچ حوکمێك بدەم، چونکە تامی پێشکەم تاقی نەکردۆتەوە. خۆ ئەگەر قسەکەی ئەوان ڕاست بێ، مەرحەباو سەد

مەرحەبا لە پێشکە. لە سەرەتاوە بە چنگ ترێم دەپەستایە دەممەوە، پاش ئەوەی تێر بووم، ئیدی هێدی هێدی دەمخواردو لە زارمدا بە لەزەتەوە دەممژی‌و تۆکڵو تڵپەکەیم دەتفاندەوە.
لە پڕ دەنگێکی پڕ لە هەڕەشە بەرز بووەوە:
– هێی، ئەوە کێیە لەو سەر دارە ؟ کێ دزی لە ماڵی کوڵخۆز دەکات.
غافڵگیر بووم، خەریك بوو لە دارەکە بەر ببمەوە، بەڵام باش بوو، فریاکەوتم‌و خۆم بە لقێك گرتەوەو، هەناسەم لە خۆ بڕی.
– قسە بۆ دیوار دەکەم ؟ کەڕی ؟
ڕوانیمە خوارێ، بینیم ئیلیکۆ لە ژێر دارەکەدا وەستاوەو شەپقەیەکی حەسیری لێوار پانی لەسەر ناوە، پەتێك بەسەر سینگیدا هاتووەتە خوارێ‌و پاچێکی لەبەر نیتاقەکەی ناوە.
بزنێکی لەڕی مردەڵەی بەلاوە بوو، بەدەم خواردنی تڵپە هەنگورەوە (ترێ) بە شێوەیەکی کۆمیدی دەم‌و لمۆزی دەبزواند.
– ئەوە چیتە ؟ گوێت لێم نیە ؟ شەیتانی ؟ دەی خێرا جوابم بدەوە !
– من شەیتانم، شەیتان !
– کوڕە ئەوەندە شەیتان بیت هەتا سەرت هەڵدەگرێ، ئەوەش بزانە، کێڵگەی کوڵخۆز، باخی بەهەشت نییە، کە هەر سەگبابێکی بەرەڵڵا بە ناوی بکەوێ‌و تا ورگی دەگرێ، تا ئینتەللا دەکات لێی بخوات! دابەزە دەنا وەکو میوەی گەییو، لەو ئاسمانەوە دەتخەمە خوارەوە.
– سەر بکەوە سەرێ، با لێرە قسان بکەین !
– پێمگوتیت دابەزە !
– دانابەزم .
– دانابەزیت ؟
– بە تەمانیم !
ئیلیکۆ گوتی: – باشە، هەر لەوێندەر بمێنە، با بزانین کەی تاقەتت دەچێ! من پەلەم نیە!
ئەوسا لە بن دارەکە لێی دانیشت . منیش بە دڵنیایی لەسەر هەنگور خواردنی خۆم بەردەوام بووم. سەعاتێك تێپەڕی. ئیلیکۆ سەبری سوا، تێی خوڕیم:
– شەیتانی مەلعوون چ دەکەی لەوێندەر ؟
– هێلانەیەك دروست دەکەم .
– وەکو بەشەر قسە بکە : دابەزەو بە خوایشتی خۆت دوام بکەوە بۆ ئیدارە.
– چاوەڕێ بکە با تێر بخۆم .
– تۆ بەشەری یان عەسارەی هەنگوڕ ؟ دەی خێرا دابەزە !
– دانابەزم .
– یانی مل بۆ حکوومەت نادەی ؟ یاخی دەبی ؟
– بەڵێ .
– باشە. کەواتە فەرموو ئەم پەت‌و پاچە وەربگرەو تۆ پاسەوانی بکە!

– ئەریٚ تۆ لەزگەی ! قیرو زفتی! یا بەشەری! دە برو بە ریٚی خۆتەوە و وازم لێبێنە!

– بۆ دواجار پێت دەڵێم: لەو دارە دابەزە دەنا خەڵکیت بۆ بانگ دەکەم.

لەو کاتەدا، ئیلیکۆ، چاوی بە جانتاکەم کەوت.

– ئەها! ئیدی لە دەستم دەرناچیت، ئێستا دەتدۆزمەوە کێیت.

ئیلیکۆ، چووە شوێنێکی باش، بە کەماڵی ئیسراحەت لێی دانیشت، چمکی جانتاکەی گرتو هەڵی تەکاندو هەموو شتەکانی ناوی ڕۆکردە سەر ئەرزەکە. دەستی بە خوێندنەوەی عینوانی کتێبەکان کرد:

– "د یکامیرون".... "پۆلای ئاودراو".... "بەتەنیٚ لە نێو بەشەرخۆراندا".... "کریستیانو ئیزولدا".... "سوار چاکێك لە پێستی پڵنگ دا"...

ئیلیکۆ پاش ئەوەی ئومێدبڕ بوو، تورە بوو و گوتی :

– ئەریٚ کوڕی شەیتان تۆ پێم نالێی کێیت؟ لە کویٚ دەخوێنی، لە چ قوتابخانەیەکی: نە دەفتەرت هەیەو نە قەڵەم !

– من منم، زۆریکیلام، هاپۆ ئیلیکۆ !

– ئۆۆو، خوا ڕوحت بسێنیٚ هیچو پوچ! ڕوحت دەرهێنام خوێڕی! دەی خێرا دابەزەو دوو هێشووش بۆ من بکەوە.

یەکسەر لە دارەکە هاتمە خواریٚو زۆر بە گەرمی دەستم لە ملی ئیلیکۆ کرد:

– چۆنی، هاپۆ ئیلیکۆ ؟ حاڵو ئەحواڵت ؟

– ڕووت هەیە لە حاڵم بپرسیت هەی بیٚ حەیا؟ یەك سەعاتە سویٚ دەکەی بە دڵما... ئەوا ئیدی هەموو ئومێدێکم بە با ڕۆیی.

لە مەبەستی حاڵی نەبووم، بۆیە پرسیم:

– مەبەستت چیە لەوەی: بە با ڕۆیی؟

– ڕەنگە بیستبێتت. ئەوە شەش دانە مانگە من بە پاسەوانی لەم کێڵگانە دامەزراوم، خۆ ئەمە دەزانی؟

– بەڵیٚ دەزانم. ئیٚ چیتر ؟

– با بۆت بگێڕمەوە: ئەسپێکیان دامیٚ. ئەسپ، ئەسپ نەبوو، شەیتانێك بوو لەوە گوڕە! جارێکیان چێڵەکەی (مانگا) سینیتۆ شەل هاتە ناو کێڵگەکەوە... خۆم لە ئەسپەکە هەڵدایە خواریٚو توند کلکی چێڵەکەم گرت... ئاوڕێکی دەوروبەری خۆم دایەوە: کوا ئەسپەکەم ؟ بە غاردان دوای کەوتمو زۆر بە زەحمەت ئەو مەلعوونەم گرتەوە. ئاوڕم دایەوە: چێڵەکە چی لێهات؟ جڵەوی ئەسپەکەم بەرداو بەغار دوای چێڵەکە کەوتم، گرتم، بەڵام ئەسپەکە دیار نەما. چێڵەکەم بەجێهێشتو بە غار دوای ئەسپەکە کەوتم. ئەوسا چێڵەکە دیار نەما. سەرت نەیەشێنم: بە درێژایی ئەو ڕۆژە بە هانکە هانك جاریٚ بە دووی چێڵەکە و جاریٚ بە دووی ئەسپەکەدا غارم دا، تا هەردووکیان هەڵاتن. جا دوێنیٚ سەرۆکی کۆڵخۆزەکە (کێڵگەی هەرەوەزی) لە کۆبوونەوەی

گشتیدا سەرزەنشتی کردمو گوتی: یان ئەرکی خۆت وەکو پێویست دەبینی یان لەو کارەت دەردەکەم...

– باشە، ئەمە چ پەیوەندییەکی بە منەوە هەیە ؟

– با هەیەتی ، سەبەبکاری یەکەم تۆی! دزێکم بەسەر دارەکەوە بینی لە دڵی خۆدا گوتم: تەواو، رزگار بووم! خۆشی خۆشی دەستگیری دەکەمو ڕادەستی ئیدارەی دەکەم، هەنگێ سەرۆك ناتوانێ بە کەمتەرخەمم دابنێ. جا ئێستا نازانم چ قوڕێ بکەم، ڕوو لە کوێ بکەم.

– دەیسا من ببە بۆ ئیدارە .

– ئەوە شێت بووی ؟ گەرەکتە نەنکت چاوەکەی دیکەشم دەربێنێ ؟

– ئەدی چ دەکەی ؟

– بزنەکە بۆ سەرۆك دەبەم، چی لێدەکات با بیکات.

– بزنی کێیە ؟

– توخوا ئەوە پرسیارە ؟ بزنەکەی خۆمە، چما ئەمە یەکەمجارە بیبینی ؟

– بەڵام ریشی هەبوو.

– هەی بوو. ئێستا بڕیومە .

– بۆچی ؟

– تا کەس نەیناسێتەوە. دەنا لە نێو خەڵکیدا حەیامان دەچێت : پاسەوانێك بزنەکەی خۆی دەگرێت.

– ئەدی دوای ئەوە ؟

– نە دواو نە پێش. بە کەڵکی هیچ نایەت. بڕوا بکە ئەگەر سێ ژەمە شیریشی بدەمێ، قەترەیەك شیری لە گوان نایەت. خۆ بە کەڵکی سەر بڕینیش نایەت : پێستی بەسەر ئێسکییەوە هیشك (وشك) بووە. هەر زەرەرە.

– ئەدی ئەگەر پێیانی زانیت ؟

– مەحاڵە. من خۆم نایناسمەوە چ جای خەڵکی تر... خوا حافیزت کوڕەکەم. سوپاس بۆ هەنگورەکەت، ئەوکی(قوڕگ) خوساندمەوە.

– بەخێرچیت ئیلیکۆ گیان.

– نەکەی ئەمە بۆ ئیلاریون بگێڕیتەوە، دەنا حەیام دەبات .

– خەمت نەبێ، ئیلیکۆ.

... دوای مانگێك ئیدارەی کۆڵخۆز، ئیلیکۆی لەسەر کارە باشەکەی خەڵات کردو، بزنە لات و لەڕەکەی خۆیان بە قەڵەوی دایێ.

## کۆبوونەوە

تاقە دارکاژێکی بەرز بەسەر یاڵێکەوە بوو، کۆنە زەنگێکی بورجی کڵێسایەکی ڕوخاویان دەرهێنا بوو،و لەو دارەیان بەستبوو. کە زەنگەکە بەیانیان لێدەدات، نیشانەی دەست پێکردنی

دەرس‌و دەوامی قوتابخانەیە، بەڵام کە ئێواران لێی دا، یان نیشانەی ئاگر کەوتنەوەیە یان بانگەوازی کۆبوونەوەی گشتی کۆڵخۆزییەکانە.

من، بەو حیسابەی کە تاقە پیاوی ماڵباتەکەی خۆمانم، هەمیشە بۆ کۆبوونەوە بانگ دەکرێم، بەڵام تەنیا وەکو میوان‌و بۆ ڕاوێژ .

ئەم ئێوارەیە زەنگەکە لێیدا، نە ئاگر دیار بوو و نە دووکەڵ، کەواتە چەندوچوونی ناوێ‌و بانگەوازی کۆبوونەوەیە .

گوێم لە بانگی ئیلاریون بوو: – زۆریکۆ (کورتکراوەی زۆرابە) بڕۆین ؟

– بەڵێ، ئیلاریون .

لە دیوارەکەوە بازم داو کەوتمە شانی ئیلاریون. بەدەم ڕێوە لێم پرسی:

– نازانی لە کۆبوونەوەکەدا باسی چی دەکەین ؟

– زانینی دەوێ ؟ پێموایە دیسان باسی مەسەلەی بارەگای ئیدارەکەیە.

کۆبوونەوە دەستی پێکردبوو، لە ریزی دواوە دانیشتین و کەوتینە گوێگرتن. (ئەلفین)ی ژمێریاری کۆڵخۆزەکە، سەرۆکی کۆبوونەوەکە بوو،و قسەی دەکرد:

– مەسەلەکە بەمجۆرەیە : کاتێ کە (ئەفکسینتی)مان بە سەرۆك هەڵبژارد، بڕیار درا بارەگا هەڵوەشێنینەوەو بیگوازینەوە بۆ شوێنێکی نزیك لە ماڵی خۆیان. پاشان، وەکو دەزانن، کیریل بە سەرۆك هەڵبژێردرا، بارەگا بۆ شوێنێکی تازە گوێزرایەوە. پار، بارەگا گوێزرایەوە بۆ بەرانبەر ماڵی دیمیتری. ئێستاش سەرۆکی تازەمان، شالفا، دەیەوێ بارەگا لە نزیکی ماڵەکەی خۆی بێ. جا ئێستا فەرموو کێ قسەی هەیەو دەیەوێ قسە بکات ؟ بەڵام با پێشوەختە ئەوەتان پێبڵێم کە ماوەی قسەکردن تەنیا پێنج دەقیقەیە. من باشتان دەناسم، کە نۆرەی قسەکردنتان دەدەینێ، ئیدی سەری قسە دادەمەزرێنن‌و هەر نایبڕنەوە...

– من پرسیارێکم هەیە .

– دەی، تریفون، چیت پێیە ؟

– دەمەوێ بزانم ڕێزدار شالفا چی ئارەزوو دەکات ! گەرەکیەتی بینایەکی تازە لە بەرانبەر ماڵەکەیدا، دامەزرێنین یان هەر بینا کۆنەکە بگوازینەوەو سەر لە نوێ سەری بگرین ؟

سەرۆك ڕاپەڕی‌و بە توڕەیی گوتی:

– تریفون سیخارولیدزە، پەت مەپچڕەو بە جددی قسە بکە، دەنا سنووری خۆتت پێ نیشاندەدەم ! دەبێ بینای بارەگاکە هەڵبوەشێنرێتەوەو لە بەرانبەر ماڵەکەی خۆمدا دابنرێتەوە، تێدەگەی ؟ ناتوانم کاتی خۆم بە خۆڕایی بە فیڕۆ بدەم : لەگەڵ گەردی بەیانیدا دەردەچم‌و ئێوارەیەکی درەنگ دەگەمەوە بارەگا.

– شالفای بەڕێز کەمێك پێ هەڵبگرە!

– کێ ئەو قسەیەی کرد ؟ هەستە با بت بینین !

– هاوڕێیان، با لە مەوزوعەکەی خۆمان دەرنەچین ! کێ پرسیاری تری هەیە ؟

ماکاری تسخویدزە، بەدەم کۆکە کۆکێکی توندەوە کە خەریك بوو قوڕگی بێتە دەرێ هەستاو گوتی: – من.

– دەی ماکاری، بڵێ بزانین!

– ئەو گوێرەکە رەسەنەی کە پار لە سامتریدیاوە هێنام چی بەسەر هات ؟

– بەستەزمانە، دوای ئەوەی هاوسەرە بەڕێزەکەی سەرۆکمان، بەخێرو سەلامەت منداڵی بوو، لە داخا مردار بووەوە.

– ئەوە کێیە ؟ هەستە با بزانین، ئەی ئاژاوەگێڕ !

ئیلاریون، گوتی: – بە یارمەتیتان، من پێشنیازێکم هەیە.

– بوەستن با ئیلاریون قسە بکات !

– هاوڕێیان، پێویست بەم سین‌و جیمە ناکات : گوێرەکەکە چی لێهات، بۆچی کەرپوچی (خشتی سوورەوەکراو) حکومەت بۆ دروستکردنی ماڵی سەرۆك بەکار هاتووە،و چۆن شەرابی کۆڵخۆز گوێزراوەتەوە بۆ کوپەڵەکانی سەرۆك... بۆچی ئەوە واو ئەمە وا ؟... ئەگەر خەڵکی ئەم شتانە ببیستنەوە دەبین بە گەپجاری عالەم... ناکرێت جلکە پیسەکانمان بە تەنافدا بدەین.

– ئیلاریون شیفاردنادزە! بۆم بوەستە! بزانە چۆن لەسەر ئەم بوختان‌و تەشەرانە لێت دەپێچرێتەوە. وا چاکترە دانیشیت‌و دەست بە کڵاوی خۆتەوە بگریت.

ئیلیکۆ هەڵیدایە:

– واز لە پیاوەکە بێنن با قسەکەی تەواو بکات! ئەو ڕاست دەکات.

– من پێموایە: باشتر وایە ئیشەکە پێچەوانە بکەینەوە: ماڵەکەی سەرۆك هەڵوەشێنینەوەو بیگوازینەوە بۆ نزیکی بارەگاکە .

– ئەمە بوو بە قسە ئیلاریون ؟ تازە خانووی تازەی تەواو کردووەو بچین هەڵیوەشێنینەوە ؟

– کەواتە با ئەمە بکەین: سەرۆك‌و ماڵ‌و منداڵەکەی بچنە ناو بارەگاکەو ماڵەکەی ئەو بکەین بە بارەگا.

سەرۆك دەهری بوو: – چیە شێت بووی ؟ گەرەکتە کوخێکی بۆگەنم بدەیتێ لە جیاتی ماڵە تازەکەم ؟

– دەیسا پێشنیازێکی تر: ماڵەکەی سەرۆك هەڵدەوەشێنینەوەو دەیبەینە ناو حەوشەی بارەگاکەو ئەوسا بارەگاکە هەڵدەوەشێنینەوەو لە شوێنی خانووەکە دایدەنەین.

مامۆستا گوتی:

– لە هاوکێشەی بیرکاریدا، ئەگەر شوێنی نادیارەکان بگۆڕێت، ئەنجامەکە ناگۆڕێت و وەکو خۆی دەمێنێ.

ئیلاریون بەدەم دانیشتنەوە گوتی:

– کەواتە هیچ پێشنیازێکی ترم لە هەگبەدا نەما.

مارگریتا چانتوریا هەستا:

- پێشنیازێکم هەیە. سبەینێ شاندێکی هونەرمەندان لە تەبلیسییەوە (پایتەختی جورجیایە) دێنە میوانیمان، جا لەبەر ئەوەی ئەو کەرەستانەی بۆ دروستکردنی یانە تەرخانکرابوون، لە دروستکردنی ماڵەکەی سەرۆکدا بەکار هاتوون، ئێوارە کۆڕو ئاهەنگەکە لە ماڵەکەی سەرۆکدا دەگێڕین.

- نازانم بە چ ئەقڵێك تۆم بە سەرۆکی گروپ دامەزراند ؟

یەکێك لە ئامادەبووان هەستا:

- پرسیاریچکم هەیە، سەرۆك بە تەمایە کەی دەست بە نۆژەنکردنەوەی قوتابخانەکە بکرێت؟ بەڕاستی بیناکەی لە حاڵو مەرتەبەو تەبەقەیەکی حەیابەردایە .

ئیلاریون وەڵامی دایەوە:

- جا ئەو چی بکات ؟ ئەو کۆمەڵگەی بێ تەبەقە دروستدەکات.

سەرۆك، ڕەنگی زەرد بوو، جەوەکە شڵەژا. ئیلیکۆ دەستی هەڵبڕی : - پێشنیازێکی باشم هەیە.

- بیڵێ !

- جەماعەت، وا جارێکی تر لە بابەتەکەی خۆمان دەرچووین:- شوێنی دانانی بارەگاکە.

- پێشنیازەکەت چیە ؟

- پێموایە باشتر وایە، بە یەکجاری واز لە مەسەلەی هەڵوەشاندنەوەی بارەگاکە بێنین.وا باشتر نیە لە هەر سەرێك، سەرانەیەك کۆبکەینەوەو ئۆتۆمبیلێك بۆ سەرۆك بکڕین ؟

- پێشنیازەکەت لە بنو بساتەوە مەڕفوزە! بە تەمایت تووشی بەڵاو گێچەڵمان بکەی ؟ باشە ئەگەر خودا نەخواستە تامپۆنی کرد؟ هەنگێ ئێمەی هەتیوی بێکەس بەبێ سەرۆك چیبکەین؟ باشتر وایە هەموو بەیانیەك دوو گەنجی بە قوەتو بەهێز بنێرین، بیخەنە سەردەستیانو بۆ بارەگای بێنن !.

- یانی ئەوەندە بەس نیە کە لەسەر سەرمان دانیشتووە، دەتەوێ بیخەینە سەر دەستمانیش ؟

- باشە، پێشنیازێکی تر... کوا شوفێرەکەمان ؟

- ئەوەتام، ئیلیکۆ .

- چۆنی، ئەحواڵت، ئۆتومبیلەکەت چۆنە ؟

- خراپ نیم، سوپاس... تۆ چۆنی ؟

- سوپاس، لە خودا بەزیاد بێ... تۆ چوار تەگەری زیادەت نیە ؟

- بۆ چیتە ؟

- بارەگاکە دەنەینە سەر تەگەرەکانو بەیانی دەیبەینو ئێوارە دەیهێنینەوە.

هۆڵەکە، پڕ بوو لە پێکەنین، سەرۆك هەستا:

- ئیلیکۆ چیگوگیدزە! ئەم کۆبوونەوەیەت لە بیر بێ. ئەگەر لەم کارەت پەشیمان نەبوویتەوە، تفێك بکە چاوم .

– بەسەر چاو، شالفا گیان، بەسەرچاو... لێت پاڕامەوە کە بە پۆستەچی دام بمەزرێنی، کردمت بە پاسەوان... بەزەییت بە منی کوێردا، بە منی سەقەتدا نەهاتەوە، دەبێ لەوەی زیاتر چیت لە دەست بێ ؟ بڕۆ کام کێوە سەختە بیگرە.

– پێدەچێ داوای سەرۆکایەتی بکەی ؟

– بۆ نا ؟ پێت وایە نەمدەتوانی بەخشتی کۆڵخۆز بۆ خۆم خانوویەك دروست بکەم؟ چما شەندە لەمەندە کەمترە ؟

دەستەکەی سەرۆك کەوتە ڕوو.

سەرۆکی کۆبوونەکە پرسی:

– ئێستا بڕیاری چیمان دا ؟

لە شوێنی خۆمەوە، بە دەنگێکی پڕ لە جورئەتی ئەوتۆوە کە خۆم لە دەنگی خۆم ڕاچڵەکیم، هاوارم کرد:

– بە یارمەتیتان، منیش پێشنیازێکم هەیە .

چەند دەنگێك تێیان خوڕیم "بێدەنگ بە، جرجە کوێرە".

ئیلیکۆ هاواریکرد: – وازی لێبێنن با قسە بکا، هەر بەشدارێکی کۆبوونەوەکە هەقی قسەکردنی هەیە.

دەنگەکان، هەمدیس بەرز بوونەوە:

– بیڵێ، قسە بکە، گەوجۆ !

– پێشنیازێکم هەیە... مادامێکی خەڵکی گوند هەموو لێرەن و کۆبوونەوەکەمان لە تەواو بووندایە... ناکرێ بەبێ هیچ بڕیارێکی ڕوون، بڵاوەی لێبکەین.

– سەرمان مەیەشێنە! پێشنیازەکەت بکەو ڕزگارمان بکە.

گەرووم وشك بوو، بەزەحمەتێکی زۆر گوتم:

– بێزەحمەت تۆزێ ئاو.

– ئاوی بدەنێ، با قوزەڵقورتی بکات!

بە کاوەخۆ، نیو بوتڵ ئاوم خواردەوە، دەمو لێوم سڕی و لە سەری ڕۆییشتم : – مادامێکی مەسەلەکان وایان لێهات و ناتوانین لەسەر قەرارێك (بڕیار) ڕێك بکەوین...

– بە کورتی خوێڕی! تاقەتمان چوو!

– پێشنیازدەکەم سەرۆك لە سەر کار لاببەین و سەرۆکێکی تازە هەڵبژێرین کە ماڵەکەی لە نزیکی بارەگاکە بێ!

کپی و بێدەنگییەکی وەکو خامۆشی گۆڕستان باڵی بەسەردا کێشاین. ئەژنۆکانم بە دەم چاوەڕوانیەوە دەلەرزین، پێموابوو شتێك دەقەومێ، هەر واش دەرچوو. ئەوە یەکەم پێشنیاز بوو کە لە کۆبوونەوەیەکی گشتیدا بیکەم و بە دڵی هەمووان بێ.

ئیلاریون لێم هاته پێشەوەو ماچێکی نێوچەوانی کردمو گوتی: – سوپاس بۆ خوا کە ئەنجام ئاقڵێکمان تیادەرکەوت! خۆ ئەگەر ئەو نەبوایە دەبووا تا بەیانی دانیشین! سبەینێ سەرۆکێکی تازە هەڵدەبژێرینو ئەم مەسەلەیە دەبڕێنینەوە.

## پاڵتۆو جزمەو گۆرەوی

زستانێکی یەجگار تووش بوو. بەفر خۆشی نەدەکردەوەو با ئێسکی دەبڕی. سەرماو ساردی لە کونو کەلەبەرو درزی ژوورەکەمانەوە، خۆی بە ژوورا دەکرد. نەنکم هەوەڵجار بە پەڕۆ کۆنو جلەشڕان کەوتە گرتنی درزەکان، ئەوسا کەوتە بەکارهێنانی دەفتەرەکانی من. خودا خودام بوو ئەم دەفتەرە بێزراوانەم لە کۆڵ ببێتەوە، بۆیە کەوتمە یارمەتی دانی نەنکم ، مەگەر هەر خوا بزانێ کاتێ کە دەمپەستانە کونو کەلەبەرکانەوە چەند لە دڵی خۆمدا خۆشحاڵ بووم.

ئەنجام هەموو درزەکانمان گرتو ژوورەکە گەرمتر بووەوە. بەڵام گڤو هوڕو گێژەڵۆکەی بایە ساردەکە لە حەوشەدا بەردەوام بوو. لەگەڵ نەنکمدا لە دەوری وەجاخەکە دانیشتبووین، سەری حیکایەتێکی بۆ دامەزراند بوومو بەدەم حیکایەتکردنەوەو ناو بە ناو تەمەشایەکی دەکردم، تا بزانێ ئاخۆ گوێم لێدەگرت یان نا. منیش بە کاوەخۆ خەریك بووم کولێرەیەکی بەیاتم (شەوپاتە) وشکە جاو دەکرد، و خۆم دابووە دەم خەیاڵو ئەندێشەکانمەوە. شازادە گەنجەکە پاسەوانەکەی کوشتو گەییە بەر دەرگای کۆشکە بلورینەکە، خۆی ئامادە کردبوو کە ئەڤیندارە حەپسەکەی لە باوەش بگرێت، ڕێك لەو کاتەدا لە لای بانیژەکەوە گوێمان لە دەنگی پێ بوو، نەنکم گوتی:
:– تەمەشاکە بزانە کێیە.

لە پەنجەرەکەوە نۆڕیم، سەیرم کرد ئیلیکۆو ئیلاریون لە سەر بانیژەکە وەستاونو بەفر لە خۆیان دەتەکێنن. دەرگام کردەوەو خێر هاتنی میوانەکانم کرد.

ئیلاریون گوتی: – ئێوارەتان باش !

ئەوجا جووتێ جزمەی تازەی هەڵدایە سووچی ژوورەکەوە.

لێم پرسی: – ئەم جزمانەت لە کوێ بوو ئیلاریون ؟

– ئەمشەو ئەژنۆیەك بەفری تێدەکات. بەیانی چۆن دەڕۆی بۆ قوتابخانە ؟ تاقیبکەوە، مەلعوون، بۆ تۆم هێناوە.

دەستم لە ملی ئیلاریون کردو ڕوومەتە ساردو زبرەکەیم ماچ کرد. ئەوجا نیگایەکی پاڕانەوە ئامێزی نەنکم کرد. بزەیەکی کرد،لە مەبەستەکەم گەیی. هەستا، هەناسەیەکی هەڵکێشاو بەرەو گەنجینەکە ڕۆیی، نازانم بۆچی بەم گەنجینەیە دەڵێت (بەیتول مال). دوای دەقیقەیەك لەبەر دەم وەجاخەکەدا خوانێکی هەژارانە بە قاپێ عارەقو دوو کولێرەو چەند سێوو هەرمێیەك رازێنرایەوە. ئیلاریون گوتی:

– ئۆڵگا تۆ ئەو خوایە خۆت عەزیەت مەدە. تەنیا بۆ ئەوە هاتووین دوو دەمەتەقێ بکەین.
نەنکم دەستی بۆ قاپە عارەقەکە بردو گوتی:
– کەیفی خۆتانە، دەتوانم بیبەمەوە جێی خۆی.
ئیلیکۆ، لە هاوڕێکەی خوڕی:
– تۆ ناتەوێ کەیفی خۆتە، زمانت بگرەو بە ناوی خەڵکی ترەوە قسە مەکە.
بەپەلە پڕی دایە قاپەکە.
ئیلاریون، بە سەرسامی کەسێکەوە کە لە ناکاودا داینەسۆرێکی دیتبێ، گوتی:
– چۆن ؟ چما تۆ عارەق دەخۆیتەوە ؟
ئیلیکۆ گوتی: – پیاو بەم سەرمایە، کلش ئەگەر ئەلکولی تیا بێ، دەخواتەوە.
ئەوسا پەرداخەکەی تەژی کرد.
ئیلاریون بەدەم پڕکردنی پەرداخەکەیەوە گوتی:
– ساردە!
ئەوجا هەڵیداو سێوێکی هەڵگرتو قەپێکی لێدا.
– ئۆلگا، ئەم سێوەی تۆ لە پایزاندا هێندە ترش دەبێ، بەراز بیخوا شێت دەبێ، نازانم بۆچی ئێستا ئەوەندە شیرین بووە ؟!
نەنکم بزەیەکی بۆ کرد:
– بخۆرەوە، گیانە، بخۆرەوە. تۆش کە عارەقت هەبێ دەبی بە شەکر .
پێکی دووەم سازکراو هەڵدرا. ئەوجا پێکی سێیەم. ئیلاریون گوتی:
– ئەمڕۆ پۆستەچیەکە هات بۆ لام... کاغەزێکی ماتەمینی هێنا بوو... دەربارەی شەهیدبوونی کوڕەکەی گیراسیم... گوتی ناتوانێ ئەو خەبەرە ناخۆشەی بداتێ... داوای لە من کرد، هەواڵەکەی پێبگەیەنم.
نەنکم کەوتە واوەیلاو وەیڕۆ، وەیرۆ:
– وەی کوڕەکەم، وەی! واوەیلا بە حاڵی باوکت!... بمرم بۆت، گیراسیم...
ئیلاریون، لەسەر قسەکەی ڕۆیی:
– ئەم کوڕە داماوە لە شاری کیرتش کوژراوە... ئەمە حەوتەمین شەهیدی گوندەکەمانە .
پرسیم: – باشە بە (گیراسیم)ت گوت ؟
– ئەوە قسەیە ؟ کابرا شەوو ڕۆژ چاوەڕوانی گەڕانەوەی کوڕەکەیەتی، ئێستا چۆن زمانم دێنێ ئەو خەبەرەی بدەمێ ؟
نەنکم دایکورکاند:
– خودایا، ڕوحی ئەم هیتلەرە خوێنڕێژە بکێشە... خودایا، تروسکەی شادی لە دڵی خۆیو کەسوکاری ببڕە.
دیسان لە (ئیلاریون)م پرسی: – ئەدی بەتەمای چی بکەی ؟
ئیلاریون گوتی: – ئەمە دەکەم.

کاغەزێکی قەدو نوشتکراوی لە بەرکی (گیرفانی) دەرهێناو قەدەرێك لێی ڕاما، ئەوجا دانەوییەوەو خستیە ئاگرەکەوە، گڕی لێ بەرز بووەوە ، بۆ ساتێك دەموچاوی ئیلاریونی روناك کردەوە، دوو دڵۆپە فرمێسك لە چاوانی هاتنە خوارێ‌و بەناو ڕدێنە نەتاشراوەکەیدا داخزین.

– ئەگەر ئەو گەنجە لە ژیاندا مابێ، بە ئیزنی خوا زوو یان درەنگ ئاگادارمان دەکاتەوە. ئەگەرنا با باوکە کلۆڵەکەی چاوەڕوان بکات... دنیا بە هومێد خوراوە، ئینسان بە ئومێد دەژی. زۆریکۆ گیان ئاگات لێبێ لە دەمت دەرنەچێت، باشە ؟

– باشە...

دەنگێك لەبەر هەیوانەکەوە نەنکی گاز کردم:

– ئۆلگا!

– کێیە؟ وەرە ژوورێ .

(گیورگی فاشاکیدزە)ی بەرپرسی رۆشنبیراندنی گوندی، هاتە ژوورێ.

– ببوورن، هەرچەندە درەنگە، بەڵام بۆ کارێکی بەپەلە هاتووم.

نەنکم گوتی: – لای ئاگرەکەوە دانیشە.

ئیلاریون پرسی: – هیچی تازەت بۆ هێناوین؟ دەنگ‌و باسی شەڕگەو بەرەکانی شەڕ چیە ؟.

فاشاکیدزە یەك نەفەس وەڵامی دایەوە:

– کاروباری بەرەکانی شەڕی نیشتمانی بە دڵی خۆمانە. پێشڕەوی دژمن وەستێنراوە. نەخشەی شەڕی غافڵگیری پوچەڵ کراوەتەوە، ریسەکەی هیتلەر بووەتەوە بە خوری.

– هێواش، هێواش... ئەمانە کۆنە، مانگێ لەوەپێش ئەمانەمان لە رۆژنامان خوێندووەتەوە... شتێکی تازەمان بۆ بگێڕەوە.

– تازە ؟ ئا شتێکی زۆر تازە. گوێ بگرن!

ئیلاریون گوتی:

– بیڵێ.

گیورکی هەستا، تۆزێك دوور کەوتەوە، ئەوسا وەکو یەکێك لە کۆبوونەوەیەکی جەماوەری قەرەباڵغ دا، وتارێك بدات، دەستی پێکرد!

– هاوڕێیان! نیشتمانی سوسیالیستیمان لە خەتەردایە! دژمنی غەدار دەستە خوێناویەکانی هێناوە تا ئازادی‌و خویبوونمان بخنکێنێ! سوپای سووری قارەمان دەستی کوشندە لە داگیرکەرانی فاشیست دەوەشێنێ.

ئیلیکۆ سەبری سوا، قسەکەی پێ بڕی:

– توخوا ئەمە پیاوێکی سەیر نییە، جەریدەت قووت داوە ؟ هەرچیت پێیە بێ پێچ‌و پەنا بیڵێ‌و تەواو.

فاشاکیدزە شڵەژا، ئیلاریون هەڵیدایە:

– دەی قسە بکە، قسە بکە، چیت دەوێ ؟

– دەڵێم... پیتاك و دیاری بۆ سەربازەكانمان خڕبكەینەوە... ئێوە ئامادەن بە پێی توانا یارمەتیمان بدەن.

فاشاكیدزە دوای ئەو قسانە هەناسەیەكی ئۆخەی هەڵكێشا.

نەنكم بزەیەكی بۆ كرد:

– ئێ لە هەوەڵەوە وات گوتبا كوڕی خۆم، بۆچی لە ئادەمو حەواوە دەستت پێكرد...

ئیلیكۆ پرسی:

– باشە چ جۆرە دیاریو پیتاكێك خڕدەكەنەوە؟

– هەرچییەك بێ: میوە، شیرینی، جلو بەرگی زستانە، دەستكێش، گۆرەوی خوری... ئەمڕۆ پێنجشەمەیە،و رۆژی دوو شەممە فارگۆنێكی قیتاری پڕ لە پیتاكو دیاری گوندەكەمان بۆ شەڕگە دەنێرین... جا ئەگەر ویستتان شتێك بنێرن، شتەكان لای ئۆلگا خڕبكەنەوە، سبەینێ یەكێك دەنێرین بیانبات.

خوا حافیزیمان لە فاشاكیدزە كردو ڕۆیی.

ماوەیەكی زۆر بە بێدەنگی بیرمان كردەوە، چ دیارییەك بۆ سەربازان بنێرین.

ئیلیكۆ لە پێش هەمووماندا بێدەنگییەكەی شكاند:

– چما گەنجی سلێمانم هەیە: تەنیا پاڵتۆیەكەو تەواو، ئەوەتا لە پشت درەگاكەوە هەڵمواسیوە... زۆریكیلا هەستە، بیهێنە.

بە سەرسامیو زاری داچەقیوەوە لێم ڕوانی، گوتی:

– ئەو بەلوعەیە داخە! بۆ ئەگەر پیرەمێرێكی وەكو من پاڵتۆ لەبەر نەكات، قیامەت ڕادەبێت ؟ ئەمە جگە لەوەی كە بەهار هاتووەتە بەر دەرگا.هەستە پاڵتۆكە بێنە.

چوومە بەر هەیوانەكە، بە پاڵتۆ ڕەشەكەی ئیلیكۆوە گەڕامەوە، هێشتا هەر نفتو نوێ بوو، ئەو پاڵتۆیەی كە لەبەری دەكرد، خۆی تێوە دەپێچاو بە قەد بیلبیلەی چاوی خۆشی دەویستو دەیپاراست، تەنانەت بە ئەمانەت نەیدەدا بە (ئیلاریون)ش.

ئیلیكۆ، بێئەوەی تەمەشای پاڵتۆكە بكات گوتی:

– هێنات ؟ بیخە ئەو سووچەوە... كە گەنجەكان هاتن بۆی، بیاندەنێ

ئیلاریون گوتی:

– حەیفە كە تۆ كوێری ! بەڕاستی شەرمە بۆ خودا كە تۆ كوێری! من دەمزانی دڵی تۆ لە زێڕە، بەڵام خوا شایەدە، هەرگیز بە بیرمدا نەدەهات ئەم سینگە لاوازو رەقەڵەیە، خەرمانێك زێڕی لەخۆ گرتبێت.

سەری خوراند، لە جێی خۆی هەستا، لە پڕ بە تاو لە ژوورەكە وەدەركەوت.

ئیلیكۆ، بەدەم بزەیەكی تەوسامێزەوە گوتی:

– دەزانم لووت زل بۆ كوێ ڕۆیی !

نەنكم پرسی: – بۆ كوێ ؟

– بۆ ماڵ! یانی تەبیعەتی ناناسی؟ ماڵەکەی سەنگو سوژن دەنێ، هەر لە ڕقی من. بەڵام کرمیش لە ماڵی ئەم پێخاوسە پەیدا نابێ!

دوای پێنج دەققەیەك ئیلاریون زڤرپیـەوە (گەڕایـەوە) بە بێدەنگی رووی کـردە قوڕنـە (سـووچ)ی ژوورەکـە تـا جزمـە تازەکـانی، کـە لـەو جووتـە زیـاتری نـەبوو، لـە تەنیشـت پاڵتۆکـەی ئیلیکـۆوە دابنێت.

ئیلیکۆ هەڵیدایە: – ئەوە ئەقڵت تێکچووە کابرا ؟

ئیلاریون گوتی: – هەستە پیرەمێر.درەنگە. بە تەمای لێرە بنوویت ؟

ئەوجا بەرەو دەرگا رۆیی...

... لە خشەخشێکی سووك خەبەرم بووەوە، نـەنکم لـە قـەراخ قەرەوێڵەکـەی دانیشـتبوو، جلـەکانی لەبـەر دەکـرد، دەیویسـت خشـپە خشـپ نەنێتـەوە. بـەکاوەخۆ هەسـتا، بەسـەری قامکـان بـەرەو (بەیتول ماڵ)ـەکە رۆیی و بە شانەی خـوری شـیکردنەکەوە گەڕایـەوە، لـەلای وەجاخەکـەوە دایناو ئەوجا چوو بەلای جێگاکەیـەوە، دۆشـەکەکەی هەڵتەقانـدو خورییەکـەی نـاوی دەرهێنـا. لەبـەردەم شانەکەو لەسەر کەوڵە بزنێکی نزیکی وەجاخەکە دانیشـتو کەوتـە شـیکردنەوەی خورییەکـەو بە دەم خوری شیکردنەوەوەو بە یەك ریتمو ئاهەنگ خۆی دەجولاندو لە بن لێوانەوە دەیلاواند.

ماوەیـەکی زۆر چـاوم بڕینـە نـەنکم، چـاوەکانم تـەژی (پـڕ) ڕونـدك (فرمێسـك) بـوون. بـیرم لـەو سـەربازە دەکـردەوە کـە نەمـدەزانی کێیـەو نـەنکم بـە دەسـتە لەرزۆکـەکانی، بـەم شـەوی زسـتانە ساردە، گۆرەوی خوری بۆ دەچنی.

## ئێوارە کۆڕێکی ئەدەبی

ئێوارانی زستانی سارد لە دەف (لا) ئیلیکۆ کۆدەبووینەوە، داری وشك نێڵە نێڵ لە ئاگردانەکەدا دەسووتێ و جزو هوڕی گۆشتی بەراز لە تاوەکەدا، ئیشتیا دەکاتەوە،و گۆزەڵەیەکی لاوە دانـراوەو شەرابی تیا گەرم دەکرێت. بۆ خۆ نـەردێن دەکـەین یـان بـە دەنگـی بـەرز دەخوێنینـەوە، بـەڵام زۆر جـار دێینـە سـەر بـاسو گەنگەشـەی سیاسـی. سیاسـەت خـەمی گەورەمانـە، هەڵبەتـە هـەر خـەمی ئێمە نەبوو: زستانی ساڵی ١٩٤٢ بوو و ئەڵمانەکان لە ئاستانەی مۆسکۆدا بوون.

... ئیلاریـــون، راگەیاندنـــەکانی مەکتـــەبی زانیاریـــەکانی ســـۆڤیەت"١" دەخوێنێتـــەوە، ئەوســـا بەکاوەخۆی رۆژنامەکە قەد دەکاتو بەوپەڕی دڵنیایی دەڵێت: – تەواو، هیتلەر تەواو بوو!

– ئیلاریون، رۆژنامان چ دەڵێن؟

– لە دەوروبەری مۆسکۆ چەقیونو ناتوانن یەك هەنگاوی دیکە پێشڕەوی بکەن.

– ئەدی دەنگوباسی بەرەی دووەم"٢"؟

– ئحم، هاوپەیمانان پەلەیان نیە... بەریتانیا خەریکی گفتوگۆیە. پێ لە ئەمریکا دادەگرێت، پێی دەڵێت پشت لە یەکێتی سۆڤیەت بکەو پشتی من بگرە.

– ئەدی ئەمریکا ؟

– دەڵێت واز بێنە، ئەمە ئیشی تۆ نییە .

– هەروەها ئەڵمانیا دەیەوێ تورکیاو ژاپۆن بێنێتە ڕەدا،و قەناعەتیان پێبکات، دەڵێت هەرکە من چوومە ناو ستالینگراد، ئێوەش لەلای خۆتانەوە لێیبدەن.

– چما پێی وایە چوونە ناو ستالینگراد گاڵتەی منداڵانە، ئەندامیەتی کۆمەڵەی (خاچی سووره): هەر داوانامەیەك بۆ (فیرا بورچولادزە) بنووسێت، یەکسەر بە چەپڵەڕێزان و هوراکێشانەوە قەبووڵ و پێشوازی دەکرێت ؟

– ئیدی... لێتانی ناشارمەوە، سیاسەتی ئەم دواییانەی تورکیام بەدڵ نییە !

– ئەهۆ، ئەوە ڕێویەکە وێنەی نیە، خۆی لەجێی خوڕان نادات... هەرکە هەست بکات ئەڵمانیا ماندووەو دەرنابات، یەکسەر لێی هەڵدەگەڕێتەوەو پەلاماری دەدات .

– ئەم قسەیە چیە ؟ ماقوول نیە !

– ئێ ئەمە من و ئەمە ئەڵمانیا! ئەگەر قسەی من دەرنەچوو سمێڵم دەتاشم.

– ئەدی ژاپۆن ؟

– ئەویش چیرۆکی خۆی هەیە... ئەڵمانیا پەلەی لێدەکات، دەڵێت، دەست پێبکە چاوەڕوانی چیت ؟ وەڵام دەداتەوە: تۆ، لە دەوری مۆسکۆ چەقیویت و هێشتا جوڵەت نەکردووە. گریمان من دەستم پێکرد، ئاخر ڕوو بکەمە کوێ ؟

– ئەدی هیتلەر چ دەڵێت ؟

– ئحم، هیتلەر... هیتلەر دووجار لە ڕادیۆوە کەوتنی ستالینگرادی ڕاگەیاندووە. بەڵام کێ ژاپۆنی پێ دەخەڵەتێ ؟ گریۆ لە شەیتان دەباتەوە... ئیدی، وەزع و حاڵیان شڕە !

– خودا لە زارت بڕۆنێ !... پێکەکان تەژی بکە زۆریکیلا!

پێکەکان هەڵدەبڕین و بە خۆشی و ئومێدی سەرکەوتن، بە سەلامەتی ئەوانەی لە شەڕگەدا دەجەنگن، بە ئومێدی ئاشتی دەخۆینەوە.

لە پڕ گوتم : – دوێنێ شیعرێکم هۆنیوەتەوە.

ئیلاریون لەسەرسامیدا پلە گۆشتەکەی لە دەست بەربووەوە. ئیلیکۆ، ئارەقەکە پەڕییە قوڕگی و دەموچاوی وەکو پۆپنەی کەڵەشێر سوور هەڵگەڕا.

ئیلیکۆ، هەناسەی وەبەر هاتەوەو پرسی: چیت گوت ؟

– شیعرێکم هۆنیوەتەوە... دەربارەی جەنگ.

ئیلیکۆو ئیلاریون تەمەشای یەکتریان کرد:

– تکایە، بۆمانی بخوێنەوە !

پارچە کاغەزێکم لە بەرکم (گیرفان) دەرهێنا، هەستام و قیت وەستام، ئەوجا دەستی چەپم بۆ پێشەوە بردو پڕ بە دەنگی خۆم کەوتمە خوێندنەوەی:

*دژمنی غەدار، دژمنی مەلعوون*

*هەڵیکێشایە شمشێر، پەلاماری داین بێ چەن‌و چوون*

*خەیاڵی خاوە نابینێ بەچاو، سەرکەوتن*

*لە مەیدانی شەڕدا، روحی خۆمان دەکەینە قوربان*

*خۆی ناگرێ لەبەر هەڵمەتی قارەمانانی*

*ئێمە، کۆسپ و تەگەران.*

*تەقە دەکەین بە تانك‌و مەترەلۆز*

*کە بەرز بووەوە هاواری نیشتمان*

*بەبێ ترس، لە کاتی تەنگانەدا*

*دەکەم هێرش.*

شیعرەکەم خوێندەوە،و بە ترسەوە چاوەڕوانی رەئی ئەوان بووم. دوای نیو سەعات بێدەنگی، ئیلاریون گوتی: – بەڵێ... شیعرەکەت، یانی، بە دەنگی بەرز نووسراوە.

ئیلیکۆ، بە خەمینیەوە لێی ڕوانیم‌و گوتی:

– ئەمە زۆر گرینگ نیە، چارەدکرێ، دەتوانێ دەنگی نزم بکات، بەڵام گرینگ ئێستایە، ئیستا چی لێبکەین ؟

ئیلاریون پرسی: باشە، دەمێکە شیعر دەنووسیت ؟

– نزیکەی مانگێکە.

– ئەدی تا ئێستا لە کوێ بوویت ، بۆ قسەت نەکردووە ؟ نەدەکرا لە کاتی خۆیدا ئاگادارمان بکەیت ؟ ئێستا چی بکەین ؟ بەزەییم بەحاڵی نەنکە داماوەکەتدا دێتەوە.

ئیلیکۆ بە پەستی و نائومێدییەوە دەستی باداو گوتی: جاران دەمگوت رۆژێ دێ لە دەست دەردەچی.

– باشە، ئێستا هەست بە چیدەکەی؟ شیعر هۆنینەوەت پێ ئاسانە؟

– خراپ نیە... دەتوانم رۆژی هەشت نۆ شیعری وەك ئەمە بهۆنمەوە! کاغەزم نیە، دەنا زیاترم دەنووسی.

ئیلیکۆ گوتی: – کەمە !

ئیلاریون پرسی: نەنکت دەزانێ تۆ شیعر دەڵێی؟

– نەخێر

– کەواتە زمانی خۆت بگرەو باسی مەکە. ئەو پیرەژنە باری زۆر سووکە کە ئەمەشی بێتە سەر. شیعری ترت داناوە ؟

– بەڵێ. دەربارەی ئەڤینە.

– بیخوێنەوە با بزانین چۆنە.

نیگایەکی شەرمێونی ئیلیکۆم کرد کە گوتی:

– بیڵێ، بیڵێ، شەرم مەکە، تازە لە یەکتر کەشف بووین!

پارچە کاغەزێکی ترم لەبەرکم دەرهێناو بە دەنگێکی نزم کەوتمە خوێندنەوەی:

*شەوە، مانگ لە ئاسماندا مەلە دەکات*

*بەفرو با، بە حەواوەیە*

*گەشتی شەو شادی دەخاتە دڵ*

*فرمێسکی شادی دەڕێژم بە کوڵ*

*خەو لە چاوانم تۆراوە*

*یاران هۆش و ئەقڵم نەماوە.*

بێدەنگی بۆماوەی پێنج دەققەی دوورو درێژ باڵی بەسەرا کێشاین، ئیلیکۆو ئیلاریون بە شەرمەوە نیگای یەکتریان دەکرد. ئەنجام ئیلاریون پرسی:

– چۆنە بەلاتەوە ؟

– دوا بەیتی سفت و ناسکە.

– بەڵام وتی دەربارەی ئەڤینە، کەچی بە حەرفیش ناوی ئەڤین و دڵداری نەهاتووە.

– گەنجەو شەرم دەکات.

ویستم تێیان بگەیەنم:

– ئەمە شیعرە ئیلاریون، لە شیعرا هەموو شتێك ناگوترێ!

– یەکەم ئەگەر ئەمە شیعر بێ ئەوا من شاهنشام. دووەم ئەگەر شیعرێك دەربارەی ئەڤین بێ، دەبێ باسی ئەڤینی تیا بێت.

زۆر تورە بووم و هاوارم کرد:

– وازم لێ بێنە! ئینسانێك خەوو خۆراکی لێحەرام بووبێ و شەو تا بەیانی وێڵ و سەرگەردان ، شێت و شەیدا بسوڕێتەوە، ئەگەر ئەمە بەڕای تۆ ڤیان و ئەڤینداری نەبێت، ئەدی دەبێ چۆن بێت؟

ئیلاریون گوتی:

– نە نا گیانە، زۆر رۆییشتی. ئیلیکۆ بە درێژایی تەمەنی. شێت و شەرو سەرگەردان ئەوەندەی بە شەو سوڕاوەتەوە بە رۆژ نەسوڕاوەتەوە، ئایا ئەویش ئاشقە ؟ دەڵێی چی؟

ئیلیکۆ هەڵیدایە:

– تەمەشا پیرەمێرد ، زمانی خۆت بگرەو لاقرتێ مەکە. کوڕەکە دوو کەلیمەی بێ سەروبەری بۆ خۆی نووسیوە، ئەمە چ پەیوەندییەکی بە منەوە هەیە ؟

ئەوسا پەلاماری منی دا: – ئەو وڕێنەیەی نووسیوتە بیشارەوە خوێڕی.

ئیلاریون، هێوری کردەوە:

– لەسەرخۆ لە سەرخۆ، با جارێ تەماشای شیعرەکە بکەین. تۆ دەڵێی: مانگ لە ئاسماندا مەلە دەکات، پاشان دەڵێی بەفرو با، بە حەواوەیە.... چۆن ئەم دووەت پێکەوە گونجاندووە ؟

بەم پرسیارە کوتوپڕە غافڵگیر بووم.

– شتێکی تر. تۆ دەڵێی بە شەو سەرگەردانی، و چوار دەورت بەفرو بایە. ئاخر ئەمە چ خۆشی و شادییەکی تیایە؟ بە هۆی ئەوەوە فرمێسك دەڕێژی هەی قەل پیاو ؟

زۆر توڕە بووم:

- ئێوە چی لە شیعر دەزانن ؟ هەردووکتان وڕێنە دەکەن.

ئیلیکۆ، عارەقی تێکرد، ئیلاریون پێکەکەی بەرز کردەوە، بە سۆزو میهرەوە باوەشی کردم:

- ئەمە هەر بەسەر تۆ نەهاتووە گیانەکەم... من دەزانم خەڵکی بۆ دەبن بە شاعیر... منیش کە منداڵ بوومو لە تەمەنی تۆدا بووم شیعرم هۆنیوەتەوە. لە بیرت ماوە ئیلیکۆ گیان ؟

*بەبێ یاری بەژن زراڤم*

*سەبرو ئارامم نیە ساتێ*

*بمدەیە خەنجەر با عەمر نەمێنێ*

*گڕی ئەشق هەناوم*

*دەخوات، بەبێ گوڵی جوانم.*

ئیلیکۆ، قسەکەی سەلماندو لە قاقای پێکەنینی دا:

- ئەو کاتە بە شێتم دەوانیت، بەڵام دوای ماوەیەك هەموو شتێك تەواو بوو... ئەمەی ئەم کوڕەش شتێکی ڕەوتەنیەو تەواو دەبێت.

- ئیدی ئەمە دنیایە کوڕی خۆم... بەڵام واز لە شیعر مەهێنە، خۆ ئەمە تاوانێك نیە پیاوی لەسەر سزا بدرێت... لەوەیە دەنکەکەت، ئەگەر وەکو خۆت کەر بێ، بەمە بخەڵەتێو بە شیعری بزانێ. خۆ ئەگەر بە دڵیشی نەبوو ئەوا نائومێد مەبە. ئیدی ئەم تەیرە چکۆڵەیە - ئەشق- لە دڵتا هێلکەی کردووە. ئیدی ڕۆژگار تێدەپەڕێتو هێلکە هەڵدێو دەبێ بە بێچو و بێچو گەورە دەبێتو ئەوسا دەفڕێ... ئیدی ئەشق سەرت پێ هەڵدەگرێ... دەی بە خۆشی ئەشقەکەت کوڕی خۆم!

بە شەرمەزارییەوە وەستا بوومو سەرم داخستبوو و بە بێدەنگی گوێم لە ئیلاریون دەگرت... وام دەهاتە بەرچاو کە بە سۆزو میهرەوە دڵی خستوومەتە سەر لەپی دەستی،و چەندی وشە تیایە یەك یەك دەیانخوێنێتەوە.

***پەراوێز:***

****- مەکتەبی زانیاریەکانی سۆڤیەت : دەزگایەکی ڕاگەیاندن بوو کە بەلاغاتی ڕەوتی شەڕی بەرەکانی جەنگی ئامادەو بڵاودەکردەوە.***

****- مەبەست لە بەرەی دووەم، بەرەی ئەورووپایە، کە هاوپەیمانانی یەکێتیی سۆڤیەت تا ساڵی ١٩٤٤ خۆیان لە کردنەوەی دەدزییەوە .***

## یەکەمین ڤیان

- چیگوگیدزە.

– بەڵێ.

– کاواندادزە!

– بەڵێ.

– سیخارولیدزە

– نەخۆش کەوت،و چکونیاو تسنترادزەو بورچولادزەو کوریدزەو نینیدزەو گلونتی لەگەڵیا ڕۆییشتن و بۆ ماڵیان بردەوە.

ماموستا دڵپاکەکە گوتی:

– هەق وابوو هەموو پۆلەکە لەگەڵیا رۆییشتبان.

و بەردەوام بوو:

– فاشالومیدزە! فاشالومیدزە!! فا– شا– لو– مید– زە!!!

ئەوسا بە توڕەیی مشتێکی بە مێزەکەدا کێشا.

– بەڵێ لێرەم، ماموستا گیان.

– لێرە بی یان لێرە نەبی، وەکو یەکە، چاوەڕوانی هیچت لێناکرێت.

رومولی بە دەنگێکی گڕ گوتی:

– "هەبی یان نەبی، ئەمە مەسەلەکەیە"

– رومولی کالاندادزە، فەرموو لە پۆل بچۆ دەرێ.

– دنیا ساردە، ماموستا!

پشتیوانی قسەکەی ماموستام کرد:

– بەشە داری خۆت ببەو شان و شەوکەتی خۆتم بۆ بنوێنە.

ڕۆمولی، بەدەم دەرچوونەوە خێسەیەکی ئاگرینی لێکردم. هەڕەشەی گەردەلوولێکی ترسناک بەسەر سەرمەوە گێژی دەخوارد.

– فاشالومیدزە، دەرسی ئەمڕۆمان دەربارەی چیە ؟

– بەکار هێنانی سۆدا...

– دەیسا وەڵامە نایابەکەتمان پێ بڵێ.

بە خاوەخاو بەرەو تەختە رەشەکە چووم.

– دەی وا گوێمان لێتە.

– چەند شێوازێك بۆ بەکارهێنانی سۆدا هەیە، ئیلیکۆ چیگوگیدزە، سۆداکە دەخاتە سەر زاریو بەیەك کەڕەت و بێ ئاو قووتی دەدا. بەڵام ئیلاریون چیفاردنادزە کەوچکێکی چکۆلەی سۆدا دەکاتە پەرداخێ ئاو گەرمەوە، و نەنکم...

– فاشالومیدزە، هەیدێ، گوم بە لەبەر چاوم... کێ لەلایەوە دادەنیشێت ؟

ماری سیخارولیدزە بەرزەپێ هەستا: – من.

– دوای دەرس و دەوام نامەیەك بۆ نەنکی دەبەی... بۆچی وەستاویت ؟ بچۆ دەرێ.

– قەیناکا دەردەچم، بەڵام کێ لە پۆلا دەمێنێ ؟

مامۆستا دزە نیگایەکی کرد و بە چپە گوتی: – بچۆ دەرەوە.

یەکسەر چوومە دەرەوە. کە رۆمولی لە دەرەوەی بینیم ئەوەندە خۆشحاڵ بوو، باوەڕناکەم (کولومبس) کاتێ کە زەوی لێدەرکەوتووە ئەوەندە خۆشحاڵ بووبێ.

– ها کردیانتیە دەرەوە ؟

– بە هۆی تۆوە.

– چەنە چەن! من هەقم چیە ؟ تۆ لە پۆلدا دەڵێی بەردی... چما پێت وایە من نازانم ئاشقی؟

– ئاشقی کێم کەر پیاو؟!

– ماری !

– ئەگەر جارێکی دی ئەم قسەیە بکەی دەمت دەشکێنم.

– من چی بکەم ؟ هەموو قوتابیانی پۆلەکە باسی دەکەن.

– مێشکت لە سەرما ڕچیوە! کەی وەختی ئاشقێنییەتی؟

– ئەوە قسەیە؟ نەنکم لە چواردە ساڵیدا شووی کردووە.

– باشە، چیتر !؟

– هیچ، ئەگەر بتەوێ دەتوانم پێی بڵێم....

– ئەگەر خۆشم ویستبا بە خۆم پێمدەگوت...

– درۆ دەکەی! چما موفاتەحەی گراوێ (دولبەر) وەکو وەڵامی پرسیارەکانی پۆلە! بەبێ نامە ناکرێ.

– باشە تۆ قەت لەو جۆرە نامانەت نووسیوە ؟

– بە بار !

زۆر بە دیقەت لە رومولی ورد بوومەوە، دەمویست بزانم ئۆینێکی لە ژێر سەردا نیە، بەڵام راستگۆییەکی خالیسە لە چاوانیەوە پرشنگی دەدا، بۆیە متمانەم پێکرد.

– رومولی، تۆ وەکو برای بۆ من... پێویست بە چاوو ڕاو ناکات. یارمەتیم بدە! من خۆشم دەوێ، حاڵی هەیت ؟

رومولی، لە خۆشیا، لە قاقای پێکەنینێکی ئەوتۆی دا دەتگوت حیلەی ئەسپە، ئەوسا باوەشی پێدا کردمو لە عاردی بەرز کردمەوەو دیسان دانامەوەو گوتی:

– زۆر باشە، خەمت نەبێ لێیگەڕێ بۆ خۆم !

وەختێکی زۆرمان بە دەستەوە بوو، بۆ پۆلێکی چۆڵ سەرکەوتین. لەسەر ڕەحلەیەك دانیشتم، رومولی، هەردوو دەستی خستە پشتی و بە ژوورەکەدا کەوتە هاتوچۆ.

– با دەست پێبکەین..." ئەی ئازیزترین کەسم، ئەی روحی رەوانم، فێنکی دڵەکەم، ئارامی گیانم! ڤیان باڵاترین هەستی بەشەرە. بینا نابینا دەکات، ئاشقان کەڕو لاڵو شێت دەکات..."

هەڵمدایەو گوتم: – درۆیە !

– دەزانم، بەڵام نامە واهی دەنووسرێت... لەسەری ڕۆیی:

" لەو ساوە کە چاوم بەچاوی تۆ کەوتووە، مانای جوانی ڕەهام بۆ دەرکەوتووە. لەوساوە مانای بوونی خۆمم زانیوەو بەهاوتای بەرزی روحو لەزەتی جوانیم داناویت..."

حەپەسام . لە (رومولی)م پرسی: – ئەم وشانەت لە کوێوە هێناوە ؟

– خوێندکارێکی تەبلیسی حەزی لە خوشکەکەم کردووەو نامەیەکی وای بۆ ناردووە.

– باشە خوشکەکەت بەتەمایە شووی پێبکات ؟

– بە تەما بوو. بەڵام دوایی هاوڕێیەکی دیکەی تەبلیسسی ئاگاداری کردەوە کە ئەو خوێندکارە شێت بووە. لەسەری رۆیی: " ..لێتی ناشارمەوە، من زۆرم خۆش دەوێی، لە ژیانیش خۆشترم دەوێی... لێت دەپاڕێمەوە کە ببی بە یارو یاوەری ڕوحم. لەوەتای چاوم بە چاوو برژانگو نیگا، بە ددانە مرواریییەکانو لێوە ئاڵو عەقیقیو قژە زێڕینەکەتو دەستو قامكو هەموو شتێکی تۆ کەوتووە، بە جاریٚ ئارامم نەماوە، بەبیٚ تۆ ژیان هیچ تامێکی نیە! وای کە مردم. بە هیوای دیدار!...."

رومولی هەردوو دەستی لەسەر سینگی تێك هاڵاندو پرسی: " رەئیت چیە ؟"

– ئەگەر ئەو خوێندکارە چەند وشەیەکی تری نووسیبا، خوشکەکەت شووی پێدەکرد.

– بەرد دێنێتە گریان !

بەپەلە چووم بۆ پۆستەخانە، زەرفێکم کڕیو نامەکەم تێی خستو قەراخەکانیم بە زمان تەڕ کردو دامخستو لە بەڕکم نا.

لە کۆتایی دوا وانەدا، بە دزییەوە خستمە ناو جانتاکەی ماریو وەکو مردوو لە جێی خۆم چەقیم. نە گوێم لە دوا زەنگ بوو، و نە هاو پۆلەکانم بینی کە بڵاوەیان لێدەکرد. وەکو شۆکزەدەیەك بەبیٚ جوڵە لەسەر رەحەلەکەی خۆم دانیشتبووم، تا باجیە فەڕاشەکە هاتو گوتی:

– فاشالومیدزە، ئەمە لەکەیەوە ئاشقی قوتابخانە بوویت، وا ناڕۆیتەوە بۆ ماڵیٚ ؟ لاقت هەڵبڕە، با ژێر ڕەحلەکە گسك بدەم.

– سڵاو، پورە ماکا!

– سوبحانەڵڵا ! دەڵێی یەکەمجارە دەمبینیٚ !

– خودا حافیز، پورە ماکا!

ژنەی تاین، نیشانەیەکی خاچی کێشاو گوتی:

– خودایە یارمەتی بدە.

نیگایەکی گومانامێزی کردمو بەلەز لە ژوورەکە وەدەرکەوت. ئێواریٚ لەلای ئیلیکۆ بووینو سەرقاڵی تاوڵەو نەردێن بووین. گەمەکە وای مژوڵ کردم خەریك بوو نامەکەم بیربچێتەوە. ئیلیکۆ پرسی: – شیعری تازەت نەهۆنیوەتەوە ؟

ئیلاریون، هەڵیدایە: – دەی توخوا بۆمانی بخوێنەوە !

یەکێك لە ناو حەوشەکەوە ئیلیکۆی بانگکرد.

– کێیە ؟

– منم، ئۆلگا، نەوە گەوجەکەی من لای تۆیە ؟

– وەرە ژووریٚ ئۆلگا، وەرە! لێرەیە.

نەنکم بە کۆمەکۆم خۆی بە ژوورا کردو کۆڵوانەکەی داکەند، ئەوجا دارعاساکەی لە سووچی ژوورەکەدا هەڵپەساردو لە نزیکی ئاگردانەکەوە دانیشتو ماوەیەکی کەم بێدەنگ بوو. پاشان پێی گوتم:

– زۆریکو، کورم، ئەو مامۆستایەی کیمیاتان پێدەڵێتەوە تەمەنی چەندە ؟

– ئحم... نزیکەی سی، سی و پێنج ساڵێکە.... بۆچی ؟

سەراپام بوو بە گویٚ

– ئەو کابرایە... یانی.... دەمارێکی شێتی نیە ؟

ئیلیکۆ گوتی: – باشە پیاو قوتابی وەکو ئەمەی هەبیٚ، ئەقڵی دەمێنیٚ ؟

قسەکەم پیٚ بڕی:

– ئەوە تۆ چ دەڵێی نەنە ؟ ئەقڵو زیرەکی لە گوێچکەکانیەوە دەڕژیٚ .

– ئیلاریون، تەمەشا، توخوا تۆ سەیر بکە، بزانە ئەم مامۆستایە چی بۆ نووسیوم .

نامەیەکی بۆ ئیلاریون درێژ کرد. مچوڕکێکم پێدا هات، ئیلاریون، چاویلکەکەی لە چاوکردو نامەکەی کردەوەو پرسی:

– کیٚ ئەم نامەیەی دایتیٚ، ئۆلگا ؟

– ماری، کیژەکەی لادیکو سیخارولیدزە.

ئیلاریون، بە ئەسپایی کەوتە خوێندنەوە:

– " ئەی ئازیزترین کەسم، ئەی روحی رەوانم، فێنکی دڵەکەم، ئارامی گیانم..."

ئیلیکۆ لە نەنکی پرسیم:

– باشە. نامەکە بۆ تۆ نووسراوە ؟

– بەڵیٚ، بۆ منە، بەسەری تۆ!

ئەوکم وشك بوو، دەستم ڕچی و ئارەقەم لە هەنیە تکا.

ئیلاریون بەردەوام بوو:

– " لەوساوە کە چاوم بە چاوی تۆ کەوتووە، مانای جوانی ڕەهام..."

نەنکم بەدەم پێکەنینەوە ئاوڕی لای ئیلیکۆی دایەوە، کە بەزاری بەشەوە دانیشتبوو و باوەڕی بە گوێی خۆی نەدەکرد:

– نازانم ئەو مەلعوونە لە کویٚ منی دیتووە.

– لەوساوە مانای بوونی خۆمم زانیوەو بە هاوتای بەرزی روح و لەزەتی جوانیم داناویت..."

نەنکم گوتی: – مانای ئەم ڕستەیەم لیٚ عاسی بوو.

ئیلاریون وەڵامی دایەوە:

– چما کەس هەیە لە ڤیان (خۆشەویستی) بگات، ئۆلگا گیان ؟

ئیلیکۆ پرسی:

– بەڵام کوێڕا، لەم ماوە کەمەدا حەزی لێکرد ؟

– چەندین جار بە هۆی ئەم قەل پیاوەوە بۆ قوتابخانەکە بانگ کراوە! ئیدی پیاوە لەوێندەر دیتویەتی و حەزی لێکردووە.
– " لەوەتای چاوانی تۆم دیتوە ئارامم لێ براوە...."
ئیلیکۆ گوتی: – دەك خوا چاوت بتەقێنێ.
– ".... و برژانگەکانت..."
ئیلیکۆ، خەریك بوو لە پێکەنینا دەبورایەوە، رێك کەوتە سەر عاردی. ئیلاریون تووشی نزگرە بوو، بەلام لەسەر خوێندنەوە بەردەوام بوو:
– ".... و نیگاکانت، ددانە مرواریییەکانت..." پێموایە لەمەدا ڕاستی نەپێکاوە.
نەنکم دەستەکانی بلاوکردنەوەو گوتی:
– ئەی هەش بەسەری، باسی کام ددانە دەکات !
– "...و لێوە ئاڵ و عەقیقی و قژە زەردەکەت، دەست و قامك و هەموو شتێکی تۆ... "
ئیلاریون، لەسەر خوێندنەوە بەردەوام بوو، شەپۆلی فرمێسك لەچاوانیا پرشنگی دەدا.
ئیلیکۆ، کە خەریك بوو لە پێکەنینا دەبورایەوە، هاواری کرد:
– بەسە، توخوا بەسە، کورە بورامەوە.
ئیلاریون، لە خوێندنەوەکە بووەوەو چوو بە هانای ئیلیکۆوە. نەنکم بە تەوسەوە پێدەکەنی، بەلام من وەکو یەکێك بروسکە لێی دابێت ، ڕەق راوەستا بووم.
ئیلیکۆ، لە بن لێوانەوە گوتی:
– کەی نەنکت بە شوو دەدەی؟ بۆ زەماوەندەکە دەعوەتمان دەکەی ؟
ئەوسا بە دەم قاقای پێکەنینەوە کەوتە سەر عاردی.
ئیلاریون گوتی:
– ئم م م... لەوە دەچێ شتێکی نا ئاسایی رووی دابێ...
– ئا، ئا، ئا، ئۆلگا! چیت بەسەر ئەو پیاوە هێناوە ؟
دەنگێك لە حەوشەوە بەرز بووەوە:
– هاپۆ ئیلیکۆ!
ئیلیکۆ بەدەم هەستانەوە گوتی:
– کێیە ؟
ماری وەژوورکەوت، گۆناکانی سوور هەڵگەڕابوون. نزیکەی دەقیقەیەك هەر فووی بە دەست و قامکە رچیوەکانیدا دەکرد، دەستەکانی لەبن باڵی خۆی دەناو ئەم پێ و ئەو پێی دەکرد، کە تۆزێ گەرمی بووەوە گوتی:
– نەنە ئۆلگا من بە دووی تۆدا دەگەڕام.
– ئەوە من لێرەم کیژی خۆم. ئای لەو نامەیەی بۆت هێناوم. ئێمەی پیرو پاتاڵ خەریك بوو لە پێکەنیندا شەق بەرین.
ئەوجا نامەکەی بۆ ماری درێژ کرد.

– نەنە گیان، ئەو نامەیەی کە مامۆستا بۆی ناردوویت، ئەمەیە، وا بۆم هێناویت... بەڵام نامەی دووەم... هەر ئاگام لێی نییە .

– خوا گیان! نامەیەکی دی؟ ئیلاریون گیان، بیخوێنەوە، بێ بەڵا بی.

– " تکایە بە هۆی بەدڕەفتاری نەوەکەتەوە لە قوتابخانە ئامادە بە ".

نەنکم گوتی: – دیسان؟ جارێکی دیکەش ئابڕووت بردم هەی بێ حەیاو حورمەت ؟

و دەستی دایە دار عاساکەی، وەکو تێسکەی تفەنگ دەرپەڕیمە دەرێ،و نەنکم لە دواوە هاواری دەکرد:

– نەخەڵەتابی پێ بەمماڵەدا بکەی، هەی خوێڕی! بۆ کوێ دەڕۆیت، بڕۆ.

ماری، بەلەز لە ژوورەکە وەدەرکەوت. بەدەم ڕێکردنەوە سەری دانەواند بوو، بەبێ ئەوەی دەستە رووتەکانی لە بەرکی بنێت خەیاڵاوی ڕێی دەکرد. لەچکەکەی لەسەر داکەوت و، بەسەر شان و ملیدا شۆڕ بووەوە، چەپکی لە قژە لوولەکەی کەوتە سەر هەنیەی (ناوچەوان). تابلۆی نیگارکێشێکی بەناوبانگی وەبیرهێنامەوە کە ئێستا ناوەکەیم وەیاد نایەتەوە. ماری بێئەوەی من بدینێ بەلاما رۆیی. بە ئەسپایی بانگم کرد: " ماری ". وەستا. لێی چوومە پێشێ، بە دوو دڵی دەستم برد کە قژەکەی بخەمە شوێنی خۆی، هیچ نەجولا.

– کاغەزەکەت خوێندەوە ؟

وەڵامی نەدایەوە، نیگایەکی تیژو مەنگی کردم و ملی ڕێی خۆی گرت.

– ماری !

دیسان وەستا.

– ڕومولی ئەو پەندەی پێدام، ئەو بەو جۆرەی پێ پڕکردمەوە، دەنا من دەمویست شتێکی تر، شتێکی جیاواز بنووسم، بەڵام ئەو گوتی: دەبێ واهی بێت.

– ئەمە نوکتەیەکی بێ تامە زۆریکۆ.

– ماری، هیچ نوکتەو ڕابواردنێکم مەبەست نەبووە. من، ماری... باوەڕ دەکەی کە من ئەوەندە ناکەس بەچەو خوێڕی بم ؟

– نا، باوەڕناکەم...

هێدی هێدی بەسەر ئەو بەفرەدا، کە لە یەکبینە و کلو کلو دەهاتە خوارێ، کەوتینە ڕێ، بایەکی ساردی دەهات. بە بێدەنگی ڕێمان دەکرد، بەلای ماڵی ئێمەدا تێپەڕین و لە دارچنارەکە کە یەکپارچە بەفر بوو، تێپەڕین.

– سەگەکەم، مرادا لێرەدا نێژراوە .

– دەزانم...

– مرادام لە هەموو خەڵقەندەیەکی ئەم دنیایە خۆشتر دەویست. من ئەو و نەنکم و ئیلاریون و ئیلیکۆم وەکو یەك خۆش دەوێن.

– دەزانم، زۆریکۆ.

– خۆشەویستیم رۆژ بە رۆژ زیاتر دەبێ... مراداش لە کانگای دڵیەوە خۆشی دەویستم... وەکو ئەوەی بەشەر بێ، بەو ئاوایە قسەم بۆ دەکرد. لە یەکتری تێدەگەییشتین. کە تۆپی خەریك بوو خۆم بکوژم... خۆشەویستی لەوەیە مرۆڤ شێت بکات! سەرماتە ؟

– دنیا ساردە.

– هەست بە سەرما ناکەم.

پاڵتۆکەم داکەندو دام بە شانی (ماری)دا،و دەستم لانەبرد. ئیدی بەو جۆرە بەناو بەفرە فشەڵەکە کەوتبووین. بەبێ دەنگی رۆییشتین. لە ماڵی ماری تێپەڕین.

– گەرمت بووەوە ؟

– بەڵێ، زۆریکۆ.

– مرادات دەناسی ؟

– بەڵێ....

– تۆی زۆر خۆش دەویست. زۆرجار پێی دەگوتم: " ماری کیژێکی جوانە، سەرتۆپی کیژانە. هیچ کچێك چاوە جوانەکانی ماری نیە. ماری کچێکی باش‌و زیرەکە. "

مرادا زۆری خۆش دەویستی، چەندی من خۆش دەویست ئەوەندەو بگرە زیاتریش تۆی خۆش دەویست، هەرگیز بە تۆ نەدەوەڕی... تۆش خۆشت دەویست، وا نیە ؟

– بەڵێ زۆریکۆ، زۆرم خۆشدەویست.

– ماری !

– بەڵێ زۆریکۆ ؟

بە میهرەبانیەوە باوەشم لێدا لە خۆمم نزیك خستەوەو سەروچاوم بە قژە پەخش‌و بڵاوەکەیدا کرد. ماری گریا، منیش گریام. بەفر وەکو دەستپێچکە لۆکە دەهاتە خوارێ. بای هەبوو،و مانگ ئەستێرەو، ڤیان‌و فرمێسك‌و بەفرێکی زۆر زۆر. ئەگەر لە ئیلیکۆ یان پرسیبا دەیگوت هیچیان مایەی شادی وخۆشی نین: باو بەفرو، دنیایەك کە هەرەس دێنێ. کەچی من دڵم بە مانگ‌و هەتاو دەکرایەوە، دڵم بە ڤیان‌و کلو بەفری سپی، سپی دەکرایەوە.

## دوازده پووت گه نمه شامی

ئیلیکۆ ماڵۆسێکی ڕەسەنی هەبوو لە توخم‌و تۆوی یورکشایریە بوو، دوو گوێچکەی شۆڕو جووتێ چاوی چکۆلەی لێڵ‌و لمۆزێکی زەقی پێکەنیناوی هەبوو. خەڵکی گوندەکە ناویان نابوو سیرابیونا، هەر بەو ناوەش بانگیان دەکرد. ئەم ماڵۆسە (بەرازی مێچکە) ساڵی دووجاران، لە سەرەتای بەهارو پایزدا دەزا. هەموو جارێك دوانزە کودەڵەی سووری قەڵەوی خڕی تۆپ ئاسای دێنا. ئیلیکۆ جاران دەیفرۆشتن‌و ئیدی سووکە دەرامەت‌و دەستکەوتێکی دەست دەکەوت، کە بۆ ئەو خراپ نەبوو. بەڵام لە ساڵانی جەنگدا ئیلیکۆ بە گەنمۆکی (گەنمە شامی) ئاڵوگۆڕ دەکردن.

ئیلیکۆ، زۆری ناز دەدایە سیرابیونا ، خۆشی دەویست و ناوی نابوو بەخێوکەر،و مدارای دەکردو دەیلاواند. تەنانەت لە دەمی خۆی دەگرتەوەو دەرخواردی سیرابیونای دەدا. خۆ ئەگەر یەکێك ستایشی سیرابیونای کردبا، ئیلیکۆ لە کەیفان پێی بە عاردی نەدەکەوت، وەکو دەروێشان حاڵی لێدەهات و بە پەلە یارۆی ستایشکاری دەعوەتی ئارەق و تووتنی بۆنخۆش دەکرد،و بەڵێنی دەدایە کە لە سکی داهاتوودا باشترین کودەڵەی (بێچوە بەران) بە دیاری بداتیْ و هەزارو یەك بەڵێنی دیکەش! جا من و ئیلاریون، ئەم دەمارەی ئیلیکۆمان باش دەناسی و، زوو زوو دەکەوتینە ستایشی توخم و تۆو رەگەزی یورکشایر .

ئێستا. هەمووومان لە ژێر دارسێوێکی چڕە سێبەری، باخچەکەی ئیلیکۆدا دانیشتووین، سیرا بیونا لەو لامانەوە پاڵکەوتووەو بەدەم قسانەوە، بەرێزەوە سەیری دەکەین.

ئیلاریون گوتی:

– ئەمەیە مالۆس. بە عەمرانم مالۆسی وەهام نەدیتوە! ئیلیکۆ هەڵیدایە: "بەخێوکەرمە، گەنجی منە" زۆر بە میهرو سۆزەوە کەوتە ختووکەدان و خوراندنی سکی سیرابیونا کە بە نازەوە چاوەکانی هەڵێناو کەوتە خۆ گەوزاندن. ئیلیکۆ، بە خۆشحاڵیەوە کەوتە تەمەشا کردنی گوانە سوور هەڵگەڕاوە ئاوساوەکانی. دوانزە گوان ! دوانزە کودەڵە لە ڕەچەڵەکێکی ڕەسەن! خوا حەزکا، سیرابیونا، ئەمڕۆو سبەیە دەزیْ، هەنگیْ بارە گەنمۆکی زێڕین لە هەموو لایەکەوە بەسەر ئیلیکۆدا دادەباریْ، لێم پرسی:

– باشە تۆ ئەم مالۆسە ڕەسەن ڕەچەڵەکەت لە کویْ دەست کەوت ؟

– ئێی، کاکۆ، ئەمە چیرۆکێکی درێژی هەیە... دایکی نەنکی سیرابیونا، بەشێك بووە لەو جیازیەی کە بە داپیرە (کالنتی)م گۆڕەکەی پڕ لە نوور بیْ، دراوە! دەڵێن مالۆسێکی لەڕو مردەڵە بووە،و باپیرە (خاریتون)م پێی شەرم بووە ئەم مردەلۆخەی لە ماڵا بیْ، ئیدی دەری کردووە.

ئیلاریون گوتی:

– غەدری کردووە، هەقە سەری بڕیایە.

– کیْ پێویستی بووە، نەخۆش بووە! ئەو زەمانە شتێکی تر بووە، دنیا وەکو ئێستا نەبووە.

گوتم: – ئێستا جەنگە... خەڵکی هەژارن، گرانیە...

– ڕاستدەکەی... خەڵکی ئەمڕۆکە لە تەنگانەدان، دەستکورتن... ئێمە لە چاو خۆمانا باشین، دەژین، خەڵکی لینینگراد دەڵێن لە رۆژگاری گەمارۆو ئابلۆقەکەدا پشیلەشیان دەخوارد.

ئیلاریون گوتی:

– جا تۆ هیچ دوور مەڕۆ! من لێرە لە ماڵی خۆمدا، دەترسم تەنانەت پێبکەنم.

ئیلیکۆ تیْ نەگەیی، بۆیە پرسی: "بۆچی ؟"

– چونکە.... هەرکە کەڵەبابەکەم چاوی بە ددانم دەکەویْ وەکو هەڵۆ پڕم دەداتیْ، وا دەزانی گەنمۆکم لە زاردایە.

پێمگوت: – کەواتە بیکوژەوە!.

– پاشان تۆ بەیانیان بۆم دەخوێنی و لە خەوم هەڵدەستێنی ها ؟

ئیلیکۆ لەسەری ڕۆیی :

– با چیرۆکەکەمان تەواو بکەن... باپیرە خاریتون جەنە دەبەستیّو دەڵێت، نامەویّ ئەمە لە ماڵەکەمدا بدینم... بەڵام داپیرە کالنتی مل نادات و دەڵێت: ئێوە هیچ نازانن و ئەم مالۆسە، ڕەسەنە. سەبرێك بکەن بزانن چی دەردەچیّ! قسەکەی نەنکم ڕاست دەردەچێت، جا سیرابیونا نەوەو نەتیرەی ئەو مالۆسە مردەلۆخەیە.

گوتم: – بەڕاستی سەرتۆپی بەرازانە !

ڕووی ئیلیکۆ گەشایەوە..

– زۆریکۆ، بەڕاستی تۆ کوڕێکی زیرەکی. تر شەرەفت، سیرابیونا شایستەی ئەوپەڕی ڕێزو حورمەت نیە ؟

ئیلاریون هەڵیدایە:

– ئیلیکۆ گیان، من پێموایە تۆ وەکو پێویست هەقی خۆیت نەداوەتیّ. تۆ چیت داوە لە وێنەی باپیرە خاریتونی چاو زەق، دەڵێی جەردەیە ؟ بنێرە بە شوێن وێنەگری گوندەکە، بافلۆشاداو پێی بڵێ با وێنەیەکی هونەریی سیرابیونات بۆ بگرێت،و بە دیوارەکەوەی هەڵواسە، هەر زینەتە تەمەشای بکەی.

ئیلیکۆ، مۆرەیەکی توڕەی ئیلاریونی کردو گوتی:

– ئیلاریون شیفاردنادزە، ئەگەر تۆ لەم مالۆسە باشتر بی شەرت بیّ بە شەرتی پیاوان سەری دەبڕم و کەلاکەکەی فڕیّ دەدەمە دەریّ.

هەستم کرد کەش و هەواکە بۆنی شەڕی لێدێت، لە کاتێکا خەریك بوو قاپە عارەقەکەمان حەڵاڵ و مسۆگەر دەکرد ! چاوێکم لە ئیلاریون داگرت: ئەمە وەختی سوعبەتە ؟ و گوتم:

– ئیلیکۆ گیان گویّ مەدەیە، مالۆسەکەی تۆ تەنیا لە زمانی کەمە، ئەگینا هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ بەشەردا نیە.

ئیلیکۆ نیگایەکی وردی کردم، بەڵام خۆم شێلو نەکرد. ئەوسا بەدەم ورتە ورتەوە هەستا، تا عارەقەکە بێنیّ، هەڵمکوتایە سەر ئیلاریون : – ئاخر ئێستا وەختی سوعبەتە ؟

– پێستی سەری هەمووتان بە نەعلەت بیّ! قابیلە دەمی خۆمان بدورین و فزە نەکەین؟ نۆبەتی ئەو قەوانەیە، هەر ئەوە ماوە ئەمرمان پێبکەن کە کڕنۆش بۆ ئەم مالۆسە بۆگەنە بەرین ؟

ئیلیکۆ، قاپیّ ئارەق و سیّ پەرداخ و دوو کولێرەی گەنیوی هێنا، بە بێدەنگی دوو پێکی یەکەممان هەڵداو تەنیا بەسەر نۆشانەمان لێکدی کرد. بەر لەوەی پێکی سێیەم بخۆینەوە، ئیلیکۆ وتارێکی کورتی دا:

– زۆریکیلا، تۆ ئێستا بە کەسێکی ڕۆشنبیرو خوێنەوار دادەنریّی. بە هەر گاگۆڵکیّ و خشکەییەك بیّ خۆت گەیاندە پۆلی نۆیەم، وەلحاسڵ ئەگەر لە قوتابخانەش فێر نەبووبی، لە خەڵکیت بیستووە کە گوایە ئەسڵ و فەسڵ و پێشینانی ئێمە مەیموونن.

ئیلاریون بیّ منەت بوو، قاپە عارەقەکە لەبەردەمیا بوو، بۆیە هەڵیدایە:

– ناشێت بەوە ڕازی نەبی کە باپیرت مەیموون بووە.

ئیلیکۆ خۆی لە گیلی داو بەردەوام بوو:

– من، هەرچەندە سەر لە زانست دەرناکەم، بەڵام پێموایە ئەم بۆچوونە زۆر دروست نیە. پێموایە خەڵکانی جیاواز لە رەگو رەچەڵەکو پێشینانی جیاوازەوە هاتوون. بۆ نموونە ئەگەر سیرابیون سیبیر تیلادزە وەربگرین، بێگومان رەگو رەچەڵەکی باپیرانی دەچنەوە سەر بەراز. تۆ بەراوردێکی مالۆسەکەی منو سیرابیون بکە، توخوا لە جمکانە ناچن ؟ سیرابیون قسە ناکات؟ چ قەیدییە ؟ بەشەری لاڵ ناخاتەوە؟ سیرابیوناش عەینی ئەوە.

ئیلاریون گوتی:

– ئەم قسانەت بۆ سیرابیون سیبیرتیلادزە دەگێڕمەوە ها، ئابادو ئەژدادت پێ نیشان دەدات.

– بێ منەت بە ! چما پێتوایە نازانێت ؟

هەنگێ ئیلیکۆ رووی دەمی کردە منو لەسەری رۆیی: با نموونەیەکی باشترت بۆ بێنمەوە، ئیلاریون دەبینی ؟ ئیلاریون گوێ قولاغ بووەوە

– بەڵێ، دەیبینم...

– خۆ دەزانی چەند سەرسەختو کەللە ڕەقە ؟

– بەڵێ، بەناوبانگە...

– بینیوەتە چۆن پێدەکەنێ ؟ دەڵێی نێرەکەرەو دەزەڕێ. ناچار بووم سەری بۆ بلەقێنم.

– گوێچکە درێژەکانی دەبینی ؟

هیچ دەرفەتێکی ئیعترازو چەندو چوون نەمایەوە، رێك لە دوڕ نیشانەکەی دا.

– جا ئێستا ئەگەر دەتوانی، فەرموو بۆمی بسەلمێنە کە ئیلاریون لە تیرەی کەران نیە.

پارووە نانێك پەڕییە ئەوکی (قوڕگ) ئیلاریونو کەوتە کۆکە کۆك. هەناسەی وەبەر هاتەوە، شەپقەکەی هەڵگرتو بەبێ ئەوەی فزەی لە دەم بێتە دەر بەرەو دەرگا ڕۆیی، پاشان بە حەسرەتەوە روانیە قاپەکەو گەڕایەوە، پەرداخێکی تەژی کردو یەکسەری هەڵیداو بە کڕی بەرەو دەرگا چوو. بەڵام هەرکە گەییە بەر دەرگاکە ئاوڕێکی دایەوەو بۆڵاندی:

– ڕاوەستە بۆم کوێری لە خوا عاسی، بزانە چۆن پەنجەی پەشیمانیت پێدەگەزم.

ئیلیکۆ، لە کانگای دڵەوەو بەوپەڕی شادی پێکەنی،.... رۆژی چاوەڕوانکراو، رۆژی کەوتنەوەی نەوەو نەتیرەی یورکشایر نزیك بووەوە. ئەوانەی بە تەما بوون ببنە خودان (خاوەن) بەراز، لێکدا لێکدا روویان دەکردە ماڵی ئیلیکۆ. هەر یەکەیان پووتێك گەنمۆکی ڕادەستی ئیلیکۆ دەکردو پسوولەیەکی بەم نێوەڕۆکەی لێوەردەگرت:

***" من کە ناوم ئیلیکۆ چیکۆگیدزەیە، یەك پووت گەنمۆکم لە فلان هاووڵاتی وەرگرت، و بەڵێن دەدەم کودەڵەیەکی، نێر یا مێی، دوای لە شیر بڕانەوە، پێدەدەم ".***

دانو سانەکان زۆر ئاسایی و لە هاماجو کەشو هەوایەکی دۆستانەو بێ مشتو مڕدا سەری دەگرت، تەنیا لە یەك حاڵەتدا نەبێت: هەر کڕیارێك هەوڵی دەدا کودەڵەیەکی مێچکەی بۆ دابنێت. هەنگێ ئیلیکۆ دەکەوتە گلەیی:

– خەڵکینە! ئاخر لە کوێ بووە مالۆسێك بە جارێ دوازدە کودەڵەی مێچکە بێنێ ؟!

وەلامیان دەدایەوە:

– بۆ نابێ. ژنەکەی کوچەلیا تسینسادزە دوازدە کیژی بوو.

– باشە کەواتە بچن دەگەڵ کوچولیاو سیرابیونادا ڕێکبکەون، با کوچولیا پسوولەتان بۆ ببڕێ، و من دەست لە مەسەلەکە هەڵدەگرم.

کوچولیا توڕە دەبێت:

– ئیلیکۆ چیگوگیدزە، ئەگەر سەرت سپی نەبوویە ،بزانە چۆن ئەم زمانە پیسەم دەبڕیت!

– ئەگەر سەرم سپی نەبووایە ، بزانە چۆن دەمگەوزاندی ودیواودەرم دەکردی !

لە نێو کڕیارەکاندا خەڵکانێك هەبوون دەیانویست سیرابیونای لێبکڕن، بەڵام ئیلیکۆ، کەسێکی دوور بین بوو و بەیەك چاو وبنجبڕانە دەیڕوانیە ژیان، ئامادە بوو ڕوحی خۆی بفرۆشێت و سیرا بیونا نەفرۆشێت.

ئەسلانی خەڵکی گوندی سوریبی پێی دادەگرت:

– لەوەی پتر چیت گەرەکە ؟ لە بارتەقای مالۆسەکەتدا، ئەسپێك و باشترین دوو سەد لەوحە دارت دەدەمێ. باشە ؟

– ئەسلان گیان، بڕۆ یەکێکی گێلۆکە بۆ خۆت بدۆزەوە! بە خۆت دەزانی شەڕ گەییوەتە بەر مالان: لەوەیە ئەسپەکە بۆ فیرقەی سوارە ببەن، بەڵام کێ پێویستی بە سیرابیونایە ؟.

– تا زووەو کار لە کار نەترازاوە مالۆسەکەت بفرۆشە، چونکە لە کیست دەچێت، هیتلەر هەر بەرداوێژێکی بۆ ئێرە ماوە!

– کەسێ نەمرێ دەیبینێ ئەسلان. چما پێتوایە هیتلەر لەسەر مالۆسەکەی من هێرشمان دەکاتە سەر ؟

هەنگێ ئەسلان هیچی بۆ نەدەمایەوە تەنیا ئەوە نەبێ بە نائومێدی دەست با بدات و بڕوات.

ئێوارەیەك ئیلیکۆ هاتە ماڵمان و فەردەیەك گەنمۆکی لە ژێر دارسێوەکەدا دانا، داپیرەم (نەنکم) لێی پرسی:

– ئەمە چیە، ئیلیکۆ ؟

– دوێنێ یازدە پسوولەم لە بری زۆرپەتەکانی سیرابیونا بۆ خەڵکی بڕیوەو یازدە پووت گەنمۆکم وەرگرتووە، ئەوەندەم بەسە، بە ئاسانی دەمگەیەنێتە پاییز.

نەنکم بە سەرسامی پرسی:

– جا بۆ یازدە پسوولە ؟ چما سیرابیونا هەرسکێ دوانزە کودەڵە ناهێنێ ؟

– یەکێکیان پێشکەش بە نەوە خوێریەکەی تۆ دەکەم. گەنمۆکەکەشی دەدەمێ. زیز مەبە ئۆلگا گیان، بە خۆت دەزانی چەندم ئەم قەل پیاوە خۆش دەوێ .

ڕوندك (فرمێسك) لە چاوانی نەنکم قەتیس ما، هەنیەی ئیلیکۆی ڕامووسی و گوتی:

– خودای دەهەندو دلۆڤان، ئیلیکۆ چیگوگیدزە ڕاوەستاو وشاد بکە، ماڵ و منال و کەسوکاری بەختەوەر بکە، خێرو بەرەکەت بخە ماڵەکەی.

ئیلیکۆ گوتی:

– شەویٚ بۆ ئاش دەڕۆین، دوای سەعاتێکی دی وەرە بۆ لام.

هەنگیٚ ڕۆیی.

... کاتیٚ کە منو ئیلیکۆ سەرو کیسەیەك ئاردمان بە شانا دابوو، و لە ئاش دەگەڕاینەوە، تازە بەیانی دابوو. کەڵەبابان بەسەر لقو پۆپی درەختانەوە بە جۆریٚ دەیان خوێندو دەیانقوقاند خەریك بوو گەروویان دەدڕا، لە تۆ وایە ڕکابەری یەکتر دەکەن. لە پڕ گوێمان لە حوربیو فیزاحێکی دڵتەزێن بوو، ئیلیکۆ گوتی:

– دەنگی ماشیکۆیە، شین دەکات. تۆ بڵێی خەبەری مەرگی کوڕەکەی پێگەیی بێت ؟ بەستەزمانە...

پێمان هەڵگرت. ماشیکۆ هاواری دەکرد:

– ئەم سندانکوشتووە هیچ شوێنێکی نەدۆزییەوەو تیای بتۆپیٚ حەوشەی ئێمە نەبیٚ! دەوجا وەرە قەناعەت بەم کوێری لە خوا عاسیە بکە، کە من هیچ خەتایەکم نیە !.

ئیلیکۆ، کیسە ئاردەکەی تووڕ دا. پێشبینی بەڵایەکی گەورەی دەکرد، چوار پەلی شکا، کەوتە سەر عاردی. وەکو تێسکەی تفەنگ بەرەو ماڵی ماشێکو بۆی دەرچووم، کە لە دیواری حەوشە نزیك بوومەوە، لە ترسانادا قەڵەمی دەستو پێم شکا: سیرابیونا لە نزیکی دیوارەکە کەوتبوو و دەی ناڵاندو بە جۆریٚ باریكو بنێس بوو بوو نەدەناسرایەوە. کەلاکی دوازدە کودەڵەشی بە دەورا کەوتبوو.

زمانم لە زاردا نەدەگەڕا، بە تۆبزی پرسیم:

– ماشێکو، چی بووە ؟

– بەڵا، بەڵا قەوماوە زۆریکیلا گیان... بەم کەلەبەرەی دیوارەکەدا تێپەڕیوە،و ئەوەش ئاکامەکەیەتی کە بە خۆت دەیبینی... چەندم پێگوت: پیرە شەیتان ئاگات لەو مالۆسە بیٚ، مەیەڵە بە ئارەزووی خۆی ئەم بەرو ئەوبەر بکات ! ئەو مەلعوونە بە گوێی نەکردم!... دە بیخۆ بە دەردت بیٚ !

دەرو دراوسیٚ خڕبوونەوە، چ ئەوانەی بە تەمای کودەڵە بەراز بوونو، چ ئەوانەی وەکو هاوخەمیو هاوسۆزی،و چ خەڵکانی فزوڵی، هەموو خڕبوونەوە. ئیلیکۆ، دوا کەس بوو کە خۆی بە حەوشەدا کرد. ڕەنگی زەرد هەڵگەڕا بوو، دەموچاوی چنگێکی لیٚ مابووەوە، ماوەیەکی زۆر چاوی بڕییە سیرابیونا، ئەوجا شەپقەکەی لەسەری داکەندو بە توڕەیی دای بە عاردیداو گوتی:

– خودایا، کوا ئینسافت ؟ هەی بیٚ ویژدان! ئاخر ئێستا من چ قوڕیٚ بکەم ؟

چەند کەسێك کەوتنە دڵدانەوەی:

– ئیلیکۆ، سەبرت بیٚ، بەری تەنگانە کورتە، شوکر مالۆسەکەت ماوەو هاکا بە کەڵ هاتەوەو ئاوس بووەوە.

بەڵام ئیلیکۆ، هەر هاواری بوو:

– ئەدی خاوەن قەرزان، چیان لێبکەم ؟

– گویٚ مەدەیە، ئەویش چاك دەبیٚ، خۆ خاوەن قەرز قەرزاری نەکوشتووە...

ئیلیکۆ ڕووی لە خاوەن قەرزەکان کردو گوتی:

– دراوسێکان، خزمینە، خێرەومەندان، رازین چاوەڕوانی سکی داهاتوو بکەن ؟

دوای بێدەنگیەکی ڕووگیرانە، یەکێك پرسی :

– چ دەڵێن ؟ چاوەڕوان بکەین ؟

– چمان دەسەلاتە ؟ ماقووڵە گەنمۆکەکەی لێ بسەنینەوە ؟ خۆ ئەگەر داواشی بکەینەوە نامان داتەوە !

هەموو لە قاقای پێکەنینیان دا، تەنانەت ئیلیکۆش بزەیەکی بۆ کرد. خەریك بوو، تەمو مژی خەمەکە دەڕەوییەوە بەخۆشی دەبڕایەوە، لە پڕ سیرابیون سیبیرتیلادزە، لە نیو ئاپۆڕاکەوە وەکو سەگی هار دەرپەڕی و بەرۆکی ئیلیکۆی گرت :

– گوێ بگرە کوێری لە خوا عاسیێ. ئەمە ئاخیر جارە پێت دەڵێم: یان ناوی مالۆسە لەعنەتیەکەت دەگۆڕیت، یان هەرچیەکم کرد. ئوباڵت لە گەردنی خۆت! خەڵکینە ئێوە بە شایەد بن.

– تۆ سەرخۆشیت یان وڕینە دەکەی! هاواری چیتە ؟

–دە فەرموو هێشتا ئەو دەپرسێت ! نیوەی خەڵکی گوند لای ماڵی ئێمە خڕبوونەتەوەو مقۆمقۆیانە : ئەرێ بیستووتانە سیرابیون کودەڵە بەرازی بووە ! ژنان دڵخۆشی ژنەکەم دەدەنەوە...وهێشتا ئەو دەپرسێت!..سەرباقی دەویَ!.. هەردووکتان دەکوژم،خۆت و بەرازە بۆگەنەکەت !

خەڵکەکە لە قاقای پێکەنینی دا. بە هەزار حاڵ سیرابیون بەرەو ماڵ کرایەوە، بەلام خۆی ڕادەپسکان و دەیویست خۆی لەدەست خەڵکەکە دەربێنێ.

ئیلیکۆ، ژێراو ژێر ڕوانیە کاچولیاتسیتسنادزەو لە بن لێوانەوە گوتی:

– هەموو کودەڵەکان مێچکە بوون... هەر دوانزەیان... دوای ماوەیەك دەر ودراوسێکان بلاوەیان لێکرد، منو ئیلاریونو ئیلیکۆو سیرابیونا ماینەوە.

ئیلاریون گوتی: – یاللا بۆ ماڵەوە.

وتم: – دەی ئیلیکۆ با بڕۆین.

ئەو شەوە تازەیەمان بۆ کودەڵە لە بارچووەکان گرت...

## شادەتنامەی دەرچون

ڕۆژگار وەرسوڕا. ڕۆژ لە دووی ڕۆژ دەهات و لە یەکتر نەدەچوون، عەینی نان و کولێرەکانی نەنکم. هەر ڕۆژێکی نوێ، خۆشییەکی نوێی پێبوو. باب و مێردو کوڕو برایان بۆ ماڵی خۆ دەگەڕانەوە.

ماڵباتی ئێمە، کەسمان لە بەرەی شەڕ نەبوو، کەچی من هەموو ڕۆژێ لەگەڵ خەڵکەکەدا دەچوومە سەر ڕێگا بۆ پێشوازی ئەو کامیونانەی بریندارو سەربازانی سینگو بەرۆك بە میداڵو نیشانانیان دێنایەوە. وەکو خەڵکەکەی تر دەسومۆچم لەگەڵ دەکردن.

ئەوانەی نەیان دەناسیم بزەیەکی شەرمنیان بە ڕوودا دەدامو ئاشناو ناسیاوانیش بە مێریڤانی روومەتیان نەوازش دەکردم،و پێیان خۆش بوو کە دەیانبینی گەورە بوومو، بووم بە پیاو. چوار دانە ساڵ بوو گوندەکەمان لە خۆشیو شادیو ئاشتی بێبەش بوو، خۆشی بۆ گوند گەڕایەوە، گوند، وەکو چۆن دایکێك کوڕێکی ون بووبێو پاشان دۆزیبێتیەوە، بەو ئاوایە پێشوازی خۆشیو شادیو ئاشتی کرد.

ئەمە بەهاری ساڵی ١٩٤٥ بوو...

تیشکی سەخاوەتمەندی هەتاو تەبیعەتی لە خەوی سڕبوون بێدار کردەوەو بوژایەوە، ڕانو پەزان بە قەد پاڵەکانەوە دەلەوەڕنو بۆنو بەرامەی گوڵو گولیلکانی کێڵگەو مەزرایان بە ئاسماندا بڵاودەبێتەوە.

دەرسو خوێندن تەواو بوو، ئیزن درابووین. خۆمان بۆ دوا تاقیکردنەوەی دەرچوون ئامادە دەکرد. منو ماری بەیانیان، لە گوندی وەدەردەکەوتینو بۆ دەورکردنەوەو کۆشش ڕوومان دەکردە کۆنە ئاشەکەی دەرێی گوند. لە سێبەری دارگوێزێکی زەلامدا دادەنیشتین، دەرسەکانمان دەور دەکردەوە.

وا ئەمڕۆکە بە دوو قۆڵی لەبن دارەکە دانیشتووینو خۆمان بۆ تاقیکردنەوەی زارەکی زمانی جۆرجی ئامادە دەکەین. ماری دەڵێت:

- دەبێ ئەم شیعرە ئەزبەر بکەیت. گوێ بگرە، ئەمە شیعری گالاکیتونە"١":

***دڵ پڕ لە هیوایە***
***ئاسمان یەکپارچە روناکیە***
***کوڕ دەڵێ: هێواش نازدار***
***کچ دەڵێ: بڕۆ هەژار***

- ئەگەر نەنکم بوایە دەیگوت: " بڕۆ تا چاو هەرزانە بمرە، هەی بێ شەرمو حەیا ".

ماری پێدەکەنێو دەست دەخاتە سەرزارم : با خەریکی دەرسەکەمان بین.

ئەوجا من ئەو شیعرانە دەخوێنمەوە کە خۆم حەزیان لێدەکەم،و بێگومان لە تاقیکردنەوەدا دەیان خوێنمەوە، با لە مەنهەجیش دا نەبن:

***چیا مەندیلی سپی دادەکەنێ***
***قەدپاڵ جلی کەسك دەپۆشێ***
***شەهدو هەنگوین***
***لە لێوانت دەچۆڕێ***

*ماری* دادەنیشێت، بە هەردوو دەست ئەژنۆکانی لە باوەش دەگرێتو نیگا دەبڕێتە ئاسۆی دوور، شیناتی ئاسمانی بێ کەوشەنو سنوور، کە پەڵە هەوری سپی بەرزو دوور هەر ئەوەتا بە چاو دەبینرێ، مەلەی تیا دەکات.

*هەزاران ساڵە بانگ دەکەم،*

*هاوار دەکەم: وەرە نازێ*

*با بڵاچەکانت بمسووتێنێ،*

*بمکات بە خۆڵەمێشو*

*بمداتە دەم باوە.*

دەنگێك لە پەنا گوێمەوە، غافڵگیری کردم:

– ها چیە گەڕاویتەوە سەر شیعر دانان ؟

وەکو ماران گەستە ڕاپەڕیم، ئاوڕم دایەوە، دیتم ئیلاریون بەدەم زەردەخەنەوە بە دیارمەوە وەستاوە.

– مەرحەبا ئیلاریون،بۆ تاقیکردنەوە دەوردەکەینەوە .

ئیلاریون گوتی: – سلاو، نا، نا دەبینم، دەبینم چۆن دەوردەکەنەوە و سەعی دەکەن.

ئەوجا دانیشتو گوتی: – کاروبارتان چۆنە ؟

ماری وەڵامی دایەوە:– خەریکە تەواو دەبین .

– خەریکە تەواو دەبن یان خەریکە دەست پێدەکەن ؟

گوتم: – ئەم قسەیە چیە ؟ تەنیا یەك تاقیکردنەوەمان ماوە !

– هێی گیانە، هێشتا تاقیکردنەوەیەکی زۆرتان لە بەردەمدا ماوە! هیوادارم خۆت لە گێلی نەدەی!.

من لە مەبەستی ئیلاریون تێدەگەیشتم، بەلام بە ئانقەست خۆم لە گێلی داو شانەکانم هەڵتەکاند.

ئیلاریون دارێکی پێبوو و ئەرزەکەی پێ هەڵدەکەند، ئەوسا پرسیاری جگەرەی لێکردم. کاتێ کە پێمگوت جگەرەم پێ نیە، کیسە توتنەکەی دەرهێناو بەکاوەخۆ سیغارێکی پێچایەوە، نەفەسێکی قووڵی لێدا، ئەوجا دووکەڵەکەی لە دەمیەوە دەردایە دەرێ، لە پڕ دەستی بە خوتبەیەك کرد کە پێشتر ئەو جۆرە خوتبەیەم لێ نەبیستبوو:

– ژیانی بەشەر، منداڵە ئازیزەکانم، وەکو ئاشە. پەروانەی ئاش دەبینن ؟ پەروانەکە چارەنووسەو ئەو ئاوەی لە بەرزییەوە دەکرێتە سەری، ژیانی بەشەرە. ئاو هێزێکی گەورەیە، منداڵێنە. لە ئاگرو با بە هێزترە، ئاو بەردو تاوێران وردو خاش دەکات. ئاوەکە چۆن ئاراستە بکرێ بەو ئاوایە ئاشەکە دەگەڕێ... خەڵکی بە نیازو مەبەستی جیاواز دەچنە ئاش: هی وا هەیە بۆ نۆرە باراش دەچێ، هی وا هەیە بۆ ئارد دەچێ، هی وا هەیە هەر بە هەوەسو بێ هیچ مەبەستێك دەچێت،و بە درێژایی ڕۆژ دادەنیشێت گوێ لە دەنگی بەرداشەکە دەگرێو ئیدی بەڕێی خۆیدا دەڕوات... لە بیرمە کاتێ کە ئاشەکەی کۆڵخۆزمان دروستکرد، لە روباری

(لاشی)یەوە جۆگەیەکمان خستەسەری، ئاوەکە بەردەوام دەهاتە خوارێ، بەڵام نەیدەتوانی پەروانەکە لە جێی خۆی بجوڵێنێ، ماندوو بوو.

هەنگێ هەستاین جۆگەیەکی ترمان بۆ هەڵبەست، ئیدی هەموو شتێك ڕایی بوو، پەروانەکە کەوتە سووڕانەوە، بریا دەتان بینی چۆن کەوتە سوڕان! لە قسەکەم تێدەگەن؟ ئەگەر دوو جۆگەو روبار هەبێ زۆر مسۆگەرترو سەلامەت ترە!... جا ئێوە بەم زووانە قوتابخانە تەواو دەکەن، هەڵبەتە بە نیازن درێژە بە خوێندن بدەن... ئەمە زۆر باشە، بەڵام کاتێ پیاو بۆ شار دەڕوات، نازانم بۆچی، زۆر زوو گوندو دۆستو برادەرەکانی لە بیردەچێتەوە...

هەنگێ ئیلاریون، لە پڕ ڕوویکردە ماریو پرسی: – کیژەکەم تۆ دەچیت بۆ شاری ؟

– باوەڕناکەم، هاپۆ ئیلاریون... ناتوانم...

– خێری پێوە بێ، باشتر! مانای وایە زۆریکۆشمان لە دەست ناچێت !

ئیلاریون دەستی بە شانما داو هەستا. ماری بەشەرمەوە سەری داخست.

ئیلاریون گوتی: منداڵینە دنیا هەمووی لەبەردەم ئێوەدا کراوەیە. هەر هەمووی...

ئەوجا ئاماژەی بۆ بەرداشێکی فڕێ دراوی ناو حەوشەکە کردو لەسەری رۆیی:–... بەڵام منو ئیلیکۆ لەم بەردە گەورەیە دەچین.

سەرمازەڵەیەکی بۆری گەورە سەرکەوتە سەر بەرداشەکەو خۆی لەبەر تیشکی هەتاوە خۆشەکە هەڵخست.

لە ئاهەنگێکی شکۆدارا، لە سەنتەری کۆکردنەوەی چای، کە لە کاتی پێویستدا دەکرا بە هۆڵو یانەی ئاهەنگان، شادەتنامەی دەرچوونیان بەسەردا دابەشکردین.

قوتابخانەکەمان تیپی مۆسیقای ئامێری هەوایی تیا نەبوو، بۆیە تیپی مۆسیقای جەنائیزی لە مەرکەزی قەزاوە هێنرا بوو، تا بە گوێرەی دابو نەریتی باو، دوای ئەوەی هەر قوتابییەك شادەتنامەکەی وەردەگرت، مۆسیقای ڕێز لێبدرێ. تیپەکە بەر لە دەستپێکردنی ئاهەنگە فەرمیەکە، لەسەر داوای روممولی گۆرانی (کوڕی دایکی) لێدا . پاشان داوام لە موزیکژەنەکان کرد کە پارچەیەکی شادتر لێبدەن،و حەوت دانە ڕۆبڵم خستە بەرکی سەرۆکی تیپەکەوە کە کلارنێتژەن بوو، و داواکەیان جێبەجێکردم، دوای ئەوە داوایان لێکرا گۆرانی میللی جورجیایی (خسنبیسگورا) لێبدەن، بەڵام سەرۆکی تیپ رەفزی کردو گوتی تیپەکە ناتوانێ ئەو مۆزیکە لێ بدات.

لە نیوەڕۆدا، کۆبوونەوەکە ساز بوو،و ئاهەنگەکە بە فەرمی دەستی پێکرد، مامۆستاکانو بابی قوتابیە یەکەمەکان سەرکەوتنە سەر شانۆ. داپیرەم ئامادەی کۆبوونەوەکە نەبوو، چونکە تۆزێك نەساغ بوو، بۆیە یەکێك لە کورسیەکانی سەر شانۆکە بەتاڵ بوو.

بەڕێوەبەری قوتابخانەکە، ئاهەنگەکەی بە وتارێك کردەوەو لە وتارەکەیدا گوتی کە ئێمە ئیتر گەورە بووینو دەتوانین بە مەیلو ئارەزوی خۆمان رەفتار بکەین،و بگرە دەتوانین سەری خۆ بە دیواریشدا بدەین. ئەوسا بە گوێرەی ریزی پیتی ئەبجەدی کەوتە بانگ کردنمان، هەر دەرچوویەك دەچووە پێشی، بەڕێوەبەر چەند قسەیەکی دەربارەی دەکردو ئەوجا شادەتنامەکەی

دەدایە دەستی،و بە گەرمی دەستی دەگوشی و چاوی دەبڕییە (بافلوشا)ی وێنەگر کە دوگمەی زوومی کامێراکەی بەرز دەکردەوە. ئیدی خوێندکاری دەرچوو کە لە جێی خۆی بە ترس و دڵەخورپەوە دەوەستا تا بافلۆشا لە یەکەوە تا دەی دەژماردو ئەوجا دەستی دادەگرت،و کۆتایی وێنەگرتنەکەی رادەگەیاند،و هەنگێ تیپەکە مۆزیکی ڕێزی دەژەند.

کاتێ کە ناوی من هات، مۆزیکژەنەکان، نازانم لەبەرچی، وایان تەسەور دەکرد لە پرسەدان، دەستیان بە ژەنینی ئاوازێکی خەمین و ماتەمیانە کرد.

بەڕێوەبەر نیگایەکی ئاگرینی کردن، تیپەکە یەکسەر بایدایەوەو دەستی بە ژەنینی مۆزیکی ڕێزو نەوازش کرد.

قەرار وابوو لە دوای ئاهەنگە فەرمیەکە، ئاهەنگێکی هونەری سازبکرێ‌و تیپی گوند گۆرانی تیا بڵێ. بەلای کەمەوە یەکی هەزار کەڕەت ئەو گۆرانیانەمان گوێ لێ بوو بوو، بۆیە ئاپۆڕاکە بڵاوەیان لێکردو هەرکەسەو بۆ ماڵی خۆی ڕۆییشتەوە.

کاتێ نەنکم شادەتنامەکەی دیتم خەریك بوو لە باوەشیا بمتاسێنێ. گوتی: " ئۆخەی ئیدی عزرائیل توخنم ناکەوێ "و شادەتنامەکەی لە فرمێسکا هەڵکێشام. بەڵام لە پڕ جدیەت نیشتە سەر سەرو سیمای،و نیگایەکی گومانامێزی کردم‌و شادەتنامەکەی نایە سەر مێزەکە، ئەوجا بەکڕی لە ژوورەکە وەدەرکەوت. هەڵبەتە هیچی لێ حاڵی نەبووم.

دوای چارەکە سەعاتێك داپیرەم گەڕایەوە، ئیلیکۆو ئیلاریونی بە دواوە بوون. داپیرەم گوتی:

– فەرموون خزمینە .

ئیلیکۆو ئیلاریون دانیشتن. ئیلاریون ڕووی تێکردم:

– ئەمجارە چ چەپکە گوڵێکت بە ئاوا داوە ؟

شادەتنامەکەم دایە دەستی و گوتم:

– شادەتنامەی دەرچوونم وەرگرتووە.

نەنکم گوتی:

بۆیەم بانگم کردوون، تا بزانن ئەم شادەتنامەیە دروستە، یان وەکو ئەو ئافەریننامەو ستایشنامەیەی کە پار بۆی هێنامەوەو، دوایی دەرکەوت هی قوتابیەکی دیکەیە.

ئیلاریون شادەتنامەکەی لێوەرگرتم ماوەیەکی زۆر لێی ورد بووەوە، بە وردی ڕوانیە تەمغەو ئیمزاکانی سەری،و تەنانەت دایە بەر تیشکی روناکیەکەو ئەوجا دایە دەست ئیلیکۆ، کە هەمان کاری ئەوی دووبارە کردەوە، بەڵام بە دیقەتێکی زیاترەوە، ئەوجا دایەوە دەست نەنکم‌و گوتی:

– شادەتنامەیەکە چۆنی بڵێی، عەیارە بیست و چوارە.

– دڵنیایت ؟

– هەڵبەتە! چونکە یەکەم ناتوانێ کارتێکی بەتاڵ بە دەست بێنێ، دووەم مۆرو تەمغەکە ساختە نیە، سێیەم دیوی دووەمی کارتەکە بە زمانی روسی نووسراوە کە ئەمە لە توانای هیچ قوتابیەکی مامۆستاخات زابلونادا نیە، چوارەم نمرەکانی هەر هەمووی سێیە. تاقە یەك چواری تێدا نیە"٢"

نەنکم هەناسەیەکی ئۆخەی هەڵکێشاو ئەو بارە قورسەی لەسەر لاکەوت:

– سوپاس بۆ یەزدان! دڵنیات کردم، ئیلیکۆ گیان!

ئیلاریون، جارێکی دیکەش شادەتنامەکەی وەرگرتەوە:

ئیلاریون، بە حینجە نووسینەکەی خوێندەوە:

– شا... د –ــە – ت نامەی پێ ... گەی ... شتن"٣"

ئەوجا لە من هاتە پێشێ و قامکی کێشا بەسەرماو هاواری کردو بە ئیلیکۆی گوت:

– هێی برادەر، ئەگەر ئەمە پێگەییشتوو بێ، من شاهنشام.

– قەیدی نیە... تەماتە بە سەوزی بۆ بازاڕ دەنێردرێت تا بڵ و خراپ نەبێت، لە رێگەدا دەگات .

– کەواتە با بڕیار بدەین: دەبێ چ بکات، لە کوێندەر بخوێنێ، چ پیشەیەك هەڵبژێرێ. پیاو دەبێ بەرنامەو نەخشە بۆ ژیانی خۆ دابنێ، ئەگینا دەچێت بۆ شارو وەکو کەر هەر گوێچکەکانی دەلەقێنێ.

ئیلیکۆ پرسی: – دەتەوێ بچیتە چ کۆلیجێك ؟

شانەکانم هەڵتەکاند .

– نەوەکەم دەبێ ببێت بە دکتۆر، من پیر بووم و پێویستم بە دکتۆرو سەرپەرشتیارە.

ئیلیکۆ گوتی: – وا دیارە دەتەوێ بە دەستی ئەو بمریت ؟

ئیلاریون گوتی: – کۆلیجی مێژوو چۆنە ؟

ئیلیکۆ گوتی:

– ئەگەر من لە جێی ئەو بام یاسام دەخوێند، بۆ نموونە تەمەشای حاکمەکەمان بکەن: بۆ خۆی بووە بە پیاو. بە جووتێ نەعلی شڕەوە هاتە ئێرە، کەچی ئێستا خۆی بە پاڵتۆی چەرم و چەرمەوە با دەدات !

– ناوەڵڵا با خۆی لە قەرەی یاسا نەدات، خەڵکی دڵنەرم و دلۆڤان بە کەڵکی یاسا نایەت. ناتوانێ یەك کەسیش بگرێت.

– ئەدی چۆنە بچێتە کۆلیجی ئەدەبیات ؟ شیعر دەهۆنێتەوەو ماشەڵڵا زمانی تیژە. ئەدیبیش لەوە زیاتر چی پێویستە ؟

نەنکم پرسی: – باشە کۆلیجێکی وەها نیە، یەکسەری بیکات بە مامۆستا ؟

ئیلاریون بە شادییەوە گوتی: – با، کۆلیجی لەو بابەتە هەیە، ئیلیکۆ دەرچووی ئەو کۆلیجەیە.

ئیلیکۆ پەلاماری دام:

– بۆ قسە ناکەی قەل پیاو! دە قسە بکە، دەتەوێ بچیتە چ کۆلیجێك. قسە بکە، لووتزل زمانی بەرەڵڵا کردوە.

لە پڕو یەك نەفەس گوتم: – دەمەوێ ببم بە هونەرمەند.

کڕی و کپییەکی وەکو خامۆشی گۆڕستانان دایگرتین . نەنکم بێدەنگیەکی شڵەقاندو بۆڵاندی:

– کوێرییم دایە ! دەتەوێ ببی بە لۆتی و خاوەن خێزان ؟

ئیلیکۆ لە بن لێوانەوە گوتی: – بەستەزمانە لاڵ بوو، دەمی بوو بە تەڵەی تەقیوو.

مشتومڕو گەنگەشە تا بەرەبەیان بەردەوام بوو، ئەوسا هەموو هاتنە سەر ڕای ئیلاریون کە گوتی بە بۆچوونی من پێویستە بچێتە کۆلیجی ئابووری تا لە ڕووی ئابووریو مادییەوە ئایندەی خۆی زامن بکات.

نەنکم زنجیرێکی زیوی لە ملی داکەند کە کلیلێکی تەختی گەورەی پێوە بوو،و چوو بۆ لای سەندوقە قەدیمیەکەو سەرەکەی هەڵدایەوەو بە دڵخۆشیو کەیفخۆشی پانتۆڵێکی مەخمەلی سەوزی باپیرەمی دەرهێنا کە زیاتر لە پانتۆڵی سوارچاکان دەچوو، جووتێ پووتی چەرمی تۆکمەو بەرەونەقی لەگەڵ بلوزێکی سوق درێژ یگیرفانداروپشتێنێکی زیوو و شەپقەیەکی درێژی فەرووی دەرهێناو هەر هەمووی لەبەردەم مندا داناو بە چمکی کراسەکەی فرمێسکەکانی سەر گۆنای سڕیو گوتی:

– بیگرە کوڕم، لەبەریان بکە. چۆن دێڵم بەم جلە شڕانەوە بۆ وڵاتی غەریباتی بڕۆی ! دەبێ سەرتۆپی لاوان بیت، گیانەکەم.

توند باوەشم بە نەنکمدا کرد، بە میهرەبانی هەردوو چاویم ماچ کرد، ئەوجا چووم بۆ ژوورێکی تر، بەپەلە جلەکانم گۆڕیو گەڕامەوەو لەبەردەم (لیژنەی هەڵسەنگاندندا ڕاوەستام). ئیلیکۆ هەڵیدایە: – ماشەللا! سیمونا دولیدزە"٤"یەکە لەو گۆڕە !

... بەیانیەکی زووی ڕۆژی یەك شەممە بوو، منو نەنکمو ئیلیکۆو ئیلاریون لەسەر ڕێگا وەستا بووینو هەر ئۆتۆمبیلێك دەهات دەستمان لێڕادەگرت.

دنکە دنکەی باران لەسەروچاوی دەداین، بای دەهاتو دنیا سارد بوو. نەنکم ئامۆژگاری کردم:

– لە لای شوفێرەکەوە دانیشە !

ئیلاریون گوتی: – سیر خواردنت لە بیر نەچێ، دەنا تووشی نەخۆشی دەبیت .

ئیلیکۆ گوتی:

– کە سواری قیتار بووی کۆلۆنیا لەخۆت بدە، باشترین دەرمانە دژی ئەسپێو هەموو جۆرە مێروویەك.

نەنکم گوتی: – تەمەشا کوڕۆ، دەبێ سبەینێ نامەتم پێبگات.

– بروسکە بنێرە باشترە. نا ئەگەر نامەیەك بە دەستی، بە ڕێبوارێکدا بنێری، لە بروسکەکە زووتر دەگات!

– نەخەڵەتابی دەگەڵ لووسکەو دەمڕووتانی شارا تێکەڵ ببی .

– زوو بگەڕێوە !

– ئەگەر پێویستت بەمەیو شەراب بوو، نامە بنێرە، شەرم مەکە.

ئەنجام ئۆتۆمبیلێکی باری ڕایگرت، ژنو منداڵێك لە پێشەوەو لەلای شوفێرەکەوە دانیشتبوون. نەنکم سێ جاران سوڕاندمیەوە تا لە چاوی پیس بە دووربم. ئیلیکۆو ئیلاریون دوا بە دوای یەك ماچیان کردم، ئەوجا لە پاشی ئۆتۆمبیلەکەوە سوار بووم،و شوفێرەکە پێی پێوەنا.

لە پڕ کیژێك بەخۆو پریاسکەیەکەوە لەسەر ڕێگا دەرکەوت، بە هەموو هێزی خۆیەوە غاری دەدا. ئۆتۆمبیلەکە لانسی وەردەگرتو کیژەکەش زیاتر پێی هەڵدەگرت. بەرە بەرە خاو

دەبووەوە، ئەوجا بە ئەسپایی لە بەڕێکەرەکان نزیک بووەوە. کیژێ تا ماوەیەکی زۆر نیگای دووی ئۆتۆمبیلەکە، کە دووردەکەوتەوە، خست . ئەوجا ئاوڕی دایەوەو سەری نا بە سینگ‌و بەڕۆکی ئیلیکۆوە. پێدەچوو بگری، منیش گریام. ئۆتۆمبیلەکە بەرە بەرە دەڕۆیی‌و لە هەر چوار ئازیزەکەم دووردەکەوتەوە.

باران نم نم دەباری، بای دەهات‌و دنیا سارد بوو. چوار کەس لە دووری دوور وەستا بوون. کیژێك سەری بەسینگی ئیلیکۆوە نابوو دەگریا. منیش گریام. هەم دەگریام‌و هەم خۆشحاڵ بووم چونکە دەگریا. لەلایەکەوە باو باران‌و سەرما بوو،و لەلایەکی ترەوە هەتاو و ڤیان‌و فرمێسك‌و شادی بوو. لەوە دەچوو تەنانەت ئیلیکۆش پێی سەیر نەبێ کە چۆن هەتاو و باران یەکانگیر دەبن‌و. بۆچی پیاو زڕخەو دەبێت،و ئەم فرمێسکی شادییە لە کوێوە هەڵدەقوڵێ‌و دێتەخوارێ،و بۆچی هەست بەم هەموو خۆشی‌و شادییە دەکەم.

ئۆتۆمبیلەکە ڕێی خۆی دەبڕی. کەسم لێ دیار نەما. لەسەر ئۆتۆمبیلەکە وەستابووم‌و لە بن لێوانەوە دەمگوت:

– بە دوعا داپیرە.
– بە دوعا ئیلاریون.
– بە دوعا ئیلیکۆ.
– بە دوعا ماری.

***پەراوێز:***

***١ - گالاکتیون تابیدزە: شاعیرێکی بە نێوبانگی جۆرجییە.***
***٢ - سیستەمی نمرە لە پێنج بووە: ٣ دەرچووە، ٤ باشە، ٥ زۆر باشە.***
***٣ - ناوی حەرفی شادەتنامەی دەرچوونە.***
***٤ - سیمونا دولیدزە: قارەمانێکی میللی جۆرجیە.***

## ڤیتار

شوفێرەکە لەلای وێستگەی ڤیتاری شاری مخارادزە دایگرتم‌و داوای کرێکەی لێکردم. پشتێنە زیوینەکەم کردەوە، لایەکی بلوزە دەڵبەکەم هەڵدایەوەو دەستم بە کردنەوەی دوگمەی پانتۆڵەکەم کرد. شوفێرەکە حەپەساو بە ترسەوە ڕوانیە دەوروبەری خۆی، ئەوجا دەستی گرتم: – تۆ شێتی؟.

– ئەدی چۆن کرێیەکەت بدەمێ ؟
– هەی گێل خۆت! باشە چۆن دەبێ بەم ڕۆژی نیوەڕۆیە پانتۆڵەکەت دابکەنی ؟
– ئاخر گیرفانەکەی لە ناوەوەیە !

شوفێرەکەم دڵنیا کردو لەسەر کاری خۆم بەردەوام بووم. دوای گەڕان و ماندوو بوونێکی زۆر، ئەنجام گیرفانە نهێنییەکەم دۆزییەوەو بە دەستێك کەوتمە کردنەوەی گیرفانەکەو بەدەستەکەی ترم پانتۆڵە داماڵراوەکەم گرتبوو کە نەکەوێت. کە پارەکەم دەرهێناو کەوتمە ژماردنی، لە پڕ گوێم لە دەنگێك بوو هەر لە پڕمەی ئەسپ دەچوو. داینەمۆیەکە چەند پڕمەیەکی کردو ئەوجا تۆپەڵێك دووکەڵی شینباوی بەسەروچاودا کردم. لەکاتێکا کە هەناسەم تازە دەکردەوە، ئۆتۆمبیلەکە پێچێکی کردەوەو لەبەردەممدا وەستا. شوفێرەکە دەموچاوە سورفلە گەشەکەی هێنایە دەرێ و شەپقەکەی هێنامە سەر کەپووم و بە تەوسەوە گوتی:

– ئەوەندە بەسە، خۆت لەبەر بکەوە! پێویستم بەپارەی تۆ نیە.

مەکینەی ئوتومبیلەکە پڕمەیەکی تری کردو ئۆتۆمبیلەکە بۆی دەرچوو، لە دواوە هاوارم کرد:

– سەلامەت بی! هەر بژی!

شوفێرەکە سەری لە ئۆتۆمبیلەکەوە دەرهێناو بە دەست سڵاوێکی بۆ کردم. منیش لە ناوەندی مەیدانەکەدا لە کاتێکا پانتۆڵەکەم تا نیوە داکەندرابوو، وەستا بووم و بە حەپەساوی لە دەوروبەری خۆم دەڕوانی.

دوای ئەوەی چەند قسەیەکی کەمم دەگەڵ خانمە بلیت فرۆشەکەدا کرد بۆم دەرکەوت چوون بۆ تەبلیسی بە پێیان زۆر ئاسانترە لەوەی بلیتی ئەوێندەرت دەست بکەوێ. بۆیە مەسەلەی کڕینی بلیتم لە مێشکی خۆم سڕییەوەو یەکسەر ڕووم کردە سەکۆی قیتارەکە.

قیتارەکە دوای سەعاتێك هات. شەپۆلی پاڵە پەستۆی ئاپۆڕاکە هەڵیگرتم و ڕێك نووساندمی بە پەیژەی فارگۆنەکەوە. هەناسەم تەنگ بوو. ویستم هاواربکەم. بەڵام دەمم نووسابوو بە پاژنەی رووتی خانمە بەرپرسەکەی فارگۆنەکەوە. وەکو مریشکێ بە مل هەڵواسرابێ کەوتمە لەقەفرتێ. ئەوەی قوڕەکەی خەستتر کردەوە، ئەژنۆی کەسێك بوو کە لە پشتم گیر بووبوو، کەسێکی تر بە هەموو هێزی خۆی چنگی لە قژم نابوو. کاتێ کە زانیم ئەگەر ئەم بایە لەم کونەوە بێت، شادەتنامەکەم تیا دەچێت و بە فیڕۆ دەڕوات، گوڕێکم دایە خۆو چنگم لە پاژنەی خانمەکە گیرکرد. هاواری قیتارەکەو خانمەکە پێکەوە بەرز بووەوە. ئیدی بوو بەو ڕۆژەی قەرە وەیسی تیا کوژرا.

– بۆچی لە جێی خۆت وشك بووی ؟ بجوڵێ!

– پێت لەسەر سەرم لابە !

– خەمت نەبێ هاپۆ، پێم پاکە !

– باشە، کەواتە پێەکەی تریشت دانێ !

– دەرچوو، دەرچوو!

– چی دەردەچێ ؟

– هیچ نیە، چاوت دەرچێ!

– ڕێبوارانی بەڕێز، ڕێمبکەن بارەت بم، بلیتم پێیە !

– ئاگات لێبێ، لێت نەکەوێ، توند بیگرە !

– ئەهای دز دز، بیگرن !

– جانتاکەدانیٚ خویٚڕی، هەرمیٚی تیایە !

– پۆلیس، تەقەی لیٚبکە !

– تەقە بۆ کویٚ بکەم ؟ چۆن بزانم کامە دزەکەیە ؟

– کەواتە تەقە لە من بکە !

– خیٚرا، خیٚرا، یاللا سەربکەوە !

دەنگی شووت بەرز بووەوە، دووجار زەنگ لیٚی دا، شەقیٚکی موبارەك دەلەکی دامە نیٚو فارگۆنەکە، لەوە دەچوو قیتارەکە چاوەڕوانی ئەم ساتە بووبیٚ، لە پڕ تەکانیٚکی دا وکەوتە شووت لیٚدان وەکو ئەوەی بیەویٚ هەراو هەنگامەو دادو بیٚدادو نەفرەتو جنیٚوی ئەوانەی لەسەر سەکۆکە مانەوە، بشاریٚتەوە.

دوای کەمیٚك، جەوەکە ئارام بووەوە، سەرکەوتمە سەر ڕەفەی سیٚیەمو بوخچەکەم نایە ژیٚر سەرمو شەپقەکەم هیٚنایە سەر کەپووم... دووکەلی سیغاران چاو کویٚر دەکات.

فارگۆنەکە بەردەوام جیكو هۆڕیەتی. پیٚچکەی قیتارەکە وەکو دەهۆلٚ ڕمبەڕمبیەتی. ئەم دەنگە شتیٚکم وەبیر دیٚنیٚتەوە، شتیٚکی نزیك، بەلام دوور، دوور بەو رادەیەی کە ناچمەوە سەری. خەو زۆرم بۆ دیٚنیٚ... خەونو خەیالٚ هەلٚمدەگریٚ، بۆ دوور دوورم دەبات... تەمو مژ لە پڕو یەکسەری بالٚ بەسەر هەموو شتیٚکدا دەکیٚشیٚت... کاتیٚ خەو زۆرت بۆ دیٚنیٚ، پیٚلٚوی چاوان قورس دەبن، لە هەموو شتیٚکی ئەم دنیایە قورستر دەبن... ئەم تەقو هۆڕە چیە ؟ نەخیٚر لە ئاشم. دەنگی بەرداشە.بە دەم چاوەڕوانی ئاردەوە دەنووم، لە ناکاو دەنگیٚکم هاتە گویٚ: – زۆریکۆووو! نەنکمەو بانگم دەکات.

– هاتم !

نەنکم دەستی دەکات بە چەتر تا چاوی لە تیشکی هەتاوەکە بپاریٚزیٚو دیسان گازم دەکات:

– زۆریکۆووو!

بە دەم ڕاکردنەوە، هەورازو نشیٚو بە نیٚو تەمتومانەکە دەکەومو هاوار دەکەم : هاتم، نەنە، هاتم !

دەنگی شووتی قیتارەکەو هاواری پڕنیگەرانی نەنکم تیٚکەلٚ دەبن: – وەرە، وەرە! زۆریکیلا بۆ کویٚ؟ وەرە، وەرە !

ڕیتمی ڕمبەی پیٚچکەکان لە گویٚمدا دەنگدەداتەوەو لە من وایە دەلٚیٚت: – ئیلاریون... ئیلیکۆ... ئیلاریون... ئیلیکۆ... لە نیٚوان خەوو بیٚداریدا بووم دەنگیٚکم هاتە گویٚ:

– پردەکە...

یەکیٚکی دی دەلٚیٚت: – دەی کوڕینە. پەنجەرەکە بکەنەوە، خەریکە دەخنکیٚم! یەکیٚکی تر دەلٚیٚت: – دەبیٚ بە نۆرە هەناسە هەلٚمژین دەنا هەواکە تا تەبلیسی بەش ناکات.

– ئەمە جانتای کیٚیە ؟ خیٚرا لایدە، دەنا لە پەنجەرەکەوە توڕی دەدەم !

ئەمجارەیان لەسەر ڕەفەکەوە سەرم کیٚشاو خاوەنی دەنگەکەم بینی. کابرایەکی لووت دریٚژی دەندووکە دالاشی بوو، دەموچاوی تیژو باریك لە کولٚینگ دەچوو.

ڕێبوارێکی دەموچاو خڕپنی ڕوو شملاوی وەك هێلکە قەل وەلامی دایەوە: – ئەوە عەرزو ئەوە گەز، ئەگەر ئازای توڕی بدە! بزانە چۆن تورت دەدەمە خوارەوە. چوار سەر خێزانی برسی بە تاسەو پەرۆشەوە چاوەڕوانی ئەم جانتایەن.

کابرای دەموچاو کولێنگ ئاسا بە توڕەیی دووبارەی کردەوە:

– من هەقم نیە کێ چاوەڕوان دەکات یان ناکات، خۆ لاقی خۆم نەدۆزیوەتەوە. پێمگوتی جانتاکەت لابدە دەنا لە پەنجەرەکەوە توڕی دەدەم.

کابرای (هێلکە قەل) بە نە بەدڵی جانتاکەی هەڵگرت و ڕوانیە ڕەفەکەی سەرەوەو بانگی لێکردم:

– هێی، ناوت چیە !

– زۆریکۆ .

– گوێ بگرە، یەکسەر وەرە خوارێ ! لەوێ پاڵکەوتووە دەڵێی میرزادەیە. ئەوە شوێنی جانتایە، تێدەگەی ؟

– چما جانتاکەی تۆ لە من زیاترە ؟

– گوێ بگرە کوڕۆ! ئەم جانتایە بایی سێ هەزار ڕۆبڵ خۆراکی تیایە، کەللەی تۆ بایی ئەوەندەی تیایە ؟

– قسەی غەڵەت مەکە هاپۆ!

– لێم ببورە بەڕێز ! دەیسا بەپەلە وەرە خوارێ !

– نایەم! وا دەزانی لە ماڵەوە جانتام نیە ؟ با هەمە، بەلام هەڵم نەگرتووە، دەگەڵ خۆمم نەهێناوە. قیتار شوێنی جانتا نیە، شوێنی جانتا ژێر قەنەفەیە. ئا، بەڵێ !

"هێلکە قەل" دەهری بوو: –خەڵکینە تەمەشاکەن، بزانن ئەم گەوجە چۆن قسەم دەگەڵ دەکات! من، بۆ زانیاری تۆ، چوار منداڵم هەن، هەموویان لە تۆ گەورەترن.

کابرای "دەموچاو کولێنگی" گوتی:

– یانی قەبووڵت دەکرد، یەکێك کوڕەکەتی لە شوێنی خۆی دەربکردایە ؟

کابرای (هێلکە قەل) گوتی: – وا ؟ تۆش لەگەڵ ئەودای ؟ کەواتە با ئەو لەجێی خۆی پاڵ بکەوێ و جانتاکەی من هەر لەسەر لاقی تۆ بێ، بۆ من فەرق ناکات.

ئەوسا لە جێی خۆی دانیشت.

کابرای (دەموچاو کولێنگی) پڕی دامێ: – دابەزە، دەمڕووت، گوێت لێیە ؟

گوتم "دانابەزم"و کەوتمە هەڵڕوانین بە میچەکەدا. کابرای (هێلکە قەل) هاواری کرد: – تیتی، ئەهای تیتی!

تیتی فارگۆنەکە، لەپێشا لایتەکەی لە دەرگاکەوە هێنایە ژوورێ، ئەوجا سەری هێناو داوای تکیتەکانی کرد. بەلام یەکسەر بزەیەکی بۆ کردو گاڵتەی بە ساکاری خۆی هات و داوای کرد پارەکانمان حازر بکەین.

دەرکەوت کە هەندێ لە ڕێبوارەکان تکیتیان هەبوو. کابرای تکیتبڕ نیگایەکی تەوسامێزی کردو ڕۆیی .

بێدەنگی باڵی بەسەر فارگۆنەکەدا کێشا. هەرکەسەو لە بیری کاروباری خۆیدا بوو. لەقەلەقی بەردەوامی فارگۆنەکە بۆم بوو بە جۆلانەو، لەسەر ڕەفەکە کە بەشەڕ دەستم خستبوو، خەوم لێکەوت... ئەوەتا لە خەوما و بە ئاشکرا دەبینم ئیلیکۆ خۆی بە حەوشەماندا دەکات، کیسەیەك گەنمۆکی بە کۆڵەوەیە، ئا ئەوەتا کۆڵەکەی لە بن دارسێوەکە دادەنێ و دادەنیشێت و دەست بە سیغارکێشان دەکات. لێی دەپاڕێمەوە:

– ئیلیکۆ سیغارێکم وێدە!

بەڵام گوێم ناداتێ، چاو دەبڕێتە ئاسۆی دوور.

– هاپۆ ئیلیکۆ، گیانەکەم، بیکە بەخاتری خوا سیغارێکم وێدە، ئەمە منم من، زۆریکۆم، نامناسی؟

ئیلیکۆ هەڵدەستێت و لە تەمتومانەکەدا ون دەبێت.

– ئیلیکۆ!

– کێیە !

لە پڕ ڕاچڵەکیم و هەستام. ڕێبوارەکان خەوتبوون. ڕێژنەی باران لە پەنجەرەکانی فارگۆنەکەی دەدا. درەخت و دارە تەڕەکان ڕاکە ڕاکیان بوو کە خۆ وەپەنایەکدا بدەن... لە پڕ دڵۆپەیەکی سارد لەسەری دام، نەخێر دانەیەکی تری بە دوادا هات، ئەوجا دڵۆپە سەری کرایەوە. شوێنەکەم گۆڕی. گۆماوێکی چکۆلەی ئاو لەسەر ڕەفەکە بوو. بە قامکان ڕێم بۆ کردەوە، ئاوەکە بەسەر سەری ڕێبوارێکدا ڕژا.

کابرای ڕێبوار بە دەست تەوێڵی سڕی و بە گومانەوە کەوتە بۆنکردنی دەستی و لە خوارەوە هاواری کرد: – ئەوە چیتە کوڕۆ؟

بە ئارامی بەرسڤم دایەوە: – هیچ نیەن. بارانە.

– دەی باشە، تەگبیرێکمانە بکە...

– تەگبیری چی؟ سەرکەومە سەریێ و قەرمیدی ساپیتەی فارگۆنەکە بگۆڕم ؟

– چەنە چەن، کوڕی سەگ! ناتوانی کونەکە بگریت ؟

لەسەر ڕەفەکە دانیشتم، گەڕام و کونێکی چکۆلەم لە میچکەدا دۆزییەوە، قامکم پێیدا کرد. ئاوەکە بە قۆڵمدا هاتە خوارێ و لە باخەڵمدا خڕبووەوە. پشتێنەکەم کردەوە تا ئاوەکە بڕوات. کاتێکم بە خۆ زانی پووتەکەم تانیوەی پڕ بووە لە ئاو. گوتم: – فایدەی نییە.

کەوتمە دابەزین. ڕێبوارێك کە تکیتی بڕی بوو بە بێزارییەوە گوتی:

– ئەو پارەیەی لێمانی وەردەگرن حەرامە !

یەکێکی بێ بلیت لێی هاتە دەست:

– تۆ دەمت داخە، هەقی قسە کردنت نیە! بە خۆڕایی سەفەر دەکات و هێشتاش گلەیی دەکات.

خۆم هەڵدایە ناو فارگۆنەکە، ئاوی ناو پووتەکەم وەکو فوارە فیچقەی کردو گەییە بن میچەکە، کابرای دەموچاو کولێنگی گوتی:

– پووتەکەت داکەنە کوڕۆ، دەنا سەرمات دەبێ. کوا لاقت بێنە با یارمەتیت بدەم.

- قەیدی نیە هاپۆ گیان، ئەزیەت مەکێشە.

دەستم بەدوو ڕەفەوە گرت و بەدەنم لەعاردی بەرز کردەوەو بە ئاسانی پووتەکەم داکەند.

کابرای (هێلکە قەل) گوتی: - سەیرە! نازانم چۆن ئینسان بەم شێوەیە خۆی ئەزیەت دەدات؟ دەبوایە پووتێکی گەورەترت بۆ خۆ بە کردبدایە.

ئامادەبووان لە قاقای پێکەنینیان دا. بە زەحمەت خۆم بە نێو ڕێبوارەکاندا کرد. باران خۆشی کردەوە، هەموو هەناسەی ئۆخەیان هەڵکێشا. گەرمم بووەوە.

کابرای کوڵینگی گەڕایەوە سەر قەوانە کۆنەکەی:

- گوێ بگرە، هەر ئێستا ئەم جانتا میراتیە لابە، ئەگینا، بەزاتی خودا، لە پەنجەرەکەوە تووڕی دەدەمە دەرێ.

کابرای (هێلکە قەل) بە بێدەنگی جانتاکەی هەڵگرت و نایە سەر ڕەفەکەی من.

دیسان بێدەنگی دەواری هەڵدا.

لە پڕ یەکێك پژمەیەکی سووکی کرد، هەر بابا بوو و لە جێی خۆیەوە دەیگوت : - خێر.

دوای نیوە سەعاتێك جگە لە دوعای خێرو عەمر درێژی و سەرکەوتن هیچ شتێکی دیت بەرگوێ نەدەکەوت، لە تۆ وایە هەموو بنعامن و دوای دابڕانێکی زۆر یەکیان گرتووەتەوە.

کابرای (کوڵینگی) هەڵدایە:

- نا، وا نابێ، ئەمە حاڵ نیە. دەبێ تا هەموومان تووشی سیل نەبووین و نیشانەی خاچی سووریان نەخستۆتە سەر فارگونەکە، فریای خۆ بکەوین و شتێك بکەین.

کابرای (هێلکە قەل) گوتی: - وا دیارە ئەوەندەش گێل نیە وەکو تەسەورمان دەکرد.

و قاپێ عارەقی لە شوێنێکەوە دەرهێنا.

ئەوجا گەنجێکی قژ زەرد، کە تا ئێستا کەس هەستی پێنەکردبوو، هەڵیدایە:

- شەرابم پێیە، شەرابێکی زۆر، لەوێ لەسەر ڕەفەی سێیەمە، یەك بۆشکەی گەورەیە. وەرن با دایگرین.

یارۆی (کوڵینگی)، لە خۆشیا کەوتە هەڵگلۆفتنی دەستەکانی و گوتی:

- نا، جارێ وەختی شەراب نیە... باشتر وایە عارەق بخۆینەوە.

گەنجە قژ زەردەکە، بە ڕوو خۆشییەوە گوتی: - باشە، با بە کەیفی ئێوە بێت.

ڕێبوارە تکیتدارە بەویقارەکە بە گەنجە قژ زەردەکەی گوت:

- باشتر وایە سەری بۆشکەکە بکەیتەوە، لەوەیە بتەقێت و هەموومان تەڕ بکات.

گەنجە قژ زەردەکە هەستا،و بە بێدەنگی بە قسەی یارۆ سەری بۆشکەکەی کردەوەو گەڕایەوە شوێن خۆی.

ڕێبوارەکان، سفرەیان ڕاخست و بە خۆراکی هەمە جۆر ڕازاندیانەوە، یەکێکیان قاپێ عارەقی داناو دەموچاوی کوڵینگی-ش دوو قاپی تری داناو بوو بە تەمادا (سەرگەورە)"١".

– هاوڕێیان! کەستان هاوڕێی من نین، بەڵام بە خۆتان داب و نەریتی نێو قیتاران دەزانن. خەڵکی لە سەفەردا یەکیان خۆشدەوێ. ئێمە کێین؟ لە چ دەڤەرێکەوە هاتووین؟و چ شەیتانێك هەڵی گرتووین؟

ڕێبوارە تکیتدارەکە گوتی: – من لە ماموری دەگەڕێمەوە.

یارۆی تەمادا(سەرگەورە) قامکی بۆ (هێلکە قەل) ڕاکێشاو لەسەری ڕۆیی:

– زۆر باشە، ئەدی ئەم برادەرە کوێندەرییە ؟ مەگەر شەیتان بیناسێت.

(هێلکە قەل) لە جێی خۆی ڕاپەڕی: – چۆن "مەگەر شەیتان بیناسێت". ئەم زمانە بەرەڵڵایە چیە؟ دەمت بگرە دەنا...

– واز بێنە با نەخبەکە تەواو بکەم، بۆ توڕە بوویت ؟ باسی چیم دەکرد؟ ئا، بەڵێ. ئێوە من دەناسن ؟ نەخێر! ئەدی من ئێوە دەناسم ؟ هەڵبەتە نەخێر. ئەگەر لە کاتێکی تردا بێ، بێزم نایە تفیش بکەمە چارەتان، بەڵام سیحرو ئەفسوونی قیتار لەمەدایە ! هەموومانی کۆکردەوەو کردینی بە خزم و دۆست! جا بەم بۆنەیەوە بە خۆشی قیتار دەخۆینەوە.

یارۆی دەموچاو کولێنگی کۆتایی بە نەخبەکەی هێناو پێکەکەی خۆی یەکسەری هەڵدا.

– بە خۆشی قیتارەکەمان !

– بژی قیتار!

ڕێبوارە شیکە تکیتدارەکە، پەرداخەکەی دایە من و گوتی:

– بەڕاستی سەیرە... نەخبی قیتار! هاوڕێیان ئەمە یەکەمجارمە کە بە قیتار سەفەر دەکەم.

(هێلکە قەل) وەڵامی دایەوە: – خەنی لە خۆت، بەڕاستی مرۆڤێکی بەختەوەری.

ئیلیکۆو ئیلاریون پێش سەفەرەکەم ئاگاداریان کردمەوە کە ئاگام لە خۆ بێ، چونکە قیتار پڕە لە دەسبڕ و ساختەچی. پێدەچێ هەڵە بووبن. بۆ نموونە لە یارۆی (کولێنگی)م پرسی... ناوت چیە هاپۆ ؟

– ئەمباکۆ !

– بەڵێ، ئەمباکۆ.

کە یەکەمجار دیتم، لە دڵی خۆدا گوتم: چەند کابرایەکی ڕەزا تاڵە؟ چ گەردەلوولێکی نەعلەتی ئەم مەخلوقەی بۆ ئێرە هێناوە؟ ئەوجا لە کابرای (هێلکە قەل)م پرسی: – ئەدی تۆ ناوت چیە هاپۆ؟

– ناوم ئەنتیبۆیەو چەنەبازی مەکە. بخۆوەو دانیشە !

– بەڵێ.

ئەنتیبۆ هەوەڵجار وەکو شێت دەهاتە بەرچاو.

– ئەدی ئێستا ؟

– ئێستا چی؟ ئێستا قیتارەکە یەکی خستووین. نەخبی قیتارەکەمان.

قسەکەم تەواو کردو پێکەکەم هەڵدا.

تەمادا (سەرگەورە)، سەر لە نوێ پەرداخە تاقانەکەی تەژی کرد. ویستی نەخبی دووەم بە پێوە بخواتەوە، بەڵام سەری دای لە ڕەفەکەو ئازاری گەییشتێ، بۆیە دانیشتو دەستی بە قسان کرد:

– کاتێ کە خوا مەیموونانی فێری قسان کرد، یەکەمین وشەی نێوانیان وشەی (مەرحەبا) بوو. پاشان داری دارستانان بڕانەوەو ماڵو خانووان دروست کرانو هێڵی ئاسن ڕاکێشران،و قیتارانی بەسەر خران،و سواری قیتار بووینو بە یەکترمان گوت: "مەرحەبا"و...

– بە کەسم نەگوتووە "مەرحەبا".

– ئیدی ئەمە پەیوەندی بە سەلیقەو زەوقەوە هەیە.

ئەمباکو هەڵیدایە: – با ئەم وشە فێنكو خۆشە هەمیشە بەسەر زارانەوە بێ.

– ئەمە نەخبێکی باشە. سەیرە! مەرحەباو سڵاو دەکاتەچی؟ مەسەلەیەکی ڕەوتەنیە. هیچی تێناچێت، کەچی هەندێ کەس هەن نایانەوێ ئەم وشە جوانە، ئەم وشە خۆشە، بە یەکێکی تر بڵێ، پێی ڕەوا نابینێ. لە بیرمە هاوڕێیەکم هەبوو پێکەوە لە زانکۆ دەمان خوێند...

– تۆ خەڵکی چ گوندێکی، ئەفەندی ؟

– خەڵکی (نیگویتی)م.

– بەڵێ، بەڵێ. بەروبوومی ئەم ساڵ چۆنە ؟

– سوپاس بۆ خودا، خراپ نیە. هاوڕێیەکم هەیە...

– مەرحەبات ناکات؟ دەزانین... ئایا دەزانی بە هەموومان یەك پەرداخمان هەیە ؟ بۆ خاتری خوا خێرا بیخۆرەوە.

... بۆ جاری دووەم نۆرەم هاتەوە سەر. پەرداخەکەم وەرگرتو لە ئارەقەکە ورد بوومەوە، ئەو ڕوحی ژیانەیە کە گەرمی بەجەستە دەبەخشێت، حەزم دەکرد باسی نەنکم وئیلیکۆ و ئیلاریونو ماری بۆ ئەو خەڵکە بکەم کە کەسیانم نەدەناسی.و ویستم گۆرانی بڵێم، هاواربکەم، بەڵام شەرمم کرد، وەکو چۆن هەر منداڵە گوندییەك بە هۆی پینەی پانتۆڵو پێڵاوەکانیەوە شەرم دەکات، بەو ئاوایە شەرمم کرد.

گوتم: – بە سەلامەتی ئەنگۆ برادەرینە.نەخبی ئێوە..

ئەوسا روندك کەوتە چاوانمو بە پەلە دانیشتم.

کابرای دەموچاو (کوڵینگی) روو لە (هێلکە قەل) گوتی:

– های، پێدەچێ قارەمانەکەمان بگری، ڕێژەی کحولی ئارەقەکە چەندە ؟

– هەشتا لەسەدە بێ کەمو زیاد.

بەدەم سڕینی فرمێسکەکانمەوە گوتم:

– نەخێر بیستە، ئامادەم گرەو بکەم! گریانەکەم هەرگیز بە هۆی ئارەقەکەوە نیە، پوشکەیەك چووە چاوم.

(تەمادا=سەرگەورە)کە دەنگی هەڵبری:

– کێشە نیە... هاوڕێیان بەردەوام دەبم!... گوتمان خودا مەیموونانی دروستکرد،و ئێمە لە تیرەو توخمو تۆوی ئەوانین.ئەمە فشەیە... زۆربەی بەشەر زادەی دایكو باوکن! ئەگەر دایكو

باوكان نەبوونایە ئێمە ئێستا ئەم عارەقەمان نەدەخواردەوە. خۆ ئەگەر ئەم عارەقەش نەبووایە نەمان دەتوانی بە سەلامەتی و نەخبی دایك و باوكان بخۆینەوە. تا ئێستا رێكەوتی تاقە یەك سەرخۆشم نەكردووە كە یادی دایك و باوكی نەكاتەوە. دایك و بابی بیر نەكەوێتەوە.

گەنجە قژ زەردەكە گوتی: – كە سەرخۆش دەبم هیچ شتێكم بیر ناكەوێتەوە.

(هێلكە قەل) بەرسڤی دایەوە: – سوپاس بۆ خوا كە ئەمەت لە بیرە!

دوای نەخبی دایك و باوك، گەنجە سوورهولەكەمان بە وریاییەوە هەڵگرت و لەسەر ڕەفەی سێیەم و لە پاڵ بۆشكەكەیەوە پاڵمان خست.

دەموچاو كوڵینگی ئاگاداری كردینەوە : – ڕووی بكەنە دیوارەكە، نزگەرەكەی جێی گومانە، لەوەیە بڕشێتەوە.

بەڵام هێشتا بە تەواوەتی لە قسەكەی نەبووەوە كە سوورهول وەكو گڕكان هەڵچوو و تەقیەوە. هێشتا بە تەواوەتی وەئاگا نەهاتبووینەوە كە كڵاوەكەی ( تەمادا =سەرگەورە) لە ڕەنگی سووری ئەرخەوانی هەڵكشا. (هێلكە قەل) و كابرای شیكی بلیتدار بەترسەوە كەوتنە ڕوانین و تەمەشاكردنی یەكدی. تەنیا من نەبێ، لە پریشكی ئەو گڕكانە كوت و پڕە خەلەسیم، و وەكو مەسیح لە نێو تاوانباراندا قیت ڕاوەستام و لە قاقای پێكەنینم دەدا.

(كوڵینگی) هاواریكرد: – هەی خوێڕی !

هەنگێ باڵاپۆشەكەی لە شانی داكەند و لە پەنجەرەكەوە توڕی دا

( هێلكە قەل ) بۆڵاندی: – ئەم بەرازە داگرنە خوارەوە.

رێبوارە بلیتدارەكە، دەستەسڕەكەی دەرهێنا و كەوتە سڕینی كراسەكەی و پرتاندی: – دەزانی ئەمە چ حەیاچوونێكە ؟ جا ئێستا من چیبكەم؟ بۆ نەگبەتی ئەم كراسەم بەئەمانەت هێناوە، ئەمانەتیە !

دەنگێك لە فارگۆنەكەی تەنیشتمانەوە بەرز بووەوە :

– بە دەستەسڕێك دەمی ببەستن.

دەنگێكی كز لە سوورهولەوە هات: – چیە هاوڕێیان بۆشكەكە تەقی ؟

دەموچاوێكی سڵۆكی سپی وەكو جاو لە ڕەفەكەی سەرەوە، لە نێو تاریك و روونی بەرە بەیانەوە، سەری كێشا:

– هێشتاش پێمان ڕادەبوێری خوێڕی ؟! " بۆشكەكە تەقیەوە "! چما بۆشكەكەت شۆربای تیایە؟

سوورهول لەترسا روحی پێ نەبوو، ئەمباكۆ كە زۆری لێ پڕو توڕە بوو، پەلاماری دا: – بەزاتی خوا دەت تۆپێنم...

بە هەزارحاڵ ناوبژی ئەمباكۆو سوورهولیان كرد. ... دوای نیو سەعاتێك نەخب و نەخبكاری دەستی پێكردەوە. زوو بە زوو خەڵكەكە بڵاوەیان لێكردو تەنیا من و ئەمباكۆ لەسەرخوانەكە ماینەوە، لێم پرسی: – هاپۆ ئەمباكۆ، حەزدەكەم لە نزیكەوە بمناسیت.

– باشە، تۆ كێی ؟

– من زۆريكيلا فاشالوميدزە–م.

– ماشەڵڵا لەم ناوانە. ناوی شۆڕەتەكەت نيشانەی خانەدانیو باشی، ماڵباتەكەتانە. ئەمە جگە لەوەی مەشروب خۆرێكی باشيت، پێك نابوێری. تۆ كوڕی كێی ؟

– من پەروەردەو كوڕی نەنكمو ئيلاريونو ئيليكۆم.

ئەمباكۆ زاری كردەوە،و ئەنجام پرسی: هەر ئەوەندەن ؟

– هەر ئەوەندەين، تەنيا سێ كەس. دەمەوێ گۆرانی بچڕم.

– بۆ ئەمە دەچيت بۆ تەبليسی ؟

– نەخێر، بۆ خوێندن دەچم بۆ تەبليسی، چونكە شادەتنامەی دەرچوونم هەيە. تۆ شادەتنامەی دەرچوونت هەيە ؟ نەخێر! بگرە هەر نازانی شادەتنامەی دەرچوون چيە. زانست روناكييە. ئەوەم گوتو پێكەكەم يەكسەری هەڵدا.

– گوێت لە من بێ كوڕی باش... لەوە دەچێت كوڕێكی باشو خانەدان بيت... گوێت لێيە ؟ بەس وەكو شێتان پێبكەنە! گوێبگرە. من ( ئەمباكوگوردیلادزە)م، ميش بۆ خوێندن دەچم، ڕەنگە بڵێی: "بە ئاخری پيری دەچيە بەر هەويری" هەڵەيت. زانست لە بێشكەوە تا گۆڕە. لە بيرمە كاتێ كە تزار نيكولای لەسەر تەخت لابرا... خۆت بگرە، كوڕی باش، نەكەوی!.... دەڵێم: كاتێ نيكولای لابرا وەكو تۆ باڕ بووم. وامدەزانی تزار لەسەر كورسييەكی گەورە دانيشتووەو كرێكارو جووتياران هاتوون لەلاقی نەويونو ڕايانكێشاوەو لەسەر تەختەكەيان خستووە....

ئەوسا وام بيردەكردەوە. دەزانی بۆچی وام بير دەكردەوە؟ چونكە نەزان بووم! نەخوێنەوار بووم! بەڵام ئەمەم لە منداڵەكانمدا قەرەبوو كردووەتەوە، ئەوان خوێنەوارن، تێدەگەی؟ نەخبی زانست!

– نەخبی هاپۆ ئيلاريون.

– ناوم ئەمباكۆيە !

– نەخێر، ئيليكۆيە !

– ئەمباكۆ !

– ئيليكۆ، بەڵام كەی ئەم چاوی دووەمەت پەيدا كردووە ؟

– كوڕەكەم من ناوم ئەمباكۆيە، گوێت لێيە ؟

– هاپۆ ئيلاريون، وەرە با ماچت بكەم !

– دەی باشە، با ئيلاريون بم. بەڵام ئەگەر خوای كرد وەخۆ هاتيەوە، بە ئەمباكۆ گازم بكە!

– يانی ناتەوێ ماچم بكەی ؟

– سەيرە! جا بۆچی گەنجێكی باش ماچ نەكەم ؟

ئەمباكۆ، بەسەری قۆڵی لێوی سڕیو ماچێكی قايمی كردم. سەرم خستە سەر شانی ئيليكۆو چاوم لێك نا.

– ئيلاريون لە بيرتە چۆن سەگەكەمت، مرادات پێكا ؟

– لە بيرمە، كوڕم، چۆن لە بيرم نيە !

– قسەكانی ئەوسات بيرماون ؟

– ئێ، بیریمی بێنەوە.
– دڵخۆشیت دامەوە،و پێت گوتم مەگری زۆریکیلا.
– بەڵێ، بەڵێ، بیرمە.
– ئەدی تۆ ؟ تۆش گریایت !
– گریام ؟ بەڵێ، هەڵبەتە گریام.
– ئەدی تووتنەکەت لە بیرە؟ ئەوەی ئیلیکۆ داینێ ؟
– هەڵبەتە، تووتنێکی باش بوو!
– نا، من باسی تووتنە بیبەراویەکە دەکەم.
– ئا، بیبەراوییەکەشم لە بیرە.
– تۆ، بێگومان، دەزانی کە تۆو ئیلیکۆ، ئازیزترین خەڵکی ئەم دنیایەن لە دڵی مندا!.
– دەزانم، دەزانم کوڕی خۆم... ئێستا بنوو!
– ئێستا نەنکم نووستووە... نەخێر، بێدارە... بیر لە من دەکاتەوە...
– هەڵبەتە وایە، خۆشی دەوێی...

قیتارەکە ڕێ دەبڕێو فارگۆنەکان بەدووایدا، ئەرزەکەو هەرچیەك لە دەوروبەرمدایە دەسوڕێ... دەترسم قیتارەکە لە سکەکە دەربچێت... بەڵام باکم نیە، لەسەر سینگی ئیلاریـون نوستووم... بە دەستە زبرە ئارەقاویەکانی دڵسۆزانە ئارەقەکەی سەر هەنیەم (ناوچەوان) دەسڕێ.... قیتارەکە بە دەم ڕێوە شووت لێدەدا.

– هۆوو، زۆریکیلا، بۆ کوێ دەڕۆی، ئەهۆوو!

بە نێو تەنکە تەمتومانێکدا پێ وەغارەوە دەنەمو هاوار دەکەم: – هاتم، وا هاتم نەنە گیان! دەستێك ڕامدەژەنێ : – بنوو، کوڕەکەم...

***پەراوێز:***

***تەمادا: یەکێك لە دابەکانی گەلانی قەفقاز ئەوەیە کە لە کۆڕو مەجلیسی خواردنەوەدا یەکێك دادەنەن بە سەرگەورە بۆ ئەوەی ئیدارەی کۆڕەکە بدات ، بەمە دەگوترێ تەمادا***

## پەناگە

ئەمێستا خوێندکاری کۆلیجی ئابوریم. موڵك‌و ماڵی دنیام بریتییە لە پانتۆڵێك‌و (مینحەکەم)، کە بەندە بە تاقیکردنەوەی ئابوری سیاسیەوە. بە درێژایی ماوەی خوێندنم لە پۆلی یەکەم، ئەو کەیبانۆیەی کە ژوورێکم لەلای بە کرێ گرتووە مانگەو مانگ مینحەکەم وەردەگرێت‌و جاریش نیە بە دەم پرتەو بۆڵەوە بەر تەشەرم نەدات :

– هەی تەمەڵ باشی، دەت توانی نمرەی زۆر باش بێنی‌و دەربچی!.

ئیستا کەیبانۆی ماڵ، بەهۆی (دەرنەچوونمەوە)*"١" لە بەخشش‌و مینحە بێ بەش بووە، بۆیە بە دوو قۆڵی خۆمان بۆ تاقیکردنەوەی ئابوری سیاسی ئامادە دەکەین. هەموو بەیانیەك لێم دەپرسێت: – مژدەم بدەیە، کەی ئیمتیحان دەدەیت ؟

بەتوڕەیی بەرسڤی دەدەمەوە : بیکە ب خاتری خوا وازم لێبێنە پورە مارتا، دەڵێی نەنکمی ئەوەندە سەر دەکەیتە سەرم.

بە ڕووما هەڵدەشاخێت :– عەمری خۆت‌و نەنکت نەمێنێ. چما وا دەزانی من پێویستم بە ئێوەیە؟... ئەو بڕە پارەیەی لەلاتە دەیدەی یان نا؟ وا دیارە هەڕەشەو گوڕەشەی کوێخات لە بیر چووە؟ ئەمڕۆ جارێکی دی ئاگاداری کردمەوە، گوتی ئاکنجییەکت لایەو لە قەیدا تۆمار نەکراوە، کەچی وێڕای ئەوەش سوپاست نەکردم.

– باشە، بۆچی سوپاست نەکرد؟ یان قسەی خێرت لە دەم نابێتەوە ؟

– تەشەرم لێمەدە قەل پیاو! دانیشەو سەعیەکەت بکە. ئەگەر لە ماوەی دوو ڕۆژاندا مینحەکەت وەرنەگریتەوە لەم ماڵە دەرت دەکەم.

– لەوانەیە بتەوێ لە زەرفی دوو ڕۆژدا دکتۆراش وەربگرم ؟ تڕحێو لەم ماڵە! ئەمە ماڵە یان راوگەی مشکان...

– پێ بە قەد بەڕەکەی خۆت ڕاکێشە. یانی ژوورێکت دەوێ گەرماو و ئاوی ساردو گەرمی تیا بێ ؟

– باش بوو بیرم کەوتەوە، کووپێ چای گەرمم بدەیە .

– ژەهرت دەدەمێ، زەقنەبووتت دەدەمێ !

– بیرت نەچێت، شەکری تێبکە.

کەیبانۆی ماڵەکە وەدەرکەوت، بەخەم‌و پەژارەوە کەوتمە تەمەشاکردنی دەفتەری محازەراتەکان.

پورە مارتا، لە خانوویەکی پەرپووتی دوو ژووریدا دەژی کە کەوتووەتە کۆتایی شەقامی (بازاڕیس– خیفی)یەوە. ژنێکی،نا شیرینی وردیلەی جینگزی شەڕانی بوو، بەڵام دڵ‌و دەروون پاك‌و سادە بوو. تەنیا یەك کرێچی هەبوو، ئەویش من بووم، بەڵا بووم نەك کرێچی. لە ژوورێك دام، جگە لە من، تەختێك‌و کورسیەك‌و سۆفیای تیایە، لەگەڵ تابلۆی ژنێکی گوڵدۆزی دەستچندا کە کلکێکی ماسی ئاسای هەیەو بە دیوارەکەوە هەڵواسراوە. سۆفیا دوو چاوی کەسکی هەن. کە بەیانیان دەڕۆم، سۆفیا دەچێت تاقە ئامانەکەم پاك و تەمیز بۆ دەڵیسێتەوە ، ئیدی باقی ڕۆژەکە بۆ خۆی لەسەر پاتلۆی پەنجەرەکە دادەنیشێت‌و دەڕوانێتە ئەو پیرە دارتووەی کە چۆلەکەو کێشکان لەسەری خڕدەبنەوە. ئەم درەختە لە تەمەنی پورە مارتادایە، بەڵام هیچکەسێك بەری پێوە نەدیتووە. سۆفیا مخنەت‌و زگڕەش‌و خۆ خۆشەویستە. شەوان بە شێنەیی چاوەڕوان دەکات تا من دەچمە ناو جێ‌و پاڵ دەکەوم‌و جێگاکەم گەرم دەکەم. هەنگێ لەسەر پاتلۆی پەنجەرەکە دێتە خوارێ‌و بە پارێزەوە خۆی وەبن لێفەکەدا دەکات‌و لە پاڵ مندا ڕادەکشێت. من سۆفیام زۆر خۆشدەوێ، نا خۆشەویستی نا ، بەڵکو تەنیا هۆگری بووم،و ڕەنگە ئەمە

خۆشەویستیو ڤیان بێ. نە منو نە کەیبانۆی ماڵەکە نازانین سۆفیا لە کوێوە هاتووە. ئێوارانێك، بە بێدەنگی خۆی بە ژوورەکەمدا کرد،و کلکی هەڵبڕیو لاقەبرغەی بە لاقی تەختەکە خوراند،و نیگایەکی منی کرد، وەکو ئەوەی بپرسێت: "بەدڵت بوو؟" کوتو مت لە کیژە جیرانەکەمان دەچوو، بۆیە زۆرم چووە دڵەوە". بانگم کرد: "سۆفیا، سۆفیا!". پشتی تێکردمو بەکاوەخۆ بەرەو دەرگاکە چوو. لێی پاڕامەوە: "بۆ کوێ سۆفیا گیان، تکایە بمێنەوە، مەڕۆ!"... ئیدی سۆفیا لەو ساوە مایەوەو، پێکەوە دادەنیشین.

سۆفیا هەست دەکات کاروبارم باش نیەو هەموو هەوڵێکی بۆ ئەوەیە دڵخۆشیم بداتەوەو نیگەران نەبم. بۆ جاری دەیەم محازەرەکانم دەخوێنمەوەو پاشان دەفتەرەکەم بە نائومێدی دەنیمە ژێر بالیفەکەم. دوێنێ ئێواریێ پورە مارتا پێیگوتم کە من کافرو خودانەناسمو ئەمە سەرچاوەی هەموو نەگبەتیو بەڵایەکانمە. بەرسڤم دایەوە کە خودا منی لە ئاسوودەییو ئارامی،و مینحە بێ بەش کردووە. پورە مارتا گوتی کە خودا لەم خوانەناسیمە نابورێ،و داوای لێکردم یەکسەر کڕنۆش بەرمو بکەومە سەرچۆکان،و داوای بوردنو بەخشین لە خودا بکەم، دەنا لاڵم دەکات. و لە بەهرەی قسەکردن مەحرومم دەکات. گوتم یەزدانی بەرزو باڵا، بەڕاستی لەو نیعمەتو بەهرەیە بێ بەشی کردووم، دووجار چوومە هۆڵی تاقیکردنەوەوەو، هەردوو جارەکە زمانم چووە کلیلەو تاقە وشەیەکم بۆ نەهات! هەنگێ پورە مارتا بە ترسێکی زۆرەوە نیشانەی خاچی کێشا، ئەوجا تفێکی کردو بەدەم دەرچوونەوە شریق دەرگاکەی لە دووی خۆیەوە داخست..

... ئەم بەیانیە جارێکی دی دەچم بۆ تاقیکردنەوە. لە دڵی خۆدا لێبڕام بەگوێی پورە مارتا بکەم، لەبەر تەختەکەدا بە چۆکا هاتمو دەستی دوعاو پاڕانەوەم بۆ بن میچەکە بەرز کردەوە:

– خودایا، لێت دەپاڕێمەوە، پێش هەموو شتێك، مەیەڵە ئەم میچە کۆنو داڕزیوە بەسەر سەرما بکەوێ.... پاشان ئەی توانای تواناداران، دەڵێم ئەم بەیانیە، سەعات دە تاقیکردنەوەی ئابووری سیاسیم هەیە. دەزانی (سلعە*) مانای چیە ؟ چێڵ،و بەرازو پەزو بزن وەکو جاران تەسەورم دەکرد، کاڵا نیە. بەڵام چێڵو بەرازو بزن، لەلایەکی ترەوە دەشێت ببن بە سلعە.تێناگەی ؟ منیش تێناگەم. بۆیە لێت دەپاڕێمەوە: دەستم بگرە، دەست بە باڵمەوە بگرەو یارمەتیم بدە کە لەم دەرسە دەربچم ! شەرمەزاری بەردەم ئیلیکۆو ئیلاریونو نەنکم مەکە! بەڵام ئەوە دووبارە نەکەیتەوە، کە تۆ لە تەمەنو سونحی مندا بوویت، لە یەکەمەکان بوویت! واز لەو قسەیە بێنە! قسەی وا بۆ من مەکە..ئیلاریونیش هەمان شت دەڵێت. ئێوەی پیرو ئیختیار ئیشوکارتان نیە ئەوە نەبێ کە وەعزی گەنجان دابدەن!... ئەگەر راستەو وەکو دەڵێن زەینت ڕۆشنە، ئەوەی دوێنێ رووی دا لە بیریکە. لە تاقیکردنەوەی ئەمڕۆدا یارمەتیم بدە! دیارە ئەوە رەفتارێکی خوایانەیە! یانی کارێکی قورسە ئەگەر ئەو پیاوەتیو چاکەیەم دەگەڵ بکەیتو تەنیا نمرەی دەرچوونم بدەیتێو بەس ؟ دەی، خوا گیان، گوێت لێم بوو ؟

لە پڕ هاوارێکی بەرز، بەرز بووەوە: – هێی! تۆ کێی ؟

خوێن لەدەمارەکانمدا وەستاو لە ترسا گەرووم وشك بوو.پرسیارەکە دووبارە بووەوە:– لەگەڵ تۆمە !

– من... من... من زۆریکۆ...

– فاشالومیدزه ؟

– بەڵێ، فاشالومیدزه .

– تۆ شەرم لە خۆت ناکەی، بەبێ ئیزنی فەرمی، بەبێ ئەوەی لە نیشینگەدا خۆت قەید بکەی لێرە دانیشتوویت ؟

– بەڵێ ؟

– دەی خێرا دوامکەوە بۆ پۆلیسخانە ! لەوێ مانای ئەم "بەڵێ"یەت پیشاندەدەم .

جارێکی دی خوێنم وەبەر هاتەوە. بە دەم ئاوڕدانەوەوە پرسیم: – تۆ کێی ؟

پیاوێکی درێژ داهۆڵ لەبەردەممدا وەستا بوو، شەپقەیەکی کۆنی شڕو شەپرێوی لەسەرنا بوو، جانتایەکی کۆنی لە بن هەنگڵ نابوو، ئەمە کوێخا دومینتی بوو. گوتم: – مامە دومینتی .

دومینتی بەدەم بزەیەکی تەوسامێزەوە گوتی: – ئیبلیس مامتە.

قسەکەی خۆم راستکردەوە: – هاوڕێ دومینتی.

دومینتی قسەکەی پێ بڕیم: – من هاوڕێی تۆ نیم.

بە ڕوویا هەڵشاخیم: – هەر کێیەك هەی فەرق ناکات. وازم لێبێنە، پەلەمە، دەبێ بڕۆم ئیمتیحان بدەم.

دومینتی بەدەم خوتەو بۆڵەوە دەستی تەپاندە گیرفانیەوە:

– بێ چەنە چەن! خێرا خۆت لەبەر بکەو دوام بکەوە.

بەتۆنێکی بنجڕ گوتم: – دەست لە گیرفانت دەربێنە، ئەوجا قسەم دەگەڵ بکە.

دومینتی سەری سوڕما، بگرە کەوتە زمانەلاڵکی: – تۆ... چۆن... چۆن زات دەکەی، تۆ منداڵی دوێنێ ی؟

– من بە زمانی بەشەر پێمگوتیت: وازم لێبێنە، ئەمڕۆ تاقیکردنەوەکەم دەکەمو، سبەینێ بە خۆم دەڕۆم بۆ پۆلیسخانە.

– نەخێر، دەبێ ئەمڕۆ بڕۆیت، ئەگینا سبەینێ بە ڕاپێچان ڕاتدەپێچن.

زانیم کە دومینتی بە جدیەتی. سۆفیاش تێگەیی کە کەوتوومەتە تەنگانەو ئاستەنگان، وەکو جەنگاوەرێکی گیان لەسەر دەست کەوتە مڕمیاو. دومینتی گوتی: بێدەنگی بکە دەنا لە پەنجەرەکەوە توڕی دەدەمە خوارەوە .

سۆفیا ترساو بێدەنگ بوو. جلەکانم لەبەر کرد، دوای پێنج دەقیقان بە دوو قۆڵی بە شەقامی (فازاریس– خیفی)دا نشێو بووینەوە. پێمگوت:

– تۆ زۆر دڵڕەقی، هیچ ڕەحمو بەزەییەکت لە دڵدا نیە! ئینسانێك خۆی بۆ تاقیکردنەوە ئامادە دەکاتو تۆ بۆ پۆلیسخانەی ڕاپێچ دەکەی.

بە توڕەیی و پەستی گوتی: – من دڵڕەقم ؟

– هەڵبەتە تۆ، ئەدی کێ ؟

– تۆ زۆر بە رەحمی؟ ئەوەتا بەبێ ئیزنی فەرمیو مۆڵەتی نیشینگە لێرەیتو هەر بیر لەوە ناکەیتەوە کە من لەمە مەسئول دەبمو لێپێچینەوەم دەگەڵ دەکرێت. دوایی دەڵێن دومینتی خەڵکی بەبێ مۆڵەتی نیشینگە پەنا دەدات، دومینتی..... لێوەردەگرێت. باشە تۆ هیچت بە من داوە ؟ بڵێ، قسە بکە، تاقە کۆپیکێکت بە من داوە ؟

– نەخێر!

– بزانە! دەڵێن: دومینتی بەرتیل خۆرە، دومینتی دزە، دومینتی دەستبڕە، کلاوچییە... بەڵام کێ دزو درۆزنە ؟

– کێ ؟

دومینتی لە ناکاو پرسی: – ئەم ژوورەت بە چەند بە کرێ گرتووە ؟

– مانگی بە دوو سەدەو پەنجا رۆبڵ.

– ئەم پارەیەت لە کوێ بوو ؟

– نەنکم بۆمی دەنێرێت .

– نەنکت لە کوێی پەیدا دەکات ؟

– لە ئیلاریونی قەرز دەکات .

– ئەدی ئیلاریون لە کوێی پەیدا دەکات ؟

– ئەگەر بەروبووم باش بێت شەراب دەفرۆشێت، ئەگینا لە ئیلیکۆی قەرز دەکات .

– ئەدی ئیلیکۆ لە کوێی پەیدا دەکات ؟

– دە وازم لێبێنە ! ئەدی تۆ کێ پارەت دەداتێ ؟

– کەس. بۆیە ڕادەستی پۆلیست دەکەم .

– ئێستا بێ پێچو پەناو بێ هیچ ڕاوە رێویەك بڵێ بزانم: چیت لە من گەرەکە ؟

– من ؟ هیچ. ڕاپێچی پۆلیست دەکەمو بە گوێرەی یاساو ڕێسای باو ڕادەستی حکومەتت دەکەمو دەڵێم: ئەمە فلان هاووڵاتییە. پیشەت چیە ؟

– تا ئێستا پیشەم نیە .

– زۆر باشە!... ئەمە هاووڵاتیەکە کە هیچ کارێکی دیاریکراو ناکات،و بەبێ ئیزنی فەرمی لێرە دانیشتووەو لە تاقیکردنەوەدا دەرنەچووە... لە چ تاقیکردنەوەیەکدا کەوتووی ؟

– لە ئابووری سیاسی...

– بۆ نەگبەتی... هاووڵاتییەکە نەزان لەسیاسەت،و باوەڕی بە پڕو پوچو خورافات هەیە. جوانە!... ئۆیف!... ڕادەستی حکومەتت دەکەمو.... قەت حەپس بوویت ؟

– نەخێر...

– کەواتە ڕەحم بە خۆتا بکە! دەتوانم زۆر بە ئاسانی ئیقامەت بۆ وەربگرمو ئەم دەست بەو دەست نەزانێ.

دومینتی بەدەم ئەو قسانەوە لە نزیکی مەیخانەیەك وەستاو گوتی:– حاڵی بووی ؟

– نەخێر...

– كە گەوجی! جا تۆیەك كە لە مانای نیشینگەو ئیقامە تێنەگەیت، ئیدی باسی چی بكەین!... چیە بۆ خێسەم لێدەكەی ؟ با بچینە لای (ریگولیتو)،و پارووە نانێك بخۆین...

ئەلهەقی، سكم لە برسا قوڕەی دەهات. چاوم هەڵبڕیو نیگایەكی پڕ لە منەتباری (دومینتی)م كردو ناسكە بزەیەكم بە ڕوویدا داو بە دوای ئەودا خۆم بە ژێر زەمینەكەدا كرد. لە سوچێكی ژێر زەمینەكەدا، لە دەوری مێزێك دانیشتین. دومینتی پەردەی سەر مێزەكەی هەڵدایەوە تا جلەكانی پیس نەبن‌و، ئەو قاپەشی لابرد كە دەرمانێكی لینجی مێشكوژیی تیابوو. لەسەر كورسیەكە دانیشت‌و جانتاكەی خستە پشتی خۆیەوە، ئەوجا ئارەقەكەی سەر هەنیەی سڕیو بە سۆزی حەنانەوە گوتی: – چی دەخۆیت ؟

یەكسەر گوتم: – هەموو شتێك.

– ئەدی چی دەخۆیتەوە ؟

هەر بۆ سوعبەت گوتم: – لەسەر كیسەی تۆ ئامادەم نەوتیش بخۆمەوە.

دومینتی بزەیەكی كردو لە تەقەی مێزەكەیدا: – ریگو لیتو !

گارسۆن‌و پێشخزمەتێكی شەل لە پشت دەرگاكەوە وەدەركەوت. هات‌و بە دیار مێزەكەمانەوە، لەسەر تاقە لاقەكەی وەستا: – كەرەمكە !

– مەرحەبا ریگولیتۆ. ئەم كوڕە باشە بناسە، لە خۆمانەو وەفای نان‌و نمەكی لەلایە. كەسێكی نمەك ناسە، ئەمڕۆ گەورەو دەمڕاستی مێزەكەیە .

نیوە ئاخێزێكم بۆ كردو بەڕێزەوە سەرم بۆ دانەواند، ئەوجا وەكو لە تەبلیسی دا باوە، بە توندی دەستی ریگولیتۆم گوشی‌و، ناوی خۆم گوت .

– شێرە! پێدەچیٚ گەنجێكی بەهێز بیٚ..

ریگولیتۆ نیگایەكی خەمناكی كردم‌و گوتی: – كەرەمكەن!.

– دوو بیرە، دوو قاپ پەنیر، دوو قاپ سەوزە. توورت لە بیر نەچێت! دوو نان‌و قاپیٚ عارەق! كافیارەت هەیە ؟

ریگولیتۆ ، بزەیەكی گەوجانەی كرد. ئیدی زوو بەزوو پیرەمێز ئاوەدان كرایەوەو، رازایەوە.

دومینتی دوو پەرداخی تەژی كرد، پەرداخەكەی خۆی لەوەی من داو بە بێدەنگی خواردییەوە. پێكی دووەممان بە سەلامەتی‌و بە نەخبی یەكتر ناسینەوە خواردەوە. ئەوجا دومینتی نەخبێكی بەرز كردەوە:

– من، دومینتی خاچابوریدزە، مرۆڤێكی بچووكم. بەلاّم ناپلیۆن–ش بچووك بوو، باوكم لەویش بچووكتر بوو، بەلاّم كێوی دەڕوخاند، من كوێخای گەڕەكم‌و، كەسێكی دلۆڤان‌و بە بەزەییم. من بڕیار دەدەم كەسێك لە ماڵێكدا ئاكنجی ببیٚ یان لە جادەو كۆلاّنان بنویٚ. قەت لە جادەو كۆلاّن نوستوویت ؟

بە قەڵسی وەلاّمم دایەوە: – چما زۆڵم ؟

– باشە، بەلاّم ئەگەر من بمەویٚ، دەتوانم بتخەمە سەر جادە، چونكە تۆ ئیقامەت نیە !

– كەواتە دەست درێژ بكە و، ناوم قەید بكەو بڕایەوە !

– ئەگەرمن دەست درێژ بکەم، تۆ دەیدەی ؟

لە مەبەستی حاڵی نەبووم: – بەڵێ ؟

دومینتی هەر دوو پەرداخەکەی تەژی کردو گوتی: – کەواتە ، بخۆرەوە !

خواردمانەوە. سەیرم کرد چاوانی دومینتی بە گێژەوە دەچن، بەڵام لەسەر قسەکەی رۆیی:

– دەزانی مانای ماڵ چیە ؟

– جا ئەوە پرسیارە ؟ ماڵ ماڵە.

– چیتر ؟

– ماڵ... کۆمەڵە ژوورێکە سەرەکەی بەخشت یان بە پوش، یان بە گڵ یان بە تەختەو لەوح گیراوە.

دومینتی لە قاقای پێکەنینی دا، پێکێکی تری هەڵدا: – کە گێلی! ماڵ بەر لە هەموو شتێك یانی ژن! ژنت هەیە ؟

– نەخێر!

– کەواتە تۆ یاغنیشی برالە ! کە لە تەمەنی تۆدا بووم، ژنی دووەمم هێنا بوو. ئێستا دەگەڵ ژنی یەکەممدا دەژیم. باسی چیم دەکرد؟ بەڵێ ! ژنو ماڵ دوو هاوتانو لێکدی نایەنە دابڕان. ئەگەر ماڵت نەبێ ناتوانی ژن بێنی،و ئەگەر ژنت نەبێ ناتوانی ماڵ ئاوەدان بکەیتەوە! دەزانی ماڵ چۆن دروست بووە !

– دەزانم.

– بیڵێ.

– لە خشتو لەوحو بەردو قرمید....

– دە بیبڕەوە فەقیر... ئینسان پێش ئەوەی خشت دروست بکات، لەسەر درەختان دەژیا...

– لە ئەشکەوتان.

– هەندێك لە ئەشکەوتان ئاکنجی بوونو هەندێك لەسەر دارو درەختان... پاشان مرۆڤ لە ژیانی سەر درەختان بێزار بوو،و هاتە سەر زەوی، دەزانی دوای ئەوە چی بەسەر هات ؟.

– هاتو رۆیی، پاشان سەرکەوتەوە بۆ سەر داران.

– نەخێر، تۆزێك رۆیی، پاشان هەستی بەسەرما کرد.

– ئیدی چیکرد ؟

– پاڵتۆکەی لەبەر کردو گەرمی بووەوە .

– گەوجی! چما هەنگێ پاڵتۆ هەبووە؟ بەردی هێنا پێکیا کێشانو پزیسکیان لێهەستاو ئاگری کردەوەو خۆی گەرمکردەوە. بەڵام بە خۆت غەدرو گۆڕانکاریانی تەبیعەت دەزانی. لە ناکاو بایەکی تەزی لە ڕۆژهەڵاتەوە هەڵیکرد، ئینسان هەستا لە سەمتی رۆژهەڵاتەوە دیوارێکی بەرز کردەوە تا ئاگرەکە لە بایەکە بپارێزێتو نەکوژێتەوە. ئەوجا، با، لە رۆژاواوە هەڵیکرد، ئینسان هەستا دیوارێکی لە سەمتی رۆژاواشەوە دروست کرد. ئەوجا بایەکی توند بە گڤ و هوڕ لە باکوورەوە بۆ باشوور هەڵیکرد. ئیدی ئەم ئینسانە بەلەنگازو داماوە دەبێ چی بکات؟ هەستا دوو

دیواری دیکەی لە هەردوو قوڵی باکوورو باشوورەوە دروستکرد. ئەمە لە پایزدا بوو. ئەوجا بارانی شەستو رەهێڵە دایکرد. مرۆڤ هەستیکرد، وەزعی خراپە،و ئاگرەکەش دەکوژێتەوە چارە، چی بکات ؟

– پاش ئەوە ؟

– پاش ئەوە بەلایەکی دیکەی بۆ نازڵ بوو: ئاگرەکە دەگرێ، دووکەڵ چاوان کوێر دەکات،و فرمێسك لە چاوان دەبارێ، ما بیر بکاتەوە! تەگبیر؟ ماقوولە دیوارەکان بڕوخێنێ؟ بەلام، سەرباری هەموو ئەوەش ئیدی ئینسان ئینسانە، ئێمە بەوە لە ئاژەلان جیا دەکرێینەوە کە دەتوانین بیر بکەینەوە،و قسان بکەین.

ملی قاپە عارەقەکەم گرتو گوتم:

– تۆ ئاژەڵی، تۆ سیرابیونای.

– قاپەکە دانە قەلپیاو!... قسەکەم لە کوێ بڕی ؟

– ... ئینسان خەریك بوو لە دووکەڵدا دەخنکا !

– ئەم داماوە لەزگ بوو بخنکێ، پاشان بیرۆکەیەکی بە مێشکدا هات، کونێکی لە میچەکە کردو دووکەڵەکەی لێوە درەچوو، ئیدی هەناسەی ئۆخەی هەڵکێشا.. ئیدی بۆ خۆی لەبەر پیرە ئاگر لێی دانیشتو گەرمی بووەوە. ویستی بزانێ ئاخۆ باران خۆشی کردووەتەوە. چۆن دەزانیٚ؟

– زۆر بە ئاسانی دەست درێژ دەکەیت.

– لە کوێوە ؟

– دیارە لە پەنجەرەکەوە .

– خوێری! کەی ئەوسا پەنجەرە هەبووە ؟ بۆیە بڕیاری داوە دەلاقەیەك لە دیوارەکەدا بکاتەوە... ئەوجا پێویستی بەوە بووە بچێتە دەرێ. بۆ پێویستییەك بۆ شتێ کە خۆت دەیزانی... ریگولیتۆ، نیو قاپ عارەق!. دومینتی لەسەری رۆیی: – ئیدی دەرگایەکی لە دیوارەکە کردەوە، ئیدی چی بوو.... بڵیٚ!

– کونێك بووەوە.

– کە گەوجی! ئەنجام ماڵ دروست بوو، حاڵی هەی، ماڵ!

– نازانم، باپیری من بەو شێوەیە ماڵی دروست نەدەکرد...

– بەلام باپیری من هەرگیز ماڵی دروست نەدەکرد، دەچووە ماڵی خەڵکییەوە، ماڵی خەڵکی داگیر دەکرد، بەلام ئەمەم مەبەست نیە... ئەوسا ئینسان چوو لە لێڕەوارو بێشەلانەوە سەگی هێنا،و پاسەوانیی ماڵەکەی بەو سپاردو خۆی دەرچوو. ئەوجا ژنێکی هێناو بەڕێوەبردنی کاروباری ماڵەکەی پێسپارد، جارێکی دی دەرچووەوە. ئەمجارەیان نێچیرێکی دەگەڵ خۆیدا هێنایەوە، دەستیان بە خواردنی کرد.... پاشان منداڵیان خستەوە، بەرە بەرە نەوەو نەتیرەو زوڕیەت کەوتنەوە... گوند چێبوو، پاشان شارە دێو باژێرۆکان،و ئەوجا شار،و لە ئەنجامدا پایتەخت دروست بوو، تەبلیسی پایتەختی جۆرجیایە.. و ئێستا حاڵی بوویت کە شارەکەمان، تەبلیسی بە چ زەحمەتێك دروست بووە ؟ تۆ بەشداریت تێدا کردووە ؟ نەخێر! ئەدی چۆن زات دەکەی بەبێ

ئیقامە لە تەبلیسیدا ئاکنجی ببی! بەڵام گوێ مەدەیە، خەمت نەبێ... تۆم بە دڵە، بەگەنم کردوویت... ناوت چیە ؟

– زۆریکۆ .

– زۆریکۆ... من قسەیەکی ترم دەگەڵ مارتادا دەبێت، بەڵام سەبارەت بە تۆ لە دوو سەد رۆبڵ زیاترت لێوەرناگرم... بەڵام نەخەڵەتابی لە دەمت دەرچێت! ناوت چییە ؟

– زۆریکۆ .

– ئا، بەڵێ. دەبێ هەمان خامۆشی گۆڕستانت هەبێ، حاڵی هەی زۆریکۆ ؟

دومینتی، شەیتانانە چاوێکی داگرت، چاوی هەر بە داخراوی مایەوە، ئەوسا چاوی دووەمی داگرت و نەیتوانی ئەم چاوەشی هەڵێنێ. بەو دەقەوە خەوی لێکەوت. پەرداخەکەم تەژی عارەق کردو ریگولیتۆم گاز کرد، یەکسەرو بە پەلە هات: – کەرەمکە !

پەرداخەکەم بۆ درێژ کرد: – بخۆرەوە !

ریگولیتۆ، بە پارێزەوە پەرداخەکەی لەسەر مێزەکە داناو بەرسڤی دایەوە: – لەکاتی ئیشدا ناخۆینەوە.

دەستم لە ملی کردو پرسیم: – دەزانی ئابووری سیاسی چیە ؟

– سیاسەت دەزانم و ئابووریش دەزانم !

– کەواتە پێم بڵێ، سلعە چیە ؟

– چ سلعەیەك، بێ سنوور ؟

– نەخێر، سنووردار .

– هەر شتێك عەرزبکرێ سلعەیە. هەندێ سلعە لە عەماردایە...

– ڕاستە ! هەنگێ ئاماژەم بۆ دومینتی کرد: ئا ئەم جەنازەیە دەبینی ؟

ریگولیتۆ بەدەم بزەیەکی تەوسامێزەوە گوتی: – نووستوە.

– ئەمە سیرابیونایە.

– سیرابیونا نیە، دومینتییە.

– پێت دەڵێم سیرابیونایە.

ئەوجا پێکەکەم یەکسەری هەڵدا، لە ناکاو هەستم کرد هەموو شتێکی دەوروبەرم دەسوڕێت. مێزەکەو من و ریگولیتۆ کەوتینە سەر دیوارەکە. وام تەسەور کرد: " هەر ئێستا دەکەوین"! هەردوو چاوم نوقاند... کاتێ کردمنەوە هەموو شتێك لە تایمی خۆیدا بوو.

لە ریگولیتۆم پرسی: – نامناسیت ؟ من زۆریکیلا فاشالومیدزەم....دەزانیت ئابووری سیاسی چیە ؟

– جایەب! پێم نەگوتیت دەزانم! لیستی حیسابەکەت بۆ بێنم ؟.

– بیهێنە...

ریگولیتۆ رۆیی، بەخۆو حاسیبەیەکی دارینی گەورەوە گەڕایەوەو کەوتە حیسابکردن:

– دوو کـەباب، دەکاتـە چـل ڕۆبـڵ، دوو کـولێرە دەکاتـە شـەش ڕۆبڵ، ئـارەق و سـەوزەو پـەنیر... هەمووی دەکاتە سێ سەد ڕۆبڵ .

– سێ سەد ڕۆبڵ زۆرە، پەنجا بەسە.

– چۆن ، چۆن؟!

– دەڵێم، پەنجا ڕۆبڵم بدەیە، بەشی تاکسی دەکات... ناتوانم بە پێیان بۆ ماڵ بگەڕێمەوە...

– ئێستا پەنجا ڕۆبڵەکەت دەدەمێ...

ریگولیتۆ کێردێکی لێدەرهێنام دەمەکەی لا باڵێ دەبوو، گوتم:

– یانی، بە تەمای بمکوژیت ؟

بە چپە گوتی: – پارەکە لە بەردەمم دانێ.

– بمپشکنە، ئەگەر تاقە ڕۆبڵێکت دۆزییەوە، من دوو قاپ عارەقت قەرزار دەبم.

ریگولیتۆ، گرژو مۆن و بێدەنگ یەخەی گرتم، هاوارم کرد:

– هـاپۆ دومیـنتی! هـاوڕێ دومینتی! دومیـنتی! هەسـتە مـاڵ خـراپ، هەسـتە مـەلعون، خەریکـە سەرمان دەبڕن.

دومینتی چاوانی هـەڵێنا، نیگایـەکی سـەرگەردانی کـردم و دەسـتێکی تەکانـداو سـەری لـە قـەراخ مێزەکە گواستەوە.

بە دەم پاڕانەوەوە گوتم: واز لە مـن بێنـە، با ئـەم لێرە بارمتـەبێ، لـەلای خـۆت گلـی بدەوە، ئەمـە بەس نیە ؟

– نەخێر بەس نیە. پارەکەم وێدە، کاتی سوعبەت نیە، هەڵیگرە بۆ دوایی.

– دەیسا، بەرۆکم بەربدە.

ریگولیتۆ، دەستی لە یەخەم کردەوە، پڕم دایە جانتاکەی دومینتی و کردمـەوەو لەسـەر مێزەکـە دام تەکانـد. جانتاکـە بـە تـاڵ بـوو، هیچـی تیـا نـەبوو. هـەنگێ کەوتـمـە پشـکنینی گیرفانـەکانی چاکەتەکەی، چوار ئەسکەناسی جۆری سی ڕۆبڵیم دۆزییەوە.

– سەدو بیست ڕۆبڵە. سەدو هەشتا ڕۆبڵی دی بێنە.

ئەوجا کەوتمە پشکنینی گیرفانەکانی پانتۆڵەکەی سەدو پەنجا ڕۆبڵم دۆزییەوە.

ریگولیتۆ گوتی: – سی ڕۆبڵی دی بێنە.

ویستم بێزاری خۆمی بۆ دەربڕم، گوتم: – کە بەشەرێکی دڵڕەقی! باشە تۆ ماڵ و منداڵت نیە؟

– نەخێر!

– کەواتە، ئەم سی ڕۆبڵە باجی وەچاخکوێرییەو لێتی دەبڕم!

بەدەم ئەو قسەیەوە بەرەو دەرگا چووم. ریگولیتۆ هاواری کرد:

– ئەم کەلاکە لەبەر چاوم لا بدە، دەنا من هەقم نیەو خوێنی لەملی خۆیەتی.

زانیم مانەوەی دومینتی لێرە، مەترسیدارە، دام بەشانمداو بـەلارە لار لـە مەیخانەکـەی ریگولیتـۆ وەدەر کەوتم .

منو دومينتی و سۆفيا ئەوەشەوەمان پێکەوەو لەيەك نوێندا بەسەر برد. خەوێکی قووڵو خۆشمان کرد، بێ باسی ئيقامەو ميقامە،و کەسمان هەستمان بە شەرمەزاری نەکرد.

***پەراوێز :١- خوێندکاری سەرکەوتوو مينحەيەکی زيادە وەردەگرێت، بەڵام خوێندکاری ئيکمال مينحە ئەسڵييەکەشی نادرێتیٚ.***
***٢-سلعە: لە زمانی جۆرجيدا بە مانای کاڵا و بە مانای مەڕو ماڵاتيش دێت.***

## دوای دابڕانێکی زۆر

ئەمە سەری سێيەم ساڵە کە لە (تەبليسی)م. لە گوند پێم دەڵێن "شلە شاری"و لە شار پێمدەڵێن: "دێهاتی". هێشتا پورە مارتا بە قەرداری هەميشەييم دەزانیٚ،و لە چاوی کوێخای گەڕەك، دومينتی دا خاپينۆك و کلاوچيم، مامۆستاکان بەو تەيرەم دەچوێنن کە نانيشێتەوە. لەلای نەنکمو ئيليکۆو ئيلاريون-ش، شادەتنامەکەم چەند بەرزيش بێ هەر زۆريکيلاکەی جارانم، چەقاوەسوو، پنتی،وخوانەناسم. سەبارەت بە سۆفيا فەرق ناکات، هەقی بەسەر رابردوو و ئێستاو ئايندەمەوە نيە. لە نوێنەکەمدا دەنویٚ، خۆی گەرم دەکاتەوەو بەرماوەو پاشماوەی خواردنی من دەخوات. ئەمە ئەوپەڕی خواستو شادی پشيلەيەکە. هێشتا "مينحە" وەکو سێبەرەکەم لە دوومەو لێم نابێتەوە، مينحەکەم لە سووچی قاسەکانی بەشی ژمێرياری زانستگەدا بەوپەڕی بێقەراری چاوەڕوانە کە ئاخۆ کەی، چاوی بە خاوەنەکەی بکەویٚ...
.... بەستەڵەکە. بەفر دايکردووەو با دەلورێنیٚ. .من لە ژوورەکەی پورە مارتا دانيشتووم، ئێرە گەرمترە. سەماوەرێکی ورگن لەسەر مێزەکەيە.و ئێمەش بە کەماڵی ئيسراحەت بەدەم چا خواردنەوەوە بەناو باسی دنيا کەوتووين.
پورە مارتا، بە کەسەرەوە دەڵێت: - نەنکت گوناحە، ئەگەر من، مينحەم هەبا ، يارمەتيم دەدا.هەی تەمەڵ
- پورە مارتا، ئەمڕۆ جەژنی لە دايکبوونمە، بيکە بە خاتری خوا لێمی مەشێوێنە .
- هەی لەبار دايك چووبای، بێ شەرمو حەيا.
- سوپاس! هيوای هەمان شتت بۆ دەخوازم! بەخۆشیو سەلامەتی تۆ پورە مارتا! پەرداخە چايەکەم، دا بە پەرداخەکەی کەيبانۆی ماڵەکەدا.
- هەتيو تۆ نابی بە بەشەر !
پورە مارتا ، بەدەم بزەيەکەوە ئەوەی گوتو ئاوڕێکی دايەوە. خێراو بە دزييەوە کلۆيەکم لە شەکرەکەی ئەو کردە پەرداخەکەمەوە.
زستانی تەبليسیساردە. زۆرم پێخۆشە لە ژوورەکەی پورە مارتا دابنيشم، کە دوای ئەوەی پەرداخێك چا دەخواتەوە، بەرە بەرە دەکەوێتە گێڕانەوەی نەقڵو حيکايەتانی مەيلەو خەمناك،

هەمیشە بە ڕاناوی سێیەم کەس دەیانگێڕێتەوە، بەڵام من دەزانم هەر هەموو ئەو چیرۆك و حیکایەتانە، سەرگوروشتەی ژیانی خۆین.

من زۆرم حەز لە چیرۆکی خەمینەو پورە مارتاش چەنەچەنی منی پێ خۆشە. قاقا بە دەممەوە پێدەکەنێ،و دوای هەر بێدەنگ بوونێك دەڵێت: "نەعلەتی خوات لێ بێ".و فرمێسکەکانی دەسڕێت. بە بۆنەی جەژنی لە دایکبوونمەوە ئەمڕۆ من حیکایەتخوانم. پورە مارتا وازی لە چا خواردنەوە هێناو بە پەرۆش و تاسەوە کەوتە گوێگرتن. بەم پرسیارە دەستم پێکرد:

– تۆ ئیلیکۆی برادەرم دەناسیت ؟

– هەڵبەتە! چەندین جار باسی ئەم کوێرەت بۆ کردووم .

– کەواتە گوێ بگرە... دار گێلاسێکی بەرز، لە پاڵ دیوارەکەو لە ناو باخچەکەی ئیلیکۆدا هەیە. ئەم دارە لە گوندەکەدا زۆر بەناوبانگە، چونکە بە چوار جۆرە گێلاس موتوربە کراوە، بۆیە بە درێژایی وەرزی هاوین بەر دەدا. ئیلیکۆ زۆر بەم درەختە عەجایەبەوە دەنازێت و وەکو تاقە چاوەکەی دەیپارێزێت. کوڕم دەوێ بە ڕۆژی روناك بەو درەختەدا هەڵزنێ، بەڵام شەوان، ئیلیکۆ لە بانیژەکە دەنوێ و تفەنگە کۆنەکەی کە بە خۆی دایگرتووەتەوە لە باوەش دەگرێت.

ئێوارانێك، من و ئیلاریون چووین بۆ ئاش. بەدەم چاوەڕوانی نۆرە ئاشەوە زۆرمان پێچوو، نزیکی بەرە بەیان بەرەو ماڵ گەڕاینەوە. ئیلاریون لە تەنیشت ماڵەکەی ئیلیکۆدا وەستا: با پشوویەك بدەین! ئەوەی گوت و لەبن دارگێلاسەکەدا لێی دانیشت .هیچ ئیعترازێکم نەگرت. تۆزێ دانیشتین، سەرو سیغارمان کێشا. هەستام، ئیلاریون گوتی: – پەلەتە ؟

– ماقووڵ نیە تا بەیانی لێرە بین. دەمەوێ بخەوم !

– گێلاس ناخۆی ؟

– بەڕاست. گێلاست لە کوێ بوو ؟

– توخوا ئەوە پرسیارە؟ ئەوەتا بەسەر سەرتەوە.

– هەرچیەك دەڵێی باشە تەنیا ئەمە نەبێ، سوپاس. پێدەچێ تفەنگەکەی ئیلیکۆت لە بیر چووبێت.

– قەل پیاو! سێ ڕۆژە لوولەکەی هەڵزراوە.

– جا با واشبێ. من ئامادە نیم بە دارەکەدا هەڵزنێم.

– یانی، دەبێ من رەنج بدەم و ماندوو ببم و تۆش گێلاس بماشیتەوە ؟

– بۆ نەء ؟

– ئەی نامەرد! شەرم نیە بۆ تۆ، پیرەمێردێکی بەلەنگاز ناچار بکەی بەم درەختەدا هەڵزنێ ؟.

– تکایە خۆت فەقیر مەکە.

– باشە، عەمر کورت، پێکەوە سەر دەکەوین .

ڕێکەوتین، من بچمە حەوشەوەو سووسەی هەموو شتێك بکەم و ئەوجا بە دارەکەدا سەر بکەوم، لەوێوە ئاماژە بە ئیلاریون بدەم.

هەموو شتێك كڕو كپ بوو. بە سكەخشكێ خۆم گەیاندە درەختەكە، گوێم هەڵخست، ئەوسا بە پارێزەوە هەستامو بە توندی باوەشم بە قەدی درەختەكەدا كردو... پێوەی نووسام ! وەكو چۆن مێش بە هەویرەوە دەنووسێت بەو ئاوایە بەدارەكەوە نووسام، بە هەموو بەدەنمەوە پێوەی نووسام. قەدی دارەكە بە قەد باڵا زەلامێك دەبوو، سەراپا لیقەیەكی پیسی تێ هەڵسووڕا بوو كە بۆنی شیاكەو پشقڵو ریقنەو كەلاكی بۆگەنی لێدەهات... بە هەزار حاڵ خۆم لە قەدی درەختەكە كردەوە. هەموو جلەكانم بۆنی بۆگەنییان لێدەهات. ڕەق ڕاوەستام، لە داخاو لە بۆنی بۆگەنیدا هەناسەم سوار بوو بوو، بیرم لە نەخشەیەك دەكردەوە كە تۆڵەی خۆم لە ئیلاریون بكەمەوە، چونكە دەستی بە زاخا كردبووم . ئیدی ڕێگەی لەمە باشترم نەدۆزییەوە، سەركەوتمە سەر دارەكە، فیكەیەكی هێواشو درێژم كێشا. لە چاو تروكانێكا سێبەرەكەی ئیلاریون بەسەر دیوارەكەدا بازی داو بە پارێزەوە بۆ بن درەختەكە چوو.

مشەمشێكی بەرزم هاتە گوێ،و گوێم لێبوو ئیلاریون لە بن لێوانەوە گوتی: – پیف، ئەم بۆن بۆگەنیە چیە ؟

بە ئەسپایی گوتم: – هیچ نیە، هیچ نیە، سەركەوە. ئیلاریون، هەردوو باڵی كردەوەو باوەشی بە قەدی دارەكەدا كردو... لە جێی خۆی چەقی. كپیو خامۆشیەكی وەكو هی مردووان باڵی بە دەوروبەری دارەكەدا كێشا، ئەوسا فیشكە فیشكێكی تورەم هاتە گوێ: – زۆریكیلا، ئەمە مانای چیە ؟

بە تەوسەوە وەڵامم دایەوە: ئەمە مانای ئەوەیە كە خودا تۆڵە لە دز دەكاتەوە! ساوەر ناخۆی، ساس ناخۆی ؟

– زۆریكیلا فاشالومیدزە: ئەگەر بە تەمای هەموو ژیانت لەسەر ئەم دارە بەسەر بەریت، ئەوا بۆ خۆت لەوێندەر وەمێنە. بەڵام ئەگەر ڕۆژێ لە ڕۆژان هاتیتە خوارێ شەرتە بە شەرتی پیاوان وەكو بەرخی قوربانی بتكوژمەوە !.

– هەموو خەتای تۆیە !

– خەتای چی، كوڕی سەگ؟ من ویستم گێلاست دەرخوارد بدەم هەی پنتی، سپڵەی پێنەزان، بەڵام تەرسو ریخ ئەوەندەم هەیە تا ڕۆژی قیامەت بە شت دەكات.

– بەسە. هەر ئێستا دادەبەزم، وازم لێبێنە.

– زۆریكیلا، بۆ خوا پێت دەڵێم، نەخەڵەتابی بێیتە خوارەوە.

– دەیسا چیبكەم، یانی بەڕای تۆ بفڕم ؟

– ئەم خوێڕییە مێشكم تێكدەدات! بە چ ڕوویەكەوە دەمدوێنی هەی دەم ڕووت ؟ چۆن بەم حاڵەوە بۆ ماڵ بگەڕێمەوە، بیرت لەمە كردووەتەوە ؟

– ئەدی من چۆن بگەڕێمەوە ؟

– تۆ پێویستت بە گەڕانەوە نیە! من جەنازەكەت دەدەم بە كۆڵا، گوێت لێیە، جەنازەكەت، دەدەم بە كۆڵاو بۆ ماڵت دەبەمەوە، ئیلاریون هات بمگرێ، بەڵام لە پڕ كۆكە كۆكی پێكەوت. كەوتە ڕشانەوە.

وەکو پشیلە بەپڕتاو لە دارەکە هاتمە خوارێ.

– ئیلاریون، گیانەکەم، ئەوە چیتە ؟ هەست بە ئازار دەکەی ؟

لە خۆیی دوور خستمەوە: – هەیدێ ویڵبە لەبەر چاوم، دەسم تێوە نەدەیت !

ئیدی شەڕو بۆن بۆگەنی هێڕو کاسی کردین، هەناسەی تەنگ کردین‌و کاتێ بەخۆ هاتینەوە، کە کوت‌وپڕ شتێك لە سەر بانیژەکەی ئیلیکۆوە گرماندی، ئەوجا کەوت‌و غل بووەوە،و هاوارێکی لێهەستا کە گوێی کەڕ دەکرد:

– هۆوو! بیگرن! ئێوە لای چەپی لێبگرن‌و ئێوەش لای راست، ئەوانی ترتان لەو لاوە دەوری بگرن... هۆووو نەڕۆی !..

وەکو بروسکە بە دیوارەکەدا ئاودیوو بووین و تا هێز لەلاقماندا بوو پێمان وەغارەوە ناو گەیشتینە سەر رێگاکە. دەنگی فیشەکێك بەرز بووەوە، ئیلاریون کیسە ئاردەکەی نایە سەرشانی‌و لە بن لێوانەوە گوتی: – ئەم کوێری لە خوا عاسیە، لەوەیە بمان ئەنگێوێ.

– مەترسە، تا تفەنگەکەی ساز دەکاتەوە، ئێمە ڕادەکەین‌و دەرباز دەبین!

– سلاو لە ئەقڵت! تفەنگەکەی دوو لوولەیە !

– تۆ چوزانی ؟

– من تفەنگەکەی خۆمم بە ئەمانەت داوەتێ !

– کەواتە ئوباڵت لە ئەستۆی خۆتە.

– کیسەکە هەڵگرە کەرە، تازووە با هەڵێین.

هەرکە کیسەکەم هەڵگرت‌و ویستم دووی ئیلاریون بکەوم، دەنگی فیشەکێکی تر بەرز بووەوە. ئیلاریون بارەکەی، دا بە عەردا،و بە شێوەیەکی سەیر لوولی خوارد، ئەوجا بەدەستێك خۆی بەمنەوە هەڵواسی‌و دەستەکەی تری بە سمتییەوە گرت‌و هاوارێکی هێندە توندی کرد پەنجەرەکانی ماڵەکەی ئیلیکۆ لەرینەوە. پڕم دایەو زاریم گرت. ئیلاریون وەکو مارانگەستە کەوتە هەڵپیلان،و وەکو خولخلۆکە بە دەوری خۆیدا دەسوڕایەوەو هەڵبەزو دابەزی دەکرد، حەرەکەی ئاکروباتی وەهای دەکرد، کە سێرکچیان خۆزیایان پێدەخواست. ناچار هەردوو کیسە ئاردەکەم بە جێهێشت‌و زامدارەکەم بە کۆڵمدا دا .

... چاوانی پورە مارتا لە پێکەنینا تەژی ڕوندك بوون. ئەوجا هێزی لەبەر بڕا، خاو بووەوە، لەسەر کورسییەکەوە بۆ سەر قەنەفەکە داخزی، بە دەست ئاماژەی کردمێ: کە بەسە. بەڵام گوڕم لەسەر قسان بەستبووەوەو بە نیاز نەبووم بەو ئاسانیە بوەستمەوە...

– ... زۆریکیلا، گیانەکەم، بە جێم مەیەڵە، بەسەری سپیەوە مەمکە بە گەپجاڕ... ئیلاریون بەدەم ئەو قسانەوە لێم کەوتە پاڕانەوەو لە تاو ئازار دانەچیڕیێ پێکەوتبوو: – ئۆف، ئیلیکۆ چیگوگیدزە، مەگەر نەکەوتیە دەستم! بە زاتی خوا دەبێ ئەو دنیات پێ نیشان بدەم! زۆریکیلا، فریام کەوە، دەمرم.

– باشە خوێ ئازاری هەیە ؟

– رادەبوێرێ خوێڕی؟ رادەبوێری ؟ ڕاوەستە بۆم، بزانە چۆن دار بە ڕوحی هەردووکتاندا دەدەم، هیچو پوچانە! ئاخ، خودایە، کەی ئەم ئازارەم لە کۆڵ دەبێتەوە ؟ نسیبەتە نسیبەت!

– سەبرت بێ، بەم زووانە پەنامەکەی دەڕەوێتەوە...

– جاکەی ؟ ئەم کوێری لە خوا عاسیە، یەك کیلۆ خوێی تێکردووم.

بە ئەسپایی (ئیلاریون)م لەسەر سکی پاڵخست، پانتۆڵەکەیم داکەندو تەمەشای زامەکەیم کرد.

بە دەم ناڵینەوە پرسی: – زامەکەم قووڵە ؟ تا بەیانی دەژیم ؟ دەگەمە بەیانی ؟

دڵنیام کردەوەو گوتم: – ئەم قسەیە چیە ئیلاریون؟

ئیلاریون دڵی خۆش بوو و گوتی: – زۆریکلیلا، کوڕەکەم، فوو لە زامەکە بکە، بەڵکو تۆزێ ئازارەکەی دەشکێ.

یەك دانە سەعاتی خشت بە دیار ئیلاریونەوە مامەوە، بە درێژایی ئەو سەعاتە فووم لە زامەکەی دەکردو نەفرەتم بۆ ئیلیکۆ دەنارد. بە زەحمەتێکی زۆر ئیلاریونم ڕاکێشایە ماڵەوەو لەسەر تەختەکە پاڵم خستو خاولییەکی تەڕم نایە سەر برینەکەی کە شین بوو بووەوە. دوای ئەوە بە پەلە چووم بۆ ماڵی خۆمان، نەنکم دەگەڵ خۆدا هێناو ئیدی بە دیار برادەرەکەمەوە کە بەردەوام دەیناڵاند، مامەوە.

ئیلاریون کە بەدەم ئاخ و ئۆفەوە قەی بە بالیفەکەدا دەکر، گوتی:

– دەبینی ئۆلگا، دەبینی چی بەسەر هێناوم؟ ئاخ کوێری لە خوا عاسێ، لە دەستم دەرناچیت دەرناچیت!

نەنکم پرسی: – باشە ماقووڵە نەی زانیبێ بە کێوەی ناوە ؟

– پەنا بە خوا! ئەگەر زانیبای، ئێستا لە خوێنی خۆما گەوزا بوومو فیشەکێك لە سینگمدا دەبوو...

– مستەهەقی! بۆ جارێکی دی ئاقڵتر دەبی... ئەدی تۆ، بیرت لە کوێ بوو، گێلە ؟....

نەنکم بەدەم ئەو قسانەوەو لە ناکاو پڕی دامێ.

– ... یەکسەر جلەکانت داکەنەو بخەوە... جلە بۆگەنەکانتان دەشۆم، بەڵکو تابەیانی هیشك دەبنەوە، دەنا دەبێ لە جێگا نەیەنە دەرێ تەمەڵینە !

لە بەرەبەیاندا ئەوجا خەومان لێکەوت.

... هەتاو تازە گزنگی دابوو کە سەرو سەکوتی ئیلیکۆ لەسەر ڕێگاکە پەیدا بوو. من لە پێش ئەوانی ترەوە، لە پەنجەرەکەوە بەدیم کرد. خۆم مت کردو هەناسەم لە خۆبڕی. هەردوو کیسە ئاردەکەی هەڵگرتبوو، یەکەمیانی لەبەر دەرگاکەی ماڵی ئیلاریون دا داناو دووەمیانی لە پەرژینەکەوە هەڵدایە حەوشی ئێمەوە. ئەوجا هەردوو دەستی لە شێوەی شەیپووردا بەملاو بەولای زاریەوە گرتو هاواریکرد:

– ئیلاریون! ئی... لاری... ون! ئەوە گوێت لێم نیە گیانەکەم ؟

ئیلاریون خۆی کرد بە مردوو. ئیلیکۆ بەردەوام بوو:

– زۆریکۆ ! زۆریکیلا !

نەنکم بەرسڤی دایەوە: – چیە، بۆ هاوار دەکەی کوێری لە خوا عاسیێ! بەم سەبای ساڵحانە، نە خێر بەش کراوە نە شەڕ، بۆچی منداڵەکان خەبەر دەکەیەوە. چیت گەرەکە ؟

ئیلیکۆ، لە دنیادا ئەوەندەی لە نەنکم دەترسا، لە کەسی تر نەدەترسا، بۆیە یەکسەر دەنگی نرم کردەوە !

– هیچ، ئۆلگا گیان، هەر ویستم بزانم داخۆ ئیلاریون لە ماڵە یان نا.

– بۆ زۆریکیلا حەرەسی ئەوە ؟ خۆت بڕۆو بزانە.

ئیلیکۆ، کەمێك بێدەنگ بوو، لە تۆ وایە گوڕ دەبەستێتەوە، ئەوجا وشە وەکو لافاو لەزاریەوە هات:

– ئەوە تۆ لە کوێی شەیتانی لووتزلێ ؟ دەرچۆ با بتبینم! ناوێری؟ دز، دەسبڕی کلاْوچی! هیچ کارێکی نەدۆزییەوە، ئەوە نەبێ گێلاسی خەڵکی بدزێت، بێ شەرمو حەیا! خەوی رۆژت چۆنە، بە دڵت نیە ؟ خوێی زیاترت ناوێ ؟ ناتەوێ ؟ دەڵێم وەرە دەرێ، با بزانین! ناتوانی بڕۆیت ؟ دە بخۆ دەردت بێ ! ئەمە سزاتە هەی دز! با بۆت ببێ بە پەند، تا بزانی چۆن دزی لە ئەشرافان دەکەی !

نەنکم لێی پرسی: – ئەوە چیە ئیلیکۆ، بۆ ئەوە هەموو جنێوەی دەدەیتێ ؟

– بۆ؟ تەسەور بکە، دوێنێ ویستی گێلاسەکەم بخوات،و ئەمێستا بە سزای خۆی گەیی.خۆیو برادەرەکەی .

– کام برادەریت مەبەستە؟

ئیلیکۆ خۆی لە وەڵامدانەوە دەدزێتەوە: – نازانم، با خۆی بیڵێ.

– هێواش هێواش، کێ دەڵێ دزەکە ئیلاریون بووە لەوەیە کەسێکی تر بووبێ !

– ئەگەر ئەو نەبوایە ئەم هەموو جنێوەی لێ قەبووڵ نەدەکردم ! باشە بۆچی دەستبەجێ کراسو پانتۆڵەکەی شۆردووە ؟ ئەوەتا لە بانیژەکەدا هەڵی خستووە! گوێ بگرن خەڵکینە، گەنجی سلێمانی بە دەست کەوتووە، دوو دەست جلی هەیە! هەستە، وەرە دەرێ لووتزل، وەرە کیسە ئاردەکەت بەرە تا پەشیمان نەبوومەتەوە. هەی دز!

ئیلیکۆ، وەکو سەرکەوتوویەك خۆی فش کردەوەو سەری بەرز گرت. چەند شەقاوێك ڕۆیی، پاشان ئاوڕێکی لە نەنکم دایەوەو بە دەنگی بەرز پرسی: – توبی ئەو خوایە، ئەو پنتییە، زۆریکیلا لە کوێیە ؟ یانی گوێی لێم نیە ؟

نەنکم دەستی بۆ دار عاساکەی بردو گوتی: – چیت لە کوڕەکە دەوێ ؟

– هیچ، هیچم ناوێ، گیانەکەم... تەنیا ویستم لێی بپرسم کە دوێنێ برادەرەکەی، لووت زلی بە کۆڵیا دابوو، زۆر ماندوو بوو ؟

بە خۆم نەوەستام، بەدەم قاقای پێکەنینەوە چوومە نێو حەوشە.

نەنکم پێکەنی، ئیلیکۆش پێکەنی. تەنیا ئیلاریونی داماو پێنەکەنی: هێشتا لە ناو جێگاکە کەوتبوو، لووتی ژەنی بووە سەرینەکەو دانەجیرێی بوو.

... لەحیکایەتەکەم بوومەوە. پورە مارتا ماچێکی لە هەنیەم کردو پەرداخەکەی پڕ کردم لە چای، ئەوسا دۆلابەکەی کردەوەو قووتویەك مرەبای گوێزی دەرهێناو دوو گوێزی ڕەشی بۆ لە قاپەکەم کرد.

– کوشتمت، زۆریکیلا! خودا ڕاوەستاوت بکات،و ئەو ئازیزانەت بۆ بێڵێ، دەست بە باڵی نەنکت و ئیلیکۆو ئیلاریونەوە بگرێت.

قاپەکەم هەڵگرت و گوتم: – پورە مارتا ئەم مرەبایە بۆ سبەی بەیانی هەڵدەگرم.

پورە مارتا دەستی بۆ قووتووە مرەباکە بردو بەوپەڕی دلۆڤانی گوتی: – ئێستا بیخۆ،و ئەمە ببە بۆ سبەی بەیانی...

ئەمڕۆ پەرجوو ڕوویدا: سۆفیا لە نێو نوێنەکەمدا بوو. پێدەچێت زۆری چاوەڕوان کردبم، بەڵام من لەلای پورە مارتا زۆرم پێچوو، تاکو سەعات دووی پاش نیوەشەو لەلای ئەو مامەوە. سۆفیا بە تیلەی تاقە چاوێك لێی روانیم، کە دڵنیا بوو خۆمم، دیسان چاوی نوقاندەوە. بە پەلە جلەکانم داکەندو لە پاڵیا پاڵکەوتم. چەند دەقیقەیەك بوری. سۆفیا هەر بێدەنگە . بە خۆم نەوەستام و پرسیم: – نوستووی ؟

سۆفیا وەڵامی نەدامەوە. دیسان چاوی کردەوە، خێسەیەکی کردو چاوی نوقاندەوەو لەسەر پرتاندنی خۆی بەردەوام بوو. گوتم:

– سۆفیا، ئەمە بێ ئەقڵییە بۆ تۆ! پێم بڵێ بۆچی زیزی، لەسەر چی زویری؟ بەسەری تۆ لە نك پورە مارتا بووم.

سۆفیا ویستی شتێك بڵێ، بەڵام نەیتوانی: چونکە سۆفیایە، خۆ مرادا نیە کە لە یەکەم وشەوە لێم حاڵی دەبوو،و دەیتوانی بە چاو بمدوێنێ و باسی هەموو شتێکم بۆ بکات. لەسەری ڕۆییشتم:

– سۆفیا، ئەمڕۆ جەژنی لە دایکبوونمە، دەزانی ئێستا تەمەنم چەندە ؟

سۆفیان نەیدەزانی،و بەلاشیەوە گرینگ نەبوو. کەچی نیشانەی شادمانی لە چاوانمدا بەدی کردو بەشداریی شادمانیەکەی کردم، ئاوڕی لێدامەوەو بە دلۆڤانی و دڵسۆزییەوە دەم و لمۆزی بە گۆنامدا هێنا. دەستم لە ملی سۆفیا کردو خەو بردنییەوە. بە درێژایی شەو خەوم بە نەنکم و ئیلیکۆو ئیلاریونەوە بینی، هەڵبەتە لەگینە سۆفیاش خەوی بە مشکانەوە دیبێ.

... تازە هەتاو هەڵاتبوو، دەنگێك لەو دیو دیواری حەوشەکەمانەوە، بانگی دەکرد!

– خاوەن ماڵ!

چونکە من خاوەن ماڵ نەبووم، وەڵامم نەدایەوە، دەنگەکە هەمدیس بانگی کرد:

– خاوەن ماڵ هۆ.

لە ژوورەکەی پورە مارتاوە ژاوە ژاوێك هات، ئەوجا جیرە لە دەرگاکەوە هەستا، دەنگی نزمی پورە مارتام، کە بە بانیژەکەدا ڕەت دەبوو، هاتە گوێ :

– کێیە ؟

– زۆریکیلا فاشالومیدزە لە کوێ دادەنیشێت ؟

– کێ ؟

– زۆریکیلا فاشالومیدزه پنتی!

خودایا، ئەی بەتولی پیرۆز! ئەی پورە مارتا! ئەی سۆفیا! دەزانن چ موجیزاتێك روویداوە؟ دەزانن چۆن دڵ لەخۆشیا دەوەستێ؟ نەخێر ؟ ئەدی ئێستا دەزانن کێ ناوی منی هێنا ؟ لەوانەیە بڵێن یارۆی پۆستەچیەو بروسکەیەکی هێناوەو تەواو؟ نا، چ بروسکەیەك لە گۆڕێ نیە! ئەدی مەسەلە چیە ؟ هێواش، زۆریکیلا گیان! هێواش! بەپێ خاوسی مەچۆ حەوشە، سەرمات دەبێ، لە پێشا لە دەرگاوە سەرێك بکێشە ! نا، نا، غاردە، بفڕەو خۆت بگەیەنە پەرژین و دیوارەکە! هاوار بکە، بگری، پێبکەنە، گۆرانی بڵێ زۆریکیلا گیان! ئەوە ئیلاریونی خۆشەویستتەو لە ناوەندەی حەوشەکەدا وەستاوە، خورجینێکی گەورەی بە شانەوەیەوە بەفر دایپۆشیوەو کەپووی لە سەرما شین بووەتەوە.

ئیلاریون، بە جۆرێ جەژنی لە دایکبوونی زۆریکیلای لە بیرە، وەك ئەوەی دوێنێ لە دایك بووبێ و هاتبێتە دنیاوە. لەو رۆژەدا دوا فیشەکی بە تفەنگەکەی تەقاند، چونکە یەکسەر لێیان سەندو دەستیان بەسەردا گرت. هەر چییەك ببێ و هەرچی ڕوو بدات ئیلاریون رۆژی لە دایکبوونی زۆریکیلای لە بیر ناچێت، چونکە لەم دنیایەدا کەس هێندەی زۆریکیلا لە دڵی ئیلاریوندا ئازیز نیە.

ئەمێستاش، هاتووەتە میوانی ئازیزەکەی دڵی، گۆرەوی خوری و شەراب و عارەق و میوەی وشکەوە کراوو، پارەی بۆ هێناوە. حەوت سەد رۆبڵ، پارەو پاداشتی پیلەی کرمی ئاوریشمە. ئەمە جگە لەوەی نامەیەکی لە نەنکیەوە بۆ هێناوە. بابزانین داپیرە چ بۆ نەوەکەی دەنووسێت؟

***"رۆڵەکەم! ئەمێستا تۆ زانایەکی گەورەو بەناوبانگی لە سەرانسەری تەبلیسیدا. نامەیەك لە زانکۆوە بۆ قوتابخانەکەت هاتووە. دەپرسن: ئەمە کێیە بۆتان ناردووین؟ کێ فێری کردووە، کێ مامۆستای بووە؟ من دەمزانی گیانەکەم، فێنکی دڵەکەم، لەوێندەر هەر هەموویان سەرسام دەکەیت! ئاگاداربە، ناوی گوندەکەمان نەزڕێنی. سبەینێ تەمەنت دەبێ بە بیست ساڵ، وانیە؟ ساڵی ئایندە دەگەڕێم بزانم ژنێکت بۆ بدۆزمەوە. ئیدی ئەوە سوننەتی خوایە! دەبێ بێشکەی منداڵەکەت ڕابژەنم، پاشان بمرمو تۆ بەخاکم بسپێریت. بەڵام نەخەڵەتابی بگریت! بەدەم ناشتنی داپیرە پیرەکەتەوە گۆرانی بڵێو پێبکەنە روحەکەم! من بەشی خۆم عەمرم ڕانیوە، پێویست بە گریان ناکات، ئەوەندەم بەسە... کە شوکر بۆ خوا کاروباری گوندەکەمان بە دڵی دۆستە. چێڵەکەی ئیلیکۆ زاوە. ئەرخیبو شەل خوا بۆ خۆیی بردەوە، یەك شەممەی ڕابردوو ناشتمان. ماتریونا، قەیرە کچە خەڵووزئاساکەی بەشوودا. منو ئیلیکۆ، ئیلاریونت بۆلا دەنێرینو بڕێ دیاریو سەوقاتی هەژارانەمان پێدا بۆ ناردوویت. ئاگات لێی بێ، بەستەزمانە چاوی دێشێت. تکات لێدەکەم دڕێغی لینەکەی، داوا لە زانایانی ئەوێندەر بکە کە ئیلاریونی ئازیزمان چاك بکەنەوە. دەی خودا حافیز. ماریو دراوسێکان هەر هەموو سڵاوت لێدەکەن. بە گەرمی ماچت دەکەم. داپیرەت ئۆلگا".***

زۆریکۆ بە درێژایی ئەو رۆژە هەر نامەکەی خوێندەوەو دووبارەی کردەوە. لە رۆژی دووەم و سێیەمیشدا هەر خوێندییەوە. ویستی بگری و پێبکەنی و هاوار بکات و بگری. تەبلیسی و

خوێندن و شادەتنامە بە جەهەنەم! زۆریکۆ شتەکانی کۆدەکاتەوەو بلیتێکی سەفەر دەکڕێت و بۆ گوند سەفەر دەکات کە داپیرەی و... ماری چاوەڕێی دەکەن. بەڵێ سەفەر دەکات! دەست لە ملی داپیرە پیرو باشەکەی دەکات و پاشان دەڕوات بۆ لای ماری و لێی دەپرسێت: – سەرماتە ؟

ماری دەڵێت: – سەرمامە .

زۆریکۆ، پاڵتۆکەی دادەکەنێ و دەیدا بەشانی هەڵ لەرزیوی ماری دا،و دەست لە قەدی دەئالێنێ و بە دوو قۆڵی تاکو بەیانی بەسەر بەفری بێگەردو پاکیزەدا رێدەکەن.

## کوێریکی دی

ئیلاریون، یەك مانگە لای منە. نە ژوورەکەمی بە دڵەو نە کتێبخانەکەم: (خەونە ونەکان – بالزاك، کولا بردنیون– ڕۆمان ڕۆلان، ماتیوفالکونی –بروسبیر میریمیە، قەموورەکەی نۆتردام – هۆگو، کفاچی کفاچیانتیرادادزە– جافاخیشفیلی، دەیڤید کۆپەرفیلد– دیکنز، چامەێن هەڵبژاردە –گالاکتیون تابیدزە، چوارینەکانی خەییام، دزینی مانگ –گامساخور دیا، ئیلیا... ئاکاکی... فاجا.. کازبیگی، چونکادزە"١".

بەدەم دەرهێنانی کتێبەکانی سەر ڕەفەکانەوە تەمەشایەکی من دەکات، عەینەکەکەی دێنێتە سەر نووکی کەپووی و بەسەرسامی دەپرسێت :

- ئەدی ئاگناتی نینوشفیلی–ت لە کوێ داناوە"٢"؟

هێورم کردوەوەو گوتم: – ئەمانە لە ئاگناتی کەمتر نین.

– کەمتر نین ؟ کێیان هاوشانی ئاگناتی دەکەن؟

– هەموویان!

– بۆ نموونە، کێ ؟ ئەمە یەکەمجارمە گوێم لە نیوەی ئەم ناوانە دەبێت.

– بیانخوێنەوە، هەنگێ دەزانیت.

ئیلاریون نیگایەکی تەوسامێزم دەکات، ئەوجا بە تەڵفیزییەوە لاپەڕەی کتێبەکان هەڵدەداتەوە...

... بە درێژایی ڕۆژەکە بە نێو شاردا دەسووڕێینەوەو هیچ دوکانێك نامێنێ سەری پێدا نەکەین. ئیلاریون بە تاسەوە سەیری پاڵتۆیەکی چەرمی سووری بەر فەرو دەکات. دوای ماوەیەکی زۆر دەچینە دوکانیکی خوردەوات. ئیلاریون زۆر بە وردی دەکەوێتە ئەم دیوو وئەودیو کردنی بڕبەندو چەکوش و هەڕەو قفڵ و مێخ‌ زنجیرو کەرەستەی تەویلە، ئەوجا پرسیاری مەڕەشەی (ئاوپژێن) مێو دەکات، و بێئەوەی چاوەڕوانی وەڵام بکات لە دوکانەکە وەدەردەکەوێ.

زۆرترین ماوە لە دوکانێکی (کەرەستەی ڕاو) ماینەوە. ئیلاریون خۆیدا بەسەر پێشخوانی دوکانەکەداو بە چپە لە فرۆشیارەکەی پرسی: بارووتتان هەیە ؟

فرۆشیارەکە زۆر بە کورتی بەرسڤی دایەوە: – نەخێر!

– ئەدی فیشەکی ڕاو ؟

– نەخێر.

– ئەدی ئیزالا ؟

فرۆشیارەکە دەنگی هەڵبڕی: – ئیزالا چیە ؟

ئیلاریون-ش دەنگی بەرز کردەوە: – تەرەقە، کەپسوول. بۆرە! فرۆشیارەکە هاواریکرد: – ئاگات لە دەمت بێ، کێ بۆرەیە ؟

– ئەوە چیتە دەڵێی ورچی خەسیوی برینداری"٣" دەبۆڕێنی؟

کابرای فرۆشیار رووی گرژ کرد: وتت چی؟ تا زووە ئەم شێتە بکەنە دەرێ، دەنا دەیکوژم.

کارەکە ڕوو لە خراپی دەچوو، دەستی ئیلاریونم گرت و بە پەلە لە دوکانەکەم بردە دەرێ، بەڵام هێشتا هەر دەی بۆڵاندو هاواری دەکرد:

– ئاخر چۆن دەمکوژیت بۆرە؟ نە باروتت هەیە، نە فیشەکت هەیە!

... سواری پاس دەبین و هەندێجاریش بە ترام دەڕۆین. زۆربەی جار ئیلاریون تکیت دەبڕێت، چونکە من خوێندکارم و مەسرەفی خۆم هەیە. لە سەرەتادا ئیلاریون پێی خۆشبوو کاتێ کە ژنە تکیتبڕەکە پارەکەی لێوەردەگرت و چاوێکی لێدادەگرت و ناولەپی ختووکەدەدا بێئەوەی تکیتەکەی بداتێ، پێی وابوو حەزی لێکردووە. بەڵام کاتێ پیاوێکی کەتەی تکیتبڕ نێو لەپی خوراند، ئیلاریون بە خۆی نەوەستاو یەك بە پاسەکە هاواریکرد: – چاوم لێ دامەگرە، تکیتەکەم وێدەو تەواو دەنا زللەیەکت لێدەدەم بە عەمراتت لە بیرت نەچێتەوە.

ئێواران بۆ سینەما دەچین، ئیلاریونم بۆ سێرك و باخی ئاژەڵان برد، بەو هیوایەی کەمێك دڵی بکرێتەوەو شتی سەیرو عەنتیکە ببینێ. کەچی ئیلاریون هیچ شتێکی تەبلیسی لەلا سەیر نیە تەنیا سێ شت نەبێ: یەکەمیان کەی دەخوێنم، دووەمیان بۆچی قژی لیبۆکی سێرکەکە کەسکەو سێیەمیان خەڵکی چۆن لە شارا بەبێ شەرابی (ئیزابیلا)و پیازی سەوزو نانی گەنمۆکی برژاو هەڵدەکەن.

ئەگەر کۆڕو بەرنامەی رۆشنبیریمان نەبێت، ئێواران لە نك پورە مارتا، بەسەر دەبەین، لە دەوری سەماوەرە زەردەکەی دادەنیشین، ئیلاریون نەقڵ و حیکایەتانی هەمە جۆر دەگێڕێتەوەو بە دەم چا خواردنەوە کات بەسەر دەبەین و پێدەکەنین. ئیلاریون، پورە مارتای بە دڵە، پورە مارتاش هەمان هەست و سۆزی دەرهەق بەو هەیە،و دەڵێت کەپووی رێك لە دەنووکی هەڵۆ دەچێت.

من و ئیلاریون، لە یەك نوێندا دەنووین. ئیلاریون بەر لە نووستن دەخوێنێتەوە یان موناقەشەی ئەو شتە دەکات کە خوێندویەتیەوە، یان پرسیاری کاروباری شار لە من دەکات یان وەعزی من دادەدات.و هەندێجار هەموو ئەو کارانە بە یەك کەرەت دەکات. سۆفیا لە بەینی هەردووکماندا پاڵ دەکەوێ و زۆر بە وریایی گوێ بۆ گفتوگۆیەکانی ئێمە دەگرێت و بە کەماڵی ئیسراحەت بە خاوییەکی بەلەزەتەوە دەمیاوێنێ.

ئیلاریون، لە رۆژی یەکەمەوە سۆفیای نەحوباند، سۆفیاش ئەوەی نەچووە دڵەوە. سۆفیا، کە یەکەمجار ئیلاریونی لە جێگاکەی مندا بینی، خۆی کووڕ کردەوە، کلکی هەڵبڕی و بە پەستیەوە مڕاندی. ئیلاریون-ش یەکسەر پشتەملی سۆفیای گرت و پەنجەرەکەی کردەوەو توڕی دایە سەر

بەفرەکە. دەستێکم کەوتە ئەملاو یەکێکم کەوتە ئەولا.هیچ چارێکم نەما، بە ئیلاریونم گوت سۆفیا یەکێکە لە خانەوادەکەمان‌و هەموو مافێکی ئەوانی دیکەی هەیە. بە هەمان شێوە هەموو هەوڵێکی خۆم خستە گەڕ کە سۆفیا حاڵی بکەم کە ئیلاریون کەسێکی ئازیزو خۆشەویستی خۆمانە. بە هەر حاڵ گەییشتینە ئاشتێنیەکی کاتی، بەڵام نەمتوانی ئاشتێنییەکی هەمیشەیی بەرپا بکەم، ئیلاریون دەڵێت:

- دەری بکە، بە هۆی ئەمەوە ئیسراحەتمان نەماوە!

- باشە بێتاقەتی کردوویت ؟

- ئەدی چۆن، من بەشەوان ناوێرم لە جێی خۆ بجولێمەوە، لە ترسی ئەوەی نەبا پێ بەم نەفرەتیەدا بنەم.

- ئێ مەجولێرەوە!

- نۆبەتی ئەو قەوانەیە، ئەدی بۆچی ناڵێی هەناسەش مەدە ؟

- ئەدی چی بکەم ؟

- با لە ژێر تەختەکەدا بنووێت !

- سەرمای دەبێت.

- باشە، کەواتە من لە ژێر تەختەکەدا دەنوومو با ئەو لە نوێنی گەرما بخەوێ.

- بە کەیفی خۆت !

ئیلاریون هیچ بەرسڤێك ناداتەوە، کلکی پشیلەکە دەگرێت‌و فڕێی دەداتە سەر عاردی. سۆفیا بە گلەیی‌و سکاڵاوە دەمیاوێنێ‌و خۆی وەبن تەختەکە دەدات‌و چاوەڕوان دەکات تا پرخەی ئیلاریون بەرز ببێتەوەو جارێکی دی بگەڕێتەوە ناو نوێنەکەو شوێنە حەلاڵ‌و ڕەواکەی خۆی بگرێتەوە. بەڵام ئیلاریون زوو خەوی لێناکەوێ.

... ئیلاریون نەخۆشە. ئازاری چاوی چەپی لە کێشدا نیە. ئیلاریون لە خۆشەویستی من‌و بە بۆنەی نەخۆشییەکەیەوە بۆ تەبلیسی هاتووە. ئیلاریون پیاوێکی ترسنۆك نیە، بەڵام دەترسێت سەردانی پزیشك بکات، ئازاری چاوی ڕۆژ بە ڕۆژ زیاد دەکات، بە تایبەتی بەشەو تەحەمول ناکرێت. ئیلاریونی داماو ئامادەیە سەر بە دیوارەکەدا بکێشێ، من بە دوایدا دەڕۆم، بە هەموو توانایەکمەوە هەوڵدەدەم هێوری بکەمەوە بەڵام بێهودە.

ئەنجام بڕیارمدا کە ئەمە فایدەی نیە. خۆ دزینەوە بێسوودە.

جلەکانم لەبەر کردو قاپێ عارەق‌و نانێکمان لە ڕۆژنامەیەکەوە پێچا و بەرەو لای دکتۆرێکی لاکۆڵانی بێ مۆڵەتی گەڕەکێکی تەبلیسی بە ڕێکەوتین، هەڵبەتە لەسەر تەگبیرو ئامۆژگاری پورە مارتا. ڕاستە دکتۆرەکە کوێر بوو، بەڵام پورە مارتا دەیگوت، زۆر زیرەك‌و کارامەیە.

ناودارترین دکتۆری شارە. بەشداری شەڕی کردووە لە زەرق یەك دانە مانگدا دۆمەڵێکی چاوی ئەوی چارەسەر کردووە. بۆیە کاتێ گەییشتینە بەرماڵەکەی دکتۆرو تابورێکی نەخۆشانمان لەوێندەر نەبینی، زۆرمان پێ سەیر بوو. ئیلاریون ناڵاندنی ؟

- ئەی قوڕ بەسەرم! لەوە دەچێ ئەمڕۆ پێشوازی نەخۆشان نەکات .

– گویّ مەدەیە ئیلاریون، کرِبە خۆت سەخڵەت مەکە، دەکەومە سەرچۆکان‌و لێی دەپاڕێمەوە کە معایەنەت بکات. بیّ ترس لە دەرگام دا.

گوێم لە تەقە تەقێك بوو لە پشت دەرگاکەوە، ئەوسا دەنگی چپەیەك هات، دوای ئەوە تەقەی دەرگای ژوورەکە هات، دەرگا کرایەوە. ئافرەتێکی چکۆلەی شپرزەو ترساو لە ئاستانەی دەرگاکەوە وەستا، پەڕو تووکی سەرینەکەی بەقژییەوە ئالکا بوو. پێمگوت:

– ببورە، وادیارە جەنابی پرۆفیسۆر ئەمڕۆ نەخۆشان نابینیّ‌و پشوویەتی، بەڵام مامم لە گوندەوە هاتووەو هەست بە ئازا...

ئافرەتەکە قسەکەی پێبڕیم: – بەخێر نەیەنەوە، وامزانی هاتوون بۆ سەیری سەعاتی کارەبا.

ژنەکە چووە سەر کورسییەك‌و وایەرێکی لە گیرفانی ڕۆبەکەی دەرهێناو خستیە ژێر عەدادی کارەباکەوەو ئەوجا لە کورسییەکە هاتە خواریّ.

– چیتان دەویّ ؟

– هەر چۆنیّ بووە دەبیّ جەنابی دکتۆر بمان بینیّ، دەنا لێرە ناڕۆین.

ئەو قسەیەم کردو خۆم بۆ بەرپەرچدانەوەی دژە هێرش ئامادە کرد.

– سەرچاو، سەرسەر! هەر ئێستا! فەرموون. کیّ بۆ لای ئێمەی ناردوون؟ فەرموونە ژوورەوە. مامونتی، مامونتی! نەخۆش هاتوون!

ئافرەتەکە بە پەلە بردینیە ژوورەکەوەو دەرگای ژوورەکەی لە دەرەوە بە کلیل داخست‌و بەردەم غاردانەوە هاواری دەکرد "مامونتی، مامونتی!".

دوای دەقەیەك پیاوێکی درێژی ڕدێن هاتوو کە بیجامەیەکی موقەلەمی لەبەردا بوو هاتە ژوورەکەوە. چاوێکی کەسك‌و ئەویتریان سوور بوو. بە دەنگێکی بنجڕ گوتی: – دانیشن.

تەمەشای دەوروبەری خۆمان کرد. قەرەوێڵەیەك‌و مێزێکی نووسین‌و دوو کورسی لە ژوورەکەدا بوو.

دکتۆرەکە، بەدەم ئاماژەوە بۆ کورسی‌و قەرەوێڵەکە، گوتی:

– نەخۆش لێرە دادەنیشێت‌و هاوڕێکەی لەویّ .

بەڵام خۆی لە پشت مێزەکەوە دانیشت. لەو شوێنانەی کە بۆی دیاریکردین، دانیشتین. دکتۆرەکە پرسی: – کوێت نەخۆشە ؟

ئیلاریون گوتی: – چاوم.

– چیەتی، ئازاری هەیە ؟

– نەخێر سەما دەکات! ئەدی نابینی خەریکە کوێر دەبم ؟

– لە گوند هیچ چارێکت کردووە ؟

– بە چای چاوم چەور دەکرد، پاشان بەشیر.

– ئەدی شەکرت تاقی نەکردەوە ؟

ئیلاریون بە توڕەیی گوتی: – رادەبوێری ؟

– بە پێچەوانەوە. لەوە دەچێت چاو وشیرت زۆربیّ! عارەق دەخۆیتەوە ؟

– دەخۆمەوە.

– نابێ.

ئیلاریون، بە نەرمی گوتی: – بەڵام عارەقی چاك دەخۆمەوە !

– جگەرە دەکێشیت ؟

– بەڵێ!

– کەواتە جگەرەیەکم بدەیە.

ئیلاریون رووی کردمێ:

– جگەرەیەکی بدەیە!

پاکەتەکەم بۆ ڕاگرت، دکتۆرەکە دوو جگەرەی هەڵگرت، یەکەمیانی خستە دەمی و دووەمیانی نایە پەنا گوێی:– دووەمیان دوای فراڤین (نیوەڕۆژە) دەکێشم.

– فەرموو، هی دیکەش هەڵگرە.

دکتۆر دەستی هێنا، جگەرەیەکی تری هەڵگرت و نایە پشت گوێچکەکەی تری و گوتی:

– قەینا، لەبەر خاتری تۆ دوای فراڤین دوو جگەرە دەکێشم.

خۆمان و بەختمان هەردوو گوێچکەی هەبوو، دەنا من و ئیلاریون ئەو رۆژە بەبێ جگەرە دەماینەوە.

جگەرەیەکی کێشا، ئەوجا لە تەنیشت ئیلاریونەوە دانیشت و بە قامکی گوشاری خستە سەر چاوە نەخۆشەکەی. ئیلاریون ڕاپەڕی.

– هەست بە ئازار دەکەی ؟

– هەست بە خۆشی دەکەم !

– تۆ توڕەیت ؟

– نەك توڕە، بگرە ئەقڵم تێکچووە! ئامادەم سەرم بە دیوارەکەدا بکێشم.

– ئێی... چاو یەشە!... لە بیرمە جارێکیان چاوم دەیەشا، ئێشان ئەمما ئێشان....

ئیلاریون گوتی: – چیت بەسەر هات ؟

ئەوجا بەدەم دڵدانەوەی دکتۆرەوە، بە ئاماژەی دەست ئەمری بە من کرد کە عارەق و نانەکە لەسەر مێزەکە دابنەم، بە گوێم کرد. دکتۆرەکە مڕاندی: – ئەمە چییە ؟

ئیلاریون وەڵامی دایەوە: – ژوورەکەت ساردە، پێکێك بۆ گەرمبوونەوە خراپ نیە.

دکتۆر بە دەم شڵەقاندنی قاپەکەوە قاییل بوو: – تەنیا یەك پێك!

ئیلاریون گوتی: عارەقی خۆماڵییە! لە سەدا شەستی کحولە.

گۆزەڵەیەکی بچووك لەسەر مێزەکە بوو،و قەڵەمی تیا بوو. ئیلاریون قەڵەمەکانی هەڵڕشتە سەر مێزەکە، گۆزەڵەکەی تەژی عارەق کردو دایە دەست دکتۆر.

دکتۆرەکە گوتی: – بە سەلامەتیت.

بە کەڕەتێك عارەقەکەی هەڵدا، ئەوجا قوڕگی پاك کردەوەو سەرێکی لەقاندو بەر بووە نانەکە.

ئێمەش خواردمانەوە. دکتۆر دوای پێکی دووەم لەسەر قسەکانی رۆیی:

– بیرمە کاتێ کە چاوم دەیەشا... ناوت چیە ؟

– ئیلاریون !

– ئەدی تۆ ؟

– زۆریکۆ!

– قسەتان بە شەکر دەبڕم... دکتۆران دەوریان دام، هەر یەکەو دەرمانێکی بۆ دانام: ئەمە دەرمانی ئەڵمانیە، ئەمە ئەمریکییە،و ئەوە خۆماڵییە... هیچی بە کەڵك نەهات... ناوت چیە ؟

– زۆریکۆ!

دکتۆرەکە گوتی: – بە سەلامەتی ئیلاریون!

ئیلاریون گوتی: – بەسیحەتی دکتۆر!

پێکی سێیەممان خواردەوە.

دکتۆر دەستی بە روومەتما هێناو ناوی پرسیم . ئەوجا منیش دەستم بە روومەتی ئەودا هێناو گوتم: "زۆریکۆ".

– ئیدی زۆریکۆ گیان، دکتۆران دەوریان دام، گرتمیانە بەر دەرمان. تۆ ئەو خوایە تا ئێستا نەخۆشێکت دیتووە دکتۆران چاکیان کردبێتەوە ؟

– جا ئەمە گوتنی دەوێ ؟ هەرگیز !

– قسەکەم بەشەکر بڕ ببن... هەر چاریان کردمو چاریان کردم، تا چاویان دەرهێنامو بە شووشە پڕیان کردووە. بەڵام خراپ نیە، کارەکە کارێکی پاکە. ملاحەزەی هیچ دەکەن ؟

بەدیقەت لێی ورد بووینەوە!

ئیلاریون، چاوی بڕییە چاوانی دکتۆر: – کامەیانە ؟

– ئەمەیانە، سوورەکەیان !

– بەزاتی خوا، لەچاوی ڕاستەقینە جیاناکرێتەوە! خۆ ئەگەر بۆیەی کەسك کرابا، کەس هەستی پێنەدەکرد .

– بزانە؟ ئەدی تۆ، کام چاوەت دێشێت ؟

ئیلاریون دەنگی بەرز کردەوە:

– دکتۆر خۆ هەردوو چاوت شووشە نین؟

دکتۆرەکە گرژییەوە: – نا بە شەرەفم هەر یەکێکیان شووشەیە! پێمنەگوتیت زەحمەتە فەرقی پێ بکرێت ؟

ئیلاریون گۆزەڵەکەی بەرز کردەوە: – بەسەلامەتی هەموو تەندروستان! یەزدان لە شەڕی تاعونو دکتۆرانو هەموو بەڵایەکی دی بە دوورمان بکات !

خاوەن ماڵ بە دەم وەرگرتنی پێکەکەوە هەڵیدایە: – من دکتۆرم، نە کارنامەو شادەتنامەم هەیەو نە تابلۆی مەرمەڕ بە دەرگاکەمەوەیە، بەڵام وێڕای هەموو ئەمەش دکتۆرم. خەڵکانێکی زۆر لە وەزارەت لە کارەکەم پەستو ناڕازین، خەڵکانێك هەن راپۆرتم لێدەدەن،و سزاو جەریمەی زۆرم داوە. بەڵام من گوێم لەو شتانە نیە! ئاشناکانم هەمیشە لەگەڵمدان. زۆر کەس خۆشیان ناوێم.

نەخۆشان هەرگیز دکتۆرانیان خۆش ناوێ! ئەمە لە کەس شاراوە نیە. کەچی دکتۆران هەمیشە نەخۆشیان خۆش دەوێ!... ئاخر متمانە بە دکتۆران دەکرێت ؟ هەرگیز... ها- ها، دکتۆران، جلەویان بۆ شل بکەی هەموو دنیا بەرەو گۆڕ دەبەن... ناوت چیە ؟

ئیلاریون توڕە بوو: - ناوی زۆریکۆیەو،و بەس بخۆرەوە، دەنا مێشکت نامێنێ. مێشك چاو نیە، ناکرێ شتێکی تری لە جێگا دابنەی.

دکتۆرەکە گوتی: - قسەیە! گیانە تووبی تازە ئێستا گەییوەتە.... ئەوجا لە ئیلاریونی پرسی:
- ناوت چیە ؟

- ناوم بێناوە. ئێستا ئەگەر دەتوانی هۆی چاویەشەکەم پێ بڵێ، ئەگینا مارهەنجنت دەکەمو مەسەلەکە دەبڕێنینەوە.

- ... ئێستا تووب گەییوەتە ئاستێك، کاتێکت زانی نەك هەر مێشك، بەڵکو مرۆڤ بە تەواوەتی دەگۆڕدرێت. بۆ نموونە: ئینسانێکی زندوو دێنن بۆ لای دکتۆرو لەسەر کورسییەك دایدەنەن. دکتۆر دەست بە دوگمەیەکدا دەنێت،و هانێ: جەستەیەکی بێ گیان ببەنەوە.!

ئیلاریون پرتاندی: - جا ئەمە چییە ، تۆش نەیڵێی دەیزانم.

- باشە کە دەیزانی، بۆچی دەترسیت؟ واتە، ئەگەر چاویان دەرهێنایت، چاوێکی تازەو باشتری لە جێگا دادەنەن ! تۆ ئەو خودایە پێم بێژە، ئاخۆ چاوی شووشە لە چاوی ڕاستەقینە خراترە ؟ دەیخەیتە ناو پەرداخێك ئاوەوەو بێخەمو خەیاڵ لێی دەنوویت! یان بۆ نموونە کاتێ دەموچاوت دەشۆیتو کەف سابوون دەچێتە چاوت. سابوون بۆ چاوی ڕاستەقینە بەڵایە، بەڵام چاوی شووشە نە دێشێتو نە هیچی لێدێت. نموونەیەکی تر: کە لەبەر ئاگردان دادەنیشتو خۆت گەرم دەکەیتەوە، لە پڕ پزیسکێك پەڕییە چاوت. ئەگەر چاوی ڕاستەقینە بێ لەوەیە لە سۆنگەی ئەوەوە کوێر ببێ، بەڵام چاوی شووشە هەر بە خۆی نازانێ... یان نموونەیەکی تر...

ئیلاریون بە کەسەرەوە گوتی: - دە توخوا بیبڕەوە برادەر!

- دەمەوێ ئەو کەرە بناسم کە ناوی ناوی دکتۆر! بەڕاستی تۆ بلیمەتی. وام لێهات بیرم لەوە دەکردەوە: باشتر نیە هەردوو چاوم دەربێنمو بیانگۆڕم بە جووتێ چاوی شووشە ؟ تۆ چ دەڵێی؟

- ئەدی چیە ؟.... تووب، برادەر، شتێکی گەورەیە! بڕوخێ چاوانی ڕاستەقینە! بژی چاوانی دەستکرد!

- بژی چاوانی دەستکرد!، دروشمەکەی دکتۆرم دووبارە کردەوەو لەسەری ڕۆییشتم:- ئەمە خۆشەویست ترین کەسمە لە دنیادا، ئەمە ئیلاریونە، ڕوحەکەمە، ئازیزی دڵەکەمە،و چاوی دێشێت....

دکتۆرەکە سەرسام و ئەبلەق پرسی: کامە چاو؟

گوتم : - چاوی خۆی!

- چ قەیدیە دەری دێنین. وەکو موو لە ماستا دەربێنین بە ئاوایە دەری دێنین! بابالی! ئاوی گەرمو چەقۆیەك بێنە! دکتۆرەکە ئەوەی گوتو قرقێنەیەکی دایەوەو سەری نایە سەر مێزەکە. بابالی دەرگاکەی کردەوەو پرسی: - چی بێنم ؟

ئیلاریون گوتی: – تەشتێك بێنەو لە بەردەمیا دایبنە .

بابالی هاواریکرد: – خوادایا! چی بەسەر هاتووە ؟

وەڵامم دایەوە: – تا ئێستا شتێکی ئەوتۆی بەسەر نەهاتووە.

ئافرەتەکە کەوتە واوەیلا:– مامونتی، مامونتی!

ئیلاریون گوتی: – سەیرە، چ کەرێك ئەم ناوەی لێناوە ؟ "مامۆنتی!" ئاخر ئەمە چ ناوێکە ؟ باشتر وابوو ناویان نابا سیرابیونا! تۆ چ دەڵێی زۆریکیلا، سیرابیونا پڕ بە پێستی نیە ؟

بزەیەکم بۆ کرد، لێ هیچم نەگوت. ژوورەکە جارێ نقومی روناکیو جارێ غەرقی تاریکی دەبوو، دیوارەکان بەردەوام دەجولاّن.

بابالی پەلاماری ئیلاریونی دا: – چیتان لێکرد ؟

ئیلاریون دانی لێ جیڕکردەوەوبەرسڤی دایەوە:

– هەیدێ، گوم بە لەبەر چاوم. ئێمە هەقمان چیە بەسەریەوە ؟ خۆی نازانێ چۆن بخواتەوە، نەدەبوایە عارەق بخواتەوە! تەنانەت نەیتوانی منیش فەحس بکات، خوێڕییە !

گوتم: – گوێ مەدەیە ئیلاریون، من فەحست دەکەم!

دارێکی بارێکم لەسەر مێزەکە هەلگرت، سەری دارەکەم خستەسەر ئەو پیتانەی کە لەسەر تابلۆیەك نووسرا بوونو تابلۆکە بەدیوارەکەوە هەلواسرا بوو، پرسیم:

– ئیلاریون گیان ئەم پیتە چیە ؟

– کام پیتە گیانەکەم ؟

– ئەمە!

– کیهە، بیخوێنەوە ، قەلپیاو!

– ئەم پیتی تایە.

– تو.

– هاپۆ ئیلاریون، بەڕاستی بلیمەتی، عەیب لە چاوتدا نیە. ئەدی ئەم پیتە ؟

– کیهەیان ؟

– ئەمەی کە لە (تا) دەچێت بەڵام خاڵێکی لە ژێردایە !

– پێموایە پیتی (با)یە !

ئادەی ماچێکم بدەیە!....و دەستمان لە ملی یەك کرد.

بابالی، بە دەنگێکی مینا (وەك) میاواندنی پشیلە هاواریکرد:–

– بۆ دەرەوە !

– باشە، باشە... دەڕۆین.. مێردەکەت بە کەڵکی هیچ نایەت. جەنازەیەکەو لەسەر پێیان دەڕوات.

– بۆ دەرەوە.

ئیلاریون بەدەم ئەم گۆرانیە جۆرجیە بەناوبانگەوە " من جۆرجیو تۆ جۆرجی، ری– ری روو " دەستی خستە سەر شانم بە لارەلار لە ماڵەکەی مامونتی تسفیرافا هاتینە دەرێ .

... ئەو شەوە، چاویەشەکەی ئیلاریون زیادی کرد، لە کێشا نەما، چار ناچار ئەمبولانسم بانگ کرد. ئیلاریون بە دەم بزەو زەردەخەنەوە دڵی منی دەدایەوە :

– خەمت نەبێ دێوانە (گێلە)! هیچم لێنایەت. ئەمە شانسی سۆفیایە، ئێستا جەژنیەتی، ئەمڕۆ کە وەکو دۆتمیر لەجێیەکەی من دەنوێ! سەر هەڵێنە، گوێت لێیە ؟

بە چاوانی ئاوساوەوە لە نێو حەوشەکەدا وەستا بووم و تەمەشای ئیلاریونم دەکرد. تۆنی دەنگی ئاسایی و شاد بوو، زەردەخەنەیەکی دەستکرد نیشتبووە سەر سیمای، بەڵام لێوەکانی دەلەرزین و روندکی گەرم بە ڕوومەتە چرچەکانیا دەهاتە خوارێ.

.... دوای پازدە رۆژ، ئیلاریون بە یەك چاوەوە لە خەستەخانە هاتە دەرێ. بە بێدەنگی خۆی بە ژوورەکەمدا کردو بەبێدەنگی دانیشت. نە من هیچ پرسیارێکم لێکردو نە ئەو تاقە وشەیەکی لە زار هاتە دەر. یەك دانە هەفتە بەو دەقەوەماینەوە. بە بەردەوامی و رێك و پێکی لە دەرس و محازەرەکانمدا ئامادە دەبووم، لەگەڵ هەمووواندا نەرم و نیان بووم، پاش دەرس و دەوام بە پەلە بۆ ماڵ، بۆ لای ئیلاریون گیان دەگەڕامەوە.

جارێکیان لە زانستگە گەڕامەوە،و ئیلاریونم لە ژوورەکەمدا نەبینی. لە پەنجەرەکەوە سەرم کێشاو لە جێی خۆم وەستام. دنیا فێنك و هەتاو بوو، سەیرم کرد ئیلاریون لە حەوشەدا، لەسەر کورسییەك، لە بن دار توویەکی چڕە سێبەردا دانیشتووە،و سۆفیا چوار مشقی لەسەر هەردوو ئەژنۆی ئەو دانیشتووە. ئیلاریون نیگای بڕی بووە ئاسمان و بە دەم جگەرەکێشانەوە، بە میهرو سۆزەوە پشتی سۆفیای، کە خۆی لە باوەشیا خاوکردبووەوە، دەخوراند، بە دەنگێکی نزم قسەی بۆ دەکرد:

– گوێ بگرە گەوجە، گوێ بگرە! دەزانی کوێری دەکاتە چی؟ کە پیاو کوێر بێ یانی چی؟ یانی هەتاو و مانگ و درەخت و بەشەر نەبینێ... یانی لە تاریکستاندا بژی... ئەگەر قاییل نەبام نەشتەرگەری چاوم بۆ بکەن، بینابیم لە دەست دەدا. تێدەگەی ؟ هیچ حاڵی نەبوویت گەوجە گیان! ئاخ ئەگەر مرادای ئازیز، مرادا گیان لێرە دەبوو! تۆ هیچ نیت، گووراوێکی گەوج و دێوانەی.. چیە زیز بووی ؟ بەسە، بەسە... ئێستا چۆن بۆ گوند بگەڕێمەوە ؟ بە درێژایی تەمەنم، تانەم لە ئیلیکۆ دەدا کە شەیتانێکی کوێرە... جا ئێستا بۆ کوێ سەری خۆم هەڵگرم، ڕوو بکەمە کوێندەرێ ؟.. باشە گریمان مانگێکی دیکەشم لێرە قەتاند (بردەسەر)، یان دوو مانگ یان سییان... ئەدی لەوەدوا ؟ خۆ ئەنجام هەر دەبێ بۆ ناو کەسوکارم بگەڕێمەوە ؟ لەگینە هەست بە هیچ نەکات ؟ مەحاڵە! ئەوەندەش کەودەن نیە کە فەرقی چاوی شووشەو چاوی راستەقینە نەکات!.. باشە هەقی خۆی نیە چاوێکی شووشەی بە دیاری بدەمێ، تۆ چ دەڵێی ؟ دیاریەکەی بدەمێ و پێی بڵێم: " پیرەمێرد بابەس بێ، زەمانی فشقیات و شێتاتی گوزەشت.. ئەم شووشەیە دیاری منەو بیخە چاوت.. ئێستا هەردووکمان وەکو یەکین..." تۆ پێت وایە بەم بەڵایەی من خۆشحاڵ ؟ ببێ، پێم خۆش ببێ؟ بەڵێ ؟ هەرگیز ئەم قسەیە دووبارە مەکەوە، چۆن زاتت کرد بیر لەوە بیکەیتەوە! تۆ ئیلیکۆی برادەرم ناناسیت. پیرەمێرد لە داخا دەمرێت. نەخێر ؟ چۆن نەخێر،

ئاخر لەم دنیایەدا لە من و زۆریکیلا – برادەرە گەوجەکەت– خۆشەویست تری نیە ؟ دەی، بڕۆ، بە هەر حاڵ تۆ لە قسەکانی من تێناگەی...

ئیلاریون، بە ئەسپایی پشیلەکەی لە باوەشی داگرت و بە دلۆڤانی دەڵەکەی دا. سۆفیا بەرەو پەنجەرەکە رۆیی. ئیلاریون بە نیگا بەڕێی کرد، سەیرم کرد دەگری. منیش گریام. بەدەم گریانەوە دڵم بەوە خۆش بوو کە ئیلاریون فرمێسکەکانی نەدەبینم..

## سڵاو ئیلاریون

ئیلاریون، دوای نەشتەرگەرییەکە، تاقەتی لەتەبلیسی چوو، نەیدەتوانی لەوەی پتر لە تەبلیسی وەمێنێ. مانگی ئادار بەر دەرکەی گرتبوو، دەبوا بۆ گوند بگەڕێتەوە، ئیشی زۆری هەبوو، لەوێندەر پیرە چێڵە شەلەکەی و کەڵەبابە شەڕانیەکەی کە ئۆقرەی نەدەگرت، چاوەڕوانیان دەکرد، ئەو زەوی و خاکەی لە باوەشیا گەورە بوو بوو، ئەو هەتاوەی گەرمی کردبووە چاوەڕوانیان دەکرد، بەهار چاوەڕوانی دەکرد ، زەوی نێر بووەتەوەو وەرز وەرزی کارو ئیش و هیواو ئومێدە.

دڵم نەدەهات ئیلاریون بە تەنێ بۆ گوندی ڕەوانە بکەمەوە، چونکە هێشتا بێ هێزو بێتاقەت بوو. ئەمە جگە لەوەی کە بە قەد دیتنی ئیزراعیل لە دیداری ئیلیکۆ دەترسا. چوومە لای ڕاگری کۆلیج و لەبەری پاڕامەوە، یەك دنیا فرمێسکی گەرمم ڕشت تا دوو رۆژ مۆڵەتی دامێ، بۆ ئێوارەی هەمان رۆژ شارمان بە جێهێشت و بەرەو گوندی وەڕێکەوتین.

... هێشتا هەتاو بە تەواوەتی نەگەیی بووە سەری چیاکە کە گەیینە نزیکی گوندی. کسۆکانی، ماندووی پاسەوانیی شەو، بە تەمەڵی دەحەپەین. کێشکەو پاساریان بە کۆمەڵ لەسەر لق و پۆپی لە ئاونگدا هەڵکشاوی درەختان نیشتبوونەوە.

تەنکە تەمتومانێك سەری گوندەکەی گرتووە.

ئیلاریون، بە دەست ئاماژەی بۆ لوولە دووکەڵێکی سپی کرد کە لەسەر ماڵەکەی ئێمەوە بەرز دەبووەوە،و گوتی: – تەمەشا زۆریکیلا، داپیرەت بەم بەیانی زووە کەوتۆتە کارکردن!

بەغاردان بە قەدپاڵ و بناری چیایەکەدا داگەڕام و هاوارم کرد: – نەنە!... نەنە گیان!

نەنکم بە کۆمەکۆم و بە دەم بەستنی لەچکە کاڵەوە بووەکەیەوە هاتە دەرێ.

– نەنە... نە.. نەنە !

نەنکم دەستی کرد بە سێبەر بۆ چاوی، بۆ چەند دەققەیەك هەڵپڕوانیە ئاسۆ، ئەوجا لە پڕ گێژ بوو و سەری سوڕما، ویستی شتێك بڵێ، پاشان هەردوو باڵی گرتەوەو بەپەلە بەرەو پیرم هات.

– زۆریکیلا، کوڕەکەم !

دەست لە ملانێیەکی گەرم و گوڕمان کرد، ئەوجا نەنکم خستە سەر دەستەکانم و بۆ ماڵم بردەوە.

– کوڕەکەم، رونـاکی چاوەکانم. ئەنجام! سوبحانەڵڵا ئێستا لە کێ دەچیت؟ هەر پێست و ئێسقانی. پێم گوتیت زانست کێو لە بن دێنێ، پیاو دەکوژێت. سوبحانەڵڵا، خودایە!

– حاڵت چۆنە، نەنە ؟

– جارێ تۆ باسی خۆتم بۆ بکە. خوێندنت تەواو کرد ؟

– ماقوولە نەنە ؟ هێشتا لە سەرەتادام !

– قوڕ بەسەر نەنکت! وا دیارە تۆ لە جیاتی هەموو خوێندکارەکان دەخوێنی. خودا مامۆستاکەت بگرێ! بە تەمای چیە؟ بۆی باس بکە، پێی بڵێ: نەنکێکی نەخۆشم هەیە، تەنیا باڵە، پیرەو لەوەی پتر حەوسەڵەی چاوەڕوانی نیە. بەڵکو ئێ دڵە بەردەکەی نەرم دەبێت‌و پەلە لە دەرسەکانت دا دەکات.

– نەنە گیان، پێی دەڵێم، هەر چۆنێ بووە پێی دەڵێم .

ئیلاریون لە پشتمەوە دەوەستێت، سەری دەلەقێنێ‌و چاوەڕوان دەکات کە نەنکم لە عاردی دابنەم. ئەنجام گوتی:

– سڵاو، ئۆلگا !

– ئیلاریون، گیانەکەم، چاوەکەم، توخوا لێم مەگرە، بمبورە! لە خۆشیا ئاگام لە خۆ نەما. حاڵت چۆنە، چاوەکەت چۆنە ؟

– چاوی چی ئۆلگا گیان؟ چاوم نەما! تۆ خۆش !

– قسەی هیچ مەکە، پیرە شەیتان!

– بەزاتی خوا درۆ ناکەم ئۆلگا گیان !

– ئەدی ئەمە چیە، چاو نیە ؟

– ئحم.. چاوە، با... وەکو چاوی ئەو هەڵۆ مومیاکراوەیە کە لە ماڵی ئیلیکۆ بە دیوارەکەوە هەڵواسراوە.

– یانی ماقوولە شووشە بێت ؟

– بەڵێ!

– ماشەڵڵا لە کارت خودایە! بەڵام گوێ مەدەیە، ئیلاریون... ئێمە لەگەڵ تۆین گیانە! بۆچی لە حەوشەدا وەستاوین؟ بچنە ژوور، بچنە ژوورەوە. هەڵبەتە دوای ئەم سەفەرە برسیتانە! نەنکم ئەو قسانەی کردو ئەوسا بردینیە ژوورەوە.

... نانی بەیانیمان خواردو چووین بۆ ماڵی ئیلاریون،و لە بەرانبەر پەنجەرەکە دانیشتین‌و کەوتینە چاوەڕوانی هاتنی ئیلیکۆ. زۆرمان چاوەڕوان کرد. ئەنجام دەنگی کرانەوەی دەرگای باخچەکە هات، ئیلیکۆ خۆی بەحەوشەدا کرد، متەقمان لەخۆ بڕی. ئیلیکۆ بانگی کرد!

– ئیلاریون !

ئیلاریون دەستی بۆ شەربە ئاوەکە بردو بە دەنگێکی گڕ گوتی:

– بچۆ پێشوازی کوێرە.

چوومە بانیژەکە: – سڵاو هاپۆ ئیلیکۆ. فەرموو !

ئیلیکۆ بەرسڤی دایەوە: – سڵاو، پرۆفیسۆر!

سەرکەوتە سەر بانیژەکەو بە گەرمی باوەشی پێداکردمو ئەوجا هەنگاوێك چووە داوەو لە تەپڵی سەرمەوە تا بنی پێمی دایە بەر نیگا. ئەنجام بە کەسەرەوە سەری باداو هەمدیس گەڕایەوەو کەوتە ماچ کردنم.

– دەی گێلە گیان، هەگبەکەت هەڵڕێژە، ئەحواڵت چۆنە، کاروبارت چۆنە ؟ بێگومان ماموٚستاکانت شێت کردوون؟ ئەدی ئەمە چیە ؟ سمێڵە ؟

ئیلیکۆ باوەڕی نەدەکرد، سمێڵی ڕاکێشام‌و پرسی:– سمێڵی ڕاستیە ؟

– ڕاستیە!

– درۆ دەکەی، مەحاڵە !

– پێمگوتیت، راستیە

– پنتییەکی وەکو تۆو سمێڵ؟ ڕووی زەمانە ڕەش بێ، دەنا تۆ دەبوا مووت لێنەهاتبا. ئیلاریون لە کوێیە؟ دەی خێراکە با لووت زل بدینین.

ئیلاریون وەڵامی دایەوە: – ئەگەر بۆ میوانی هاتووی فەرموو وەرە ژووریٚ، دەنا مەیە ژووریٚ !

ئیلیکۆ خۆی بە ژوورەکەدا کرد: – سڵاو ئیلاریون!

– سەرچاو ئیلیکۆ!

دەستیان لە ملی یەکدی کردو ماوەیەکی زۆر هەر یەکیان ماچ کرد. ئەوجا ئیلاریون خوڵکی کردین بۆ سەر خوانێکی چکۆلە، شەراب‌و پیازی سوێرکراوی لەسەر دانا، سەری قسە نەکرایەوە. ئیلیکۆ سیغاری دەکێشا،و مـن دەمڕوانیە ئیلاریون، و ئیلاریون بە خەمینی دانیشتبوو و دەگەڵ هەر قسەیەکی ئیلیکۆدا ڕادەچڵەکی. ئەنجام ئیلیکۆ دیواری بێدەنگی شکاند.

– باسێکی شارمان بۆ ناکەن ؟ دەنگ‌و باس چیە ؟ گرانی‌و هەرزانی لەوێندەر چۆنە ؟

ئەوجا لە ناکاو ئاوڕی لە من دایەوەو پرسی: – ماسی سوێر کراوت نەهێناوە ؟

– لە بیرم چوو!

– بیرت بە چیەوە مژوڵ بوو کوڕی سەگ ؟ ئیلاریون، لەویٚ چیدەکرد ، سەعی دەکرد یان نا ؟

– نازانم.. بە هەرحاڵ من کتێبم بە دەستیەوە نەبینی .

– وادیارە سەعی زارەکی کردووە... ئێستا لە پۆلی چەندەمی قەل پیاو ؟

زۆر توڕە بووم، گوتم: – تۆ بۆچی هاتوویت، هاتووی پرسوجۆم دەگەڵ بکەی ؟

– باشە جگە لە دەرس‌و دەور هیچ شتێکی تر هەیە لێتی بپرسم کوڕی سەگ ؟ ئەگەر حەماڵیت، بە ئاشکرا بیڵیٚ، با باسی ئەوە بکەین.

– بەڵیٚ، حەماڵم.

ئیلیکۆ مۆڕەیەکی لێکردم‌و پەرداخەکەی لە شەراب پڕ کردو بە مەلوولیەوە گوتی: – با بە خۆشی هاتنەوەتان بخۆینەوە... بەڕاستی خەڵکێکی بیٚ ویژدانن! من لە جیاتی پیٚ بە سەر سەر هاتووم، خۆشی خۆشی دۆستەکانم هاتوونەتەوەو بۆ خۆ دادەنیشین‌و بەدەم قسەو باسانەوە رادەبوێرین... بەڵام ئێوە ؟ وەکو ژێڕکان خۆتان گێڤ کردووەتەوە. هەی ترحێو! دەمیٚ بوو

دەمزانی ئەم لووت زلە فەرقی بەینی دۆستو دژمن ناکات. بەڵام من، خوا شایەدە، قەت پێشبینی ئەم خوێڕیاتیەم لە تۆ نەدەکرد دەم ڕووت !.

زۆر تەریق بوومەوە، لە ئیلیکۆ نزیک بوومەوە، ماچم کردو گوتم: – بمان بورە، ئیلیکۆ گیان! ڕاستت دەوێ ماندووی ڕێگاین، دەنا هیچ شتێك دی لە گۆڕێ نیە.

– تکایە بێدەنگ بە ! من تەنیا حەزم کرد بتان بینم، بە دیدارتان شاد ببم، دەنا هیچ مەبەستێکی ترم نیە... یان پێتان وایە لەبەر ئەم شەرابە ترشاوە هاتووم.

ئیلاریون مینگە مینگێکی لێوە هات:– دەزانم بۆچی هاتووی !

– دەیسا، چیت پێیە بیڵێ، پیری زماندرێژ .

– لێت داوە، کوێری لە خوا عاسی! دەی ئەوەتام لەبەردەستا. یاڵڵا، بمگەزە، هەڵمدڕە، ئەنجن ئەنجنم بکە. ئەوەتام لەبەر دەستتدا،و لە بەرت هەڵناییەم.

– ئەوە چیتە پیرەمێرد؟ شێت بووی یان سەگی هار گەستووتی؟ لە شارا چ ژەهرێکیان دەرخوارد داوی ؟ ئەمەیە دەڵێن کە ڕۆیی زێڕ بوو کە گەڕایەوە بووبە کا.

منو ئیلاریون بەسەرسامی ڕوانیمانە یەکتری. تۆ بڵێی ئیلیکۆ بەڕاستی هەستی بە هیچ نەکردبێ؟ هیچ مەزەندەیەکی لا دروست نەبووبێ ؟ بەڵێ، وادیارە چاوە شووشەکەی ئیلاریون، لە تاقیکردنەوە دەرچوو. ئەنجام گوتمان هەموو شتێك بەدڵی خۆمانە، کەیفو شادیمان کەوتە دڵ.

ئیلاریون پێکەکەی بەرز کردەوە: – بە سەلامەتی هاتنەوەمان، نەخبی دیداری تۆ ئیلیکۆ گیان!.

ئیلیکۆ دڵی خۆش بوو و گوتی:

– ئێ لە هەوەڵەوە وات گوتبا! خەریك بوو ئەقڵی ئەم پیرە کوێرە داماوەت تێك دەدا... باشە من لەم دنیایەدا لە ئێوە زیاتر کێم هەیە ؟ سەلامەت بن.

بە گەرمی ماچی کردین.

ئیلیکۆ پاش پێکی سێیەم هەڵیکردە گۆرانی:

*خەمی دڵ لەم پێکانەدا دەنێژم*

*شادم بە دیداری حەبیبم*

*هەر ئەوە بۆ من دەرمانو تەبیبم.*

ئیلاریون، دەستی لە ملی هاوڕێکەی وەریناو گوتی:

– ئیلیکۆ، گیانەکەم، بە خۆت دەزانی چەندم خۆشدەوێی !

– دەزانم، دەزانم، ئیلاریون گیان، دەزانم کە لە چاوت خۆشترت دەوێم.

کە ناوی چاو هات، ئیلاریون کەوتە گومانەوە، بەڵام ئیلیکۆ، وەکو ئەوەی هیچ شتێك نەبووبێ لەسەر گۆرانیەکەی بەردەوام بوو:

*ساقی بگێڕە پیاڵەی شەرابان*

*بیخۆینەوە بێ خەم*

*بە خۆشی ئەحبابان*

– بە سەلامەتی ئیلیکۆ.

– به سەلامەتی گێلەی ئازیزمان .

– بە سەلامەتی کەپووی ئیلاریون.

ئیلیکۆ لەسەر گۆرانیەکەی بەردەوام بوو:

*لێگەڕێ با ئەسپەکەم*

*ببڕێ لوتکەی هەموو*

*کیوان*

*بۆ نیگایەك لە*

*بیلبیلەی چاوەکانت.*

ئیلاریون هەمدیس بە گومانەوە گوێی هەڵخست، بەڵام ئیلیکۆ بە بێگەردی بەرخە کۆرپەیەکەوە، هەڵیکردە گۆرانیەکی تازە، وەك ئەوەی هیچ نەبووبێ:

*لە مێرگ و لە دەشتان*

*چاو دەبڕمە چاوانی جوان*

ئیلاریون تاسا، پاش ئەوەی وەخۆ هاتەوە بە وردی روانیە ئەشکەنجەدەرەکەی. بەڵام ئیلیکۆ گوێی نەداینێ و بە دڵ و گیان لەسەر گۆرانی خۆی بەردەوام بوو!

*شەوی تار بڕەوێنەوە*

*ئەی روناکی چاوی ئازیز...*

ئیلاریون قەناعەتی تەواو کرد کە ئیلیکۆی خەڵەتاندووەو بە ڕادەیەك ترسی شکاو دڵنیا بوو، هەر بە (کوێرە) ئیلیکۆی گازدەکرد، ئیلیکۆش کەم و زۆر خۆی شێلو نەکرد.

شەومان گەیاندە نیوە، کۆڕەکەمان تەواو بوو. بەدەم ماچ و مووچ و گۆرانی و سترانەوە دەست لە ملانێوە هاتینە ناو حەوشەکە، ئیلاریون تا بەر دەرگای باخچەکە بەڕێی کردین. کاتێ لە پەرژینەکە وەدەرکەوتین ئیلیکۆ لە ناکاودا ئاوڕی دایەوەو هاواریکرد:

– ئیلاریون!

– ها سەگە گوێر، چیت گەرەکە ؟

– لە بیرت نەچێت چاوەکەت تا بەیانی بخە پەرداخێ ئاوەوە !

ئیلاریون بە سەرسامی و بە دەنگێکی کەرخەوە پرسی: – چی ؟

– هیچ ... ئێستا دەتوانی هەر کاتێ بتەوێ بە کەیفی خۆت پێم ڕابوێری..

ئیلاریون بۆڵاندی:

– ئیلیکۆ چیگوگیدزە!

– با ناوم هەمیشە لەسەر زارت بێ تا لە بیرت نەچێتەوە... دەڵێم هەر چۆنێ بوو بە ئاواتی خۆت گەییشتی، تۆ کەسێکی ئاشقە ڕاوی، ئیدی لە ئێستا بەدواوە چاو نوقاندنیشت لە کۆڵ بووەوە: بە ناو گوندا بگەڕێ و بە کەیفی دڵی خۆت کسۆکان ڕاوبکە.

ئیلاریون لە جێی خۆی دەرپەڕی و قیژاندی: – ئیلیکۆ چیگوگیدزە! خۆتم پێ بە کوشت مەدە.

ئیلیکۆ، بە هاوڕێ تورەکەت گوت:

– ئیلاریون، پشووت درێژ بێ! وریابە! ئاگات لە چاوە شووشەکەت بێ باشترە.

ئیلاریون لە ناکاو خاو بووەوە. بۆ دەققەیەك ڕوانیە ئیلیکۆ، ئەوجا گەڕایەوەو لۆژ لۆژ بەرەو ماڵ پەل بووەوەو لەسەر قاڵدرمەکە دانیشت.

ئیلیکۆ تا ماوەیەك لەسەر ڕێگاکە وەستا، ئەوسا دەرگای باخچەکەی کردەوە، بۆ لای ئیلاریون گەڕایەوەو لەتەنیشتیەوە دانیشت. ئیلیکۆ، کیسە تووتنەکەی لە گیرفانی دەرهێنا، سیغارێکی پێچایەوە، پاشان کیسەکەی بۆ ئیلاریون درێژ کرد، بەڵام لە جێی خۆی نەبزووت. ئیلیکۆ بە چپە گوتی: "بیگرە".

ئیلاریون کیسەکەی وەرگرت و سیغارێکی پێچایەوە. ئیلیکۆ گوتی:

– بەڕاستی کە بە نەخۆشیەکەتم زانی ژان چووە دڵم. خودا شایەدە درۆناکەم... ئێمە هیچ فەرقێکمان نیە ئیلاریون گیان... ناخۆشی تۆ ناخۆشی منە... پێم ناخۆش نیە کە پێم دەڵێی کوێرە...چاوێکم لە دەست داوە، ئێ چیە ؟! کوتوزوف"٤"–ش کوێر بوو، بەڵام هەموو کەسێك خۆزیا دەخوازێ کە خودا چاوێکی تیژی وەکو ئەوی بداتێ: زەوی شەق بکات و هەرچی تیایە ببینێ. باشە تۆ چاوێکت لە دەست داوە، ئێ چیە؟ چ قەیدیە ؟ خۆ ئەگەر چاوەکانی تریشمان لە دەست بدەین، ون نابین، دەستی یەکدی دەگرین و بە دەشتی بەرینی خودادا دەگەڕێین و دەسوڕێینەوە. خۆ ئەگەر نەشمان توانی زۆریکیلا دەستمان دەگرێت.ئێی پیرەمێرد.

ئیلیکۆ ئەو قسەیەی کردو بە دەست، شانی ئیلاریونی نەوازش کرد.

ئیلاریون هەستاو چووە ژوورەکەوە، پاشان بە پریاسکەیەکەوە گەڕایەوەو بە ئەسپایی گوتی:

– ئیلیکۆ!

ئیلیکۆ بە دەنگێکی نزمتر بەرسڤی دایەوە: – بەڵێ، ئیلاریون ؟

– ئەمە تۆزێ ماسی سوێرکراوە... بە شەراب و نانەوە خۆشە.

– ماسی سوێر کراو لەسەر سەرە.

– بۆ تۆم هێناوە.

ئیلیکۆ گوتی: – دەمزانی دەیهێنی.

پریاسکەکەی وەرگرت، هەستا، بەکاوەخۆ بەرەو دەرگای باخچەکە وەڕێکەوت.

– ڕاوەستە، دەتگەیەنم.

– بمگەیەنە...

بە دوو قۆڵی لە حەوشە وەدەرکەوتن و هێدی هێدی کەوتنە ڕێ. ماوەیەکی زۆر وەستام و چاوم لێنەگواستنەوە تا لە تاریکییە چڕەکەدا ون بوون.

***پەراوێز:***

***١- ئیلیا چافچافادزەو ئاکاکی تسیریتیلی و خاشا بشافیلاو ئەلکسندەر کاندیگی و دانیل چونکادزە، لە ناودارانی ئەدەبی جۆرجین.***

***٢- ئاگناتی نینوشفیلی، ئەدیبێکی کلاسیکی جۆرجیە لە هاووڵاتیانی ئیلاریونە.***

*٣- وشەیەکی جۆرجی هەیە کە هەم مانای (زامدار)و هەم مانای (خەسیوو) دەدات.*

*٤- میخائیل کوتوزوف (١٧٤٥- ١٨١٣) لە فەرماندە سوپاییە روسە بەناوبانگەکان بوو، لە سەردەمی بەرەنگاربوونەوەی هێرشەکەی ساڵی ١٨١٢ی ناپلیۆن دا بوو بە سەرکردەی سوپای روسی.*

## تسیرا

خۆشترین ساڵانی ژیانی ئینسان ساڵانی خوێندن و قوتابخانەیە. پێویستە پیاو چەند ساڵێك خوێندکاری بکات بۆ ئەوەی لەزەتی کەلانە بەسیر بچێژێ و تاقی بکاتەوە، بۆ ئەوەی سایکۆلۆژیای خوێندکار بناسێت کە چۆن لە ناو پاسدا خۆی لە تیتی و بلیتبڕان دەدزێتەوە، چۆن لەزەت لەو نمرەی دەرچوونە وەردەگرێت کە بە ئارەقەی نێو چەوانی خۆی وەری دەگرێت، بۆ ئەوەی لە مانای ئەو شادیە بگات کاتێ کە مینحەی مانگانەکەی بە دەست دێنێتەوە، بۆ ئەوەی لە نهێنی ئەو ترس و ڕاچڵەکینە قێزەونە بگات کە بەر لە تاقیکردنەوە لە هەردوو چۆکی دەدات و، لەزەت لەو بەرەبەیانە ساردە وەربگرێت کە خوێندکار پاش شەونخۆنیەکی دوورودرێژ لە نێو کتێبان و دەفتەری محازەراتان بەسەری دەبات، تا نرخی دۆستایەتی راستەقینەی بۆ دەربکەوێ، و لە ئەنجامدا هەست بە شانازی بکات، چونکە تا دوێنێ گەنجێکی دێهاتی پێپەتی بووەو ئەمێستا بووە بە هاووڵاتیەك کە قامکی بۆ ڕادەکێشرێ، خوێندکارە لە زانستگە... بەڵام چۆن توانیم تاقیکردنەوەی قبووڵ ببڕم و ببم بە خوێندکار، ئەمە نهێنییەکی هەتا هەتاییەو پەڕجوویەکە ئیلیکۆو ئیلاریون و مامۆستاکانم، و بگرە خۆیشم سەری لێدەرناکەین و باوەڕی پێناکەین. نەنکم تاقە ئینسانە کە زەرەیەك گومانی لە بەهرە دەگمەنەکانم نیە.

بەڕاستی یاساکانی زانستگەی جوانن! خوێندکار دەتوانێ بە مانگ تاقە کتێبێك نەکاتەوە، و راسبیش ناکرێ. دەتوانێ بە پێنج محازەرە یان دە یان پازدە محازەرە غایب بێ و کەس داك و بابی بۆ راگرایەتی کۆلیج بانگ ناکات....

نزیکەی سەد- دوو سەد کەسێك لە دەرسەکاندا یان ئەمان گوتەنی لە محازەرەکاندا ئامادە دەبن، ئیدی یەکێ دەنووسێت، یەکێ رەسم دەکات، هەندێ بۆ خۆ قسان دەکەن، هەندێ وشەی یەکتربڕ حەل دەکەن. هەروەها خەڵکانێك هەن بۆ خۆ خەون دەبینن: نە دەنووسن، نەرەسم دەکەن و نە قسە دەکەن، بە بێدەنگی بۆ خۆ دادەنیشن و بە باڵی خەیاڵ جیهانی خەونان تەی دەکەن. بۆچی ئەمە لە ماڵەوە یان لە باخ و سەیرانگەیەکدا ناکەن، مەگەر هەر خوا ئەمە بزانێ. زۆر کەس بۆ خۆ بێ خەم دەنوون. بە کورتی محازەرات بۆ خەڵکانی وەکو من داهێنراوە، جا ئەمەم زۆر بە دڵە. بەڵام محازەراتیش، وەکو هەر شتێکی دیکەی دنیا، عەیبێکی گەورەی هەیە: ئەویش ئەوەیە درەنگ یان زوو تەواو دەبێ.

مەنهەج تەواو. مامۆستاو محازەرەگێڕەکان، بە چاوی تەوسەوە دەڕواننە خوێندکارەکان. مەترسیەکی گەورە هەڕەشە لە خێڵی خوێندکار دەکات، قۆناغی تاولەرزی ئیستوایی دەست پێدەکات : قۆناغی ئەزموونان.

لەم ماوەیەدا لە ماڵی یەکێکماندا کۆدەبینەوە، قەڵەم و دەفتەران دەجووین، بە فەسڵان لەو کتێبانە ئەزبەر دەکەین کە بۆ تاقی کردنەوە داخڵن، "قۆپی" ئامادە دەکەین، مێشکی خۆ پڕ دەکەین لە زانستو زانیاری پەراگەندە، هیلاك و ماندوو،و خەوالۆ دەڕۆین بۆ هۆڵی ئەزموون، دەکەوینە ئاخ و ئۆف و هانکە هانك و هەڵ لەرزین، زمانەلاڵکێمان پێدەکەوێ و قسەی بێ سەرو بەرو نا مەفهووم دەکەین، ئەوجا مل هەڵدەبڕین تا بە ترسەوە بڕوانینە وەرەقەی تاقیکردنەوەکە (هەموو شتێك تەنیا راسبوون نەبێ!) بەڵام ئەگەر چاومان بە نمرەی (دەرچوون)، بەو ماشوقەی کە لە مێژە چاوەڕوانین، بکەوێ، بزەیەکی شادی سیمامان دەگەشێنێتەوەو بەلارەوە لارەوە لە هۆڵی ئەزموون وەدەر دەکەوین.

... ئێستا منو هاوڕێکانم هاین لە ژوورەکەی منداو خۆمان بۆ ئەزموونی جوگرافیای ئابوری ئامادە دەکەین. دەوری مامۆستاو تاقیکەرەوەمان داوە بە تسیرا. نەستورو ئوتارو خەفتیسۆو شۆتا ئەندامی لیژنەی تاقیکردنەوەن.

دەنگی تسیرا ترس دەخاتە دڵەوە:

– خوێندکار فاشالومیدزە! لە چ وڵاتێکی دنیادا قەڵایی (قصدیر) دەردەهێنرێت،و گەورەترین زەخیرەی قەڵایی لە کوێ هەیە ؟

– قەڵایی یان مس ؟

– قەڵایی!

– ئەوەندەی من بزانم، گەورەترین زەخیرەی قەڵایی، لەلای مسگەرەکەی گوندی، عەلییە، بەڵام نازانم لە کوێی پەیدا دەکات.

نەستور توڕە بوو:

– دیسان بەزمەکەیە... وا جارێکی دی کەوتە وڕاوە! ئەگەر ناتەوێ سەعی بکەی، بڕۆ دەرێ و کارەکە لە ئێمە تێکمەدە.

– روو بکەمە کوێ ؟ دوو سەد و پەنجا رۆبڵ دەدەمە کرێی ئەم ژوورە.

پورە مارتا لە ژوورەکەی خۆیەوە هەڵیدایە: – دەك خوا بتباتەوە، بێ شەرم و حەیا! کامە رۆبڵ، من یەك دانە ساڵە تاقە قروشێکی سوورم لێنەدیوی؟

تسیرا پێدەکەنێ: – فاشالو میدزە! دەچینە سەر پرسیاری دووەم. وەڵامی پرسیاری یەکەمت نەزانی.

– جەنابی موحازری بەڕێز، تکات لێدەکەم....

سەبری دەسووێ: – زۆریکۆ، سوعبەت و شۆخی بەسە.

– باشە.... پرسیاری دووەم دەربارەی پیشەسازی میکانیکییە لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا... ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە کۆمەڵە ویلایەتێك پێکدێت. بەڵام بە هەڵەدا

نەچن‌و وا وێنا بکەن کە کۆمەڵێك ئەولیا (فەرمانڕەوا) هەن‌و خەڵکی بە گیا دەرمانیەکانیان فریو دەدەن.

تسیرا پەست دەبێت : - زۆریکۆ، بەس نیە؟ وەڵامی پرسیارەکە بدەوە.

- پیشەسازی میکانیکی لە ویلایەتە یەکگرتووەکاندا، گەییوەتە ئاستێکی بەرزی پەرەسەندن... فۆرد لە زەرفی ساڵێکدا (...) بەرهەمدێنێ، ژمارەکەم بە دروستی لە یاد نیە، بەڵام دەڵێن هەر کەسەو پێنج ئۆتۆمبیلی هەیە... ئۆتۆمبیل دێت، لە جادەکەدا دەوەستێ، لێی نزیك دەبێتەوەو دەرگاکەی دەکەیتەوە.

شوتا بۆی ڕاستدەکاتەوەو دەڵێت: - دەرگاکەی ئۆتۆماتیکی دەکرێتەوە.

- بەڵێ. پاشان دەست بە دوگمەیەکدا دەنەیت‌و جگەرەیەك دێتە دەرەوە، دەست بە دوگمەیەکی ترا دەنەیت تەڵە شقارتەیەك،و دەست بە دوگمەی سێیەمدا...

شوتا بۆی تەواو دەکات: - بەرخێکی مەحشی دێتە دەرێ،و پل دەنەی بە دوگمەی چوارەمدا سووپێکی گەرمت دەداتێ،و بۆرییەك هەیە هەندێ جار شەرابی لێ هەڵدەمژی و هەندێجار ساس. پێ دەنەی بە پایدەرێکدا چکلێت‌و کرێم دێتە دەرێ،و پێ بە پایدەرێکی تردا دەنەی (مرافالجامیر"١")یێکی خۆش دێتە دەرێ.

نەستور بە سەرسامی دەڵێت: - باشە چۆن دڵی دێت ئەم ئۆتۆمبیلە بفرۆشێت ؟!

شوتا بەرسڤی دەداتەوە: - چاری نیە، ئیدی هەژاری‌و نەبوونی...

تسیرا زۆر توڕە دەبێت:

- ئەرێ فشقیات‌و چەنەبازی نەبڕایەوە، بێزار نەبوون؟

گروپەکە بۆ ساتێ بێدەنگ دەبن، ئەوسا لە سەری دەڕۆم:

- دەڵێن ئەگەر هەموو زێڕەکانی فۆرد بتوێنیەوەو بیکەیت بە پشتێنێك، بە دەوراندەوری گۆی زەویدا دەگاتەوە.

- ئاه... ئەگەر بەرەزوانەی پشتێنەکەم دەسکەوتبا... بزانە چتۆ تاقمە دانێکم لێدروست دەکرد!

نەستور بە تۆنێکی خەواڵووەوە ئەو قسەیەی کردو دانە ڕەشە کرمۆڵەکانی بە دیارکەوتن.

شوتا گوتی: - ئحم... ددان! ئەگەر ئەو زێڕەیان دەدامێ...

نەستور پرسی: - چیت دەکرد؟

- پێش هەموو شتێك هەموو موحازەرەو دەفتەرەکانم دەدڕی... ئەوسا دەچووم بۆ لای ڕاگرەکەمان‌و کارتی نمرەکانی تاقیکردنەوەکان‌و ناسنامە زانکۆییەکەم لەسەر مێزەکەی دادەنا،و بەوپەڕی نەزاکەتەوە دوعاخوازیم لێدەکردو ئەوسا دەردەچووم... بەڵام، نا، بەر لەوەی بڕۆم، یەك کیلۆ زێڕم بۆی بە جێدەهێشت تا پولی پێبکڕێت، نەبا بیرم بکات‌و بیەوێ نامەم بۆ بنێرێت... ئەوسا: پاردۆن، گوود بای، ئادی، خاترێ تە، بە دوعا.

- پاشان ؟

- پاشان، چی ؟

تکام لێدەکرد:

– ئەریّ هەزار رۆبڵم بە قەرز نادەیتیّ ؟ بە خۆت دەزانی پارەم پیّ نیە کرێی ئەم ژوورە بدەم.
– بۆ ریش چوو سمێڵیشی نایە بانی..
– گوێت لێیە پورە مارتا ؟
– گوێم لێیە کوڕەکەم، ئێوە هەمووتان لەیەك قوماشن: تەمەڵ‌و گەرو گوجەرن.
تسیرا، پێی گوتم: – وەڵامی پرسیاری سێیەم بدەوە.
بە شەرمێکەوە گوتم: – خۆم بۆ وەڵامدانەوە ئامادە نەکردووە.
تسیرا رووی کردە ئەندامانی لیژنەی تاقیکردنەوەکە:
– پرسیاری ترتان هەیە ؟
ئوتار گوتی: – بە یارمەتیتان
– فەرموو.
– داوای بوردن لە لیژنەی بەڕێز دەکەم، ئەوەی لای من پرسیارە ئەمەیە کە ئایا ئەم بیرکۆڵە، ئەم گەمژەیە بەڕاستی بە تەمایە دوو سبەی بچێتە تاقیکردنەوەوە ؟
بە توڕەیی بەرسڤم دایەوە:
– من جواب نادەمەوە. لە مەنهەجەکانماندا ئەم جۆرە پرسیارە نیە.
ئەوجا نۆرەی هاوڕێیەکی دی دێت.
... گروپەکە لە دوا پاژی شەودا بڵاوەی لێدەکەن.
ئوتارو نەستورو شوتا لە شاری زانکۆ ئاکنجین، تسیرا لە شەقامی ماچابیلی نیشتەجێیە. هەموو جاریّ تاماڵەوە بەڕێی دەکەم. تسیرا کیژێکی جوانی چاوشینە، رەنگ کاڵێکی بەژن زراڤە. هەرچی گەنجی دەورەکەمانە حەزیان لێیەتی، بەڵام ئەو کەسی خۆش ناویّ، جگە لە من هاوڕێیاتی کەس ناکات. ماوەیەکی زۆر لە باخچەکەدا پیاسە دەکەین، بەردەوام قسە دەکەین یان بێدەنگ دەبین. لە ئاشقان دەچین. بە هەرحاڵ هاوڕێکانمان وادەڵێن.
.... هێدی هێدی بە شەقامی روستافیلیدا دەڕۆین. حەسحەسانی نووستووی بەر موغازەکان سەر هەڵدەبڕن، نیگایەکی گوماناویمان دەکەن، پاشان سەر دەنەنەوەو دەخەون. هەرگیز ئەوەیان بە بیروخەیاڵدا نایەت کە تەبلیسی بە شەو بەم ڕادەیە جوان بیّ.. بێدەنگی باڵی بەسەر شاردا کێشاوە، مەگەر جیك‌و هوڕی ناو بە ناوی تراموای‌و شاوری خەواڵوی پیاوانی میلیشای ئێشکگر ئەم بێدەنگیە بشڵەقێنیّ.
– زۆریکۆ !
– بەڵیّ تسیرا !
– حەزت لە پیاسەی شەوانە ؟
– بەڵیّ.
– ناترسیت ؟
– نەء . ئەدی تۆ ؟
– دەترسم.

– له چی دەترسیت ؟

– باشه ئەگەر ڕووتیان کردینەوه، جلەکانیان لێسەندین ؟

– سەبارەت به من هەر ئەوەندەم له دەست دێ... داتپۆشم.

– باشه ئەگەر جلەکانی منیان برد ؟

– هەنگێ چاو دەنوقێنم.

– یانی هەر ئەوەنده؟ ئەی ئافەرین شۆڕه سواری دلاوەر!

– به دڵی تۆ دەکەم، به ڕووت و قووتی سەیرت دەکەم. باشه؟

– تکات لێدەکەم، چەنەبازی مەکه. من دەمارتان دەناسم، لاوانی گوندی، بەهێزن بەڵام له مریشك ترسنۆکترن.

– من تەنیا لەچەقۆ دەترسم.

– منیش. له دەمانچەش دەترسم.

– ئەدی له مشك دەترسیت ؟

– هەڵبەته! زۆریکۆ دەبینی ؟ هۆوه دوو پیاون، بەرەو ئێمه دێن.

– دەیانبینم.

– سەرخۆشن. با بچینه سەر شۆستەکەی ئەوبەر.

– عەیبه.

تسیرا خۆی پێوه قرساندم: – تکات لێدەکەم با بچینه ئەوبەر.

– خۆت گەوج مەکه، عەیبه.

جووته پیاوەکه لەنك کڵێسای کاشفیت وەستان، دەستیان له ملی یەکدی کرد، ماوەیەکی زۆر یەکتر یان ماچ کرد، پاشان یەکێکیان سوڕایەوەو ڕێ و ڕێ گەڕایەوه، ئەویتریان بەرەو لای ئێمه هات. وەستاین. تسیرا له ترسا هەڵدەلەرزی. هەردوو ئەژنۆم لێکیان دەدا.

کابرا لێمان نزیك بووەوه، نیگایەکی تووڕەی تسیرای کرد، ئەوجا نیگای گواستەوه سەر من، دەستی به گیرفانیا کرد، پاشان له پڕ پرتاندی: – هێی، جگەرەت پێیه ؟

مینگه مینگێکم بۆ کرد، پاکەتەکەم بۆ درێژ کرد:

– بەڵێ، بەڵێ، فەرموو.

– ئەدی ئاگر!

بەدەستی لەرزۆکەوه دەنکه شقارتەیەکم داگیراندو له کەپووی کابرای بێگانەم نزیك کردەوه: – فەرموو!

کابرا گوتی: – دوێنێ جگەرەم تەرك کرد. لەوساوه تاقه جگەرەیەکم نەناوەته سەر زارم... ئێستاش نایکێشم، مەگەر لۆ فشەو ڕابواردن... پیاو دەبێ خاوەنی قسەو بەڵێنی خۆی بێت!

به تاسەو لەزەتێکی زۆرەوه چەند مژێکی قووڵی له جگەرەکەدا، ئەوسا له پڕ لێی پرسیم: – جگەره دەکێشیت ؟

– نەخێر، نا.

– ئافەرین! من بیست دانە ساڵ کێشام، ئەوەتا ئێستا تەرکم کردووە. هێز نیە بتوانێ جگەرەیەك بخاتە دەمم.

به دەم ئەو قسانەوە پاکەتەکەمی لەگیرفانی خۆی ناو بە لارەلار لێی دا ڕۆیی.

لەسەر پیاسەی خۆمان بەردەوام بووین.

لە پڕ کەیف و خۆشیەیەکی زۆر باڵی بەسەر تسیرادا کێشا، کەوتە باز بازۆکێ لە سێبەری ئەم سپیدارەوە بۆ ئەو سپیدار. تا گەییە ئوتێلی ((ئەنتورست))و کەوتە هەنگلەشەلێ.

– خێراکە، وەرە بمگرە!.

بە غار دووی کەوتم، خۆم گەیاندێ و توند هەردوو شانیم گرت.

– ئۆف، ماندوو بووم .

تسیرا سەری نایە سەر شانم. دەستێکم کردە ملیو بە دەستەکەی ترم چەناگەیم هەڵبڕیو چاوم بڕییە دوڕ چاوە شینە درشتەکانی. بە عەزرەتەوە گوتی:

– خۆزگە، قەت شەو نەدەبڕایەوە.

– بۆچی تسیرا ؟

– هەروا... شەو لە ڕۆژ خۆشترە.

تسیرا دەستی لابردم، سەری بۆ پشتەوە بردو کەوتە تەمەشا کردنی ئاسمان کە دەتگوت بە بار ئەستێرەی پێوەرکراوە. ئەوجا بۆ جاری دووەم دەستی لە دەستم ئاڵاند.

– بێگومان تۆ کەسێکت خۆشدەوێ تسیرا. ئەو کەسە کێیە ؟

– ئاسمانم خۆشدەوێ، ستێرانم خۆش دەون، ئەم پاسەوانەم خۆشدەوێ،و ئەم دارەم خۆش دەوێ!...

تسیرا بەرەو سپیدارەکە غاری دا: ... باوەڕ ناکەی ؟ دەتەوێ ماچی بکەم ؟

ئالکاوی دارەکە بوو، بەدەم ماچکردنیەوە کەوتە ڕاتەکاندنی، چۆلەکە نووستوەکانی سەر دارەکە ڕاچڵەکین، بەترسەوە کەوتنە گریان، تسیرا گوێی بۆ گریانەکەیان هەڵخست، ئەوسا ئاوڕی لە من دایەوە و گوتی: – چۆلەکەشم خۆش دەون!

– تۆ گەوج نیت !

– لەگینە. ئەدی تۆ ؟

– پێموایە منیش گەوجم.

– نەخێر، تۆ دەبەنگی.

– سوپاس.

– ببورە. دەبەنگ وشەیەکی پڕ بە پێست نیە، تۆ کوێرو لاڵی! وانیە ؟ ئاخ، خۆزیا وا نەدەبوویت!

تسیرا لێم هاتە پێشێ، یەخەی کراسەکەی گرتمو لە خۆیی نزیك کردمەوە، ئەوجا چاوی بڕیە دوڕ چاوانم، و پرسی: – دەمبینی؟

– سەیرە، ئا دەتبینم !

تسیرا، دەستی گرتم، قرساندمی بە سینگییەوەو دیسان پرسی:

– گوێت لێیە ؟

گوێم لە دەنگی دڵی تسیرا بوو کە خێرا خێرا لێی دەدا، هاڵاوی هەناسە گەرمەکەیم بە رووا هات... لە پڕ ئالکاوی بووم‌و بە سینگی خۆممەوە قرساند، ئەوجا ماچم کرد...

ئێستا بە نێو سپیدارەکاندا درێژە بە پیاسەکەمان دەدەین.

– زۆریکۆ !

– بەڵێ، تسیرا ؟

– خۆشم دەوێی.

– درۆ دەکەی!

– باوەڕ بکە، بە ڕاستیمە زۆریکۆ.

– درۆ دەکەی، تسیرا، با واز لەمە بێنین....

تسیرا بێدەنگ بوو،و پشتی دا بە دارێکەوە. منیش بێدەنگ بووم‌و پشتم دا بە دیوارێکەوە. ماوەیەکی زۆر بەو حاڵەوە وەستاین،و بەکڕی تەمەشای یەکمان دەکرد. تسیرا لێم نزیک بووەوە، دوگمەی کراسەکەی داخستم، قژی رێك خستمەوە، ئەوجا هێدی هێدی بە شەقامەکەدا پەل بووەوە. بە دووی کەوتم.

تسیرا لە ناکاو ئاوڕی پاشەوەی دایەوە، سەیرم کرد فرمێسك لە چاوانیا قەتیس ماوە. بە پەلە هات بۆ لام، ماچی کردم‌و ئەوجا هەڵات... تا ماوەیەکی زۆر لە جێی خۆم چەقیم، گوێم لە خشەی دڵنەوازی گەڵای سپیداران دەگرت.

... بەرەو ماڵ کەوتمە ڕێ. لە نك شانۆی لاوان ترامێکی درەنگ وەختم پێگەیی، خۆم بە دوا فارگۆنیا کرد، تاقە نەفەرێکی تیا نەبوو، تکیت بڕەکە کە لە غوڕابی خەودا بوو، ڕاپەڕی، چاوی هەڵێنا، ئەوجا پێی گوتم لە پێشی فارگۆنەکەوە جێگایەك بۆ خۆم بگرم. بەڵام بانگی لێکردم کە بگەڕێمەوەو پارەی تکیتەکەی بدەمێ. گەڕامەوە، پێم گوت پارەم پێ نیە. باوەڕی نەکرد، گیرفانە بەتاڵەکانم بۆ دەرهێنا. هەنگێ تکیتبڕەکە گوتی: "چۆن سەرکەوتی بەو ئاوایە دابەزە." خۆم لە فارگۆنەکە هەڵدایە خوارەوە. حەسحەسێك بە باوەش گرتمیەوە.

بزەیەکی گەوجانەم بە روویا داو گوتم "سڵاو".

– ناسنامەکەت، هاووڵاتی.

– ناسنامەی منت بۆچیە ؟!

– هاووڵاتی! پێمگوتیت ناسنامەکەت، با بزانین لە چ قوڕە خۆشەیەکی!

– مەبەستت لە قوڕە خۆشە چیە ؟

– بێدەنگ!

– بۆ دەقیژێنی ؟

– جەریمە بدە دەی.

– تاقە پولێکم پێ نیە...

– دەیسا با بڕۆین بۆ مەخفەر. لەوێ بیدە.

– پێت وایە، لە ڕێگاوە تا دەگەینە مەخفەر مووچەکەم وەردەگرم؟ پێمگوتیت تاقە پولێکم نیە.

– بێدەنگ!

چوار کەس لە مەخفەر بوون. کاتێ بەرپرسی خەفەر بینیمی بڕۆی وێکهێنانەوەو گوتی:

– ها، دیسان پێوە بووی ؟

– نەخێر، ئەفەندی، ئەمە یەکەم جارمە پێ بنەمە مەخفەر.

– بێدەنگ!

– دەبینی، ڕەیس، چ سێبەندییەکە! بە درێژایی ڕێگا جوێنی بە دایکم داوە!

– درۆیە ئەفەندی. جنێوم بە کەس نەداوە.

– دەمت داخە! با لەمە ببمەوە، دێمە سەر مەسەلەکەی تۆش. خەفەرەکە بە دەم ئەو قسەیەوە ئاوڕی لە پیاوێکی ریشنی گۆنا ئاڵ دایەوە کە لەسەر سەکۆکە دانیشتبوو:

– ئاخر دەبێ چەند جار بەڵێننامەت پێ پڕ بکەمەوە، ها؟

– هەر کاتێ ئەمر بکەی، دانەیەکت بۆ پڕ دەکەمەوە. هەرگیز لاریم نیە!

کابرای لووتزل هەستاو من چوومە جێگاکەی، ئەو پۆلیسەی کە بۆ مەخفەر هێنابوومی چووە دەرێ.

– بەسە، بەس... فەرموو، بڵێ بزانم ئەم کەڕەتە چ حەماقەتێکت کردووە؟.

– کێ، من؟ توخوا ئەمە قسەیە ڕەیس! تۆ گوێ لە قسەی ئەو دەگریت؟ بە خۆی دەڵێت مودەڕیس! ئەمە چۆن مودەڕیسێکە؟ هی ئەوە نیە سەگێکی بدەیە دەس. خۆش مودەڕیس!

کابرای درێژ داهۆڵی لاواز هەڵیدایەو گوتی:

– تکاتان لێدەکەم لە تەشەری ئەم سەرخۆش و مەستەم بپارێزن. دەتوانن پرسیاری ئاستی پیشەییم لە بەڕێوەبەرایەتی فێرکردن بپرسن.

خەفەرەکە بە ڕووی کابرای مەستدا هەڵشاخی:

– ڕاستدەکات. قسەی جوان بکە! ئاگات لە دەمت بێ!

– باشە، کەوایە، بۆچی تانە لە پیشەکەم دەدات؟

من خۆم لە قسەکەیان هەڵقورتاند:

– ئەم قسەیە چیە؟ بە تاقە حەرفێ ناوی پیشەکەی نەهێناوی.

– چۆن "بە تاقە حەرفێ ناوی نەهێناوە" ئا ئێستا پێی گوتم بەدمەست ؟

بە مودەڕیسەکەم گوت:

– ئێ، کارێکی باشت نەکردووە.

– گەنجۆ، تۆ نازانی ئەمە چ مەخلوقێکە.

لووتزل تووڕە بوو:

– تۆ مەخلوولی .

یارۆی مودەڕیس لەسەر قسەکانی بەردەوام بوو:

– باسی ئەوە ناکەم کە چۆن لە ژنەکەی داوە، ئەمە هەرچییەك بێ، کێشەی خۆیەتی و پەیوەندی بە خۆیەوە هەیە. بەڵام خواردنەوەکەی لەوەدا نیە، بێ سنوورە، هاواردەکات، دەقیژێنێ، دەرودراوسێکان نیگەران و بێزار دەکات.

بە توندی لە لووتزلم پرسی: – ڕاستە ؟

– یانی چی ڕاستە ؟ ئەگەر تۆ لە جیاتی من بای چیت دەکرد؟ بیست ساڵە، بیست، حاڵی هەی، ئەم ئەفەندیە بە من دەڵێت بەدمەست، وەکو ئەوەی خۆم ئەوە نەزانم! بۆچی بیرمی دەخاتەوە؟ دەڵێت من کابرایەکی ئەشقی و شەقی و بەدمەست و مەردم ئازارم. باشە بە خۆم ئەمە نازانم ؟ بە هەموو ئەمەش دڵی دانەکەوت و ئێستا زاراوەیەکی تازەی لێدوزیوەمەتەوە: مەحسوس . نا، مەکبوس، بەڵێ مەکبوس. کابرای مودەڕیس بۆ ڕاستکردەوە: – مەمسوس.

– ئا، بەڵێ مەمسوس! هەر بەوەشەوە نەوەستاوە. دەڵێ کلاّوچی و دەستڕ.

لە مودەڕیسەکەم پرسی:

– باشە ماقووڵە تۆ پێت گوتووە کلاّوچی ؟

– ئۆو، تۆ نایناسیت. گەنجۆ، ئەیوبیش دەهەری دەکات. حەوانەوەی لەبەر دراوسێکان هەڵگرتووە، هەموویانی لە زەواق ناوە .

– کام دراوسێ ؟ ئەدی بۆچی جگە لە تۆ کەس سکالاّی لە دەست نەکردووە ؟

– لەترسی تۆ.

– لە ترسا نیە، بەڵکو خۆشیان دەوێم و ڕێزم دەگرن.

– فەرموون، ئەمە عەرزوحاڵێکە هەموو دراوسێکان ئیمزایان کردووە.

– هەموویان وەکو تۆ کلاّوچین. لووتزل پشتی کردە خەفەرەکە و ڕووی کردە من: – با قسان بکەین،و بزانین: ئینسان بۆچی دەخواتەوە؟ بە هۆی گرفت و کێشەوە. پیاو کە کێشەیەکی دەبێ تورە دەبێت. پیاو کە تورە دەبێ هاواردەکات. بەڕای ئەو مرۆڤ بۆی نیە لە ماڵی خۆی دا بخواتەوە یان هاواربکات. باشە ئەمە ماقووڵە ؟

– پێموایە نەء . هەڵبەتە پیاو دەتوانێ بخواتەوە، بەڵام....

لووتزل کەیفێکی هاتیّ و گوتی:

– شوکر بۆ خوا، ئەنجام بەشەرێکی ئاساییمان دۆزییەوە.

– جا ئەمە بوو بە خواردنەوە؟ بە قەڕابە دەخواتەوە! کەیفی خۆیەتی، خوای دەکرد مەرگەمووشی دەخواردەوە، بەڵام بۆ ئێمە، دراوسێکان باجی بدەین؟ تۆ تەمەشای بکە، بزانە چۆن کەپووی سوور بووەتەوە ؟

لووتزل بە زەبوونیەوە گوتی: – گوێت لێیە ؟ بە بەر چاوی خەڵکییەوە سوکایەتیم پێدەکات.

گوتم: نا، حەقیقەت، حەقیقەتە. کەپووت بە ڕاستی سوورە.

– جا چ قەیدیە ؟ خەڵکی چیان داوە لە لووتی من؟ ئەگەر حەزبکەم کەسکی دەکەم. ئایا ئەمە قەدەغە ؟.

مودەڕیسەکە پێی گوتم: – بەڕێز، با ناوی خزمەتت بزانم...

فریای وەڵامدانەوە نەکەوتم، کابرای خەفەر تا هێزی تیا بوو کوڵە مستی کێشا بە مێزەکەدا، جامی پەنجەرەکە لەرییەوە،و بێدەنگیەکی تەواو بەرپا بوو.

کابرای خەفەر هاواری کرد:

– کابرای ساویلکە تۆ بە چ هەقێك، پرسوجۆ دەگەڵ خەڵکیدا دەکەیت ؟ هەستە سەر پێیان‌و شەپقەکەت داکەنە.

– جا بۆ تورە دەبی ئەفەندی؟ من یارمەتیت دەدەم.

– پێویستم بە یارمەتی تۆ نیە...

خەفەرەکە، ئاوڕێکی لە لووتزل دایەوە.

– ... بڕۆ دەرەوە، جارێکی دی دراوسێکان بێزار نەکەی.

– بەسەر چاو رەیس گیان. بەڵام تکایەکم هەیە... من ئینسانێکی هێمن‌و بێ وەیم، لە ژیانما مێشێکم نەکوشتووە. با چیتر پێم نەڵێ کلاوچی.

– بڕۆ دەرێ!

– دەڕۆم، دەڕۆم.

کابرای سەرخۆش بەرەو دەرگاکە رۆیی، کە گەییە ئاستی من، سەری دانەواندو گوتی:

– لەسەر جادەکە چاوەڕوانت دەکەم.... هەر کە هاتیتە دەرێ میواندارییەکی شاهانەت دەکەم.

خەفەرەکە هاواریکرد :

– بڕۆ دەرێ. تا پەشیمان نەبوومەتەوە!

لووتزل بەلەز لە ژوورەکە وەدەرکەوت. کابرای مودەڕیس عەرزوحاڵەکەی لەسەر مێزی خەفەرەکە دانا، بەرێزەوە دانەوییەوەو چووە دەرێ.

لە پڕ دەرگاکە بە تەق‌و هوڕ کرایەوە، پورە مارتا وەکو گێژەڵووکە خۆی بە ژوورەکەدا کرد. خەفەرەکە بەسەرسامی هەستایە سەر پێیان، و لە پشت مێزەکە هاتە دەرێ‌و لێی نزیك بووەوە.

– چی بووە پورە مارتا ؟ بۆچی هاتوویت بۆ ئێرە ؟

– کوڕەکە ون بووە! کوڕەکەم ون بووە!

خۆم گرمۆڵە کرد.

– کام کوڕ، پورە مارتا ؟

– کرێچییەکەم، زۆریکۆ فاشالومیدزە. لە ماڵ دەرچووەو تا ئێستا نەگەڕاوەتەوە. هەرچی خەستەخانەو مەخفەری پۆلیس هەیە بە دوویا گەڕاوم... دەڵێی ئەرز شەق بووەو قووتی داوە، فریام بکەوە کوڕم، تەلەفۆن بۆ شوێنێ بکە. ئەگەر شتێك لەو کوڕە بێ، شێت دەبم! زۆریکیلا، کوڕە ئازیزەکەم، چیت بەسەرهات ؟ باوانم شێوێ ! تەلەفۆن بکە، تەلەفۆن بکە، کوڕەکەم.

بە بێدەنگی لە سووچەکەدا دانیشتبووم،و گوێم لە قسەو داخ‌و کەسەری پورە مارتا دەگرت، لە خۆشیا خەریك بوو دڵم دەوەستا. یەکێك هەیە بە خەمی منەوەیە، لە دووم دەگەڕێ، بە خەمی چارەنووسی منەوەیە! پورە مارتا، ئەم پیرەژنە سەرسەختە، شار بە دووی مندا دەگەڕێ، وەك

ئەوەی کوڕی خۆی بم یان نزیکترین خزمی بم! بە خۆم نەوەستام. لە شوێنەکەی خۆم هەستام و باوەشم پێدا کرد:

– پورە مارتا، من لێرەم !

– ئەی خودا! لە کوێوە هاتی؟ هەی بێ شەرم، بەرەڵلا! هەموو شارم بە دوویدا تەی کردو ئەویش لێرە دانیشتووەو چەنەبازی دەکات! هەی خوێڕی. بۆچی لێرەی هەی تاوانبار؟ وەڵامم بدەوە.

– هەروا بۆ سەردان هاتم پورە مارتا.

لە خەفەرەکەی پرسی:

– بۆچی گرتووتانە، کوڕی خۆم ؟

– نازانم، پورە مارتا.... کابرایەکی حەسحەس هێنا بووی...

– نازانی؟ ئەدی چی دەزانی؟ بۆ چیان لە پشت ئەم مێزە داناویت؟ منداڵێکیان بۆ هێناویت،و لێت نەپرسیوە بۆ ؟ باشە ئەمە لە پیاو کوژو ڕێگران دەچێت؟ یان لە شەقاوەو ئەشقیا دەچێ ؟

– پورە مارتا....

– پورت بمرێ! ئەدی تۆ، هەی بێ حەیا، بۆ ماڵەوە دەی! داوای بوردن لە ڕەیس بکەو بڕۆ دەرێ دەی، پاشان دوو قسەت دەگەڵ دەکەم .

پورە مارتا بە پاڵ لە ژوورەکەی وەدەرنام، خەفەرەکە، بە واقی وڕو زاری بەشەوە هەر لە جێی خۆی وەستا بوو، هەر ئەوەندە فریاکەوتم کە دەستێکم بۆ هەڵبڕی.

پورە مارتا، بە درێژایی ڕێگەکە ورتەی لە زار نەهاتە دەرێ. کە گەییشتینە بەر دەرگای ماڵەوە ئاوڕم دایەوەو ماچێکی گونایم کرد. بە دەم سڕینی گۆنایەوە گوتی:

– هەیدێ بە لەبەرچاوم، خوێڕی.

پاشان خۆی بە ژوورەکەیدا کردو لە ناوەوە دەرگاکەی کلیل دا.

بە درێژایی ئەو شەوە نەخەوتم. کاتێکم زانی تاریك‌و ڕوونی بەیان لە ئاسمانەوە بە سەر شاردا دادەچۆڕا....

***پەراوێز:***

***گۆرانیەکی جۆرجیە لەسەر مێزی خواردنەوە دەگوترێ.***

## شیومگفیمە

سەرۆکی لێژنەی سەندیکای کۆلیجەکەمان جگە لە کۆکردنەوەی ئابوونە، هەندێجار بەر لە هەڵبژاردن‌و ریفراندومان، هەندێ سەفەرو سەیرانی گەشتیاری ساز دەدا. لەم سەفەرانەدا بە

زۆری‌و بە کۆمەڵ سەردانی شانۆو سینەماخانەکانمان دەکرد، بەڵام ئەمجارەیان خۆمان بۆ گەشت‌و سەیرانێکی راستەقینە، بۆ دێری شیومگفیمە ئامادە کرد.

پورە مارتا چوار قاژە پەتاتەی سوورەوەکراوی دامێ. نانی نەدامێ، بیانووی ئەوە بوو کە ئەوروپاییانی شارستانی پەتاتەو ماکەروونی بەبێ نان دەخۆن. بەڵام لە بری ئەم کێماسیە خۆراکیە، کۆمەڵێك ئامۆژگاری‌و رێنوێنی کردم.

هاورێکانم لە مەیدانی زانستگەکەماندا چاوەڕوانی پاسەکەیان دەکرد. چاوەڕوانیەکەمان درێژەی نەکێشا: نیو سەعات‌و شتێك. بە پەلە لە پاسەکەدا جێی خۆمان گرت‌و شوفێرەکە سویچی لێدا. مەکینەکە هاڕە هاڕێکی لێهەستا وەك ئەوەی بقرخێنێ، ئەوسا پژمەیەکی کردو کوژایەوە. شوفێرەکە رووی تێکردم‌و گوتی:

– کوڕی باش کوا وەرە یارمەتیەکم بدە.

لە بەردەم ئۆتۆمبیلەکەدا وەستام‌و دەستم دایە هەندلێکی ئاسن‌و کەوتمە هندل لێدان، مەکینەکە،نەکەوتە ئیش.

شوفێرەکە گوتی: – هەمووتان وەرنە خوارەوە.

هەموو هاتنە خوارەوە جگە لە تسیرا کە بە تەنێ لە ناو ئۆتۆمبیلەکە مایەوە.

– دەی کوڕگەل، بە یەك کەڕەت و پێکەوە با پاڵنەین.

– دەی گەلۆ، کوڕگەل هیمەت بکەن!

– پاڵنە !

– ئیشی کرد!

– سەڵاوات !

ئۆتۆمبیلەکە لەرییەوە، مەکینەکە یەك پرتەی کرد، پرتەیەکی ترو ئەنجام کەوتە ئیش.

– سەرکەون.

جارێکی دی سەرکەوتین‌و هەرکەسەو جێی خۆمان گرت. ئۆتۆمبیلەکە کەوتە ڕێ. بەرە بەرە لانسی وەرگرت.

گەشتەکەمان دەستی پێکرد...

لەلای تسیراوە دانیشتم‌و بە دزییەوە کەوتمە تەمەشا کردنی، بەڵام هیچ بایەخێکی نەدامێ. نەستور بە میهرەبانیەوە دەستی بەو بۆشکە شەرابەدا دێنا کە ئوتار هێنا بووی. ئوتار قسەی بۆ رێنوێنە گەشتەوانیەکە دەکرد، شوتا کەوتە سۆزەی گۆرانیەك. دانیشتووم، هەناسەم لە خۆ بڕیوە، دووکەڵی جگەرەکەم دەکەم بەسەرو چاوی سەرۆکی لیژنەی سەندیکادا، بۆ ئەوەی تسیرا بێزار نەکەم.

– فاشالومیدزە، تکایە رووی دووکەڵی جگەرەکەت بکە شوێنێکی دی.

– بیکەمە کوێ ؟

– کەیفی خۆتە... ئابوونەت داوە ؟

– داومە.

- کەی ؟
- دوێنێ. بیرت چووە ؟
- بیرم نایەت .
- دەستەسڕێك بنە گیرفانت و گرێیەکی لێبدە تا لە بیرت نەچێت، دەنا ئوباڵت بە گەردنی خۆت.

بەرپرسە سەندیکاییەکە، گواستیەوە بۆ کورسیەکی پشتەوە. پاسەکە لە شار دەرچوو، کابرای ڕێنوێن دەستی بە شەرحکردن کرد:

- تەمەشای دەستە ڕاست بکەن، ئەمە ڕوباری کوڕایە.

شوتا گوتی:

- ماقووڵە ؟ یانی تۆ دڵنیایت ئەمە ڕوباری کوڕایە؟

نەستور لە قاقای پێکەنینی داو ئاوڕی بۆ لای ئوتار دایەوە:

- ئوتار، کاتی ئەوە نەهاتووە بەرکوڵێك بکەین؟ برسیمە .

کوڕەکان پێکەنین و یەکێکیان پرسی: - مەگەر ڕۆژی چەند ژەم دەخۆی ؟

- چەند کەڕەت دەعوەت بکرێم، ئەوەندە ژەمە دەخۆم.

دیسان دەنگی ڕێنوینەکە بەرز بووەوە:

- تەمەشای دەستە ڕاست بکەن، ئەمە نووسینگەی ئەحواڵی شەخسیە.

شوفێرەکە بە شادیەوە گوتی: - ئافەریم، باش بوو هەڵت هێنا. ئەم خۆشنووسانە جاری وایە دۆو دۆشاو تێکەڵدەکەن، سەروخوار، ژێروبان دەکەن. جارێکیان یەکێکیان فەنبازی کردبوو و پیتی (حا)ی وەکو (با) نووسی بوو، سەرم لێشێواو نەمزانی ئەحوال ــە یان ئەبوال....

ڕێنوێنەکە لەسەر شەرحی خۆی بەردەوام بوو:

- دێری جفاری"١" کەوتووەتە سەمتی ڕاستی ڕوبارەکەوە. ئەم دێرە یەجگار کۆنە، کەچی تا ئێستا هەرماوەو نەڕوخاوە.

تسیرا پرسی: - نازانیت کەی دەڕوخێت ؟

دەلیلەکە(ڕێنوێن) هەستی بە بوونی داوێك کرد، بێدەنگ بوو. بەڵام دوای دەققەیەك بەردەوام بووەوە:

- ئەفسانەیەکی کۆمیدی جوان هەیە پەیوەندی بەم دێرەوە هەیە. ڕەبەنێك، ناوەکەیم لە بیر چووە، لەم دێرەدا ئاکنجی دەبێت،و زۆر سادەو ساکارانە دەژی... ئەگەر بۆ کارێك پێویستی بە سەفەرو سەردانێك بوایە، بۆ متسخیتا، خۆی بە زنجیرێکی نێوان دێرەکەو شارەوە شۆڕ دەکردەوە. جارێك یارۆی ڕەبەن لەو دەمەدا کە خۆی بە زنجیرەکەدا شۆڕ دەکاتەوە، بە ئاسمانەوە کچێکی یەجگار جوان دەبینێ کە جلەکانی داکەندووەو بە ڕووت و قووتی، لە هەردوو ڕوباری متکفاری و ئاراگڤی"٢"دا مەلە دەکات.

شوفێرەکە کەوتە گومانەوە: - کیژێك لە یەك کاتدا لە دوو ڕوباردا مەلە بکات ؟

تەمەشای سەمتی ڕاست بکەن، لێرەدا هەردوو ڕوبارەکە یەکانگیر دەبن.

- ئێ دوای ئەوە ؟

– ڕەبەنەکە دزە نیگایەکی کیژە رووتو قووتەکە دەکات...

شوفێرەکە گوتی: – پیرەمێر بە خۆی نەوەستا ؟

– بە خۆی نەوەستا. جا ئەوەش بزانن کە ئەو سەردەمە تەمەشاکردنی کیژانی ڕووت لە ڕەبەنان قەدەغە بووە.

شوفێرەکە هەڵیدایە: – ئاخ، یانی ڕەبەنەکە لە دابو نەریت لایداوە ؟

– بەڵێ. هەڵبەتە سزای تەماشاکردنی کیژانی ڕووت لەلای هەمووتان ئاشکرایە... ڕەبەنی داماو سەری دەسوڕێو لە بەرزییەوە دەکەوێتە ڕوبارەکەوەو دەخنکێ.

دەلیلەکە، حیکایەتو ئەفسانە جوانەکەی بەدەم قوڵپی گریانو هەنسکەوە تەواو کرد. شوفێرەکە پرسی: ئەفسانەکە تەواو؟ دەلیلەکە سەری لەقاند.

– ئا، بەو شێوەیە ژنو قومارو بادە هەموومان دەکوژێت... پێش ماوەیەکی کورت، لە شەقامێکدا، ئۆتۆمبیلەکەم داژۆت، چاوم بە فریشەیەك کەوت! باڵی نەبوو، بەڵام بە زاتی خوا فریشتە بوو... بەڵام ڕووتی تەواو نەبوو... بانگم لێکرد: " هاووڵاتی، ئاوڕێ بدەوە". ئاوڕی دایەوە، دەقاو دەق هەمان حاڵەتی ڕەبەنەکەم لێ بەسەر هات، بەرچاوم تاریك بوو... و خۆم بە ئۆتۆمبیلێکی تردا کێشا... دیارە پۆلیسی هاتوچۆ لەسەر پێ بوو. پۆلیسی هاتوچۆ خوای بان سەرمانە. جیاوازیەکەیان ئەمەیە خودا وەکو دەڵێن لە ئاسمانێرا دادەبەزێ، بەڵام پۆلیسی هاتوچۆ لە ناخی ئەرزەوە هەڵدەقوڵێ... پێموایە باقی ڕووداوەکە بۆ ئەنگو نەمەبەست بێو نە گرینگ بێ .

شوفێرەکەمان حیکایەتو ئەفسانە تراجیدییە ئامۆژگاری ئامێزەکەی تەواو کرد.

دەلیلەکە هەمدیس دەستی پێکردووەوە:

– تەمەشای سەمتی ڕاست بکەن. ئەمە کاتەدرائیەی سفیتیتسخو فیلییە"٣"... بە ئەمری تزار دەستی ڕاستی ئەو وەستایەی کە دروستی کرد، هاتە بڕین.

نەستور پرسی: – بۆچی ؟

– بوختانو دەسیسەو پیلان... یەکێك بۆ تێ چاند بوو.

شوفێرەکە گوتی: – لەوەیە کەرەستەی بیناکەی دزی بێ.

تسیرا پرسی: – باشە بۆچی کاتەدرائیەکە ناو نراوە سفیتیتسخوفیلی؟

– بۆیە وا ناو نراوە... بە ڕاستی نایزانی ؟

– بەڵێ.

– عامودێك لێرە هەبووە.

– باشە حەیوانات لە کوێوە هاتوون ؟

شوتا کەوتە ڕوونکردنەوە: – حەیواناتی کێوی لە لێرەوارەکانی دەوروبەری دەڤەرەکە دەژیان. دەلیلەکە هاواریکرد:

– تەمەشای باکوور بکەن، ئەمە مەزاری قارەمانی نەتەوەییمان ئەرسینا فرابدیلی یە"٤".

شوفێرەکە هەڵیدایە: – ئەرسینا، دەیناسیم !

*ئەوجا بە جۆشەوە کەوتە سروود گوتن:*

*ئەرسینا سواری ئەسپەکەی بوو*

*بە چوار ناڵە وەکو تیر بۆی دەرچوو.*

*ماس و زومرودی دایە*

*هەرچیەکی لە دەوڵەمەندان سەند بوو*

*بە دیاری بەخشییەوە*

*بەسەر هەژاران دا"٥".*

لای نیوەڕۆ گەییشتینە گوندی دزیگفی. بە کەڵەکێك بۆ ئەوبەری روبارەکە پەڕینەوە، پاشان بە چیای شیمگفیمی دا هەڵگەڕاین. دەستە لە دووی دەستە وەڕێکەوتین. وەکو سێبەر لە دووی تسیرا بووم، بەڵام هەر ئاوڕی لێنەدامەوە، تاقە نیگایەکی پێ ڕەوا نەبینم.

هەستم کرد لەو شەوە بە دواوە خۆیم لێدەدزێتەوە. تسیرام یەجگار خۆش دەویست،و حەزم نەدەکرد بەینمان تێکبچێت. دەمزانی تسیرا حەزناکات دژایەتیم بکات. بەڵام، لەبەر هۆیەك کە نەمدەزانی چیە، دەترساین پێکەوە بین، لە یەکتری دەترساین.

نەستور بانگی لێکردم: — زۆریکۆ، واز لە کیژەکە بێنە. نابینی هیچ بایەخێکت ناداتیٚ! وەرە یارمەتیمان بدە.

خۆم گەیاندە ئەو کوڕانەی کە دەسباری بۆشکە شەرابەکەیان دەدا،و تك تك ئارەق لە هەنیەیان (تەوێڵ، ناوچەوان) دەچۆڕا.

تسیرا، لە پێشەوە دەڕوات، ناو بە ناو دادەنەوێتەوە تا گوڵێك بچنیٚ. زۆرم حەز لە گوڵە. دەتوانم رۆژیٚ تا ئێواریٚ بە دیار گوڵێکەوە بوەستم و بە خەیاڵی ئەو گولەوە مێرگێکی پڕ لە گوڵان بێنمە بەرچاوانم، دەتوانم رۆژێك تا ئێواریٚ بە مێرگاندا بسوڕێمەوەو بگەڕێم تا تاقە گوڵێك بدینم، دەتوانم بە سەعاتان لەسەر گازی پشت راکشێم، بنۆڕمە حەواو جگە لە گوڵان هیچی تری تیا نەبینم. گوڵم خۆشدەوێن، بەڵام کردنەوەی گوڵم یەجگار لەبەر گرانە، چاوم بەرایی نادات کردنەوەی گوڵ بدینم. حەزم لە گوڵی کراوە نیە، چەپکە گوڵی مردوانم وەبیر دێنێتەوە.

ڕەبەنێکی گەنجی روو خۆش لە دێرەکەدا پێشوازی کردین، سەرەتا نیگایەکی پڕ رەزامەندی بۆشکە شەرابەکەی کرد، پاشان لێی پرسین کە ئێمە کێین. کاتیٚ زانی ئێمە خوێندکارین، ترسی لێنیشت، پرسی: — ئەندامی کومسمولن؟

سەرۆکی لیژنەی سەندیکایی، وەڵامی دایەوە: — هەر هەموومان.

— ناتوانم رێتان بدەم بێنە ناو دێرەکەوە. خوانەناسان و ماڵی خودا؟ مەحاڵە!

گوتم: — من دوو مانگە ئابوونەم نەداوە. دەتوانم بێمە ژوورەوە ؟

بە دەم بزەیەکەوە وەڵامی دایەوە: — هەڵبەتە.

سەرۆکی لیژنەی سەندیکا توڕە بوو:

— بۆ نوێژ نەهاتووین، هاتووین شوێنەوارێکی مێژوویی بدینین و تەمەشا بکەین.

— تۆ کێی ؟

- سەرۆکی لیژنەی سەندیکام.
- باشە، فەرموون وەرەنە ناو دێرەکە. بەڵام توخوا شەپقەکانتان داکەنن،و پێڵاوەکانتان بسڕن. هیچ شتێك لەسەر دیوارەکان نەنووسن.
ڕەبەنەکە بەرەو کڵێساکە چوو، قفڵەکەی کردەوەو پاشان دەرگاکانی کردەوە. نیشانەی خاچی کێشاو لە بن لێوانەوە گوتی: "بە ناوی تۆ خودای بەرزو باڵا" ئەوجا چووە ناو دێرەکەو، ئێمەش بە دوویدا.
هاڵاوی بۆنو بەرامەی بخوردو مۆمو شەمالکمان بەسەردا هات. جۆرە سەرەگێژکەیەکمان تووش بوو. چەندین گورزە ڕۆشنایی زەردباو لە دەلاقەو کلاورۆژنەی تەنگەوە رژانە ژوورەوەو لە عاردیدا یەکانگیر بوون، ئەو تاریکییەیان ڕەواندەوە کە ئیحابەخشی هاماجو ئوتموسنفیرێکی نهێنی ئامێز بوو. سەدە کۆنەکان، بە سیمای هەڵکفاوی پڕ لۆچو، چاوانی درشتو یەجگار زیندوو زیتەڵەوە بە دەستانی ناسکی بەسەر سینگو بەرۆکانەوە تێك ئالاو، لێیان دەڕوانین.
نەستور پرسی: - ئەم تابلۆیە چی دەگەیەنێ ؟
ڕەبەنەکە بەرسڤی دایەوە: - ڕابوونی مەسیحە.
شوتا گوتی: - ئەگەر ئێستا ڕادەبێ!
ڕەبەنەکە، بە بێزارییەوە گوتی: - چاکەکەی دامەوە، گوتم نابێ کومسمۆلان ببرێنە کڵێساوە.
- زویر مەبە هاوڕێ گیان.
- هاوڕێی چی، من کەی هاوڕێی تۆم ؟ بڵێ بابا.
- ئەدی بەبابی خۆم بڵێم چی ؟
- کەیفی خۆتە...
- باشە، تۆ قەشە نیت ؟
- هەموو شتێك بە ویستو ئیرادەی خوایە... خوا دەیزانێ...
تسیرا پرسی: - بابەتی ئەم تابلۆیە چیە ؟
- یەهودا خیانەت لە مەسیح دەکات.
شوفێرەکە هەناسەیەك پڕکەسەری هەڵکێشاو گوتی:
- ئیدی ئەوە دنیایە: ناکرێ متمانەو باوەڕ بە برای دایکیو باوکی خۆتیش بکەیت: بە پۆلێکت دەفرۆشێت.
سەرۆکی لیژنە سەندیکاییەکە لە پڕ گوتی:
- خوا نیە.
تسیرا کەوتە گومانەوە: - بەڵام دەڵێن خوا لە ئاسمانانە ؟
شوفێرەکە هەڵیدایە:
- فرۆکە لە ئاسمانانە.
دەلیلەکە بەدەم بزەیەکی تەوسامێزەوە پرسی:

– ئایا ئێوە دڵنیان کە خودا نیە؟ چەند ڕۆژێك لەمە پێش بەڕێدا دەڕۆیشتم. لە ناکاو بەردێك ڕێك لەبەر دەممدا کەوت. تێدەگەن؟ بە قەد داوە موویەك لێمەوە دوور بوو، تەسەور بکەن! ئەگەر یەك هەنگاو، تۆ بڵێ نیو هەنگاو لە پێشتر بام ڕێك... بۆ ئەمە چ دەڵێن، خودا هەیە یان نیە ؟

گوتم: ئەگەر خوا هەبوایە بەردەکە ڕێك دەکەوت بە تەپڵی سەرت دا.

ئەوجا لە کڵێسەکە وەدەرکەوتم.

نازانم ئەم گفتوگۆو گەنگەشە زانستییە چۆن تەواو بوو، بەڵام هەر هەموو ئەوانەی لە دێرەکە هاتنە دەرێ، لە برسا لاکەی سەریان دەهاتو داوای نانیان دەکرد.

سفرە لەسەر سەوزە گیا ڕاخرا، هەرکەسەو توێشووی خۆی دەرهێناو سفرە ڕازێنرایەوەو دەست بە نانخواردن کرا. تەمادامان (سەر گەورەو سەر گەڤار) دانەنا. بڕیارمان دا بە نۆرەو هەر کەسەو لە نۆرەی خۆیدا قسەی خۆی بکاتو بیروبۆچوونی خۆی دەربڕێ.

شوفێرەکەمان یەکەم کەس بوو:

– من ئینسانێکی نەگبەتو کڵۆڵم.هەموو جارێ کە خەڵکی دەخۆنەوە،و دەخۆنو گۆرانی دەڵێن، دەبێ من دانیشمو زەقەی چاوم بێت، چونکە خواردنەوە بۆ ئێمەی شوفێران خەتەرە... بۆ نموونە ئەگەر ئێستا بخۆمەوەو هەمووتان بخەمە هەڵدێرێکەوە.... لەوەیە بیانوویەك بدۆزرێتەوە: ئوستۆپەکەم پچڕا یان هەر بیانوویەکی دی، هەنگێ وەرە بۆ حەقیقەتی مەسەلەکە بگەڕێو بیدۆزەوە. بەڵام پۆلیسی هاتوچۆت بۆ دەخەڵەتێ ؟ پێت دەڵێت: "کوا فوو بکە! سەرخۆشیت هاوڕێ ؟ بێگومان سەرخۆشیت!" ئەمە لە کۆنووسەکەدا تۆمار دەکەین: "شوفێرەکە، لە کاتی ڕووداوەکەدا، سەرخۆش بووە". ئیدی تەواو. شوفێرەکەتان بۆ بەرزترین تەلاری تەبلیسی دەبەن.

ئوتار پرسی: – بۆ کامە تەلار ؟ بۆ دە قاتەکە ؟

– بۆ زیندان !

منیش لە جێی خۆوە پرسیم: – باشە تەلاری بەرزتر لە تەلاری زیندان نیە ؟

– نەخێر، زیندان بەرزترین تەلارە، دەڕوانێتە سەر چوکوتکا"٦"

– ئێ، بەڵێ...

– ئێ، بەڵێ ! باشە، بە سەلامەتیتان.

ئیدی سەری نەخب کرایەوە، نەخب لە دوای نەخب خورایەوە:

نەخبی دۆستایەتی، خۆشەویستی، کەلەپورو دەسکەوتەکانی زانست، نەخبی بابو باپیران – ئیدی نەخبی بێ حەددو حیساب.

ڕەبەنەکە لەسەرەتاوە، ڕەفزی کرد شەراب بخواتەوە، بەڵام لە دوای پێکی چوارەمەوە، خۆبەخش ئەرکی ساقی لە ئەستۆ گرت. دەعوەتو میوانیەکە لە ئاخرو ئۆخری دا بوو، کە ڕەبەنەکە داوای قسەکردنی کرد،و بە تانی ئەم مونولۆگەدا ڕۆیی: ئا لەم دێرەدا شا عەباسی ئێران... دەزانن بۆچی بە دراوی بیست کوبیکی دەڵێن "عەباسی"؟ شا سەری دوو سەد ڕەبەنی جۆرجی بڕی! بۆچی؟... دوو سەد ڕەبەن، ژمارەیەکی کەم نیە!... داپیرە شا جۆرجی بوو. بەڵێ!

لەوێ لە چاڵێکا، ڕەبەنێك خۆی پەنا دابوو، خواردن‌و خواردنەوەی لە خۆ حەرام کردبوو... بۆچی؟

شوتا سەبری سوا: – گوێ بگرە، برا. تۆ ڕەبەنی یان موحازەرەبێژ ؟ ئاخر ئەم هەموو بۆچپە چیە بە گوێمانیا دەدەی؟ خودا دەزانێ بۆچی! خۆت بیڵێ: بۆچی ؟

– باشە پەلە مەکە دەیڵێم! هەموو شتێك دەڵێم! مەسەلەکە زۆر سادەیە، ئێستا لە نەخبی کێ بخۆینەوە؟... نەخبی ئەم ماڵە!... خودا ئاواو ئاوەدانی بکات، شادی‌و خۆشی بەسەر کەسەکانیا داباڕێنێ... بە دوازدە کوڕو بە دوازدە کیژ... بۆ خاتری مەسیح‌و هەر دوازدە پەیامبەرەکە. من ڕەبەنم... بۆچی ؟

ڕەبەنەکە، بەر لەوەی فریای وەڵامی دوا (بۆچی)یەکە بکەوێت، خەو بردییەوە... بەڵام من دەزانم هیچ ئافرەتێك لەم دنیایەدا نەبووە رازی بێ بەوەی شوو بەم ڕەبەنە، بەم وەچەی نیاندەرتاڵی کوڕی نیاندەرتاڵە بکات، بۆیە هیچ چارێکی نەماوە تەنیا ئەوە نەبێ ببێت بەڕەبەن.

نۆرەی من هات، پەرداخێکم تەژی کردو گوتم:

– بژی خۆر! نەخبی خۆر!

شوتا گوتی: – خۆی چی؟ ئێستا شەوە.

بەڵام لەسەری ڕۆییشتم: – من خۆر دەبینم!

ئوتار تای منی گرت‌و هەڵیدایە "ئافەرین".

– خۆر دەبینم! و پێویستە ئێوەش بیدینن، هەڵبەتە ئەگەر کوێر نین.

نەستور هەڵی روانیە مانگ‌و گوتی: – بێگومان ئێمەش دەی بینین.

بەرپەرچم دایەوە:

– نەخێر، ئەمە مانگە، پێویستە خۆر بدینن!

نەستور بەرسڤی دایەوە: – تۆ سەر خۆشیت و تەواو.

– من (شیومگفیمیلی"٧")م

نەستور گوتی: – تۆ زۆریکیلا فاشالومیدزەی.

– تۆش سیرابیونایت.

نەستور نەیدەزانی سیرابیونا چیەو کێیە، بۆیە زویر نەبوو.

هەستام‌و گوتم: من دەڕۆمەوە بۆ ماڵ.

ئوتار گوتی: – خوا حافیزت. ڕێگاکە لەم ڕاڕەوەوە نزیکترە.

رووم کردە تسیرا: – دێی لەگەڵما ؟

ئوتار پرسی: – چ مەجبورە لەگەڵتا بێت؟

– کەس لە تۆی نەپرسیوە.

– تسیرا، ئامادەی دەگەڵ ئەم شێتەدا بڕۆیت ؟

تیسرا بەرسڤی دایەوە: – لێرە دەمێنمەوە.

ئوتار پرسی: "لەگەڵ مندا ؟"

– نەخێر، لەگەڵ هەمووتاندا.
بە تەوسەوە گوتم: – بۆ ئۆتار هەموانە ؟
– جا بۆ هەر ئۆتار؟ ئەوە نەستوریش لێرەیە.
– نەستور نووستووە.
ئۆتار هەڵیدایە: – کەواتە لەگەڵ مندا دەمێنێتەوە.
بەرپەرچم دایەوە: – تۆ ئێستا دەخەوی.
ئوتار گوتی: "مەحاڵە"و بە دەنگێکی بەرز باوێشکی دا.
– با دەخەوی.
– تسیرا دەخەوم؟
– ئەگەر حەزت لێیە، بخەوە !
ئوتار لەسەر سەوزە گیاکە پاڵکەوت و یەکسەر خەو بردییەوە.
– تۆش بنو، زۆریکۆ... سەرت لێرە دابنە، لەسەر ڕانم...
– تسیرا، حەزم لە شەراە، شەرابم دەوێ!
تسیرا گوتی: "بخۆوە"و پەرداخێکی دامێ.
– تسیرا، تۆ کیژێکی جوانی.
– دەزانم...
– من مەیمموونم..
– دەزانم ...
– کەواتە بۆ خۆشت دەوێم؟
– نازانم...
– نەخبی نەزانین، بژی جەهل، بژی رسوب و دەرنەچوون! بژی ئیلیکۆو ئیلاریون و داپیرەم.
ئوتار هەستاو، بە ڕوو گرژییەوە گوتی: – بەم ئیلاریونە مێشکت بردین.
گوتم: – تسیرا، ڕابە بابڕۆین...
– بۆ کوێ ؟
– سەر هەڵدەگرین... بڕۆین ؟
– دەترسم.
– مەترسە.
تسیرا هەستاو، بە هەنگاوی خاوەوە شوێنم کەوت.
– زۆریکۆ !
– بەڵێ، تسیرا ؟
– زۆریکۆ، بۆ بێدەنگی؟ شەرم دەکەم، زۆر شەرم دەکەم....یانی خۆشت ناوێم؟ بۆچی بە ئاشکرا نایڵێی ؟
– تسیرا، تۆ کیژێکی زۆر جوانی !

– ئەمە كۆنە، پێشتریش ئەمەت گوتووە.

– تسیرا، تۆ خۆشت ناوێم... من ئێستا خۆمارم، كە مەستو خومار دەبم هەمیشە ڕاستیو حەقیقەت دەڵێم... تۆ... من... تۆ كیژێكی جوانی... نامەوێ خۆشت بوێم... دەزانی تۆ لە من خەساری... من شایستەی خۆشەویستی تۆ نیم...

– قسەی وا مەكە، زۆریكۆ....

– من سپڵەم، بێ وەفام... قەت بە بیرما نەهاتووە تۆ خۆشت بوێم. دەزانی من چ ئینسانێكی هیچم...تۆ ئینسانێكی باشی... من....

– نەخێر، زۆریكۆ، ئەم قسانە مەكە...

– نەخێر، دەبێ هەموو ڕاستیەكان بزانیت... من... كچێكی ترم لە گوندی خۆشدەوێ... لە هەموو كەسێكی ئەم دنیایەم خۆشتر دەوێ... لە خۆمم خۆشتر دەوێ... تۆ لەو باشتری، هەزار جار لەو باشتری. بەڵام چبكەم خۆشم دەوێ. مانگی منە، خۆری منە... ناوی ماری یە... حەز دەكەم ئەوە بزانی...

لە حەژمەتاندا هەناسەم سوار بوو، گریان لە ئەوكم گیراو زمانم لاڵ بوو. نەمدەتوانی تاقە وشەیەك بڵێم. چاوە درشتە شینەكانی لە هەر ڕوندكو گلەییەك خاڵی بوون، جگە لە حەپەسان هیچی ترم لە چاوەكانیا نەخوێندەوە. دوای تۆزێك ڕاپەڕی ولێم نزیك بووەوەو تا هێز لە دەستیا بوو زللەیەكی لێدام. لە جێی خۆم نەجولام. هەردوو دەستی بە دەموچاوییەوە گرتو سەری بە سینگو بەرۆكی منەوە ناو مابگری ئەمما گریان.

تسیرام كردە باوەش، بۆ ئەو شوێنەم بردەوە كە پێكەوە دانیشتبووینو لەلای ئوتارەوە دامنیشاند، ئەوجا بە بێدەنگی دەستیم ڕاموسی (ماچ كرد)و بێئەوەی تاقە قسەیەك بكەم ڕۆییشتم.

لە بورجی زەنگە كۆنەكان نزیك بوومەوە، بە پەیژەكەدا سەركەوتمە مەیدانەكەی سەرەوەو پڕ بە سییەكانم شنەی سازگاری شەوم هەڵمژی ئەوجا تاهێز لە گەروما بوو هاوارم كرد:

– هێیییی یی یی!

هاوارەكەم لە چیاكاندا دەنگی دایەوە:

– هێییی یی یی!

گەردو تۆزی سەر زەنگەكەم بەدەست سڕی. مشتێكم كێشا بە لایە مسینەكەی زەنگەكەدا، ناڵەیەكی دوورو درێژی كپی لێهەستا. لە ناكاو بەرچاوم تاریك بوو و دنیام لەبەرچاو سوڕا... خۆم بە كندڕی زەنگەكەوە گرت تا نەكەوم، زرینگەی لێهەستا:

– زرینگ، ینگ، ینگ.

بۆ جاری دووەمو سێیەمو چوارەم كندڕەكەم ڕاكێشا: "زرینگ... ینگ... زرینگ... ینگ".

لە هەوەڵەوە دەنگەكان پچڕ پچڕ بوون، پاشان تێكەڵ بوونو وەكو شەپۆلان بە دووی یەكتردا هاتن، حەوشەی دێرەكەو شەوو، هەموو دنیای خەواڵوی، باوەشی تریفەی مانگی پڕكرد...

لەلای زەنگەکەوە وەستامو گوێم بۆ ئاوازەکەی دەگرتو خۆرم دەبینی،و هەستم دەکرد خەریکە لە خۆ دەچم.

*پەراوێز:*

*١- جفاری، پەرستگەیەکە لە نزیکی شاری متسخیتا، لە سەدەی شەشەمدا دروستکراوە، یەکێکە لە شوێنەوارە تەلکارییە کۆنەکانی جۆرجیا.*

*٢- ئەم جووتە روبارە لە شاری متسخیتادا دەبن بە یەك.*

*٣- سفیتیتسخوفیلی: کاتەدرائیەکە لە شاری متسخیتا، وەستای تەلارکار ئەرساکیدزە لە سەرەتای سەدەی یازدە دروستی کردووە. وشەکە لە دوو برگە پێکهاتووە: ((سخیتی)) واتە ئەستوونو "تسخوفیلی" واتە گەڕەك، برگەی دووەم مانای حەیوان-ش دەگەیەنێ.*

*٤- ئەرسینا مرابدیلی: قارەمانێکی میللییە دژی سیستەمی کۆیلایەتی زەوی خەباتی کردووە. لە ساڵی ١٨٠٠ لە دایکبووەو لە ساڵی ١٨٤٢دا کوژراوە.*

*٥- شوفێرەکە لێرەدا چەند دێڕێکی پچڕ پچڕو جیا لە یەکتر لە بەیتی میللی (ژیانی ئەرسینا) دەچڕێت.*

*٦- چوکوتکا: نیمچە دورگەی چوکوتسکی کەوتووەتە باکووری رۆژهەڵاتی ئاسیا، لەوپەڕی وڵاتە. وەکو نموونەیەك بۆ شوێنی دوور دەگوترێ. وەکو کێوی قاف لای خۆمان.*

*٧- شیومگفیمیلی ،نازناوی شاعیری منداڵانی جۆرجی بەناوبانگ شیوکوچو کاشفیلی یە.*

## دار

مەنو ئیلاریون پێکەوە، بەدەم قسانەوە لە ژێر دارێکدا دانیشتووین. ئیلاریون زۆری حەز لە باسی زانستو سیاسەتو ئەدەبە. وێناو بۆچوونی تایبەتی خۆی دەربارەی هەر دیاردەیەکی ژیان هەیە، مێشکی پڕە لە بۆچوونو تیۆریانی هەڵێنجراوی خودی خۆی، جگە لە من گاڵتەی بە هەموو ناوداران دێت. بەڵکو هەندێجار تەنانەت گومان لە منیش دەکاتو نایشارێتەوە، لە پڕ دەپرسێت: — ئەم بۆچوونەت لە کوێ خوێندووەتەوە؟

سەرچاوەکەی پێدەڵێم.

— ئێ. ئێ... خۆ کتێبیش بەشەر دای دەنێت، زۆریش باوەڕت پێی نەبێ.

دوای هەوڵو کۆششێکی زۆر ناچارم کرد دان بە خڕی زەویدا بنێت، پاش ئەوەی محازەرەیەکی دوو دانە سەعاتیم لەو بارەیەوە بۆ ڕێسا. هەروەها قەناعەتی وایە کە پیاو ئەگەر کونێك لە گۆی زەویدا بکاتو پێیدا بڕوات، دەتوانی بگاتە ئەمریکا. بەڵام ئیلاریون لەوە ناگات کە مادامێکی ئەمە وایە، بۆچی خەڵکی زەوی کون ناکەن.

ئـەمجارەیان، داپـیرەم بەشـداری لـە باسـەکەماندا دەکـات. تەشـیەکەی هـەڵگرت و هـات لـەلای ئێمەوەو لەسەر کۆتەرە دانیشت.

– باشە کوڕی خۆم. تۆ دەڵێی لە پێشا ئاژەڵان لەسەر گۆی زەوی پەیدا بوون و پاشان ئادەمیزاد پەیدا بوون. باشە کە بەشەر نەبووە، کێ چێڵ و پەزو بزنانی دەدۆشی؟

– کەس، بێچوەکانیان بەشێکیان مژتووەو ئەویتری ڕژاوەتە سەر عاردی.

– گوێت لێیە ئیلاریون ؟ شیرو برژێ!

– ئولگا! ئەمە قەیدی نیە، ئەمە هیچ نیە! تۆ لێی بپرسە کە چۆن مەیموون بە زەبری کاربووە بە بنیادەم!

– بۆمانی باس بکە کوڕەکەم.

– شتەکە وەکو ڕۆژ عەیانە! تۆ تەمەشای ئیلاریون و ئیلیکۆ بکە، ئیدی بە خۆت هـەموو شتێ تێدەگەی.

ئیلاریـون دەهـری بـوو: – گـوێ بگـرە دەمـڕووت! ئەگـەر ئاوێنـەت نیـە، بـڕۆ لـە ئـاوی بیرەکـەدا تەمەشای سەروچاوە چەپەڵەکەت بکە. باشتر وایە لەو ڕووانەوە پرسێ بە نەنکت بکەی کە دنیای دیتووەو ژیانی جەڕباندووە.

– بەڵام ئێوە لە هیچ شتێك تێناگەن.

ئیلاریون دانەکانی گڕ کردەوەو گوتی "شەرم ناکەی؟" نەنکم تکای لێکرد:

– کەواتە ئیلاریون، تۆ بۆمان باس بکە.

– باسی چی و خواسی چی! کوڕەکەت درۆیەکی هەڵبەستووە، خوا بە خوایەتی خۆی سەری لێـدەرناکات... یـەکێك گـوێی لـێبێ وا دەزانـێ برسـێتی زۆری بـۆ مـەیموون هێنـاوەو کەوتووەتـە زەوی کێڵان...

– پەنا بە خوا! پاشان؟

– دیـارە، کـە لەسـەر چوار لاق بـووە نـەیتوانیوە زەوی بکێڵـێ، ئیـدی هەسـتاوەتە سـەر هـەردوو پاشووی.

– ئەمە ڕاستە کوڕی خۆم ؟

– درۆ دەکات !

– ها، یانی حاشا لە قسەکەی خۆت دەکەی ؟

– باشە من ئاوام بۆ باس کردیت ؟

– بریا وا هیت باس بکردایە. لە نیوەی قسەکەت هەر تێنەگەییشتم.

زۆر پەسـت بـووم، بـەڵام ئیلاریـون لەسـەری ڕۆیـی: – بـا بێینـەوە سـەر بابەتەکـەمان. مـەیموون دەستی بە زەوی کێڵان کرد.

– ئەدی پاچی لە کوێ پەیدا کرد ؟

– بیرم چوو لێی بپرسم... دەی، پنتی، بڵێ مەیموونەکەت پاچی لە کوێ پەیدا کرد ؟

وەڵامم دایەوە: لە کویّ؟ چوو بۆ لای ئوتسویا لـە ستۆڕی گوندەکەو گـوتی: " گـویّ بگـرە بـرام، بێزەحمەت ئەو پاچەم بدەیە کە نرخی هەژدە ڕۆبڵە".

ئیلاریون گوتی: – باشە لەو سەردەمەدا ئوتسویاش مەیموون بوو؟

نـەنکم هەڵیدایـە: – ئوتسـویا، ئێسـتاش هـەر مەیموونـە. پـارەی کیلۆیـەك بزمـارم دایـە، نزیکـەی چارەکە کیلۆیەکی دزیو باقیاتی پارە وردەکەی بۆ نەگێڕامەوە.

– سلاّو خزمینە.

ئاوڕمـان دایـەوە، ئیلیکـۆ بـە دەم زەردەخەنـەوە لەبـەر دەرگـای باخچـەکە وەسـتا بـوو. ئیلاریـون تەواو لێی ورد بووەوەو پرسی: – ئیلیکۆ چیگوگیدزە، بیّ پێچو پەنا بڵیّ بزانم بۆ شـەڕ هـاتووی یان بۆ دۆستایەتی ؟

– تۆ، لە هەموو حاڵێکا، بۆ خـۆت بـیّ خـەم بـە، چـونکە ئـەوەی لێـت بـدات دەسـتی گـلاّو دەبێـت. هاتووم بۆ لای ئەم جیرانەم بۆ تەگبیرێك.

– کەواتە بەخێر هاتی، بەسەرچاوان.

ئیلیکـۆ لێمـان نزیـك بـووەوە، دووبـارەو زۆر بـە ناسـکی سـلاّوی کـردو لەسـەر کۆتـەرە دارێـك دانیشت. کیسە تووتنەکەی لە بەرکی دەرهێنا، لوێچی تووتنی بۆ خۆی داناو کیسـەکەی نایـەوە بەر باخەڵی. کیسەیەکی تری لە گیرفانێکی تری دەرهێناو بۆ ئێمەی درێژ کردو گوتی: " دووکەڵ دەکەن ؟".

ئیلاریون، کیسەکەی وەرگرت، بۆنێکی تووتنەکەی کردو بۆی گەڕاندەوە:

– ئیلیکۆ گیان، ڕۆژی سیّ لوێچ لەمە بکێشـە، باشـترین دەرمانـە بـۆ کەسـێك کـە دەردەکـەی تـۆی هەبیّ.

گوتم: "بیبەراوییە؟" ئیلاریون وەڵامی دایەوە :

– نـا، گـژو گیایـە. دەی پێمـان بڵـیّ چ بایـەك بـۆ ئێـرەی هێنـاوی ؟ ئیلیکـۆ، بێـزی نـەهات هـەر تەمەشای ئیلاریون–ش بکات، بەڵکو ڕووی کردە داپیرەم و گوتی:

– ئۆلگا گیان، ئەمە بەشەر نیە تا قسەی دەگـەڵ بکـریّ. بینیوەتـە چـۆن ژەهـر لـە زاری دەپـڕژیّ، چۆن ژەهـر دەدڵـۆپێنیّ.. هەرچـەندە دەمـی تـۆ، خـوا هـەڵناگریّ گـلاّوی لـیّ نـارژیّ، بـەلاّم تـۆ ژنـی، ژنێکی ئاقڵی، پێم بڵیّ چیبکەم، چ ڕەفتارێك بکەم ؟ سەری خۆ هەڵگرمو بۆ هـەتا هەتایـە گوندەکە بە جیّ بێڵم یان کەسێك بکوژمو بچمە زندانەوە ؟

– وی پەنا بە خوا... چی بووەو ؟

– ئێسـتا پێـت دەڵـێم... باشـە مـن بـە ئاسـانی دارم لـە ڕووبارەکـەوە بـۆ ئەمبـەر گوێزاوەتـەوە ؟ ئێستاش بیرمە کە زۆریکیلا ئەوسا یارمەتی دام....

– ئیّ ؟

– ئـیّ، ئێسـتا، یـەکێکم لـیّ پەیـدا بـووەو دارەکـەم دەدزیّ. تێدەگـەی ؟ دزێکـی بێویـژدانو بـیّ ئینسـاف پەیـدا بـووەو دارەکـەم دەدزیّو، چـەندین شـەوە بـۆی دادەنیشـم! هەرچـەند دەکـەم بـەر دەستم ناکەویّ!

– ئەستەغفرولڵا. جا لەبەر ئەمە دەتەوێ ئینسانێك بكوژی ؟

– ئەگەر ئەو خوێڕییەم بەر دەست بكەوێ، بە دان پارچە پارچەی دەكەم.

– چی بڵێم، ئیلیكۆ گیان؟ تەقە بە تاریكییەوە نانرێ، تۆمەتبار تا تۆمەتەكەی ساغ نەبێتەوە، بێتاوانە....

– بەڵام دارەكەم دزراوە !

– دەزانم.

ئیلیكۆ، بڕیاری خۆی دا، هەستاو بەرەو دەرگا چوو، ئیلاریون لە دواوە بانگی لێكرد:

– دارەكان بەرە ژوورەكەی خۆت، دای بنەو لە جیاتی تەخت لەسەری بخەوە.

– سوپاس بۆ تەگبیرو ئامۆژگاریە ڕاستو دروستەكانت، ئیلاریون. ئەگەر تۆ نەبای لە داخا دەمردم. ئیلیكۆ بە دەم ئەو قسانەوە دەرچوو و ڕۆیی.

ئێوارەی هەمان ڕۆژ، ئیلیكۆ جارێكی دی هاتەوە بۆ ماڵمان، كەڵەشێرێكی زەلامی چنگو مامێز تیژی پۆپنە ئاڵی پێ بوو. نەنكم سەری سوڕما، پرسی:

– ئەمە چیە، ئیلیكۆ گیان ؟

– بۆ بە بیچمو هەیئەتیا لە كەڵەشێر ناچێت ؟

– چیەتی ؟

– هیچی نیە. بە منداڵی هەموو دەردێكی گرتووەو قاڵ بووەتەوە. شەڕكەرێكی باشو كەڵەشێرێكی جوانە. هەموو شتێك دەزانێ تەنیا وەڕین نەبێ، خۆ ئەگەر فێری بكەی لە هەموو سەگێك باشتر دەردەچێت، نایەڵێ كەس پێ بنێتە حەوشەوە. دەمەوێ پێشكەشی زۆریكۆی بكەم.

نەنكم قاییل نەبوو، بە هەردووك دەستان ناڕەزایی خۆی دەردەبڕی:

– مریشكە داماوەكانم هەر لەم كەڵەبابەیان كەم بوو.

بەڵام ئیلیكۆ، خۆی لە گێلی دا. بردمیە لاوەو بە گوێیدا چپاندم:

– زۆریكۆ، گیانەكەم، گوڵەكەم، فریاڕەسەكەم .

– خێرە ئیلیكۆ، مەسەلە چیە ؟

– تەرەقەت لە شاری هێناوە ؟

– وای دابنە هێناومە.

– چەند دانەت هێناوە ؟

– نزیكەی سی تەرەقەیەك.

– قوربانت دەبم بیاندە بە من، نۆكەریت دەكەم .

– بەتەمای ببی بە چەتەو ڕێگر ؟

– هیچم لێ مەپرسە!... بیاندە بە منو دڵخوازی خۆت بڵێ.

– مەسەلەكەم پێبڵێ،و تەرقەو كەپسوولەكان بۆ تۆ.

– ئاخر سرم هەڵنامالی ؟

– عەیبە!

– تووشی گێچەڵ و بەڵام ناکەیت ؟

– من، شتی وا دەگەڵ تۆدا دەکەم؟

– وەعد؟

– ئیلیکۆ، شەرمە بۆ تۆ!

– دەی باشە. فەرموو وەرە لەگەڵم.

... من و ئیلیکۆ تاکو بەیانی بە دیار کەڵەکە دارەکەوە، دانیشتین و بەدەم بادە نۆشییەوە، شەپکە دارمان دەکوڵی و دینامیت و تەرەقەمان تێدەئاخنی و بە قوڕ سواغمان دەدایەوە.

ئیلیکۆ کەیفی گەلێک قنج بوو.

– ئیدی مشکەکە بوو بە تەڵەوە! بۆ کوێ دەڕوات! من دەزانم کێ دارەکەم دەدزێ، بەڵام وەکو دەڵێن تۆمەتبار، تا تۆمەتەکەی لەسەر ساغ نەبێتەوە، بێتاوانە. ئێستا ئیدی لە دەستم دەرناچیت. زۆریکیلا، من بلیمەتم!

– من دەترسم ئەم تەرەقانە یەکێک بکوژن.

– هیچ مەترسە. کەس ناکوژن، بەڵام خەڵکی مستەحەق تەمبێ خواردوو دەکات. ئەو دنیای پێ نیشاندەدات.

– کەیفی خۆتە .

– زۆریکیلا فاشالومیدزە! ئەگەر ئادەمی یان پەری یان جنی بە مەسەلەی ئەم تەرەقەو کەپسوولانە بزانێ، من بە کێردەکەی خۆم، خۆ دەکوژم و ئوباڵم دەکەوێتە ئەستۆی تۆ . ئەمەت لە بیر نەچێت ها.

سوێندم بۆ خوارد کە مەگەر گڵ لە دەممی ببیستێ...

... پاش هەفتەیەک من و ئیلاریون لە حەوشی ئەواندا دانیشتبووین و عارەقامان دەدلۆپاند. مەنجەڵە مسە گەورەکە گیزە گیزێکی خۆشی لێدەهات،و ئارەقێکی بۆنداری گەرم لە لوولەی دلۆپاندنەکەوە تك تك دەهاتە خوارەوە.

ئیلاریون حەزی لە عارەقی خەستە. قامکی بە عارەقەکەدا دەکات و ئەوجا لە ئاگرەکەی نزیک دەکاتەوە، ئەگەر گڕ بگرێ و بڵێسەیەکی شینباوی لێهەستێ، مانای وایە باشە، ئەگەرنا بە کەڵك نایەت، دەبێ ئارەقەکە خەست بکرێتەوە.

کات بە خێرایی دەڕوات. بە نۆرە پەرداخە خرپنەکانمان دەخەینە بەر لوولەکە تا پڕبێ لە عارەق، ئەوجا لە ئاوی تەزیدا ساردی دەکەینەوەو بە کاوەخۆو زۆر بە لەزەتەوە فڕی لێدەدەین. لێرە، لە پاڵ مەنجەڵەکەدا، دەبێ زۆر بە هێواشی فڕ لە عارەقەکە بدەیت، چاوانت دەنوقێنی و پەرداخەکە دەنەی بە دەمتەوە، تا دارەکان بە ئاستەم دەکەونە سەما و هەنگێ بە کەیفی دڵی خۆت هەڵدەکەیتە گۆرانی، زمانت دەپژێ و چیت بە زارا بێت نایگێڕیتەوەو، پێکەنینت لەسەر پێیە.

من لەلای لوولەکەوە دانیشتم، ئیلاریون لە نزیکی مەنجەڵەکەوە دانیشت. تامی عارەقەکە دەکەین. تامی دەچێژین. دارو درەختەکان بە ئاستەم دەکەونە سەما، بەبێ هۆ پێدەکەنین، گۆرانی دەچڕین، ئەوجا پێدەکەنین.

– ئەم ماڵە هەر ئاوەدان بێت !

– سەرچاو، خێر هاتی! ئیلیکۆ، وەرە تامێکی بکە.

ئیلاریون، پێکێکی دایە میوانەکە، ئیلیکۆ وەری گرت، کەوتە تامکردنی عارەقەکە، لەگەڵ هەر فرێکدا تامی دەمی خۆش دەکردو وەکو هەر مەیگوسارێکی ئەزمووندار چاوانی دەنوقاند. پاشان پەرداخەکەی داناو گوتی: – ئاگرە ئاگر، فیل دەدا بە عەردا

ئیلاریون، بزەیەکی ڕەزامەندی بۆ کرد. ئیلیکۆ بردمیە لاوەو بە پەلە بە گوێیدا چپاندم !

– بردیان !

– کێیان برد ؟

– دارەکەیان برد، کەرە گیان. ئەمڕۆ چاوەڕوانی تەقینەوەکە بە.

– ماقووڵ نیە! باوەڕ ناکەم !

– دڵنیابە. ئێ، ئەوا من ڕۆییشتم، چاو وگوێت بکەوە.

ئیلیکۆ، بە دەم پێکەنین و دەست هەڵگلۆفتنەوە، بە کەیفخۆشی وەدەرکەوت. ئیلاریون ڕووی گرژ کردو پرسی: – کوێرە چی دەویست ؟ نەیدەتوانی بەلای منەوە قسەکەی بکات ؟

– گوێ مەدەیە، بەم نزیکانە دەیزانیت.

– مەسەلە چیە ؟

– ئەمشەو لە پێکەنیندا دەبورێینەوە.

– دەی بڵێ بزانم چیت پێیە، هەگبەکەت هەڵڕێژە.

– هەڵبەتە دەتوانم پێت بڵێم... بەڵام سەبرێ بکە، موفاجەئەیەکی خۆش بەڕێوەیە.

– خۆت بە کوێرە فرۆشت ؟ تف لە هەردووکتان.

ئیلاریون، قەڵس بوو،و ڕۆیی داری دی بێنێ. بۆ جاری دووەم پەرداخەکەم تەژی عارەق کردەوە، ئیلاریون بۆڵاندی:

– دەڵێی گوێرەکەیەو گوانی دایکی دەمژێت، چۆن خودا ئەم بەدمەستەی تووش کردم ؟ لەوێ دانیشە.

شوێنەکانمان گۆڕییەوە. دارەکە قرچە قرچ لە ناوەندی ئاگرەکەدا دەسووتێ، پزیسکی لێ دەبێتەوەو دەچێت بە ئاسماندا. ئەوا ئاگرەکە هاتە سەر لقە دارێکی دی، تێی بەر بوو، دارەکە کەوتە گیزەگیزو قرچەقرچ، ئەوجا گڕی گرت، قوڕەکەی سەری، پەڕی... هاوارم کرد:

– خۆت بدە بە ئەرزا ئیلاریون !

– چی بووە ؟

– خۆت بدە بە ئەرزا !

ئیلاریـون، خـۆی بـە عاردیـدا دا. تەقینەوەیـەك دەنگـی دایـەوە، نـەخێر تەقینـەوەی دووەمو سێیەمی... بە دوودا هات. .مەنجەڵەکە لەرییەوەو بەسەر ئاگرەکەدا قلْپ بووەوە. ویستم هاوار بکەم، بەڵام دووکەڵ و تەنی ئەوکی گرتم. ئیدی تەقینەوە سەری کرایەوە، هەر پزیسکی پشکۆو ئاگر بوو و دەچوو بە ئاسماندا.

ئـەم تـەق و تۆقـە چـەند دەققەیـەکی خایانـد. کـە ڕەوشـەکە هێـور بـووەوە، بـە پـارێزەوە سـەرم هـەڵبڕیو ڕوانیمـە دەوروبـەرم. ئیلاریـون سـەری لـە عـاردی چـەقاند بـوو و جوڵـەی نـەدەکرد. بـە ترسەوەو بەلەز خۆم گەیاندە سەری، لێی چوومە پێشیّو خستمە سەر گازی پشت. بە ئاستەم چاوەکانی کردەوە، دەستێکی بەسەرو چاوە خۆڵاویو دووکەڵاوییەکەیدا هێناو لە بن لێوانەوە ناڵاندی: – زۆریکیلا، ئەوە چی بوو ؟

– عەمرت نەمێنیّ، ئیلاریون شیفاردنادزە. چ شەیتانێك چووە بن کلْێشەتەوە کە دار لەو کوێری لە خوا عاسیە بدزیت ؟ بۆچی بە منت نەوت ؟

– دار ؟ داری چی ؟

– داری دار، داری سووتاندن، ئەو دارەی کە لە حەوشەکەی ئیلیکۆدا بوو. نەدەبوو بە من بڵێی شەیتانی کەپوو زل!... من بە درێژایی شەویّ بە دەستی خۆم دینامیتو تەرەقەو کەپسوولم لەو دارانە ئاخنی بوو!.

– زۆریکیلا فاشالومیدزە، باوابیّ. نەمرم بۆ تۆ دەمێنم. عەیبت نەکرد کارێکت کرد کە ئیلیکۆ چیگوگیدزە خوێنم بخواتەوە ؟ هەیدیّ گوم بە لەبەر چاوم، تا ماوم نەت بینمەوە، ئەگینا دنیات بەسەردا دەڕوخێنم، کارێکت پێدەکەم با بە دەواری شڕی نەکردبێت، وات لێدەکەم بەرد بۆت بێتە گریان.

باش بوو بانگێك فریام کەوت:– "خاوەن ماڵ".

ئیلاریون قیژاندی : – کێیە ؟

– منم، ئیلیکۆ. هاتووم تەگبیرێکم بۆ بکەی. یەکێك پێم فێر بووەو دارەکانم دەدزیّ. یارمەتیەکم نادەی ئەو دزە بگرم ؟

ئیلاریون هاواریکرد: "هەر بە کوشتن دەتکوژم" و بەرەو دەرگا غاری دا.

... ئیلیکۆ بەیانی هاتەوە، وەکو ڕێوی خۆی بە حەوشەکەی ماڵی ئیلاریوندا کرد، تەمەشایەکی شوێنەواری ڕووداوەکەی شەوێی کردو سەرێکی باداو بەزەیی بە ئیلاریوندا هاتەوە، پاشان لە بن دارێـك دانیشـتو کەوتـە دەرهێنانـەوەی کەپسـوولو تەرەقـەکان لـەو دارانـەی کـە ئاگریـان نەگرتبوو،و بەدەم ئەو کارەوە فریشتە ئاسا دەگرژییەوە.

## گەنج

مانگی حوزەیران، مانگی بەختو خۆشییە لە نك ئەو خورتو جحێڵە دێهاتیەی لە پایتەخت دەخـوێنیّ. ئیمتیحـانی داوەو مینحـەی هـەر سـیّ مانگەکـەی هـاوینی وەرگرتـووە،و دەتـوانیّ بەوپـەڕی دڵنیـاییو ئاسـوودەیی، بـەرەو زێـدو مەفتـەنی خـۆی بارەگـە تێك بـنیّ. ئیـدی هـەموو

هاوینەکەی بەدەستەوەیە بۆ شەبەیخونی سەر بێستان و باخی دەرو دراوسێیان، بۆ ڕاوو شکاران... سەردەمانێك منیش، کە لە قوتابخانەیەکی دێهات دەمخوێند، هاتنی هاوێنم لە گیان خۆش بوو، بەڵام لەوەتای قەدەر چارەنووسی بە شارەوە گرێ داوم. مانگی حوزەیران ئەو خۆشییەی جارانی لەلام نەماوە. جا خۆشی ماوە ؟ بە درێژایی هاوینەکە شمشێرێکی هەڵکێشراو بە دیار سەرمەوە ڕاگیراوە، دەبێ ئیمتیحانی دەوری دووەم بدەمەوە. هەروەها دەبێ لە کارتی تاقیکردنەوەکاندا هەموو نمرە "مقبول"ەکان ڕاست بکەمەوەو بیانکەم بە "مومتاز"، دەنا نەنکم بە پەندی دنیاو قیامەتم دەکات. ئەمە جگە لە تانەو تەشەری ئیلیکۆو ئیلاریون دەربارەی مینحەکەم ("پێدەچێ جارێکی دیکەش مینحەکەت ڕەفز کردبێ؟...."). ئەمە جگە لەوەی کە ئیلاریون هەر دەرفەتێکی بۆ هەڵبکەوێ لەلای نەنکم دەکەوێتە ستایشم کە چۆن ڕمووەدەی زانستان بووم‌و سەرم لەسەر سەعی‌و کتێبان هەڵنەگرتووەو چۆن لەو ماوەیەدا کە لە پایتەخت بووە هەوڵیداوە تۆزێك لە خوێندنەوەو سەعی دوور بکەمەوە... وێڕای هەموو ئەمانەش ئەنجام کە دەگەڕێمەوە بۆ شار، لە جیاتی نمرەکانم بەرز بکەمەوە بۆ "مومتاز" دایان بگرم بۆ "مەقبول" جا وەرە لە لۆمەی ئەوانە دەرچۆ. لۆمەی خەڵکی لە ئازاری قەبر گرانترە..

بەڵام چونکە لەم دنیایەدا جگە لە گوندەکەم‌و نەنکم‌و ئیلیکۆو ئیلاریون چ شوێن‌و کەسێکی ترم نیە، دەبێ مل بۆ واقیع بدەم‌و بارگە تێك بنەم‌و بڕۆمەوە بۆ لای ئەوان...

ئێستا ملی باریکە ڕێگایەکی پێچاوپێچم گرتووەو بەرەو گوندەکەمان دەڕۆم. زەوی و گیاو هەرچییەکم لە دەوروبەردا هەیە، هێشتا نم‌و باراناوی ئەو بارانەیان بەسەرەوەیە کە لەو نزیکانەدا باری بوو. جلەکان‌و لەشم تەڕبوون، پێم لە قوڕەکەدا دەخزی، تولە ڕێگاکە بە چیاکەدا هەوراز دەبێتەوە. پێ هەڵدەگرم‌و بە نەرمە غار بە بنارو قەد پاڵەکەدا هەڵدەگەڕێم، لەناکاو گوندەکەم وەکو ئەوە لەسەر لەپی دەست دانرابێ، لێدەردەکەوێ . ئەژنۆکانم دەلەرزن، گریان‌و غوربەت ئەوکم دەگرێ، لەسەر تاوێرێك دادەنیشم. ماوەیەکی زۆر بەو دەقەوە دادەنیشم‌و بەدەم فرمێسك ڕشتنەوە چاوەڕوان دەکەم... ئەنجام داپیرەم لە ماڵ دێتە دەرێ. لە جاران پتر کۆماوەتەوە، بەڵام هێشتا لە ڕۆییشتندا سووکەڵەو گورج‌و گۆڵە. لە جێی خۆ ڕادەپەڕم، جانتا بەتاڵەکەم هەڵدەگرم‌و بەلەز دادەگەڕێم‌و هاوار دەکەم "داپیرە...ە ....ە". دوای تۆزێك یەکدی لە ئامێز دەگرین، نەنکم دەست بە قسان دەکات: – ئەوە ماوی کوڕەکەم ؟

ئیلاریون، وەکو ئەوەی لە بنی عەرزەوە پەیدا بووبێ، بە تەشەرەوە دەڵێت:

– ماوە، بەڵام ئیعتراف ناکات .

– برسیتە کوڕەکەم ؟

ئیلیکۆ، هەردوو دەستی لێکدی دەخشێنێ‌و بە خۆشییەوە دەڵێت:

– قەیدی نیە، ئەم هاوینە تێری دەکەم... دەگەڵ ماڵۆسەکەما، دەگەڵ سیرابیونادا دەی لەوەڕێنم.

ئەوسا لەسەری دەڕوات: – ئێ خەبەرو باسی تازەی تەبلیسی. ئەوە چیە بۆ وا دۆش داماوی، دەڵێی لە تاقیکردنەوە دایت ؟

ئەوجا بێئەوەی چاوەڕوانی وەڵام بکات، ڕوو دەکاتە داپیرەم‌و دەڵێ: – چ جۆرە شەرابێك بێنم، ئۆلگا ؟

داپیرەم بەرسڤی دەداتەوە: "هەموو جۆرەکان".

ئیلیکۆ بە تەشەرەوە دەڵێ: – جانتاکەت بەچی ئاخنیوە، بە ئاسن؟

دەگرێ بە جانتاکەمدا، وەکو پەڕ هەڵیدەدات.

ئیلاریون هەڵدەداتێ : – لەوە دەچێت پڕبێ لە کتێب.

نەنکم دەڵێت: – نە کتێب‌و نە تەڕەماش. دەرس‌و دەوری بەسە. ئیدی وەختی ئەوە هاتووە پشوو بدات. نابینین حاڵی چ حاڵێکە ؟ بووە بە داسك و دەرزی ، پێستی بەسەر ئێسکییەوە هیشك بووە!

ئیلیکۆ بە تەشەرەوە وەڵامی دەداتەوە : ئا، ئا، هەق بە تۆیە ئۆلگا. داماوە چی بەسەر هاتووە. ئینسان چۆن بەو ڕادەیە خۆی عەزاب دەدات ؟

ئیلاریون هەڵدەداتێ: – خۆزگە کتێبخانەکەتیان دەبینی! پیاو کە دەچێتە ژوورەکەی یەکەمجار کتێبێکی بەسەردا دەکەوێ، پاشان بەردێك، ئۆلگای داماوی بەلەنگاز هەر خەرجیەکی دەداتێ، ئەو دەیدا بە کتێب.

نەنکم دەگری: – کوڕەکەم، بە تەمای خۆت بکوژی ؟ خۆ برسی دەکەی؟ کتێبان بە نەعلەت بکە! سندانیان لێبدە! باشتر وایە بەو خەرجیەی بۆتی دەنێرم نان بخۆیت، ئەگینا تاقە پولێکت بۆ نانێرم.

ئا لێرەدا ترسم لێدەنیشێت، بۆیە دەڵێم: – ئیلاریون شیفاردنادزە، وازبێنەو کێشەم بۆ مەنەوە.

ئیلیکۆ دەڵێت: – ئێمە لە بەر تۆمانە، راستە خوێندن پێویستە، بەڵام سەلامەتی‌و تەندروستی پێویست ترە.

هاوار بۆ نەنکم دەبەم: – بۆ خاتری خوا خێرا خواردنەکە بێنە، مەگەر پارو دەمی ئەم شەیتانانە بگرێ .

– ئەوە هات، هات، کوڕەکەم.

دوای چەند دەقیقەیەك، لە دەوری خوانی ئاوەدان بە خواردنی بەلەزەت، کۆ دەبینەوەو ناوی خوای لێدێنین.

لەو کاتەدا لە بانیژەکەوە دەنگێك دێت: "یارمەتی هەیە؟".

– فەرموون. کێیە ؟

ماری وەژوور دەکەوێت، نیشانەی خۆشی‌و شەرم نیشتووەتە سەر روخساری، گۆناکانی سوور هەڵگەڕاون، دەستێك جلکی تازەی جوانی لەبەر دایە.

– داپیرە گیان بێزەحمەت هاتووم بۆ هێلەك... سڵاو زۆریکۆ ! لەسەر خوانەکە هەڵدەستم: – سڵاو ماری.

– ئەوە هێلەکەیە لە پشت دەرگاکەوە، بیبە کیژی خۆم.

– فەرموو ماری.

– سوپاس، پەلەمە.

ئیلیکۆ پێی گوتم: – کچەکە بگەیەنە.

ماری قاییل نابیٚ: – نا، پێویست ناکات.

ئیلاریون بزەیەك دەکات: – پێویستی بۆ پێویستانە.

ماری هێلەکەکە لە بیردەکات، بە پەلە دوعاخوازی دەکاتو وەدەردەکەوێت، دووی دەکەوم. نەنکم و ئیلیکۆو ئیلاریون دەگوازنەوە سەر بانیژەکە. خۆم دەگەیەنمە ماری، بە بێدەنگی رێدەکەینو هەست دەکەین چوار چاو بە نیگای میهرو سۆز ئامێزەوە لێمان دەڕوانن.

... سیٚ چوار رۆژێك دوای هاتنەوەم، ئیلیکۆ خۆی بە حەوشەماندا کردو گازی کردم:

– ئەوە لە کوێی پنتی ؟

نەنکم هەڵیدایەو پرسی: "چیت دەویٚ ؟"

لەسەر تەختێك پاڵکەوتبوومو ئیسراحەتم دەکرد.

– ئۆلگا گیان، رجام بۆ تۆ هێناوە. بە تەما بووم زەوی رەزەکە بکێڵم، بەڵام پێدەچێت بە تەنیا بۆم نەکرێت... بۆ دوو رۆژان ئەم پنتییەم بدەیە، تا لە بێکاریدا تووشی ئیفلیجی نەهاتووە.

– دەك زمانت بە بڕین بچیٚ! نەخێر، برام، زۆریکۆی کوڕم منداڵ نیە بۆ هەر کوێت بویٚ بینێری، ئێستا خوێندکاری زانکۆیە.

– قوماتی بکەو داپۆشە! خوێندکاری زانکۆ، چاوم رۆشن! من بۆ ئەومە، دەترسم، کەڕوو هەڵێنێت، دەترسم ژەنگ لێی بدات، ئەگینا.چاوی دەردەهات.

لێی هاتمە دەنگ: – ئەریٚ ئیلیکۆ، لە کۆڵم نابیتەوە ؟

– پنتی. قەلپیاو حەزدەکەی شەراب بخۆیتەوە ؟ من مەسڵحەتی تۆم دەویٚ نمەك حەرام.

– کارکردن لە من قەدەغەیە! حکومەت بۆیە بۆ ئێرەی ناردوومەتەوە تا ئیسراحەت بکەم، تیٚ دەگەی؟ ئەگەر یەکێك بمبینیٚ لێرە کاردەکەم،و مەسەلەکە لە شارا بڵاوبووەوە، دەبیٚ بە هەرا.

– خەمت نەبیٚ، باروکەیەکت لەسەر دەنەم، شەیتان بە شەیتانی خۆی نەتناسێتەوە.

بە ناچاری قاییل بووم. منو ئیلیکۆو ئیلاریون بە درێژایی ئەو رۆژە، بێوچانو بیٚ هیچ پشوویەك کارمان کرد.

ئیلیکۆ، ئەمری پێکردین: – سبەینیٚ لەگەڵ گەردی بەیانیدا لێرە دەبن.

سەرمان بۆ لەقاندو بەرەو ماڵ پەل بووینەوە. بە بێدەنگی دەڕۆییشتین. ئیلاریون لە ناکاو گوتی: – نا، برا نا، ئیش وا ناڕوات، دەبیٚ تەگبیرێکی حاڵی خۆمان بکەین، دەنا ئەم رەزە نەفرەتیە دەمانکوژێت.

– ڕاست دەکەی، بەڕاستی دەمانکوژێت. بەشی سەد ساڵ ئیشی تیایە.

– دەیسا چارەیەك بدۆزەوە، ئەدی نەبووی بە کەسێکی رۆشنبیرو خوێنەوار ؟

– چ چارەیەك بدۆزمەوە؟ ئیلیکۆ لەو کەسانە نیە بە ئاسانی بخەڵەتێنریٚ...

– راستە...

تا درەنگانێك لای ئیلاریون مامەوە. بۆ خۆ شەرابی ساردمان لە گۆزەیەك دادەكردو بە لەزەتەوە هێدی هێدی دەمان خواردەوە،و بیرمان لە ڕێگەیەك دەكردەوە چۆن خۆمان لەو كارە قورسەی ڕەزەكانی ئیلیكۆ بدزینەوە. ئیلاریون بەدەم تەڕی كردنی پێكەكانەوە گوتی:

– ئەم گۆزەیەم لە ژێر زەویدا دۆزییەوە. خەریك بوو لە خۆشیا شێت ببم، پێموابوو گەنجینەیەكم دۆزیوەتەوە !

– پاشان ؟

– نە پاشانو نە پێشان... گۆزەكە پڕ بوو لە خۆڵی ئاسایی.

– لەسەردەمانی كۆندا، سەرنشینانی كەشتیانی غەرق بوو، نامەیان دەنووسیو لە شووشەیان دەناو سەریان توند دەنایەوەو فڕێیان دەدایە دەریاكەوە ؟

– پاشان؟

– پاشان یەكێك شووشەكەی دەدۆزییەوەو نامەكەی دەخوێندەوەو چارەنووسی ئەو خەڵكە دەزانرا.

ئیلاریون رووی گەشایەوەو هەڵیدایە: – چ دەڵێی؟ نامەیەك ؟ لە گۆزەیەكی داخراودا ؟

– ئیلاریون چیە، چیت بە بیرا هات؟

ئیلاریون هەستا، مێزەكەی قلْپ كردەوە، باوەشی پێدا كردمو كەوتە ماچ كردنم، ئەوجا بەدەم قاقای پێكەنینەوە كەوتە هاتوچۆ بە ژوورەكەدا.

– ئیلیكۆ چیگوگیدزە ڕاوەستە، بۆم ڕاوەستە! دەبێ ڕابواردبێ پێت ڕابوێرم، بە داستان بگێڕدرێتەوە، رابواردنێ كە نە پێشینانو نە پاشینان نەیان زانیبێ. گوتت نامە ؟ نامەیەك دەنووسم تۆڵەی بەرو دوای خۆمی لێدەكەمەوە.

بە واقی وڕەوە دەمڕوانیە ئیلاریون، بێئەوەی بزانم بۆچی ئەوەندە دڵی خۆش بووە، بەلەز وەدەركەوتو چوو بۆ ژوورێكی دی، پارچە كاغەزێكو شووشە مەرەكەبێكو قەڵەمێكی هێناو لەسەر مێزەكەی دانا، ئەوجا هاواری كرد:

– دانیشە زۆریكیلا، دانیشە و بنووسە ! نەء .جارێ كاغەزەكە ساف بكە.

– ئیلاریون !

– ساف بكە، ساف بكە... تەواو. دەی ئێستا بیكەرەوە... زۆر باشە... دەی دەست بە نووسین بكە.

ئیلاریون سیغارێكی پێكرد، پشتی دا بە دیوارەكەوەو هەردوو چاوی نوقاندنو كەوتە ئیملا پێكردنم:

*"من، لیفارسی چیگوگیدزە، ئەم نامەیە بەر لە مردنم دەنووسم. بە عەمراتم خۆشیم نەدیوە. تێرم لە نانە ڕەقیش نەخوارد، تا بەڵكو شتێك پاشەكەوت بكەم، دوو پولی سپی بۆ ڕۆژی ڕەش بخەمە سەر یەك. قەت بە زەییم بە خۆدا نەهاتەوە، ئەمێستا هام لە ئاوزینگو سەرەمەرگدا. دڵم بەوە خۆشە كە هەست دەكەم ڕەنجەكەم بە با نەچووە. لە ژێر تاوێرێكی گەورەداو لای دارسێوەكەوە، گۆزەیەك زێڕم لە بن عاردی ناوە.بەو ئومێدەی ڕۆژێك دێ كوڕەكەم ئەو گۆزەیە*

*بدۆزێتەوە. لەوەشە نەیدۆزێتەوە. ئیدی قەدەرو چارەنووسان بە دەستی خودایە. خودای گەورە ئیلیکۆی کوڕم بپارێزێ. ئامین" .*

پەیم بە مەبەستو مەرامە ئەهریمەنیەکەی ئیلاریون برد، بەڵام گومانم تێوڕوکا، پرسیم:

– باشە باوەڕ بەم نامەیە دەکات ؟ بیردەکاتەوە کە بۆچی بابم ئەم زێڕەی شاردووەتەوە؟ باشتر نەبوو بیدایە بەخۆم؟

– نەیدەتوانی ئەوە بکات. لیفارسی بەلەنگازو داماو کە مرد، ئیلیکۆ، هێشتا یەك ساڵی پڕ نەکردبووەوە.

– باشە، ئەدی بۆ بە ژنەکەی نەگوتووە ؟

– چونکە کاکانۆ، پاش لە دایکبوونی منداڵەکەی، یەکسەر مردووە.

– کەواتە هەموو شتێك سازە. بێگومان دەکەوێتە تەڵەکەوە.

نامەکەمان لە پەڕۆ کۆنێکەوە پێچاو ئاو پرژێنێکمان کردو پاشان لە گۆزەکەمان نا، توند دەمی گۆزەکەمان نایەوەو لە ژوورەکە وەدەرکەوتین...

... بۆ بەبانی، رێك لە کاتی دیاریکراودا لە رەزەکە ئامادە بووین. ئیلیکۆ سەرو پێك فۆدگای داینێ لەگەڵ تەماتەیەکی سوێرکراوو پارچەیەك نانی ساردا، پاشان دەستمان بەکار کرد.

هەتاو گەییە ناوەندی ئاسمان، بەڵام ئیلیکۆ بە نیاز نەبوو، کارەکە ڕابگرێ تا پشوویەك بدەین. بە نیگەرانیەوە دەمڕوانیە ئیلاریون و دەترسام داوەکەمان سەر نەگرێ. لە پڕ گوێم لە دەنگی قرچەیەك بوو لە ژێر دەمی پاچەکەی ئیلیکۆوە بەرز بووەوە. ئیلیکۆ جوێنێکی داو پاچەکەی هەڵبڕی و لێی ورد بووەوە، ئەوسا کەوتەوە کارکردن. گوێمان لە دەنگی شکانی ئامانێك بوو. ئیلیکۆ بۆی کەوتە سەرچۆك، بە پارێزەوەو بە دەست کەوتە سەح کردنەوەی ئەرزەکە، یەکەمجار دەمی گۆزەکەی دەرهێنا، پاشا هەموو گۆزە شکاوەکەی دەرهێناو بەسەرسامی تەمەشایەکی ئێمەی کرد. ئیلاریون کە وای دەنواند زۆر لەو سەرسامترە پرسی:

– ئەوە چیە ؟

ئیلیکۆ، وەڵامی نەدایەوە، پەڕۆ کۆنەکەی لە گۆزەکە دەرهێناو بە قامکانی لەرزۆك نامەکەی جیاکردەوەو دەرهێنا. پێمگوت: "بێنە با بیخوێنمەوە". بە گرژی وەڵامی دایەوە:

– وازم لێبێنە، خۆم خوێنەواریم هەیە.

*و دەستی بە خوێندنەوە کرد: "من، لیفارسی چیگوگیدزە، ئەم نامەیە بەر لە مردنم دەنووسم. بە عەمراتم خۆشیم نەدیوە. تێرم لە نانە رەقیش نەخوارد، تا بەڵکو شتێك پاشەکەوت بکەم، دوو پولی سپی بۆ رۆژی رەش بخەمە سەر یەك... قەت رەحمم بە خۆدا نەکرد،... ئەمێستا هام لە ئاوزینگو سەرەمەرگدا، دڵم بەوە خۆشە کە هەست دەکەم رەنجەکەم بە با نەچووە. لە ژێر تاوێرێکی گەورەدا، لای دارسێوەکەوە، گۆزەیەك زێڕم لە بن عاردی ناوە...."*

ئیلیکۆ لە خوێندنەوە وەستا، ئەوکی گیرا، کۆکە کۆکی پێکەوت.

– ها بۆ وەستایت ؟ نامەکە تەواوبکە.

ئیلیکۆ، رەنگی زەرد بوو، تفەکەی دەمی قووت دا، بە نیگای سەرگەردانەوە روانیە ئیلاریون.

- پێمان بڵێ، نامەکە چی تیایە.

دەستم بۆ نامەکە برد، بەڵام ئیلیکۆ بە توندی دەستی دامە دواوەو کاغەزەکەی لە چاوی نزیک کردەوەو بە دەنگێکی کەرخ گوتی:

***"...لای دارسێوەکە، لە ژێر تاوێرە گەورەکەدا... شەوو رۆژم دەدایە دەم یەکەوە... بەو جۆرە ژیانم قەتیا... خودا ئیلیکۆی کوڕم بپارێزێت... ئامین"***.

ئیلیکۆ، بە دەستی لەرزۆکەوە نامەکەی قەدو نوشت کردو لە گیرفانی نا.

ئیلاریون گوتی: هیچ تێناگەم، بۆچی نامەکەی لە بن عاردی ناوە؟ لەسەر مێزەکەی جێهێشتبا باشتر نەبوو؟

لەوەی پتر بە خۆم نەوەستام. بە بیانووی تینویەتیەوە بەرەو کانیاوەکە رۆییشتم تا پێکەنین نەمگرێت و سرەکەمان کەشف نەبێت.

هێندە پێکەنیم سکم دایە ژان، بۆ ناو رەزەکە گەڕامەوە، ئیلیکۆو ئیلاریون لەسەر سەوزە گیایەکە دانیشتبوون و سیغاریان دەکێشا. ئیلاریون هەستاو گوتی:

- ها هاتیەوە ؟ دەی خێرا بۆ سەر ئیشەکە.

- ئیلاریون گیان، پێموایە ئەمڕۆ بەسە... هەستدەکەم ئەمڕۆ نەخۆشم...

- ماقوولێ نیە!

ئیلاریون دەستی ئیلیکۆی گرت و نەبزی گرت، ئیلیکۆ وا خۆی نواند کە لە حاڵی مردندایە.

- ئیلیکۆ، تۆ پاڵبکەوە، ئێمە ئیشەکە دەکەین.

- نا ئیلاریون، ئێوەش ئیسراحەت بکەن.

- ئەمە قسەیە ئیلیکۆ؟ ئیستا کاتی ئیسراحەت نیە.

- پێمگوتی، بڕۆنەوە.

- یانی بەم نەخۆشیە بە تەنیا بە جێت بێڵین؟ شتی وا هەرنابێت !

منیش یەکسەر پشتی ئەوم گرت و گوتم: - مەحاڵە.

- کوڕی سەگ! خێرە وا ئەمڕۆ بوویت بە مۆریانەی کار؟ یاللا بۆ ماڵەوە.

ئیلیکۆ بەرە بەرە سەبری سوا، ئیلاریون بە نەرم و نیانی و هاوسۆزییەوە کەوتە قسان:

- ماقووڵە ئیلیکۆ ؟ هێشتا هەر بەیانیە.

- کەڕن ؟ گوتم بڕۆنەوە بۆ ماڵێ و یەخەم بەردەن.

- ئاخر نابێ بە تەنیا بە جێت بهێڵین!

- ئیلاریون شیفاردنادزە! تۆ ئاسمان، تۆ ئەو خوایە بڕۆن !

- ئەدی رەزەکە !

- ئەمە خەمی تۆ نیە.

- چیت لێقەوماوە، پیرەمێر ؟

ئیلیکۆ دەهری بوو، و قیژاندی:

– یەخـەم بـەردەم. هەیـدێ گـوم بـن لەبـەر چـاوم. زەوی زەوی خۆمـەو چـیم بـوێ وای لێدەکـەم، گوێتان لێیە؟

– ئەمر ئەمری تۆیە... سبەی بێینەوە ؟

– نە سبەیو نە دوو سبەی، و نە دوای هەفتەیـەکی دی. کۆمـەکی ئێـوەم نـاوێ. یەخـەم بـەردەن، هەیدێ بن! حاڵی هەن؟ وەل بن لەبەر چاوم!

بەپەلە رەزەکەمان بە جێهێشت....

بە تاسەوە چاوەڕوانی سبەیمان کرد، هەرکە بەیان ئەنگوت بەلاپرەسـەنیەکی زۆرەوە خۆمـان بـە ماڵی ئیلیکـۆدا کـرد. تـاوێرێکی زەلام لـە ژێـر دار سـێوەکە هەڵکـەنرابوو، هێنـدە زەلام بـوو بـە دە پاڵەوان نەدەجولا، چاڵێکی گەورە لە جێی تاوێرەکەدا رەش دەچووەوە، لـە نـاو چاڵەکەوە هانکـە هانێك هات، پاشان دەمە خاکەنازێك گڵ هەڵدرایە دەرێ. ئیلاریون لە بن لێوانەوە گوتی:

– وا دیارە دەستی پێکردووە !

– پێدەچێ هەموو شەوەکەی بە چاڵ هەڵکەندنەوە بردبێتە سەر.

ئیلاریون بانگی کرد: "ئیلیکۆ".

لەسەرەتادا دوو دەستمان لێدەرکەوت، ئەوجا سەرێکی بە دەستەسڕ بەستراو دەرکەوت، ئـەنجام ئیلیکۆ بە خۆی لە چاڵەکە هاتە دەرێ.

– چیت دەوێ ؟ چ گلاراوێکتە ؟

– هاتووم لێت بپرسـم... وتم نەخۆشـی بزانم چۆنی... ئـەدی تـۆ... چ دەکـەی ئیلیکـۆ، خـەریکی چیت ؟

– بیر هەڵدەکەنم.

– بیر ؟ بیرت هەیە،و کانییەکت هەیە وێنەی نیە.

– هەمە، بەڵێ! جا ئێستا بیرێکی یەدەك لێدەدەم. نابێ ؟ ئەو هەقەم نیە ؟

منیش هەڵمدایە: – ئەدی رەزەکە، لەوێ ئیش نەکەین؟

ئیلیکۆ لە چاڵەکە هاتە دەرێو هاواری کرد:

– بڕۆن، گوم بن لەبەر چاوم ناڕەسەنینە، بێ ویژدانینە.

منو ئیلاریـون کشـاینەوە، پێکـەنین ئـەوکی گرتبـووینو خـەریك بـوو دەخنکـاین، چـونکە نـەمان دەوێرا دەری ببڕین...

.... ئیلیکۆ یەك هەفتەی تـەواو بێوچـان، بێئـەوەی زەڕەیـەك رەحـم بـە خۆیـدا بکـات، لـە یەکبینـە کاری کرد. چاڵەکەی ژێر دار سێوەکە بوو بە بیرێکی قووڵ. ئیلیکۆ پاش ئـەوەی هیچـی لەوێنـدەر نەدۆزییـەوە، کەوتـە هەڵکەنـدنی چاڵێکی دی. چـەند رۆژێکـی دی بـوری، دیمـەنی ئیلیکـۆ مایـەی بەزەیی بوو، لاواز بوو بوو، ڕدێنی بژ بوو بووەوە، هێندە شەکەت بوو، بە هـەزار زەحمـەت لاقـی لـە دووی خۆ بکێش دەکرد.

ئیلاریون گوتی: – ئیتر بەسە. ئەم پیرەمێردە دەمرێت. دەبێ ئەم شەو شتەکە بڕێنینەوە.

هەرکە دنیا تاریکی کرد، لە نزیکی دار سێوەکەوە خۆمان لە بۆسەداو هەناسەمان لەبەر خۆ بڕیو چاوەڕوانی ئەو کۆتاییە سەرکەوتووەمان دەکرد، کە لە نەخشەکەماندا دامان نابوو.

لە نیوەشەودا گوێمان لە جیڕەی کردنەوەی دەرگا بوو، دوای تۆزێك سەیرمان کرد ئیلیکۆ هات. بە جۆرێ خۆی بۆ ناو چاڵەکە کوتا، لە تۆ وایە پێشمەرگەیەو بە نیازە پەلاماری دژمن بدات. دوای تۆزێك ئیلیکۆ، لە چاڵەکەدا ونبوو.

لە چاڵەکە نزیك بووینەوە، لە تاریکییە ئەنگوستە چاوەکەوە هانکە هانکی بێوچان دەهات، دەنگی پاچ وەشاندن دەهات. لە پڕ لە بنەبانی چاڵەکەوە زرەیەك هات. بە پەلە خۆمان گەیاندە ناو هەژگو بژاڵەکان. دوای چەند دەقیقەیەك ئیلیکۆ، بە جەرەیەکی گڵینەوە، بە سینگە خشکێ لە چاڵەکە هاتە دەرێ. لە بن دارسێوەکە هەڵتروشکاو نیشانەیەکی خاچی کێشا، ئەوجا دەستی کرد بە ناو جەرەکەدا... یەکسەر نیشانەی خەمینیو عەزابو نامرادی لە روخساریدا نەخش بوو، بەلەز دەستی لە جەڕەکە دەرهێناو لە کەپووی نزیك خستەوە. باسکی یەکپارچە ئەو سیاناوو گوواو قوڕاوە ئەهریمەنییە بوو کە منو ئیلاریون، لە کاتێکی پێشووتر داو لە زروفێکی جیاوازترا، لە نزیکەوە جەڕباندبوومان.

ئیلیکۆ ماوەیەکی زۆر بێ جوڵە،و بەبێدەنگ، لەجێی خۆی سەری داخستو دانیشت. ئەوجا بەدەنگێکی نزم وەکو ئەوەی خۆی بدوێنێ کەوتە قسان:

– ئیلاریون شیفاردنادزە! نەمردی ئەمەشت پێکردم؟ بەسەرما سەرکەوتیت؟ شەرمەزاری دنیات کردم؟ کارێکی وات کرد، دوو دانە بیر لە پێناوی ئەم بۆگەناوەدا هەڵکەنم؟

ئیلیکۆ، شەقێکی لە جەڕەکە هەڵدا... ئەمڕۆ رۆژتە! با وابێ! دەزانم هەنووکە لە نێو هەژگو بژاڵدا، لە نێو دەوەناندا خۆت مەڵاس داوەو وەکو جوانوو ماین دەحیلکێنێ... نەخەڵەتابی بێیتە دەرێ، لە شوێنی خۆت وەمێنی باشترە، چونکە ئەگەر بتبینم دەتکوژم، گۆشاو گۆش سەرت دەبڕم... ئەدی ئەم سپڵەی نمەك نەناسە، ئەم خوێڕییە، زۆریکیلا لە کوێیە؟ بێگومان لەگەڵ تۆدایە، ئەدی لە کوێیە!... بەڵام خەتای تۆ نییە... هەموو خەتایەکان لە ملی منی قەلپیاوی پیرە!... ئاخ، ئەگەر ئەم جەڕەیەم لەسەرو بەچکتاندا شکاندبا هەنگێ مردن هەق بوو. با تۆزێ وەخۆ بێمەوەو هەناسەیەکم بێتەوە بەر هەنگێ وەرن شاییتان بەسەر کەوتنی خۆ بێت، بەڵام واوەیلا بە حاڵتان ئەگەر پێش ئەوەبێن! کەستان بە زندوویەتی لە دەستم قوتار نابن. ئەگەر ئەنگۆ نەکوژم خۆم دەکوژم، کارێکی وا مەکەن هەڵەی گەورەم لێ سادر بێ.

ئیلیکۆ هەستاو بەرەو ماڵ پەل بووەوە. لە ناکاو ئاوڕی ئەو هەژگو بژاڵو دەوەنانەی دایەوە کە ئێمە خۆمان تیا شاردبووەوەو گوتی:

– لەگەڵ گەردی بەیانیدا لەڕەزەکە چاوەڕوانتان دەکەم. واوەیلا بە حاڵی ئەوەی دوا دەکەوێ، تەمەڵینە..

... لە حەشارگەکەمان هاتینە دەرێو سەرو پاچمان هەڵگرتو بە درێژایی شەو لە ڕەزی هاوڕێ چەنەبازە دڵسافەکەماندا کارمان کردو زەویمان کێڵا.

# پاکیزۆ

منو نەنکمو ئیلیکۆو ئیلاریون، بە هەر چوارمان چێڵێکی شەریکیمان هەیە. ناوی پاکیزۆیە. (پاکیزە، پاک، بێگەرد) پاکیزۆ بەزای نەنکم دەبێ. ئەگەر بە زای ئەویش نەبێ، چەند خاتری بگرین لە تەمەنی ئیلیکۆدا دەبێت.. ئەوە پێنج ساڵە پاکیزۆ لە زگوزا وەستاوەتەوەو ئەرکی دایکایەتی رەفزدەکات... هیچ خواردنێك نەماوە دەرخواردی نەدەین. هیچ خواردنەوەیەك نەماوە نەیدەینێ، هەر دەرمانێکمان بە بیردا هاتبێ داومانەتێ، بەڵام بێهودە، پاکیزۆ بڕیاری داوە چیتر زوڕیەت نەخاتەوە. بەڵام، وێڕای هەموو ئەمەش شیری هەیە،و شیر دەدات، بۆیە چاوپۆشیمان لەزگ نەکردنەکەی کردووە.

هەڵبەتە بە پێی یاسای شەریکایەتی پاکیزۆ بە نۆرەو جارێ لای ئێمە دەبوو، جارێ لای ئیلیکۆو جارێکی دی لەلای ئیلاریون دەبوو. هەموومانی وەکو یەك خۆشدەویست،و لەلای هەموومان بە هەمان ئەندازە برسی دەبوو. گێلو گەمژەو قەل سیفەتی وەکو خۆی نەبوو. هەر دەرگایەکی کراوەی دیتبا خۆبەخۆ خۆی بە حەوشەدا دەکرد، بۆ هەموو کەسێك، بۆ ئاشناو بێگانە، بۆ هەرکەسێك بە گادۆشێکەوە لێی چووبا پێشێ، دەوەستا بیدۆشێت.

پاکیزۆ، ئەم هاوینە بە تەواوەتی یاخی بوو و گوێی بە کەس نەدەدا. بەڵکو لە شیریش وەستایەوە. ئیشتیای نەماو لەڕو لاواز بوو، لە هەموو ئەمانە خراتر زاکیرەشی لە دەست دا،و بە تەواوەتی خەڵەفا : زۆر بە زەحمەت نەنکمو ئیلیکۆو ئیلاریونی دەناسییەوە، خۆ منی بە هیچ جۆرێ نەدەناسییەوە. بە کورتیەکەی تەمەن زۆری بۆ هێناو پیر بوو. لە سەرەتاوە هەوڵمان دا بە دیاریی بیدەین بە یەکێکمان، بەڵام دوای ئەوەی لەسەر ئەمە رێنەکەوتین، لە ماڵی ئێمەدا،و لە دەوری مێزێکی خڕ کۆبووینەوە. نەنکم کۆبوونەوەکەی کردەوەو گوتی:

– هەموو کەسێك ئەجەلی خۆی هەیە،و چێڵەکەش لەمە بەدەر نیە. ئێستا چی لێبکەین ؟

ئیلاریون گوتی: – دەیفرۆشین .

ئیلیکۆ گوتی: – چی دەفرۆشین؟ ئێسقان ؟ خۆ عاجی فیل نیە.

– جا بۆچی ئێسقان؟ گۆشتەکەی دەفرۆشین!

– گۆشت لە کوێ دێنی ؟

– کەواتە ڕادەستی حکومەتی دەکەین.

– کێ لێتی وەردەگرێت ؟

– وایە،... ئەمەش کێشەیە .

– تۆ بڵێی نرخی کەوڵەکەیمان بدەنێ ؟

– بریا مردار ببوایەتەوە .

ئیلاریون وەڵامی دامەوە: – نۆبەتی ئەوەیە پرسەشی بۆ دابنەم. با ڕادەستی بکەین، ئیدی کەیفی خۆیانە، خوای دەکرد. پەیکەریان بۆ دەتاشی.

.... له بەیانی زووەوە خۆمان سازدا. دەستم دایە ڕنەکێك‌و کەوتمە پاککردنەوەو لە ڕەنەك دانی پاکیزۆ. ئیلاریون خوێواوکی دایێ،و ئیلیکۆ گیای تەڕو تازەی دایە، نەنکم بەئاوی گەرم ئەژنۆکانی شێلا. لە سەعات دووی پاش نیوەڕۆدا، پاکیزۆی پاك‌و خاوێنمان بە خۆشی‌و شادییەوە بردە ناو حەوشە. دەبوایە بەلای کەمەوە سێ دانە کیلۆمەتران بېڕین تا بگەینە مەیدانی حەیوانانی حکومەتی.

بەڵام هێشتا سەد مەترێکمان نەبڕی بوو کە نەنکم لە ناکاو هاواریکرد:

– ڕاوەستن، دەبێ بیگێڕمەوە بۆ ماڵ.

ئیلیکۆ پرسی: – چیە ئۆلگا، بە هەزار وێڕدو سەڵاوات تا چێڵەکە هەستاو کەوتە ڕێ، ئێستا ماقووله بیوەستێنین ؟

– بیرم چوو بیدۆشم! بەسەزمانە گوانی دەجەڕێ !

ئیلاریون، قیژاندی: – خێرا، سەتڵەکە بێنە!

بەلەز بۆ ماڵ چوومەوە، مەنجەڵێکی چکۆلەم هێنا، نەنکم‌و ئیلیکۆو ئیلاریون، بەنۆرە کەوتنە دۆشینی پاکیزۆو یەك دانە سەعاتی پێوە بوون، من شاخەکانیم گرتبوو تا نەکەوێ. ئەنجام مەنجەڵێکی پڕ لە شلەمەنیەکی سەیرو سەمەرەم درایە دەست.

ئیلیکۆ، بەدەم ڕاکێشانی ڕەشمەکەیەوەو بە تەشەرەوە گوتی: – دوایی دابەشی دەکەین.

پاکیزۆ، بە ناچاری کەوتە ڕێ.

لە گوندی تێپەڕین‌و چووینە سەر ڕێگەیەکی بەرین، لە ناکاو پاکیزۆ دەستێکی دادا، پاشان دەستی دووەمی داد،و بە جۆرێ دەی بۆڕاند، پیاو بەزەیی پێیدا دەهاتەوە.

ئیلیکۆ لێی کەوتە گلەیی: – ئاخر ئێستا وەختی نوێژە ؟

نەنکم بەرسڤی دایەوە: – سەبرکە، با پشوویەك بدات.

ئیلاریون بڕۆی وێکهێنانەوەو لە بن لێوانەوە گوتی: – ئەگەر بەم حاڵە بڕۆین بە هەفتەیەکی دیکەش ناگەین.

ئیلیکۆ پێی گوتم:– نۆشادری بکە بە کەپوودا!

یەك شووشە نۆشادرم کرد بە کەپووی پاکیزۆدا، پژمی‌و گوێچکەکانی جوڵاند، بەڵام لە جێی خۆی نەجولا. ئیلیکۆ گوتی: – خوێنی بەر بدە!

ئیلاریون، چەقۆیەکی دەرهێناو گوێی پاکیزۆی هەڵتلیشاندو خوێنەکەی بەردا، هەر هەستایە سەرپێ‌و کەوتە ڕاکردن. هەنگێ نەنکم جڵەوی سەرکردایەتی گرتە دەست‌و هاواری کرد:

– بچووکترین کەس، بەغار دوای بکەوێ !

ئیلیکۆ بە تەشەرەوە گوتی:– بیگرن، دەنا دەفڕێت.

داپیرەم بە توڕەیی وەڵامی دایەوە:– زمانت مووی لێبێت .

پاکیزۆ ماوەی بیست مەترێك بە لۆقە ڕۆیی، ئەوجا وەستا میزێکی بەگیای لا ڕێگەکەدا کردو ئەجا هات و لێی پاڵکەوت. ئیلیکۆ گوتی:

– کەشـکمان فەریکـە. دوو سـێ کـەوتنی دیکـەی ئاوهـای بەسـە، ئیـدی هـیچ شـتێکمان بـۆ نامێنێتەوە ڕادەستی بکەین.

پاکیزۆ، چاوەکانی نوقاندن، ناچار بووین گوێچکەکەی دیکەشی هەڵتلیشێنین. یەکسەر هەستا، پێی وەغارەوە نا، خێرا لە پێچێکدا کەوتەنە دیوی.

لەسـەر عەرزەکـە دانیشـتین، سـەرو سـیغارمان کێشـا، سـووکە ئیسـراحەتێکمان کـرد، ئەوسـا بـە کـاوەخۆ کەوتینـە ڕێ. ڕێگاکـە لـەو دیـوی پێچـەکەوە، ڕاسـتە ڕێگـا بـوو، بـەڵام پـاکیزۆ لـە هـیچ شوێنێکەوە دیار نەبوو. نەنکم زۆر پەرێشان بوو، بە نیگەرانیەوە پرسی: " چێڵەکە کوا ؟"

پێمان هەڵگرت. گەییشتینە پێچێکی تر، ئەنجام پاکیزۆمان بینی: لە ژێر سێبەری دەوەنێکا، لـە قەراخ ڕێگاکە پاڵکەوتبوو و ئیسراحەتی دەکرد . ئیلاریون گوتی:

– ڕابە، پاکیزۆ. چێڵەکە بـە گۆشـەی چاو نیگایـەکی کـرد وەك ئـەوەی بڵـێ: "تۆ ئـەقڵت تـەواوە، برادەر ؟"

ئیلیکۆ هەمان داوای ئیلاریونی دووبارە کردەوە:– ڕابە، ڕابە !

پاکیزۆ، زەحمەتی وەڵامدانەوەی نەدایە بەرخۆ. ئەوجا نەنکم بە دەنگێکی پڕ سۆزەوە گوتی:

– ها پاکیزۆ، ناتەوێ هەستی ؟

چێڵەکە، کلکی بادا کە نەء ، ئەوسا سەری نایە سەر ئەرزەکەو چاوەکانی لێك نان.

بە دیارییەوە دۆش داماین.

ڕێبوارێك هات بەسەرمانا، ماوەیەکی زۆر لە پاکیزۆ ورد بووەوەو ئەوسا بە سۆزەوە گوتی:

– مردار بووەتەوە ؟

ئیلیکۆ بەرسڤی دایەوە:– نەخێر نووستووە، دوێنێ شەو نەنووستووە.

یارۆی ڕێبوار، تەمەشایەکی بێ باوەڕانەی کردین و بە پەلە ڕۆیی. ئیلاریـون بەسـەر چێڵەکەدا دانەوییەوەو گوتی: – دەی باشە، ئێستا هەستە.

ئیلیکۆ زۆر توڕە بوو:– هەستە، هەی بە نەعلەتی خوا بی.

پاکیزۆ، هەر گوێی نەداینێ، بۆیە وازمان لە زمانی ئاخاوتن هێناو دەستمان بە کارکرد.

– ئیلاریون، لە بەردەمیا بوەستە .

– شانتی بدە بەر .

– پاشووی بگرە. ئەمە نا، ئەویتریان

– دەی هەنووکە بە کلك ڕایکێشە.

– چوار پەلی ڕێکبخەوە.

– ئۆلگا کلکی بگرە.

– هەردوو پاشووی بە هەردوو دەستت بگرە . پاڵیاندە بۆ پێشەوە. تەواوە. بڕۆ، بڕۆ!

– پاکیزۆ خۆت بگرە، ئەوەندەمان نەماوە!

– ئەو پیرەش نیت، وا خۆت گەیاندووەتە حاڵی مردن.

.... لەگەڵ خۆراوادا، هیلاك و ماندوو گەیشتینە مەیدانی حكومەتی حەیوانان، لەبەر دەروازەی مەیدانەكەدا، دیسان پاكیزۆ، لێرا پاڵبكەوێ و بنووێت. ئیلاریون لە بن لێوانەوە گوتی:

– زۆریكیلا، خوێری نۆشادرەكەی فریا بخە، چیتە چاوبكەوە.

رووم گرژ كردو پرتاندم:– نەفرەت لە هەمووتان، بەڕاستی تاقەتم چوو.

ئەوسا نیو شووشە نۆشادرم قلپاندە ناو كونە كەپووی چێڵەكەوە.

پاكیزۆ لە جێی خۆی دەرپەڕی و بەغار خۆی بە حەوشەدا كرد.

ئیلاریون بەگوێیدا چپاندم:– بەلەز بیخە سەر قەپانەكە...

و بەخۆی چوو بۆ نك بەرپرسی مشتەرەیات.

– سڵاو. چێڵی.... لێوەربگرن.

– كونیەكەی ؟

– كونیەی چێڵەكە ؟

– خاوەنەكەی!

– فاشالومیدزە، چیگوگیدزە، شیفاردنادزە.

– ناوی ؟

– ناوی خاوەنەكەی ؟

– هی مانگاكە!

–پاكیزۆ

كابرای بەرپرس برۆی وێكهێنانەوە و ڕوانیە چێڵەكەو گوتی:– ئەم مەخلووقە لە چی دەچێ ؟

ئیلاریون، بەسەر سامی وەڵامی دایەوە:– بۆ لە چێڵ ناچێت ؟

– بەڵایەكە لەو گۆڕە ، لە چێڵ دەچێت و چێڵ نیە.

ئیلیكۆ هەڵیدایە:– راستە، هەندێك لەڕە.

– ئەدی بۆچی دەخەوێ ؟

– ئێستا تۆ چ زەرەرێك دەكەی خۆ بە خەوتووی كێشی لەسەر قەپانەكە زیاد ناكات.

– ئەدی ئەگەر مردار بێتەوە ؟

نەنكم هەڵیدایە :– ئەم قسەیە چیە كوڕم؟ بە چاوی خۆت نەتبینی چۆن بە غار هاتە حەوشەوە؟

ئیلیكۆ گوتی:– هەر هەموو ڕێگاكەی بە غار بڕیوە.

بەرپرسەكە، لە قەپانەكە نزیك بووەوە، بە دیار چێڵەكەوە دانەوییەوە، لێی ورد بووەوە، ئەوسا لە بن لێوانەوە گوتی:– مردار بووەتەوە.

ئیلاریون، هەڵیدایە:– مەحاڵە، رەنگە خەوتبێ ؟

– پێمگوتن مردار بووەتەوە، هەناسە نادات.

– خۆ ئیشەللا ناتەوێ بیرخێنێ ؟

لە چێڵەكە نزیك بوومەوەو نەبزیم گرت. لێ بوو بووەوە، موناقەشەو گەنگەشە سوودی نەبوو.

بەرپرسەكە ئەمری پێكردین:– بیبەنە دەرێ.

پاکیزۆمان برده سەر جاده گشتییەکەو بە بێدەنگی دەورمان دا.

بەرپرسەکە لە نێو حەوشەکەوە بانگی لێکردین:... نەخەڵەتابن چێڵەکە لەسەر جادەکە بە جێ بێڵن... یان لە چاڵی بنەن یان کەلاکەکەی بۆ ماڵ بەرنەوە.

... تازە ستێران بە بەرۆکی ئاسمانەوە دەدرەوشانەوە کە ئیلاریون بێدەنگیەکەی شڵەقاند:

– پێویستە پاکیزۆ بنێژین...

ئیلیکۆ گوتی:– ئەدی چۆنە لێرە بەجێی بێڵین و هەڵێین؟

ئیلاریون بە توڕەیی وەڵامی دایەوە:– مەحاڵە! مردوو دەبێ بنێژرێ.

ئیلیکۆ گوتی:– دەبێ خزمەکانی رەحمەتیش ئاگادار بکرێنەوە...

وەهەنگێ روویکردە من:– زۆریکیلا، بروسکەیەکیان بۆ بنووسە.

ئیلاریون زۆر توڕە بوو،و بە ئیلیکۆدا هەڵشاخی:– پێبکەنە، پێبکەنە، کوێری لە خوا عاسی! بەڵام بۆ ئاگاداریت، من ئەم چێڵەم لە دایکم پتر خۆش دەویست، بە شیری ئەو گۆش کراوم، بە شیری ئەو بەخێوکراوم.

ئیلیکۆ هانای بۆ نەنکم برد کە بەدرێژایی ئەو ماوەیە بێدەنگ بوو،و بەسەری قۆڵی فرمێسکەکانی دەسڕی:– ئۆلگا تۆ بڵێ، چی بکەین؟ چار چیە ؟

– دەبێ ئەم بەستەزمانە بنێژین، بەڵام لە کوێ بینێژین و خەرجی ناشتنەکەی لە کوێ بێنین ؟

ئیلاریون هەناسەیەکی پڕ کەسەری هەڵکێشا: – ئۆف...ف...ف.

منداڵێکی پێ خاوس، لە دوورەوە دەرکەوت، بەدەم فیکەفیکەوە بەسەر رێگاکەدا دەڕۆیی. ئیلاریون گازی کرد، منداڵەکە لێمان هاتە پێشەوە.

– تۆ لە چ ماڵباتێکی ؟

– سیمونیشفیلی.

– لە کوێ دادەنیشن؟

قامکی بۆ شوێنێکی ناو تاریکییەکە ڕاکێشا: – لە هۆ وێ....

– ناوت چیە ؟

– مارات.

– ئحم... بابت منداڵی زۆرن ؟

– شەش کیژو کوڕێك.

– ماشەڵڵای لێبێ، باریکەڵای لێبێ!.... ئەم چێڵەت دیتووە ؟

– بۆ ئەمە چێڵە ؟

– تۆزێ ئەدەبت تیا بێ کوڕۆ! سەدان تەمەڵ و تەوەزەلی وەکو تۆ لە شیرو پەنیرو کەرەی ئەم چێڵەیان خواردووە. تێدەگەی؟ وا نەزانی ئەمە چێڵێکی بەرەڵلایە. ئێمە خاوەنین. ڕاستە ئێستا مردار بووەتەوە، بەڵام بە مردوویش لە زۆر زندوو باشترە! لە هەندێ وڵاتاندا چێڵ دەپەرستن... ئەرێ زۆریکیلا ناوی ئەو وڵاتە چیە ؟

– هند.

– بەڵێ، لە هندا، پرسە بۆ چێڵان دادەنرێ، خەتمی بۆ دەکەن... چێڵ...

– هاپۆ، من درەنگمە، چیت گەرەکە بە کورتی بیڵێ.

– من بەش بە حاڵی خۆم هیچم ناوێ. دەمانەوێ ئەم چێڵە بنێژین... فەرموو دە ڕۆبڵت دەدەمێ، بچۆرەوە بۆ ماڵێ، خوشکەکانت بێنە، کولینگ‌و پاچ لەگەڵ خۆتاندا بێنن‌و ئەم چێڵە بنێژن. باشە؟

– دە رۆبڵ کەمە...

– دەی دیکەشت دەدەینێ.

– هەر کەمە...

– پێنجی دیکەشت بۆ دەخەینە سەر.

– کەمە...

– باشە، سێی دیکەشت بۆ زیاد دەکەین.

– هەر کەمە...

– چۆن کەمە، کوڕی سەگ ؟ بیست‌و هەشت رۆبڵ بۆ تاقە چێڵێکی بۆگەن، ئەمە کەمە ؟

– با هەر لەو گۆڕە بکەوێ .

مارات بە دەم ئەو قسەیەوە لێبڕا بڕوات.

– ڕاوەستە ! وەرە هەتیو. چەندت دەوێ ؟

– پەنجا رۆبڵ.

– پەنجا رۆبڵ ؟

ئیلاریون بە دەم لێوکرۆشتنەوە، پێنج ئەسکەناسی دە رۆبڵی ژماردو دایە دەستی منداڵەکەو گوتی: – دەبێ ئەمشەو بینێژیت !

– تازە درەنگە... سارەزی لە چاڵی دەنێم‌و دەیشارمەوە .

– لە چاڵی نانەیت، بەڵکو دەی نێژیت سەگباب !....

جا ئێستا گوێت لە من بێ! سبەی بەیانی دێمەوە بۆ ئێرە، ئەگەر لێرەدا گۆڕێك نەبینم، هەموو خانەوادەکەتان یەك یەك دەسووتێنم. تێگەییشتی ؟.

– تێگەییشتم. مارات ئەو قسەیەی کردو لە تاریکییەکەدا ون بوو .

... دوای هەفتەیەك، لەسەر بانیژەکە وەستام‌و کەوتمە خوێندنەوەی هۆشدارییەك بۆ نەنکم‌و ئیلیکۆو ئیلاریون، هۆشدارییەکە لە دایەرەی تەندروستی قەزاوە دەرچوو بوو،و تازە فەڕاش‌و پێشخزمەتی ئەنجوومەنی گوند دایبوومێ‌و غەرامەتنامەیەکی لەگەڵدا بوو:

*" بۆ هاووڵاتیان. فاشالومیدزەو چیگوگیدزەو شیفاردنادزە.*

*لە رۆژی ئەوەندەی هەیڤی حوزەیرانی ساڵی ئەوەندەدا لەسەر ڕێگای گشتی قەزاکەمان، کەلاکی چێڵێکتان بە بێ خاوەن فڕێداوە، ئەمە کردویەتیە کارێك کە دەڤەری نێوبراو ببێ بە بنکەی بڵاوبوونەوەی نەخۆشی و پەتا . هەروەها بووەتە بڵاوبوونەوەی بۆگەنیەکی لە رادەبەدەر کە*

***خەڵکەکەی ناچار کردووە سکاڵا بکەن و نە هەقیانیش نیە. جا لەبەر هەموو ئەو هۆیانە بە بڕی سێ سەد رۆبڵ جەریمەمان لەسەر کردوون بەماڵ.***
***ئیمزا "سەرۆکی پزیشکانی دایەرەی تەندروستی قەزا".***

دوای بێدەنگییەکی کەم ئیلیکۆ گوتی:

– پێموایە ئیلاریون بەتەنیا هەموو جەریمەکە دەدات.

داپیرەم پرسی:– بۆچی ئیلاریون بەتەنیا؟

– چونکە چێڵەکەی لە دایکی خۆشتر دەویست،و بە شیری ئەو گۆش و بەخێو کراوە.

ئیلاریون وەکو مار فیشکاندنی: – باشە ڕادەستکردنی چێڵەکە پێشنیازی کێ بوو؟

بیرم خستەوەو گوتم: – پێشنیازی تۆ بوو.

ئیلاریون فزەی نەکرد. ڕۆییشتەوە بۆ ماڵەکەی خۆی، دەرگاکەی لەسەر خۆی داخستو ڕۆژەکەی لە ماڵ بردە سەر.

منو ئیلیکۆ، هەموو ناوچەو دەڤەرەکەمان دایە ژێر پێوە، نزیکەی بیست کیلۆمەترێك ڕۆییشتین، هەر مێرد منداڵێکمان دەبینی ڕامانده‌گرتو بە نەرمو نیانی لە ناویمان دەپرسی، بەڵام تاقە ناوێکمان بەر گوێ نەکەوت کە بە ئاستەمیش لە ناوی (مارات) ەوە نزیك بێ...

من ئێستا زۆریکیلا دێهاتیەکەی جاران نیم. گەنجێکی بە ئاوەزی خودان شادەتنامەی زانکۆییم. بە گوێرەی دەقی شادەتنامەکەم، من زۆراب فلادیمیرۆفتیش فاشالومیدزەی ئابوری ناسم،و شادەتنامەکەم لە هەر کۆمارو شارو گوندێکی یەکێتیی سۆڤیەتدا دەچێت. نیشانەو میداڵی زانکۆم بە بەرۆکەوەیە. وەختێ کە کونێکی بچووکم کردە قاتە تازەکەم تامیداڵەکەی پێوە بکەم، بەهیچ جۆرێ خەفەتم نەخوارد.

ئەوا ئێستابەڕێوەم بۆ گوندەکەم، کە لەوێندەر، لە گوندەکەمدا، وەکو چۆن چاوەڕوانی خۆری پرشنگدار دەکرێ، بەو ئاوایە نەنکمو ئیلیکۆو ئیلاریونو ماری، بەوپەڕی تاسەوە چاوەڕوانم دەکەن. دەگەڕێمەوە بۆ ناو کەس‌وکارەکەی خۆم، لەبەر ماڵەکەمدا مێوێك دەڕوێنمو پاش سێ ساڵی دی یەکەم نۆبەرەی ترێی " تسولیکووری" لێدەچنم. لە گوندی دادەنیشمو لەوێندەر کار دەکەم، ئیدی ماڵو خانوویەکم دەبێتو لە حەوشەکەمدا سەگێك ڕادەگرم، ناوی دەنێم مرادا. ماری دەخوازمو دوانزە منداڵم لێی دەبێت : یازدە کوڕو کیژێکی جوانی چاوشین ناوی دەنەم تسیرا.

زوو زوو سەفەری شار دەکەمو بە دەستو دیاریو کتێبانەوە بۆ ژنەکەمو منداڵەکانم دەگەڕێمەوە. دیاریی و سەوقاتی ئەوتۆ بۆ نەنکم دێنم کە لە خۆشیا هۆن هۆن بگری.

هەروەها دیاریو سەوقاتی بۆ ئیلیکۆو ئیلاریون دێنم. دیاریی ئەوتۆ کە زات نەکەن گاڵتەم پێ بکەن. سەردانی پورە مارتا دەکەمو دیاریی داپیرەمی بۆ دەبەم. پورە مارتاش هەنگێ فرمێسکی شادمانی دەبارێنێ.

هەر هەمووان: ئیلیکۆو ئیلاریون و پورە مارتا لەماڵەکەی خۆمدا ئاکنجی دەکەم. پێکەوە دەژین. ئیدی زورپەتێکی زۆر لە منداڵو نەوە نەتیرە دەخەمەوە. زۆر زۆر دەبین، دەبین بە

گونـدێکی تـەواو، پاشـان ژمارەمـان زیـاد دەکـات، دەبـین بـە هــەموو جیهـان. هــەرگیز نـامرین، نابڕێینەوەو هەتا هەتایە دەژین....

بە دەم ئـەو ڕچـە ڕێیـەوە کـە دەچـێ بـۆ گوندەکـەمان، ئـەو خەیاڵانـە دەکـەم. ڕچـە ڕێیەکـە بـە چیایەکی بەرزا سەردەکەوێ. دەگەمە لوتکەی چیایەکە، لەسەر تاوێرێك دادەنیشم، گوندەکـەمان و ماڵەکـەمان وەکـو ئـەوەی لەسـەر لـەپی دەسـتێك بـن، دەبیـنم. لوولـە دووکـەڵێکی شـینباو لەسـەر بانەکەمانـەوە بـەرز دەبێتـەوە، بـەڵام نـەنکم لـە نێـو حەوشـەکەدا نیـە، ماوەیـەکی زۆر بـەو دەقـەوە دادەنیشم، پاشان دادەگەڕێم.

– نە نە .. ـە .. ـە!

کەس وەڵام ناداتەوە. بە غار بە پلەکاندا سەر دەکەوم. هەموو شتێك کڕوکپە. خۆم بە ژوورەکەدا دەکـەم. تـاریکی تاریکـە. نـەنکم لەسـەر تەختەکـە پاڵکـەوتووە. بەسـەریا دادەنەومـەوە، خـەوی لێکەوتووە. لەسەر نووکی پەنجە وەدەردەکەوم و دەچمە سەر بانیژەکە، ئیلیکۆ ئیلاریون دەبینم، بە زەردەخەنەوە دەڵێم: "سڵاوتان لێبێ"، بە ساردییەوە سڵاوەکەم دەسەننەوە.

– چی بووە ؟

– دوێنێ ئێوارە لە پڕ حاڵی خراپ بوو.... پێمان وابوو ناگاتە بەیانی... بروسکەکەت پێگەیی؟

– بروسکەی چی؟

ئیلیکۆ، بەزمانە لاڵکێ گوتی:– حاڵی زۆر خراپ بوو، کەوتـە ئـاوزینگ و حاڵی مـردن.... بـەرەو دەرگا تاوم دا.

– مەچۆ ژوورەوە، با بنووێت.

... داپیرەم تا دەمەو ئێوارێ نووست. لە ناکاو چاوی هەڵێناو نیگای تێبڕیم. ماوەیـەکی زۆر لـێم راماو ئەوجا بە ئەسپایی پرسی: ئیلاریون، چیە خەو دەبینم، یان ئەمە کوڕەکەمە ؟

وەڵامم دایەوە: –خۆمم نەنە گیان.

و خۆم دا بەسەر سینگیدا.

– هاتیەوە، جەرگەکەم ؟ بێگومان دڵت خەبەری داوە؟ بێگومان! ئەجەلم هاتووە... ئیلیکۆ، نانتان داوەتە کوڕەکەم ؟

– داومانەتێ ئۆلگا.

– ئەدی شەراب ؟

– نەی خواردەوە...

– بۆچی، کوڕەکەم ؟ برۆ بخۆرەوە. بە تایبەتی بۆ تۆم دروست کردووە... بخۆرەوە نۆشی گیان و بە شیفات بێت... لە پرسەکەما جیرانەکانیش دەعوەت بکە...

– ئەم قسەیە چیە، نەنە ؟

فرمێسك بە چاوانیا هاتە خوارێ.

– ... من گەورە بووم‌و تۆ هێشتا منداڵی... حیسابی خۆم پاك كردووەتەوە... هەفتاو سێ ساڵ كەم نیە... بەسە... وێڕای ئەوەش، خودایە لێم مەگرە، لە دنیا تێر نەبووم... ئیدی ئەوە دڵی بە شەرە... خۆزیا،چەند مانگێكی دیكەش دەژیام....

ئیلاریون ویستی بیكات بە حەنەك‌و فشقیات:

– ئەم قسەیە چیە ئۆلگا، هێشتا بایی ئەوەت پێماوە دەی وەكو ئێمە لە گۆڕ بنەی.

– ئیلاریون شیفاردنادزە، تۆ جارێ فرمێسكەكانت بسڕە ئەوجا شۆخیان بكە... ئەوجا لە منی پرسی: – زانكۆت تەواو كرد كوڕم.

شادەتنامەكەم لە بەركم دەرێنا‌و دامە دەستی نەنكم. بە سۆزو میهرەوە دەستێكی پێدا هێنا، پاشان دایە ئیلاریون، تكای لێكرد كە بیخوێنێتەوە. ئیلاریون شادەتنامەكەی خوێندەوەو پاشان گەڕاندییەوە. نەنكم بۆ ماوەیەكی زۆر بێدەنگ بوو، ڕوندك. هێدی هێدی بەلاجانگەكانیا دەهاتە خوارێ. شادەتنامەكەی دایە دەستم و گوتی:

– دەیسا، ئێستا دانیشەو گوێ لە من بگرە كوڕەكەم... من ناگەمە بەیانی. مەمنوونی ئەو خوایەم كە تا هاتنەوەی تۆ ئەمانەتەكەی خۆی لێنەسەندمەوە. وەسێتنامەم نەنووسیوە، هەرچیەكم هەیە، هەرچیەك لەدەوروبەری خۆتا دەبینی موڵكی تۆیە....

– سندانم لەشت دا ، شتم بەبێ تۆ بۆ چیە.

خۆم بەسەر تەختەكەی داپیرەمدا داو لە هۆڕژنی گریانم دا.

– دەتەوێ، هەموو شتێك كەڵكی خۆی هەیە كوڕەكەم... باشە، بگری، بگری. هەقە نەوە شین بۆ نەنكی خۆی بكات... بەسە، بەسە، كوڕەكەم...

نەنكم بەمێریڤانی دەستی بە سەرمدا هێنا:– .... كوڕەكەم، ئەم دوو كەسە نەدۆڕێنی. ئیلیكۆ و ئیلاریون، ژیانیان ژیانی تۆیە. خۆشت بووێن‌و هەمیشە بەگوێیان بكە.

ئیلیكۆ و ئیلاریون سەریان بە دیوارەكەوە ناو وەكو منداڵ زۆرە زۆر دەگریان.

– دەگەڵ كوڕەكەمدا بەتەنیامان بێڵن....

ئیلیكۆو ئیلاریون لە جێی خۆ نەجولان.

– هەڕنە دەرێ، كوێرانی لە خودا عاسی. تا ئێستا شتی وابووە: بەشەر بە زندوویەتی دەنێژن؟ بە تەنێ ماینەوە.

– وەرە پێشەوە كوڕەكەم، وەرە پێشێ دەمەوێ ڕاتموسم...

بەسەر نەنكمدا دانەویمەوە، كەوتە ماچ بارانم: هەنیەو قژو چاو و ڕوخسارو دەستی ماچ كردم. ئەوجا لە هەمێزی گرتم، بۆ ماوەیەكی زۆر دەستی لە ملم وەرینا، پاشان گوتی:

– پەرداخێ شەرابم بدەیە.

پەرداخێ شیرم دایە. نەنكم شیرەكەی خواردەوەو گوتی:

– ئێستا پەرداخێ شەرابم بدەیە.

پەرداخێكم بۆ تەژی كرد، نەنكم لێی وەرگرتم، ئەوجا لەسەر جێگاكەی دانیشت دەستی بۆ ئاسمان بەرز كردەوەو كەوتە پاڕانەوە:

*– خوای بانی سەر، خوا گیانی بە توانا، ئەی دایکی هەموومان، ئەی پاکیزەی داوێنپاکی بێگەردی تەرکە دنیا... ئەمانەتی ئێوەو کوڕەکەم... ئاگاتان لێی بێ، دەست بە باڵییەوە بگرن... ڕاوەستاوی بکەن... لە تەنگانەدا دەست بدەنە باڵی.... خۆی و زۆرپیەتەکەی تەمەن درێژ بکەن... ئامین.*

نەنکم چۆڕێکی لە شەرابەکە خواردەوەو پەرداخەکەی دایەوە دەستم. ئەوسا بە کاوەخۆ گوتی:

– گڵۆپەکە بکوژێنەوەو بچۆ دەرێ...

بەگوێم کرد. دوای چەند دەقەیەک وەژوور کەوتمەوە، سەیرم کرد نەنکم سارد بووەتەوەو جوڵەی لەبەر بڕاوە. بەسەریا دانەویمەوە، ماوەیەکی زۆر لە روخسارە دڵگیرەکەی ڕامام. یەکێک هاتە ژوورەوەو لە پشتمەوە وەستا. گوێم لە دەنگی هەناسەی بوو، هەستم کرد ئەم هەناسانە ئیدی بە درێژایی تەمەنم لەگەڵمدا دەبن. ئاوڕم نەدایەوە، بەڵام دڵنیا بووم کە ماری یە، ماری خۆشەویستم کە بە روناکی خۆی تاریکی ژوورەکەی ڕەواندەوە. بەڵام دواتر ئاوڕم دایەوە، بۆ ئەوەی بەم ڕوناکییە غوسڵ خۆم بدەمو لە میانەی ئەم روناکییەوە، ئازیزەکانم، کەسەکانم: ئیلیکۆو ئیلاریونو نەنکم بدینم...

*رۆژی ٢٢/٤/٢٠١٢، لە گەڕەکی رزگاری /سلێمانی/ لە ماڵی خۆم، سەعات دەی شەوێ، لە پاچڤەی ئەم رۆمانە بوومەوە، کە لەم سەرچاوەیەوە وەرم گێڕاوەو هەر کەسێک هەر هەڵەیەکم بۆ راست بکاتەوەو هەر پەڵەیەکم بۆ پاک بکاتەوەو هەر غەفڵەتێکم وەبیر بخاتەوە، پێشوەختە سوپاسی دەکەمو منەتبارم دەکات:*

***نودار دومبادزە***
*أنا وجدتي وايليكو و ايلاريون*
***روایە، دار رادوگا، مۆسکۆ ١٩٨٤***
*ترجمة جلال الماشطة، طبع في الاتحاد السوفيتي.*

**فەرهەنگۆك**

**ئا:**

**ئاوەز :ئەقڵ ،هۆش ،ژیری**

**ئەزبەركردن : لەبەركردن**

**ئاونگ : شەونم، خوناو**

**ئەوك : گەروو ، قوڕگ**

**ئاوزینگدان : گیانەڵڵا، ئاویلكەدان ، سەرەمەرگ**

**ئاژیر : شووتی ئاگاداركردنەوە ، شووتی خەتەر**

**ئەمەكدار : بە وەفا ، ئەمەگدار ،بەنمەك ، نمەكناس**

**ئاستانە : بەردەرگا، ئاسانە ، بەر ماڵ..**

**ئۆین : فێڵ و مەكر ،كەتن ، پیلان**

**ئاپۆڕا : قەرەباڵغی ، حەشامات، كۆمای خەڵكی**

**ئاخێز : نیوە هەستان**

**ئاكنجی : نیشتەجێ**

**ئەشقی و شەقی : یاخی ، ملهوڕ، شەقاوە**

**ب:**

**بەردەبار : بەڕاو تەگبیر، بە ئەقڵ**

**بەلەنگاز : هەژار، بێنەوا، فەقیر**

**بەركوڵ : سووكە خواردنی پێش كوڵینی تەواوەتی**

**بوەكوێرە : كوند ، كوندەپەپوو**

**بەلەز : بە پەلە ، خێرا**

**بەعز : زیز ، زویر ، عاجز**

**بەڕك : گیرفان ، باخەڵ**

**بەرداوێژ: مەودای بڕكردنی هاویشتنی بەرد**

**بەدنمەك : سپڵە، پێنەزان، نمەكنەناس**

**بن و بسات : بنج و بناوان**

**بەیات : شەوپاتە ، شەو مەنە**

**بارتەقا : باتەقا، هەنبەر، بەرانبەر**

اريك و بنێس : لەڕ و لاواز

بە تۆبزی : بە زۆر ، بە خورتی

بەرسڤ : وەڵام

بنعام : خزم و کەسوکار

باڵاپۆش : جلکی سەرتاپایی، وەك : عەبا و پاڵتۆ و کەپەنك و..

بچڕم : بڵێم

باڕ : منداڵ ، بێئەزموون ، بێچووە مەلی بەهارە

بالیف : سەرین ، سەنگیا ، سەرینگا

باژێڕۆك : شارۆچکە،

بەگەن کردن : پەسندکردن

بوری : تێپەڕی ، ڕۆیی

بیچم : شەقڵ و هەندام ، تەرح و دیدار

باروکە : کلاَّوقژ

بە خۆم نەوەستام : خۆم پێنەگیرا

بەزا :هاوتەمەن

پ:

پڕ : زۆر، گەلەك

پل : پەنجە، قامك، تبل ، کلك

پەسلاَن : ڕۆژی قیامەت ، ڕۆژی حەشر

پیتاك : باربوو ، کۆمەك

پووت : کێشێکە بەرانبەر ١٦ کیلۆیە

پنتی : تەمەڵ و بێکارە، قەلپیاو

پەنام : ئاوساوی

پیلە : کەلوی ئاوریشم ، قۆزاخەی ئاوریشم

پاژ : بەش

ت:

تووك :نەرەت، دوعای شەڕ، نزای خراپ

تەژی : پڕ

تاسووق: تاسووخ، بەلەزەت، ئارەزوومەندی

تۆڕی : چەقەڵ ، تۆڕك

تووکە حەرامە: گەندەموو

تەشەر : تانە، قسەی بە توێکڵ

تەوێڵ : هەنیە، نێوچەوان

تەقتیر : دڵۆپاندن

تایفی : جۆرە ترێیەکە

تامپۆن : دەعم ، پێکادان

تەگەر : تایە

تاین : یارۆ، فلاٚن ،

تەمتوومان : تەم و مژ

تیتی : موفەتیشی ناو قیتار

تەزی : زۆر سارد

تەڵفیزی : حەنەك، گەپجاڕی ، تەڵفیسی ، پێڕابوردن

تەنی : سیان ، ڕەشایی نیشتووی دووکەڵ

توێشوو: نان و زادی ڕێگا

ج:

جەنە : مان گرتن

جەردە :چەتە، ڕێگر

جمکانە : لفانە، دووانە، جمك ، زگەدووانە

جینگز : شەڕانی ، نەگونجاو، جینگن

چ:

چوغوورد : چوغوور، چڕە دارستان

چێبوو : دروستبوو

چیت گەرەکە : چیت دەوێ

چێڵ مانگا

ح:

حوربی کێشان : فیزاح و شین و شەپۆڕی ژنان

حینجە : خوێندنەوەی بەسەرو بۆرەوە

خ:

خاپینۆك: فریبۆك ، فێڵباز ، هەڵەتێنەر

خۆیبوون :سەربەخۆیی

خودان : خاوەن

خەلەسیم : رزگار بووم

خورجین : هەگبەی لە بەن

خاترێ تە : خواحافیز

خورت : بەهێز ، بە قووەت

خۆرت : لاو، گەنج ، جحێڵ

د:

داپیره : نەنك

دەباشیر : تەباشیر،گەچی تایبەت بۆ نووسین ە سەر تەختە ڕەش

دومۆر : نەگبەت، شووم، نەحس، قەرەبەخت

دەڕەڤن : هەڵدێن، ڕادەکەن ، دەرەوێنەوە

دەپەیڤن : قسە دەکەن

دەهری : زۆر تووڕە

دەف : جەم ،نك، کن ، لا

دوڕ : چەق ، ناوەند

دان و سان : سەودا ، مامەڵە ، گفتو گۆ

دەڵەکدان : پاڵدان ، پاڵنان

دەسچن : دەسکار، بە دەست چنراو

دەست بە زاخاکردن: فریودان، زیان پێگەیاندن

دۆتمیر: کیژە میر

دڵنەواز: دڵگیر ، دڵنەوایی

دێر: جێگەی ڕەبەنی خاچپەرست

دڕدۆنگ : دوودڵ ، بە گومان

ر:

رەچەڵەك : بنچینە، رەگ و ریشە، رەچەڵاك

رادەمووسم: ماچ دەکەم

روندك : فرمێسك، عەسر،

ڕەدا: رازی بوون، قاییل بوون

ڕچین : رچیو، چاییو، مەیین، بەستنی سەهۆڵ

راموسان : ماچکردن

رکابەری : ڕق بە ڕقێ ، هەڤڕکی

رۆبڵ : پارەیەکی رووسییە

ردێن : ریش

رەبەن : تەرکە دنیا

ڕنەك : قەشەو ،ئاسنێکی پڕ بە دەستی ددانەدارە ولاغی پێدەخورێنن

ز:

زەنگەوان : بەرپرسی زەنگ ، زەنگ لێدەر

زەردەخەن : بزە

زوڕات : گەنمە شامی ، گەنمە پێغەمبەرە

زیڕژن :هاوار لێهەستانی کوتوپڕ

زار: دەم

زڤڕییەوە: گەڕایەوە

زراڤ : باریك

زێد : زاگە ، شوێنی لە دایکبوون

زۆڕییەت: وەچە ، نەوەو نەتیرە

س:

سەمت : لا،نکال، کەنار، قەراخ ، ئالی

سیخوار: زوقوم، خووسار

سووسەکردن : تاقیبکرن، سۆراخکردن و دۆزینەوە بە مەزەندە

سەردولکە: بەندی بە مردوو هەڵگوتن، پەسنی مردووە بە دەنگ و لاوانەوەوە

سەبای ساڵحان : بەیانی زوو

سیپەلاك : سی

سەرتۆپ : یەکەم لە جوانی یان لە ئازایەتیدا

سەرمازەڵە : قمقمۆکە، خەمەگڕو، جۆرە مارمێلکەیەکە

ساپیتە : میچی خانوو، بن بان

سوورول: سوورخوول، مرۆڤی موو زەردی ناشیرین

سەرگوروشتە: بەسەرهات، سەربهوورد

سەوقاتی : دیاری

سۆنگە : هۆ

ستران : گۆرانی ، لاوژە

ستێران : ئەستێران

سۆزە : گۆرانی بە دەنگی نزم

سەرگەڤار : سەرگەورە

ستۆڕ : کۆگا ، عەمار

سارەزی : سبەی زوو ، سۆزی

ش:

شەق : شاپ

شەدار : شێدار

شەندە لە مەندە کەمترە: فلآن لە فیسار کەمترە

شەقاو ، هەنگاو

شەمالك : مۆم ، شەم

ع:

عەرزو حاڵ : سکالآنامە

عەیان :دیار، لەبەرچاو، ئاشکرا

غ:

غوڕابی خەو : شیرینە خەو، خەوی قورس

ف:

فریبۆك : خاپینۆك ، خەڵەتێنەر

فەرمی : رەسمی

ڤ:

ڤیان : خۆشەویستی ، دڵداری ، ویستن، عەشق

ق:

قرێر : بڕیار ، قەرار

قامکان : پەنجە ، تبل، پل ، ئەنگوست، کلك ، تلی

قوڕنە : سووچ ، گۆشە

قەتاندن : بەسەربردن ، گوزەراندن

قەڕابە : دەفری گەورەی شەراب و ئارەق

قەتیا : گوزەرا

ك:

کڕی : بێدەنگی

کەودەن : نازیرەك، گەوج

کەسەر: خەم، خەفەت

کەپوو: لووت، دفن

کلکە سووتێ: کلکە لەقێ، مەرایی ، دەڵەچەیی

کسۆك : سەگ

کۆست: بەخت و تالح

کەرپووچ : خشتی سوور

کودەڵە : بێچووە بەراز

کەڵەباب: کەڵەشێر، دیکل

کوشتنەوە : سەربڕین

کامیون : لۆری

کەوشەن : سنوور، سەرحەد

کەسك : سەوز

کێشکە : پاساری، چۆلەکە

کۆپیك : پارەیەکی رووسییە

کەرەمکە: فەرموو، ئەمربکە ، بفەرمە

کیهە : کامە

کندڕ: حەبل ، گوریس ، پەت

کۆتەرە دار ، قەدی دار

گ:

گۆساخ : رووقایم، بێ شەرم

گازاندە: گازندە، گلەیی، سەرکۆنەی دۆستانە

گەڵۆز : ناوگەڵ. زیاتر بۆ سەگ دەگوترێ

گومانامێز : تێکەڵ بە گومان

***گووراو : مەخلووق، خەلقەندە***

***گیاکەڵە: گیای خراپ، کیرکەڵە ، گیای بەڵای تووتن و بێستان***

***گەنمۆک : زوڕات ، گەنمەشامی***

***گەپچاڕ : گاڵتەچی ، قەشمەر***

***گەوجۆ : گەوجە ، گێلە ، گەمژە***

***گراویٚ : دلبەر، ماشقە***

***گوڵدۆزی : گولاباتون، گولاڤدون***

***گازکردن : بانگکردن***

***گادۆش : دەفریٚ کە مانگای تێدەدۆشن***

***ل:***

***لەمەڕ :دەربارە***

***لاوکۆ: لاوژۆک، لاوژۆکە، لاوی تازەپێگەییوو، دەمڕووت***

***لمۆز : لمبۆز ، دەم و قەپۆز***

***لاقرتیٚ : گاڵتەو گەپ، حەنەک ، لاقردیٚ***

***لەزگ بوو: نزیك بوو ، خەریك بوو، وەختبوو***

***لێرەوار: دارستان، لێڕ، جەنگەڵ ، بێشەڵان***

***لیقە : لیچق، شل***

***لەگین : ڕەنگە ، لەوەیە***

***لیبۆك : حەنەکچی، فێڵباز ، موهەڕیج***

***لیٚ : بەڵام***

***لاپرەسەنی : فزوڵیەت، خۆ تێهەڵقورتاندن***

***م:***

***مە : ئێمە***

***مینا: وەك ، میناك***

***مالۆس: بەرازی مێچکە***

***مدارا: سەبرو حەوسەڵە، دڵراگرتنی بەرانبەر، ریعایەت، ئیدارەکردن***

***مردەلۆخ : مردەڵە، مردوڵە، کزو کەنەفت***

***ماڵبات: بنەماڵە، خانەوادە***

***مێریڤانی :خۆشەویستی، میهرەبانی، مێرەوانی***

ميچ: بن ميچ، بن بان، ئاسمانە

معايەنە: تەماشاكردن، فەحسكردن

موقەلەم : خەت خەت

مەفتەن : نيشتمان ، وەتەن

ن:

نمەكناس: بە ئەمەگ، بە وەفا، ئەمەگدار

نيتاق : پشتێنێكی تايبەتيە، زياتر سەربازان بەكاری دێنن

نفت و نوێ : زۆر تازە

نەوەونەتيرە : زۆرپەت ، نەڤی

نۆشانە : نۆشی گيان، نۆشت بێ

نيشينگە : ئيقامە

نك : لا، كن ، جەم ، دەف

نەحوباندن: خۆش نەويستن

نۆشادر : نۆشاتر، كانزايەكی سپی زۆر تيژی گەرمە مزگەران لە مس سپی كردنەوەدا دەكاری دەكەن

و:

وەجاخ : كوانوو، ئاگردان

وەمێنێ : بمێنێتەوە

وڕاوە: وڕينە، بزڕكاندن

ه:

هاوسا: دراوسێ ، هاوسێ ، هاوماڵ

هاپۆ: ئاپۆ، مامە

هەژگ و بژاڵ : چڕو چيلكەی ئاوردوو

هەڕە: بڕۆ، هەڕوو

هيشك: وشك

هەنگوور: ترێ

هوراكێشان: هوتافكێشان

هەنيە: ناوچەوان، تەوێڵ

هاماج: فەزا

**هاژۆتن : لێخوڕین**

**هەنووکە: ئیستا، نها، نهوو**

## *حەمە کەریم عارف*

* کەرکووکییە و لە ساڵی ١٩٥١دا لەدایك بووە.

- لە ساڵی ١٩٧٥ كۆلیژی ئەدەبیاتی بەغدای تەواو كردووە.
- یەکەم بەرهەمی شیعرێکە بەناوی (هەڵبەستێکی هەتیو کەوتوو) کە لە ژمارە (١٧٠) رۆژنامەی هاوکاری لە ١٩٧٣/٦/٨ بڵاوبووەتەوە.
- لە ساڵی ١٩٧٥ەوە بە بەردەوامی نووسین و بەرهەمی ئەدەبی بڵاو دەكاتەوە.
- سەرنووسەر یان بەڕێوەبەری نووسین یان سكرتێری نووسین یان ئەندامی دەستەی نووسەرانی ئەم گۆڤار و بڵاوكراوانە بووە: گۆڤاری گزنگی نووسەرانی کەرکووك، نووسەری كوردستان، كەلتوور،نووسەری كورد، گوڵانی عەرەبی، ئاڵای ئازادی تا ژمارە ٢٢٢، گۆڤاری نەوشەفەق.

* جگە لە ناوی خۆی، بە تایبەتی لە گۆڤاری گزنگی نووسەرانی کەرکووك،نووسەری کوردستان، کەلتوور، رۆژنامەی ئاڵای ئازادی تا ژ: ٢٢٢ بەناوی گۆڤەند، زنار، سیپان، پاکزاد، محەمەدی حاجی، سیروان عەلی، دیدار هەمەوەندی، هێژا، ح. ع ،هامون زێباری، با زەوان عەبدولکەریم بەرهەمی بڵاو کردووەتەوە.

*لە ساڵی ١٩٧٤ – ١٩٧٥دا پێشمەرگەی شۆڕشی كوردستان بووە، لە هەشتاكاندا بۆ ماوەی نۆ ساڵ، بێ وابەستەگی حیزبی پێشمەرگە بووە و وەكو بەشدارییەكی مەیدانی و ویژدانی لە خەباتی رەوای نەتەوەی كوردا شانازی پێوە دەكات و منەت بەسەر كەسدا ناكات، چونكە باوەڕی وایە كە رۆڵەی میللەتی مەزڵوم مەحكومە بە پێشمەرگایەتی.

- لە هەشتاکانەوە تا ٢٠١٠/٨/٢٠راستەوخۆ سەرپەرشتی و سەرۆکایەتی لقی کەرکووکی یەکێتیی نووسەرانی کوردی کردووە.
- زۆر بەرهەم و كتێبی چاپ و بڵاو كردووەتەوە، لێ زۆربەی هەرە زۆریان، بە تایبەتی ئەوانەی لە چیادا چاپ بوون بە نوسخەی هێندە كەم بڵاوبوونەتەوە،لە نرخی نەبوو دان و هەر ئەوەندەیە كە لە فەوتان رزگار بوون. هەندێك لە وانە:

١- تیرۆژ، كۆ چیرۆك، چاپی یەكەم ١٩٧٩

٢- كۆچی سوور، رۆمان، چاپی یەكەم،١٩٨٨،چاپی سێیەم ٢٠٠٧

٣- بەیداخ، چیرۆك، چاپی یەكەم ١٩٨٨

٤- داوەتی كۆچەرییان، كۆ چیرۆك ،چاپی دووەم ٢٠٠٥

٥- لە خۆ بێگانە بوون، كۆمەڵە چیرۆك،چاپی یەكەم (١٩٩٩) دەزگای گوڵان

٦- كوچ سرخ، كۆ چیرۆك، بە فارسی، وەرگێران چاپی یەكەم ١٩٨٧ شاخ

٧- نینا، رۆمان، سابت رەحمان، چاپی یەكەم،شاخ،١٩٨٥ چاپی سێیەم ٢٠٠٥

٨- نامۆ، رۆمان، ئەلبیر کامۆ، چاپی یەکەم، شاخ١٩٨٧چاپی چوارەم ٢٠٠٩ وەشانخانەی سایە،سلێمانی

٩- رێبەر، رۆمان، مەهدی حسین، چاپی یەکەم (شاخ) ١٩٨٣، چاپی دووەم، ٢٠٠٧

١٠-شکست، رۆمان، ئەلکساندەر فەدایەف، چاپی شاخ (راه کارگر)، چاپی دووەم، ٢٠٠٩ خانەی وەرگێڕان.

١١- هاومالەکان، رۆمان، ئەحمەد مەحمود، چاپی دووەم ٢٠٠٠ دەزگای گوڵان

١٢ – بێناسنامەکان، رۆمان، عەزیز نەسین، چاپی سێیەم ٢٠٠٦

١٣- قوربانی، رۆمان، هیرب میدۆ، چاپی یەکەم ٢٠٠٤ دەزگای شەفەق

١٤- دووره ولات، رۆمان ع. ڤاسموف، چاپی یەکەم٢٠٠٠ دەزگای گوڵان

١٥- ئازادی یا مەرگ، رۆمان، کازانتزاکیس، چاپی یەکەم ٢٠٠٣ کتێبخانەی سۆران، چاپی دووەم: ٢٠٠٨

١٦- چیرۆکەکانی سەمەدی بیهرەنگی، چاپی دووەم، ٢٠٠٤ کتێبخانەی سۆران هەولێر

١٧- ئامانجی ئەدەبیات. م. گۆرکی، چاپی شاخ ١٩٨٥

١٨- ئەو رۆژەی کە ونبووم (کۆمەڵە چیرۆکی بیانی) چاپی یەکەم،٢٠٠٦

١٩- جیّ پیّ (کۆمەڵە چیرۆکی فارسی) چاپی یەکەم ٢٠٠٦،نووسەرانی کەرکوك

٢٠- زندە خەون، کۆمەڵە چیرۆك، چیخۆف،چ١،دەزگای موکریانی

٢١- چیرۆکستان ،کۆمەڵێك دەق‌ورەخنەی جیهانی چ١ ،٢٠٠٥،نووسەرانی کەرکوك

٢٢-دیدارو دەق‌و رەخنە،چ٢٠٠٥،١

٢٣-دیداری چیرۆکڤانی، چ٢٠٠٥،١

٢٤-ئەو بەرخەی کە بوو بە گورگ ،چ٢٠٠٨،١نووسەرانی کەرکوك

٢٥- میوان، چیرۆك،ئەلبێر کامۆ

---

٢٦- مەسەلەی کورد لە عێراقدا،عەزیز شەریف،چاپی دووەم ٢٠٠٥

٢٧- مێژووی رەگ و رەچەڵەکی کورد، ئیحسان نوری پاشا،چ١٩٩٨١،١

٢٨- کورد گەلی لە خشتەبراوی غەدر لێکراو، د. کوینتەر دیشنەر، چاپی سێیەم ٢٠٠٤

٢٩- لە مەهابادی خوێناوییەوە بۆ کەنارێن ئاراس، نەجەف قولی پسییان، چاپی یەکەم ٢٠٠٦

٣٠- کورد لە سەدەی نۆزدەوبیستەمدا،کریس کۆچرا،چاپی شەشەم ٢٠١١

٣١ –کورد لە ئینسکلۆپیدیای ئیسلامدا،چاپی یەکەم ١٩٩٨

٣٢- چینی کۆن، چ١(      )دەزگای موکریانی

---

٣٣- دلێریی خۆراگرتن، ئەشرەفی دەهقانی

٣٤- خەباتی چەکداری هەم تاکتیکە هەم ستراتیژ، مەسعودی ئەحمەد زادە

---

٣٥- ڤنسنت ڤان گوگ، شانۆنامە، باول ئایز لەر

٣٦- به دوعا شاعیرەکان، شانۆنامە، جەلیل قەیسی (گزنگ ژ:١٢)
٣٧- جولەکەکەی ماڵتا، شانۆنامە،کریستۆفەر مالرۆ.
٣٨- دادپەروەران، شانۆنامە، ئەلبیر کامۆ
٣٩- بەد حاڵی بوون، شانۆنامە، ئەلبیر کامۆ.
٤٠- چاو بە چاو، شانۆنامە، گەوهەر مراد (غولام حسەینی ساعیدی)
٤١- ریچاردی سێیەم، شانۆنامە، شەکسپیر.چاپی یەکەم ٢٠٠٩، بلاوەخانەی سایە، سلێمانی
٤٢- گەمەی پاشا و وەزیر، شانۆنامە، عەبدوڵلائەلبوسێری..

٤٣- منداڵە دارینە، چیرۆکی درێژ بۆ منداڵان.
٤٤- فاشیزم چییە؟ کۆمەڵە چیرۆك بۆ منداڵان، یەلماز گونای
٤٥- شوانە بچکۆلەکە، چیرۆکێکی درێژی چینی یە بۆ منداڵان
٤٦- زارۆکستان (چوار شانۆنامە بۆ مناڵان)
٤٧- چەند چیرۆکێك لە ئەفسانەی یونانی کۆنەوە (٢٣ئەفسانە)

٤٨- لە گەنجینەی حیکایەتی تورکمانییەوە. (ئەفسانەی ئەسپی ئاشق)چاپی یەکەم٢٠٠٨
٤٩- ئەفسانەێن گریکی و رۆمانی، چاپی یەکەم (٢٠٠٤) کتێبخانەی سۆران، هەولێر
٥٠- ئیلیادە، هۆمیرۆس، چ١،دەزگای سەردەم ٢٠٠٩

٥١- گۆڤەنــد و زنــار (فەرهــەنگی فارســی - کــوردی) حەمــە کــەریم عــارف، چ١(٢٠٠٦-٢٠٠٨)دەزگای موکریانی
٥٢-چۆنیەتی فێربوونی زمانی فارسی، چ١، ٢٠٠١

٥٣- چرنیشفسکی، فەیلەسوف و زانای گەورەی میللەتی روس
٥٤- چایکۆ فسکی، ژیان و بەرهەمی.
٥٥- ئیدگار ئالین پۆ، ژیان و بەرهەمی.
٥٦- جاك لەندەن، ژیان و بەرهەمی
٥٧- گوگول، نووسەری ریالیست
٥٨- یەڵماز گونای، ژیان و بەرهەمی
٥٩- سادقی هیدایەت، ژیان و بەرهەمی
٦٠- خافروغ لە شیعر دەدوێ، ژیان و بەرهەمی

٦١- راگەیاندن لە پەراوێزی دەسەڵاتدا (بە شەریکی) چاپی یەکەم (٢٠٠١) دەزگای گوڵان
٦٢-راگەیاندن لە نێوان حەقیقەت بێژی و عەوام خەڵەتێنی دا، حەمە کەریم عارف،چ(١)،٢٠٠٥

٦٣- مێژووی ئەدەبیاتی جیهان (لە کۆنەوە تا سەدەکانی ناڤین).چاپی یەکەم٢٠٠٨
٦٤- مێژووی ئەدەبیاتی جیهان (لە سەردەمی رینیسانسەوە تا ئێستا).چاپی یەکەم٢٠٠٨
٦٥- مێـژووی ئـەدەبیاتی جیهـان (ئـەدەبیاتی ئینگلیـزی زمـان- ئـەمریکاو ئینگلیسـتان لـە سەرەتاوە تا ئێستا).چاپی یەکەم٢٠٠٨
٦٦- ریالیزم‌ودژە ریالیزم لە ئەدەبیاتدا،سیروس پرهام،چ٢٠٠٤،١،دەزگای سپیرێز
٦٧- قوتابخانە ئەدەبییەکان،رەزا سەید حسەینی، چ٢٠٠٦،١دەزگای موکریانی
٦٨- مێژووی ئەدەبیاتی روسی، سەعیدی نەفیسی
٦٩- لێکدانەوەیەك لەمەڕ نامۆ ، لویس ریی ،چ٢، ٢٠٠٦
٧٠- هونەروژیانی کۆمەڵایەتی، بلیخانۆف، چ١(٢٠٠٥)دەزگای موکریانی
٧١- گوزارشتی مۆسیقا،د. فواد زکریا، چ١،یانەی قەڵەم ٢٠٠٦
٧٢- رێبازە هونەرییەکانی جیهان
٧٣- پێکهاتەی بەدەنی و چارەنووسی ئافرەت،(چ١) ٢٠٠٦
٧٤- دەربارەی شیعروشاعیری، حەمە کەریم عارف، چ٢٠٠٧،١
٧٥- دەربارەی رۆمان‌و چیرۆك، حەمەکەریم عارف،چ١، ٢٠٠٨
٧٦- مـەرگی نووسـەرو چـەند باسـێکی دیکـەی ئـەدبی-رۆشـنبیری،حەمەکەریم عـارف،چ١، ٢٠٠٥نووسەرانی کەرکوك
٧٧- ناودارانی ئەدەب، حەمە کەریم عارف، (چ١) دەزگای موکریانی،٢٠٠٩
٧٨- پەیڤستانی من، حەمە کەریم عارف،چاپی یەکەم()
٧٩- پەڵکە رەنگینە، حەمە کەریم عارف،چ١، ٢٠٠٤
٨٠- خیانەتی حەڵاڵ، حەمە کەریم عارف
٨١-بووکی هەزار زاوا، کۆچیرۆك، بزورگی عەلەوی
٨٢-ئەبوزەر، د.عەلی شەریعەتی
٨٣-ریوایەت، ڕۆمان، بزورگی عەلەوی
٨٤-وقفات فی رحاب الپقافە الکوردیە، حەمە کەریم عارف
٨٥-هەژاران، ڕۆمان، دوستوفسکی
٨٦-دەیڤید کۆپەرفیلد، (رۆمانی کورتکراوە بۆ نەوجەوانان) چارلس دیکنز
٨٧-ئۆدیسە، داستان، هۆمیرۆس
٨٨-ڤل الصوت و قصص اخری، تقدیم و ترجمە جلال زنگابادی
٨٩-شازادە و گەدا، رۆمان، مارك توین
٩٠-توحفەنمای ئەدەبیاتی جیهانی
٩١-سفرەی فەقیران   حەمە کەریم عارف
٩٢-باڵندەکەی من   رۆمان، فریبا وفی
٩٣- نامەکانی تولستۆی

٩٤- جەمیلە، ڕۆمان    جەنگیز ئایتماتۆف

٩٥- حەفتا چیرۆکی چینی بۆ منالآنی کورد

٩٦- الرحیل الدامی....تقدیم وترجمە: جلال زنگابادی

٩٧- کۆلوانە سوور... کۆچیرۆك بۆ مندالآن

٩٨- ئەو پیاوەی کە سێبەری خۆی فرۆشت ..ڕۆمان..شامیسۆ

٩٩- دکتۆر...شانۆنامە...برانسیلاڤ

١٠٠- خەیام...زانای شاعیران وشاعیری زانایان /جەلال زەنگابادی

١٠١- دۆزەخی پیرۆز، ڕۆمان ،بورهان شاوی

١٠٢- من و نەنکم و ئیلاریون و ئیلیکۆ / ڕۆمان / نودار دومبادزە

* لـە ڕاپەڕینــەوە تـا نهـوو چـالاکانە بەشـداری بزاڤـی ئـەدەبی و ڕۆشـنبیریی کـوردی دەکـات وبەرهەمی هەمە جۆر (نووسین و ئامادە کردن و وەرگێڕان) بلاودەکاتەوە..

* ئەو بەرهەمانە و زۆری دیکەی ئامادەن بۆ چاپ و چاپکردنەوە و هەر کـەس و گـروپ و لایـەن و دەزگایەك تەماحی بلاو کردنەوەی هەبن، دەبێ پرس بە نووسەر بکات...